# گزینگ

۱۸

گۆڤـــارێکی وەرزانەی زانستی سیاسی و فەرهەنگی یە

زستانی ۱۹۹۸(۱۳۷٦)



□ ئەوە منم وەنیش نیم، وتووێژێک لەگەڵ کاترین شوەکێن سەبارەت بە ژیاننامەنووسی

□ لێکۆڵینەوە دەربارەی زمانەوی کوردی، تیۆر و پراتیک

□ فەلسەفە و مەسەلەکی ئەهلی هەق

□ ڕۆژژمێری تەوریز

□ خەلاتی ئەدەبی نۆبێل(۱۹۹۷)

□ هەردی نوێخوازێکی سەردەمی کۆن

□ ئافرەتانی گۆرانیبێژی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات

شێعر، کورتەچیرۆک، باسی زمانناسی، ڕەخنەی ئەدەبی، هەواڵی فەرهەنگی و...

**خۆشەویستەکەم پیرە هەژار:**

بۆیە پێت دەڵێم، چونکە ئێستا کە شوکر هەر زەق و زیندووی «هەزاران منداڵە کوردت بە باوکراوە» ئەدی چت لەم نەتەوە لێقەوماوە، داماوە دەوێ، هەر ئەوەندەی لە دەست دێ، دەنا ئەگەر بیکرابا کرتەلیشی بۆ دەڕازاندیەوە، بۆ هەر گلەیی لە کورد دەکەی کە شێعرە عازەتیی و پارسانەی کە ئێستا هێندەیان پێ هەڵدەڵێن مەگەر لە خزمەت خەلیفە باپیری شا بووێ دەنا بە زیندی سەری فسیان پاک کردووە، ڕاستە سواڵ کیمیایە بەڵام بۆ شاعیر نا. لەبەر چاوی خۆمان.... زۆری بە خوێری و پێریان هەلکوت، ئەی بەرسا مردا کێ من وتۆی ناچار کرد ببینە شاعیر؟ خۆمان ئەوەمان بە خۆمان کردووە. باوکی من کەمی بۆ من بەجێ هێشت؟ بۆخۆم لە قوماری شێعردا دۆڕاندم.

باوکی تۆ پێی خوێندی و بەشی بتکاتە مەلا «بەرخی بابم بۆ نەبووی»؟ دەزانی ئەو فەقێ قادرەی تۆ وبت لە کورد ئەڵان چەن دەوڵەمەندە؟ ئاواڵەکانی خۆمان کە بە قەد حەمە ئاشەوانیش لە عیلم و شەرع ناگەن، بە ڕیش و پەشم و کەوا و سیواکەوە، ئی وایان هەیە میلیاردێرە.

من لەمێژە دەوەی گەیوم قەڵەم نانی پێ پەیدا نابێ. ئەوساڵ لەو ملکەی باوکم بۆی بەجێ هێشتووم، تەواو بێ کەم و زیاد بە قەد شوانێکم پێگەیوە، بۆخۆم شاهید بووم ئەمساڵ مەلایەک کە پێم وایە لە تەواوی عومری دا دوو پەڕی کاغەز نەتوانیوە بە چ زمانی دنیایە ڕەش بکاتەوە، سوێندی خوارد گوتی بە سەدهەزار تمەن نابمە پێش نوێژ. بە تکای ئێمە بە سەدویەک هەزار بوو بە پێش نوێژ. جگە لە سەرفترە قەراری کرد میوە و تەرەکاری و ماست و پەنیری لە سەر دێ بێ. بۆخۆشت دەزانی سەرقەڵەمانە «ناشی پێ دەگەڕێ». دەبڕۆ بابی بابم هەر ــ«قانوون» وەرگێڕە. لە بیرمە جارێکی «وردی» ڕەحمەتی ڕەخنەی لە کوڕ دەگرت کە بۆ وەرگێرانی «شەرەفنامە» زۆریان پارە داوە بە تۆ، خەڵکی زۆر لێ بوو، گوتم کوڕینە و کچینە ئێوە شاهید بن من دوو ئەوەندەی کوڕ داویە بە هەژار دەدەم بە مامۆستا بەو شەرتەی بتوانێ شەرەفنامەی کوردی وفارسی لە «سەقافەی کوردی» بۆ ئێمە بخوێنێتەوە. ئێستاش حازرم حاسڵی ساڵی داهاتووم بدەم بەو مەلایە کە قانوونی عەرەبی و فارسی بتوانێ بێ غەڵەت بخوێنێتەوە. تازە تۆ قوڕێ بۆ مامۆستا«عەلا»ی دەپێوی کە خوا هەڵناگرێ لە هەموو کوردێکی باشتر هەقی قەڵەمی چەپرەکی وەرگرت.

با دەس لەوانە هەڵگرین، گۆواری ئەمجارەمان فیدای کتێبی دەرسی بوو. چاپخانە وەگیر نەدەکەوتن. کەچی ڕمێنی یەکجار لە سەرە. ڕۆژێ هەر پێمان دەکرێ کاغەزی کوڕ وکچە لاوەکان بخوێنینەوە. شتی باشیشمان بۆ دێن. گەیوەتە زۆر جێگایان و سەرنجی زۆرانی ڕاکێشاوە. ئەم ژمارەشمان ئەوە نیزیک بە تەواوبوونە، تۆ نەفەری حەوتەمی تا پێرێ کە جەدوەلی حەل کراوی بۆ ناردووینەوە، پێم وایە خوا یاربێ بۆ بەهارێ دەیکەینە مانگانە، چونکە جگە لەو هەموو نووسینانەی بۆمان دێ شتی درێژیش زۆر دەنووسن کە لە ژمارەیەکدا ناحاوێتەوە و بۆ دوو ژمارەش نابێ. بەداخەوە کادرمان زۆر کەمە و هەموو شتێک دەبێ بۆخۆمان جێ بەجێ بکەین کە سەد دەردی تایبەتیشمان هەیە.

کتێبێکی پچووکی فارسی و یەکی باشی کوردیشمان هەیە کە خەریکین چاکیان بکەین و بۆ چاپیان بنێرین.

بە ڕاستی «فەیزی زادە» شتێکی باشی ئامادە کردووە و نیزنیشی داوە دەستی تێوەردەدین، ئێمەش بە دڵ و داو خەریکین بەڵام کارمان هێند زۆرە دەرۆست نایەین.

دۆێنێ «از قضای رحمت» شێخ عەبدولقادری شەمزینی بە سەری کردبووینەوە. پێمان گوت ئێمە دراومان نییە، بەڵام ئەگەر تۆ دراومان بۆ لە مریدان بستێنی مەسنەوی «شێخ عوبەیدیللا» چاپ دەکەین. قەولی دا ئەوی پێی بکرێ بیکا. کاک «ساڵح مەحموود» فەرمووی من نوسخەیەکم لە لا هەیە ئەگەر لە لای ئێوەیە تەماسی دەگەڵ بگرە منیش لێرە سۆراخی دەکەوم. دەنا وازی نایدا.

**مام هێمن گیان سڵاو، دەم ولەوست دەلێسمەوە:**

تائێستا دووجار بە هەزار دەردی سەری تەلەفوونەکەتم گرتووە، هەردووک جار تەشریفی شەریفت لەوێ نەبووە. دەگەڵ کاک ئەحمەد شەوێک تا زۆر درەنگ خەریکی دیوانی نالی بووین، خودا هەرشتێک ئێمە تێدا گیر کردووە. بەڵام قسەی خۆملێ بێ غەڵەت بەڵەی تێدا هەن و جاری وایە لامان سەیر بوو کە تۆ چۆن لە بیات چووە چاکی کەی... بەهەرحاڵ مەرەبا کەشتێکی پێدا بکەم و نەقدێکی لە سەر بنووسم چونکە نالی تا لێی وەکوڵی لێی پەیدا دەبێ.

کاکە گیان، زۆرتان قەرزدارم تکایە وردەحیسابێک بکەن تا بۆتانی بنێرم و بە قەرزداری نەمێنمەوە.

وەک ئێرانی دەڵێن «کلا لخاله» شێعرەکانتم تەخمیس کردووی بەڵام گاڵتە وگەپێکیان لێ پەیدا بووە ڕەنگە خوێنەواران زۆریان کەیف پێ بێ، جا بە قەولی کاک ئەحمەد، ئەگەر گیانی سپۆرتت هەبێ و لێمان قەڵس نەبی و چاپی بکەی خراپ نییە، ئیتر کەیفی خۆتە. ئەرێ تۆ دەنگ: نووسراوە «کرد در تاریخ همسايگان» دەترسم هەر ئەوەی «ناکام»بێ و بکرێتە فارسی، ئەگەر «کاک فارووق» بەشێکی دیکە لە تورکیەکەی «ئەولیا چەڵەبی» کردبا بە کوردی یان فارسی زۆر باش بوو[دەبوو]. دەنا ئەوەم پێ شت نییە، سەیاحەتنامەی چەڵەبی پێنج جلدە زۆری باسی کورد تێدایە.

تۆخوا خۆتان هەڵکوشن تا زستان ماوە ژمارە چوار دەرکەوێ چونکە بەهار بۆ باسی زستان نابێ. لە سەر دیوانی وەفایی کە «شیرین تەشیەکەی» لێ دەرهاوێژراوە و تەڵاقی لە سەر خوراوە کە هی وەفایی نییە، زۆر دڵتەنگ بووم، هەموو دونیا بیستوویە کە هی وەفایی یە و ئەمەش شاکاریەتی. دە ئەگەر ئی وی نییە ئی کێ یە؟ دەبوو پینەیەکی بۆ بدۆزنەوە کە دایپۆشێ..... دەبوایە تەنیا لە جێی کەلیمەی «ڕانی لووسی» کە «موحارەبە دەگەڵ خودا»یە نوختە دانێن وچاپی بکەن.

ئەوا ئەمڕۆکە (٦٤/١/٢٥)ە کاک ئەحمەدی قازی لە ماڵی ئێمەیە زۆر سەلام و عەرزی ئیخلاسی هەیە، سەلامی من و دایکی خانی بۆ دایە خانم، چاوی سەلاح ماچ دەکەم. ئەگەر خات ئەسرینی جەعفەریت دیت بە سرتە پێی بڵێ مەردونامەردەکەی هەر ئەو داستانی خێروشەڕەیە کە نیزامی لە «حەوت پەیکەر»دا باسی دەکا، بەڵام فەرقەکەی هەر ئەوەیە کە قارەمانی داستانی نیزامی کوردێکی مەڕدار بووە و زۆریش خۆشترە لەم مەردونامەردە. بریا هەر ئەوی تەرجەمە بکردایە. زۆرم ڕست، ببەخشە.

برات: هەژار ٦٤/١/٢٥

■ «چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگیز»: هێمن

# گزینگ ـ ژماره ١٨

زستانی ١٩٩٨(١٣٧٦)

## نێوەرۆک


قسەی ئەو ژمارەیە:...................... هێرش ٤
وتووێژێک لەگەڵ د. کاترین هوجکین ............ ئامادەکردنی: هاشم ٥
باسێکی مێژوویی لە سەر مافی ژن(١٠)...... «ژیلا.ف» و تەیفور» ١١
لێکۆڵینەوە دەربارەی ژەندەری کورد: تیۆر وپراتیک:.. نەزەند بەگیخانی ١٦
فەلسەفە و مەسلەکی ئەهلی هەق:*................ د. مورادی ٢٦
ڕۆژژمێری تەورێز(بەڵگەنامە...) ........... وەرگێڕانی: ئەنوەری سوڵتانی ٣٢
کێشەی دوو پرێپۆزیسیۆنی (دە)و(لە)......... عەبدوڵڵا ئیبراهیمزادە ٣٦
هەردی نوێخوازێکی سەردەمی کۆن:............... حەمە سەعید حەسەن ٤٢
زنجیرەی کۆمارناسیی(٣): سەبارەت بە نێوی کۆمەڵەی ژ.ک .....ح. قازی ٤٦
مێژووی بزر: هەڵسەنگاندنی «خاچ و مار...».... ئەنوەری سوڵتانی ٤٨
داریۆ فۆ: خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل(١٩٩٧)................ ق. ڕیانی ٥١
چەند پەراوێزێکی وتار بەدەر...................... س. کاوە(شەماڵ) ٥٢
شێعر: پشکۆ نەجمەدین، لاررۆ ڕواندزی، هێدی، ژیان، سارا فەقێ خدر، ٥٤
..........................................حەمەشوان شەریف ٥٧
کورتە چیرۆک: شەپۆلی جەستە................. ح.ک. زمناکۆ ٥٨
کورتە چیرۆک: مەشکێ... ......................... ع. دیاکۆ ٦٠
هەواڵی دوو کونفەرانس......................................... ٦٣
کرانەوەی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم.............. ح. قازی ٦٤
وەنەوشە: ولفگانگ گوتە،.............. وەرگێڕانی: حەسەن ئەیوب زادە ٦٥
ئافرەتانی گۆرانیبێژی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات:.... ئەحمەدی شەریفی ٦٦
ئاپۆلۆی ماچ: ................................ مامۆستا هێمن ٦٧
خورافات لە کۆمەڵی کوردەواریدا: ............. س. گ. ماکوان ٦٨
چاپەمەنی.............................................. ٧٠


**سالی تازەی زایینی(١٩٩٨) پیرۆز بێ**


**سەرنووسەر:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**دەستەی نووسەران:**

هاشمی ئەحمەدزادە
نەزەند بەگیخانی
ئەمیری حەسەنپوور
حەسەنی قازی
عەبباسی وەلی

**ڕاوێژکار:**

عەلی کەریمی



**ناوونیشان:**

**GZING**
Box. 327
824 27 Hudiksvall-Sweden

**ژمارەی فاکس:**

Fax: +46 - 650 - 94029

**ئی ـ مەیل:**

E-mail:chireh.solaiman
@hudiksvall.mail.telia.com

**وێب ئادرێس:**

http://w1.650.telia.com/~u65002195

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

Postgiro: 443 5022-1


**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزیی زانستی سیاسی و فەرهەنگی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان نانێردرێنەوە.**


چاپی سوێد: ژانڤییەی ١٩٩٨

ISSN 1104 - 3473

## 🖎 قسەی ئەو ژمارەیە

س.ج نێرش

ساڵی ١٩٩٧یش وەک ساڵەکانی پێشوو، بێ ئەوەی خێر و خۆشییەکی ئەوتۆی بۆ ئێمەی کورد تێدا بێ، خورجێنی هیوا و ئاواتە وەدینەهاتووەکانی تێکەوەپێچاین و لە پەڕگەی ژیانی پڕ لە کێشە و هەرا و ناکۆکیدا، بەرەو گەوە و لاپاڵی سەرەولێژی مێژوو، ماڵئاوایی لێکردین و جەواڵی پڕ لە سیپاڵی ڕووداو وکارەساتەکانی بۆ ئاواڵی تازە ساڵی خۆی خللۆرکردەوە، کە هیوادارم ساڵی ٩٨، بۆ درشت و وردی ئێمەی کوردی بە دەستو بردی نێو گۆڕەپانی شەڕی دەستکرد، لانیکەم ساڵی کۆتایی هێنان بە قرمژنی ڕەگباری نێو کووچە وکۆڵان بێ و بەزەیی هاتنەوە بە منداڵی سەر لانکۆڵان و ساڵی بزە و نۆخژنی دایکۆڵان...

ڕەنگە قسەیێکی زۆر گرینگی ئەوهایی نەبێ کە لەم ژمارەیەدا بگوترێ، بەڵام وەڕووخستنی چەند خاڵێکی پێویست، ئەگەر هیچ قازانجی بۆ خوێنەرەوان تێدا نەبێ، زەرەرێکی واشی نابێ کە سیلەی سەرنجی بدرێتێ.

هەروەک ئاگادارن لە ژمارە ١٦دا، پەنجە بۆ ئەوە ڕاکێشرا بوو، کە «گزینگ وەک زۆربەی تێکۆشانە کولتوورییەکانی کوردی، دیاردەیێکی پیاوانە بووە و ژنان زۆر کەم خۆیان تێدا نواندووە»، بۆ چارەسەر کردنی ئەم لایەنە گرینگە، بڕیاردرا، کەسێک بۆ نێو دەستەی نووسەران هەڵبژێردرێ و ئەو کار و ئەرکانەی کە لە چوارچێوەی بیروبۆچوون و نووسیندا، ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە مەسەلەی ژنانەوە هەیە، بەڕێوەبەرێ. دوای دانیشتن و فکرکردنەوە، لە سەر پێشنیاری یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەران، «**د. نەزەند بەگیخانی**» لێکۆڵەرەوە و ئاکادێمیسیەنی کورد لە زانکۆی پاریس ــ فەرانسە، لە بەرچاوگیرا و دوای ئەوەیکە ناوبراو بە نامە ئاگادار کرا، پێشنیارەکەی بە خۆشییەوە قبوڵ کرد و هەروەک دەبینن لەم ژمارەیەدا هاوکاریی خۆی وەک ئەندامی دەستەی نووسەران دەستپێکردووە کە پڕ بەدڵ بەخێرهاتنی دەکەین.

خاڵێکی دیکەی گرینگ کە دەبێ بخرێتە ڕوو ئەوەیە کە بەشێک لە ئازیزان و خوێنەرەوان، تا ئێستا هێندێک نامە و نووسراوەی بێ ئادرێس و ناوونیشانیان بۆ گزینگ ناردووە و چاوڕوانیش بوون کە بەرهەمەکانیان چاپ بکرێن و لەحاڵێکدا چاپ نەکراون. هەروەک ئاشکرایە و دەشزانن، گزینگ لە سەرەتاوە، ئەو شێوەیەی ڕەچاوکردووە کە لەگەڵ ئەو نووسەر و خاوەن بەرهەمانەی کە نامە و وتار و نووسراوە دەنێرن، ڕاستەوخۆ پێوەندی بگرێ و سەبارەت بە چۆنیەتی نێوەرۆک و شێوازی نووسین و لایەنی ئەدەبی و نائەدەبی ئاگادار بکرێنەوە و ئەوەیکە بەرهەمەکانیان بە پێی ڕێبازی گۆڤارەکە، شیاوی چاپکردن بێ یان نا، بە قەناعەتەوە قسەیان دەگەڵ بکرێ. دیارە گزینگ لەگەڵ دیاردەی سانسۆر و کپ کردنی دەنگی ڕاستییەکان نییە، بەڵام دەبێ ئەوەش لە بەرچاو بگیرێ کە هەموو نووسراوەیێک بۆ چاپ نابێ و بەتایبەت نووسراوەیێک کە ئەسڵەکەی لە سەر «شەلم کوێرم ناپارێزم»بنیات نرابێ. بۆ نموونە هێندێک نامە و نووسراوە ڕەوانەی دەفتەری گزینگ کراون، کە ئەگەر نووسەرەکانیان شوێن و ئادرێسی خۆیان دیاری کردبایە، لەوانە بوو، بە ئاگادارکردنەوەی خاوەنەکانیان لەمەڕ دەرهاویشتنی هێندێک قسەی بێ بەڵگە و شتی ناپەسند و نائەدەبی، نووسینەکانیان چاپ کرابا.

حەوجێ بە گوتن نییە کە تا ئێستا هیچ نووسراوەیێک قەڵەم ئاژن نەکراوە و ئەگەر سووکە دەستێکیشی تێوەردرابێ، خاوەنەکانیان ئاگادار کراونەتەوە. دیسان پێویستە ئەو خاڵە جەخت بکرێتەوە کە مەسەلەی ڕازداری و ئەمانەتداریی دوولایەنە لە نێوان بەرپرس و بەڕێوەبەرانی گۆڤار لەلایێک و نووسەران وخوێنەرەوان لەلایێکی دیکەوە گەلێک گرینگ و بەرچاوە. ئی وایە پێی خۆشە بە نێوی خواستەمەنی(ناسناو) نووسراوەکانی بڵاوبکرێتەوە و ئەوە هیچ ئیرادێکی تێدا نییە، بەڵام بە نێوی خواستەمەنی و نەناس، هیچ دابونەریتێکی فەرهەنگی و ئەدەبی وچاپەمەنی لەبەرچاو نەگیرێ و بە هەموو ئەسپەندگەلی ئینسانی دەستدرێژی بکرێ، ئیدی ئەوە ڕەوا نییە و دەبێ پێشی بگیرێ.

هەروەها، لە ژمارە ١٦دا، ڕاگەیێندرابوو کە لەمەودوا بە پێی توانا کورتەی هێندێک لە باس و لێکۆڵینەوە و وتارەکان بە زمانی ئینگلیسی بڵاودەکرێتەوە. بەداخەوە تا ئێستا ئەو کارە نەتوانراوە جێ بەجێ بکرێ و بەپێی ئەزموونی (قسە لە کوێ و کردەوە لە کوێ) لە داهاتووشدا هەر زەحمەتە. بەڵام بۆ ئەوەیکە لە بەڵێنییەکەمان بۆ هەمیشە پاشگەزنەبووبینەوە، لە ئینترنێت دا شانەی گزینگ(Homepage) کراوەتەوە کە دوای هەر ژمارەیەکی تازە، هەوڵ دەدرێ ئەو ئەرکە مەیسەر بکرێ و ئەوانەی پێیان خۆش بێ دەتوانن ئەو شانەیەی گزینگ بەسەر بکەنەوە کە ئادرێسەکەی لە لاپەڕەی ٣ و ئاخری ئەم ژمارەیەدا ڕاگەیێندراوە. ■

وتووێژێک لەگەڵ:

## د. کاترین هوجکین

سەبارەت

بە

ژیاننامەنووسیی

# «ئەوە منم و منیش نیم

ئامادەکردنی:

هاشم ئەحمەدزادە

**دوکتور کاترین هوجکین Katharine Hodgkin مامۆستای مێژوو و ئەدەبییاتە لە بەشی لێکۆڵینەوەی کولتووری زانستگای ڕۆژهەڵاتی لەندەن (University of East London).**

**مامۆستا کاترین بۆ ماوەی چەند ساڵان لێکۆڵینەوەی تایبەتی وبابەتییانەی لە سەر ژیاننامەنووسیی کردووە. لایەنی زۆر بەرچاو و تایبەتی لە کارەکانی ئەودا، لێکۆڵینەوە لە سەر نووسراوەی ژنانی ئینگلیسی یە لە سەدەی ١٧دا. ئەو، سەرەڕای تەرخانکردنی تێزی دوکتوراکەی خۆی بۆ ئەم باسە، گەلێک بابەت و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری سەبارەت بە ژیاننامەنووسیی لە گۆڤارە ئینگلیسییەکاندا بڵاوکردووەتەوە.**

**ئەم وتووێژە لە مانگی ئاپریلی ١٩٩٧لە لەندەن بە زمانی ئینگلیسی بەڕێوەچووە وپاشان هێنراوەتە سەر کاغەز و وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی کوردی. لێرەدا، پێویستە بگوترێ کە دەقی ئەو وتووێژە (بە ئاگاداری د. کاترین) لە لایەن منەوە هێندێک کورت کراوەتەوە.**

**هاشم**

**● لەوانەیە ئاستی ئەم ئاخافتنە بۆ ئێوە تاڕادەیەک نزم بێ و چاوەنواڕیی تۆ ئەوەبێ کە ئێمە لە سەر بناغەی ئەو باسە قووڵ و هەمەلایەنانەی کە لە ڕۆژئاوادا باوە، قسە بکەین و بۆ نموونە کەموکووڕیی بۆچوونە جۆراوجۆرەکان لە سەر تایبەتمەندییەکانی ژیاننامەنووسیی بخەینە بەرباس. دەبێ بڵێم، بەداخەوە، لە پرۆسەی ئەم باسەدا ئەمن خۆم وەک لایەنی پرسەر هەوڵ دەدەم دە چوارچێوەی ژیاننامەنووسیی کوردیدا بجووڵێمەوە و دیسانیش مخابن لە نێو ئێمەدا ئاستی ئەم باسە، لە بەر گەلێک هۆ، زۆر لاوازە و دەکرێ بڵێم هێشتا لە سنووری واتەکاندا تێنەپەڕیوە و بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەی من ئەوەیە کە سەرەڕای بڵاوبوونەوەی دەیان ژیاننامە و بەسەرهات لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، هێشتا خوێنەرەوەی کورد ڕەخنە و باسێکی بەپێزی لە سەر کارکرد و دنیای ئەم ژیاننامانەدا نەبینیوە. کەوابوو، تکایە لێم عاجز مەبن ئەگەر ئەو پرسیارەتان ئاراستە بکەم کە «ژیاننامە» چییە و چۆنی لێکدەدەنەوە؟**

**کاترین:** گرفت ئەوەیە لە کوێرا دەست پێبکەین. وەک دەزانی موشکیلەیەکی بنەڕەتی لە باسی ژیاننامەنووسییدا ئەوەیە کە سنوور و بابەت(ئۆبژە)ی باس زۆر ناڕوونە. ئەم دیاردەیە تەواو بەربڵاوە و دەکرێ مرۆڤ لە زۆر گۆشەنیگا و ڕوانگەوە بۆ باسەکە بچێ وئەوەش بە پێی ئەوەیکە خودی دیاردەی «ژیان» دیاردەدەیەکی بێسەروبنە، زۆر لک و پۆپی لێدەبێتەوە. ئەم دیاردەیە مێژوویەکی تایبەت بە خۆشی هەیە لە چوارچێوەی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیدا. ئەم دیاردەیە لەگەڵ شێوەیەکی تایبەتیی نووسینی ڕۆژئاواییدا مانا دەبەخشێ و لە هەمانکاتدا دەکەوێتە پەراوێزی ترادیسیۆنی ئەم نووسینە. ژیاننامە بۆ ماوەیەکی دووررودرێژ لەباری هونەری وەک شتێکی نزم دەبیندرا و لە بەراورد لەگەڵ شێوەکانی "بەرزی" نووسین وەک شێعر، شانۆ، دراما و چیرۆک بەکەم دادەندرا و هەر بۆیەش ڕاستەوخۆ نەدەچووە ناو خانەی ئەدەبەوە و لە چوارچێوەی مێژوودا بەگشتی یان مێژووی ئایین وهونەر و سیاسەت بەتایبەتی سەیری دەکرا.

بەپێچەوانەی ئەم پێشینە نادیار و کەمبایەخەی ژیاننامە لە ڕابردوودا، لە ماوەی ئەم٢٠ تا٢٥ ساڵانەی دواییدا، هۆگرییەکی بەربڵاو لەم بارەوە، لە نێو ڕخنەگرانی ئەدەبیدا وەدیهاتووە و پلەو پایەی ئەم دیاردەیە گەیوەتە لووتکە و ئێستا یەکێک لە بەناوبانگترین مەیدانەکانی لێکۆڵینەوەیە. ئەدیبان و ڕەخنەگرانی ئەدەبی سەرنجی تایبەتی پێدەدەن و بە دوای ئیدەی «خۆ» (self) لە کەرەسەی ژیاننامەدا دەگەڕێن. ←

**■ ژیاننامه هەمووکاتێک بە شێوەیەک لە نێوان مەیدانی ئەدەب و نائەدەبدا بەشکراو بووە و پلەوپایەی وەک ئەدەب جێی پرسیار بووە. جا بۆیە نازانم ئایا دەکرێ لە هێندێک تێکنیکی نووسین قسەبکرێ وەک تێکنیکگەلی تایبەت بە ژیاننامەنووسیی.**

**• کاترین، لە باسی ئاوادا جارجار سەری ماشەری ونبوو بە یارمەتی نیشانەیەکی بەرچاو دەدۆزرێتەوە. من پێموایە بۆ نموونە ئەگەر ئاماژەیەک بۆ نووسەری ئینگلیزی «دیکێنز» بکەین یارمەتییەکی گەورە وەردەگرین لە هیدایەتی باسەکەماندا. هەروەک دەزانین هێندێک کەس <u>دەیوید کاپرفیلد</u> بە ژیاننامەی دیکێنز دادەنێن. شک نییە، ئەمە چیرۆکێکی ئەدەبییە و <u>وێنەی هونەرمەند وەک گەنجێک</u>یش کە دیسان لەلایەن هێندێکانەوە هەر بە ژیاننامەی نووسەر دادەنرێ، بەرهەمێکی خیاڵییە، سەرەڕای هەبوونی پێوەندیی نێوان ژیانی نووسەر و پاڵەوانەکان، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم دوو بەرهەمانە و ئایا بە ژیاننامەی نووسەریان دادەنێی یان نا؟ هەروەک گوتم گەرەکمە بەو نموونە کۆنکرێتە زیاتر لە باسەکە نزیک بینەوە.**

**کاترین:** <u>دەیوید کاپرفیلد</u> ناکرێ بە ژیاننامەی دیکێنز لە قەڵەم بدرێ. چەند بەشی سەرەتای کتێبەکە زۆر وەژیانی سەردەمی منداڵی نووسەر دەچێت، بەڵام لە ئەساسدا جۆری ئەم منداڵییە بەرهەمێکی زەینی و سازکراوە بۆ ڕۆمانێک. <u>وێنەی هونەرمەند وەک گەنجێک</u>، خاوەنی پێوەندییەکی بەهێزترە لە نێوان ژیانی ڕاستەقینەی نووسەر و ژیانی پاڵەوانی چیرۆکەکە، **ستێفن دێدالوس**. ئەم تێکستە نموونەیەکی بە نرخە بۆ باسی جیاوازییەکانی چیرۆک و دەقی ژیاننامە کە تێکەڵاوییەکی زۆر ئاڵۆزیان هەیە. ئەم کتێبە بە خوێنەرەوە ئاڵێت: "بڕوانە! ئەوە منم. ئەمە ڕاستیی ژیانی منە". لەوانەیە ئاوا بڵێت: "ئەوە منم و منیش نیم". هەروەها پێوەندییەک هەیە لە نێوان بڵاوبوونەوەی کتێب و شێوەی نووسینی نووسەر کە ئایا وەک چیرۆکنووس ناسراوە یان وەک ژیاننامەنووس؟ کتێبی <u>ژنی شەرکەر</u> بەرهەمی **«ماکسین هونگ کینگستن»** هەمیشە لە ڕیزی چیرۆک دادەندرێ کەچی ئەمە بەرهەمێکی ڕاستەوخۆ ژیاننامەیە. لەبەر ئەوەیکە نووسەرەکەی وەک ڕۆماننووس دەناسرێ و کتێبەکە لەگەڵ هەموو مەرجەکانی ژیاننامە ناگونجێ بە چیرۆکی دادەنێن. وەک دەبینی سنوورەکان لەرزۆکن.

**• ئێمە کاتێک قسە لە چیرۆکی کورت و ڕۆمان دەکەین هەوڵ دەدەین ئەم دوو جۆرە ژانرە ئەدەبییە بە پێی تۆوەکان لێک هەڵئاوێرین. ئەو تۆوانەی ژیاننامەیان پێ دەستنیشان دەکرێ کامەن؟**

**کاترین:** زۆر کارێکی ئەستەمە بڵێین ئەو تۆوانە کامەن. وەک هەموو ژانرێکی تر دەکرێ لیستێک لە تایبەتمەندی و تۆوەکانی ژیاننامە ڕیز بکەین، بەڵام کە بە وردی سەرنجیان دەدەین دەبینین چەندە ڕێزپەڕ وەبەرچاودێن. لە ڕاستیدا ئەوە شتێکە بۆ ڕۆمان و کورتەچیرۆکیش لە ئارادایە. سەرەڕای ئەم گرفتە هەوڵ دەدەم ناسنامەیەکی کورت لە ژیاننامە بەدەستەوە بدەم. ژیاننامە ئەوجۆرەی باوە بە چەشنێک لە ڕیوایەت(گێڕانەوە narration) دەگوترێ کە لە ڕوانگەی یەکەم کەسەوە دەنووسرێ و وا دادەندرێ کە کەسایەتیی نووسەر و پاڵەوانی کتێبەکە یەکن و ئەوەی نووسراوە ڕاست و ڕەوان بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ژیانی نووسەرە. فیلیپ لێژن Philippe Lejeune ڕەخنەگری فەرانسەیی بڕوای وایە کە جۆرێک لە پێکهاتنی نێوان نووسەر و خوێنەرەوە دەبێتە هۆی ژیاننامەناسینی دەقێک کە تێیدا هەردوو لایەن بڕیاری وەئەستۆگرتنی کۆمەڵە ئەرکێک دەدەن. بە بڕوای من هۆیەکی سەرەکیی باوبوونی ژیاننامە لەم ڕۆژگارەدا ئەوەیە کە خۆناساندن و لەخۆگەڕان بوونەتە شێوەی زاڵی خۆبەیانکردن لە هەموو جۆرەکانی نووسیندا. باوەڕێکی پتەو هەیە کە ڕێگای دۆزینەوەی ڕاستی لە کاتی سەردەمدا، بە مێژوودا تێپەڕدەبێ و خۆدۆزینەوە ڕێنالترین ڕاستەقینەی ئەم جیهانەیە. وەک میشیل فوکۆ لە «<u>مێژووی سێکسێتی</u><u>The History of sexuality</u>»دا باس دەکات، کۆمەڵگای ئیعتراف یا ئیقرار بەردەوام فەرمان دەدات کە مرۆڤ دەبێ باسی خۆی بکا، ڕازی خۆی بدرکێنێ، ئیقرار بکا و ڕاستی بڵێ. چاوێک لە ڕۆژنامەکان و پرۆگرامی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن نیشان دەدا ئەم نەریتە واتە پەردە لە سەر خۆ لابردن چەندە باوە. جا سەیر نییە ئەگەر دەبینین نووسینی لەناکاوی ژیاننامە لە لایەن کەسانی ناسراو و سیاسەتمەدار لە دنیای ئەمڕۆدا چەندە لە ئارادایە. هەربۆیەش مەیدانی جیاوازیی نووسراوەی ژیاننامەیی ئەوەندە بەرفراوانە.

**• لە باری سەرهەڵدانی مێژووییەوە دەکرێ بۆ نموونە بۆ کورتەچیرۆک بڵێین سەدەی١٩و٢٠ سەردەمی سەرهەڵدان و تێپەڕکردنی پرۆسەی گەشەکردنی بووە. لە سەر ڕۆمان بیروڕای جیاواز هەیە کە کەنگێ سەری هەڵداوە و دیارە بۆ سەرهەڵدانی ژانرێکی وەک شێعر ئیتر باسکردن هەر مومکین نییە. ئایا ژیاننامە لە باری مێژووییەوە چۆن سەیر دەکرێ و پێشینە مێژووییەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**کاترین:** ئەو ڕێکەوتەی لەمەڕ سەرهەڵدانی ژیاننامە لە ڕۆژئاوادا لە سەری ساغبوونەتەوە کە لە ڕاستیدا شوێنی سەرهەڵدانی ژیاننامەنووسییە، بە ئاگۆستینی پاک(St. Augustine) دەستپێدەکرێ کە لە سەدەی چوارەمدا ئیعتراف یا ئیقرارەکانی خۆی نووسی. ئەو لەم کتێبەدا باسی ئەوە دەکات کە چۆن خودای دۆزییەوە، چۆن لە ڕوحی خۆی وردبووەوە و چۆن سەیری کارتێکەریی خودای کرد لە سەر مرۆڤ. ئەم بەرهەمە پێشینەی لە چەشنی خۆی نەبوو و تاماوەیەکی درێژخایەنیش وەک بەرهەمی تاقانە مایەوە. لە سەدەی چواردەهەم هێندێک بەرهەم لە پێوەندی لەگەڵ دنیای سۆفییایەتی و ڕوحییایەتی دەنووسرێن کە دەکرێ بڵێین جۆرێک بوون لە ژیاننامەنووسیی. شتێکی گرینگ ئەوەیە کە لە سەدەی چواردەهەمدا ژنێک بە نێوی **مارگێری کێمپ** کە خۆی توانای نووسینی نەبووە ژیانی خۆی بۆ کەسێکی تر دەگێڕێتەوە تا بۆی بنووسێتەوە و لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەیدا وەک سێهەم کەس واتە «ئەم مەخلوقە» باسی خۆی دەکات. دەبینی هەروەک گوتم ئەمەش ←

**■ هێندێک لێکۆڵەرەوە ژیاننامە بە دوو دەستە دابەش دەکەن، دەستەیەک پێ لە سەر ڕووداوی دەروونی و ژیانی خۆ دادەگرن و دەستەیەکیش ڕووداوی دەرەکی و ژیانی کۆمەڵایەتی دەخەنە ناوەندی سەرنجیانەوە. ئەم دوو دەستەیە بۆچوونیان لە سەر گرینگی مرۆڤ جیاوازە و یەکەمیان مرۆڤ بە هێزە دەروونییەکانیەوە دەناسێ و دووهەمیان بە کردەوەکانی.**

کۆسپێکە لە سەر ڕێگەی بەدەستەوەدانی ناسنامەی ژیاننامەنووسیی.

لە سەردەمی ڕێنسانسدا، لە ئیتالیا و فەڕانسە و پاشان ئینگلستان نووسینی ژیاننامە پەرەدەستێنێ. نموونەیەکی ناسراو و بەناوودەنگ پەیکەرەسازێکی ئیتالیایی یە بە نێوی بێنوێنوتو سێلینی، کە لە بەسەرهاتی خۆیدا هەرچی سیفەتی قارەمانەتی و ئازایەتی بێ لە خۆی دەنێ و بۆ نموونە دەڵێ کە چۆن بە تاک و تەنیا شاری ڕۆم لە داگیرکردن ڕزگاردەکات. یان نووسەری فەڕانسەیی میشێل دێ مونتیەن کە لە بابەتەکانی خۆیدا جۆرەیەک دیەنی ژیاننامەی دەخولقاند. هەر لەم سەردەمەدا لە ئینگلیس و وڵاتە پرۆتێستانەکانی تردا نووسراوەی ڕوحانی وناییینی لە ناو خەڵکی جۆراوجۆردا پەرەدەستێنێ. هێندێک لەوانە خوێندەوارییەکی ئەوتۆشیان نەبوو، زۆریان ژن بوون و سەر بە بنەماڵەی هەژار بوون. لە زۆربەی ئەم بەرهەمانەدا جۆرێک لاسایی کردنەوە لە ئاگۆستینی پاک دەبیندرێ. دەبێ بڵێم ئەو بەرهەمانە بە تەواوی ژیاننامە نەبوون هێندێکیان شێوەی یادداشتی ڕۆژانە، بیرەوەری، نووسراوەی شەخسی و... بەخۆوە دەگرت و هێندێکیان تێکەڵاوێک بوون لە کۆمەڵێک شێوازی نووسین.

**● وەک هەر ئێستە ئاماژەت پێکرد بەسەرهاتنووسیی دەتوانێ فۆرمی جۆراوجۆری هەبێ و ئەم فۆرمانە لێک جیاوازن. دەکرێ بە ئاماژە بە هێندێک لەم فۆرمانە وەک نووسراوی ڕۆژنامەیی(ژۆرنالیستی)، یادداشتی ڕۆژانە، بیرەوەری و ئیقرارنامە و دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانیان، جیاوازیی ئەم فۆرمانە ڕوونکەینەوە.**

**کاترین:** وایە، لە نێوان ئەم فۆرمانەدا جیاوازی هەیە، بەڵام دیاریکردنیان ئاسان نییە. بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا کە ئەم فۆرمانە تێکدەخرێن. ناسنامەی ژیاننامە بەتایبەتی لە هەموویان پڕ گیروگرفتترە. نوسراوەیەکی تەواو و یەکدەست کە هەرچی بە ژیانی مرۆڤێکەوە پێوەندی هەبێ لە خۆدا کۆکاتەوە و هەرچی پێوەندیشی بە ژیانی ئەم نەبێ لە خۆی هەڵناوێرێ، لە ڕاستیدا بە زەحمەت دەدۆزرێتەوە. چونکە کەم کەسان دێن خۆیان لە گوشار بنێن و بە پێی ئەو حوکمانە بنووسن. هۆیەکی ئەکرانی ئەم کارە ئەوەیە کە ناکرێ بڵێین ژیانی کەسێک بریتییە لەوە و بەدووورە لەمە، واتە دیاریکردنی سنورەکانی ژیان ئاسان نییە. یادداشتی ڕۆژانە و نووسینی ڕۆژنامەیی شتێکن کە لە سەر بناغەیەکی مەودادار و بەردەوام دەنووسرێن، هەموو ڕۆژێ، هەموو حەوتوویەک و هەموو مانگێک دەورەیەک لە ژیانی کەسێک هاوکات دێتە سەرکاغەز. پێشینەی ئەم چەشنە نووسینە دەگەڕێتەوە سەر نەریتێکی پرۆتێستانیی سەرەتای وەدیهاتنی ئەم ئایینە. لە ژیاننامەدا زۆر جار فۆرمی لەو چەشنانەی باسم کرد وەبەرچاو دەکەوێ و هەربۆیەش وەک گوتم بڕیار لە سەر چۆن و چبوونی دەقێک ئاسان نییە. لە سەدەی هەژدەهەم بەملاوە لە نەریتی ئەدەبیدا بەتایبەتی ئەمڕۆکانە، هەوڵی زۆر دەدرێ لە سەر ژیاننامە و جوێکردنەوەی لە مەیدانەکانی تر و تەرخانکردنی بە خانەی ئەدەبییات. یادداشتی ڕۆژانە بڕبڕە و بڕگەکان پێوەندییان بە یەکەوە نییەو پێشبینی ڕووداوەکان مومکین نییە. من بۆ خۆم لەبری تێرمی ژیاننامە پتر نووسراوەی ژیاننامەیی بەکاردێنم کە بەرفراوانتر و گشتی ترە.

**● لە نووسینی ئەدەبیی وەک ڕۆمان، دراما و کورتەچیرۆکدا، نووسەر خۆی ئەدیبە، بەڵام لە نووسینی ژیاننامەدا، ئێمە کەسانی جۆربەجۆر دەبینین وەک سیاسەتمەدار و وەرزیشکار و... کە زۆر جار فڕیان بە سەر ئەدەبەوە نییە، ئایا ئەوانە دەتوانن سەرکەوتوو بن؟ هەر لێرەشدا جێی خۆیەتی لێتان بپرسم کێ و چ کەسانێک ژیاننامەی خۆیان دەنووسن و بۆچی؟**

**کاترین:** هەروەک باسم کرد ژیاننامە هەمووکاتێک بە شێوەیەک لە نێوان مەیدانی ئەدەب و نائەدەبدا بەشکراو بووە و پلەوپایەی وەک ئەدەب جێی پرسیار بووە. جا بۆیە نازانم ئایا دەکرێ لە هێندێک تێکنیکی نووسین قسەبکرێ وەک تێکنیکگەلی تایبەت بە ژیاننامەنووسیی. ئاشکرایە هێندێک کەس لە هێندێکی دیکە باشتر دەنووسن، ڕوونتر دەنووسن، سەرنجڕاکێشانەتر دەنووسن و سەیریش نییە ئەگەر دەبینین هێندێک لە باشترین ژیاننامەکان بە دەست کەسانی نائەدیب نووسراون. لە ڕاستیدا لە سەردەمی ڕۆمانتیسم، یان ڕەنگە لە «ڕۆسۆ» بەملاوە لە سەر لایەنی ئەدەبی و هونەریی ژیاننامەنووسیدا جەخت دەکرێ و تێگەیشتنی ڕۆمانتیکییش لە هونەر و ئەدەب دەزانێ تایبەتییە. بە ڕای من هونەری ڕێنسانس شێوە و تێگەیشتنی جیاوازی هێنایە ئاراوە و بۆخۆشت دەزانی کە ئەوە باسێکی زۆر قووڵە و لێرەدا ناکرێ. لە ڕاستیدا کەسانی نائەدیبیش کە ژیاننامەی خۆیان دەنووسن، یان لە چوارچێوەی وەڵامدانەوە بە هێندێک داخوازییدا هەست دەکەن و دەزانن کە دەبێ ژیاننامەکەیان بریتی بێ لە سەردەمی منداڵییان، پێوەندییە عاتفییەکانیان، یەکەم ئەڤینیان، پێوەندییان لە گەڵ دایک و باوکیان، کاروباریان، هەڵوێستی سیاسییان و چلۆنایەتی گەیشتن بە پلە و پایەی ئەمڕۆیان لە سیاسەت، وەرزیش یان شتی تردا.

سەردەم و دەورەی نووسین لە ناوەرۆکی ژیاننامەدا دەور دەبینێ. ئەو ژیاننامانەی لە سەر باری ڕوحی و دەروونی دەنووسرێن باسی سەردەمی منداڵی و زەماوەند و کاریان تێدا ناکرێ، چونکە ئەوەی گرینگە تەنیا ڕوحە و باسی ئەم. بۆیە گولبژێری خاڵە گرینگەکانی ژیانیش دیاردەیەکی تەواو کولتوورییە و لە سەر بنەمای پێکهاتنە. ژیاننامەی مرۆڤ لە دنیای ئەمڕۆدا بەتایبەتی مرۆڤی سیاسەتمەدار بەڵگەیەکی زۆر چاکە بۆ ئەوەیکە ئەوان خۆیان بناسێنن و بڵێن کێن. بۆ نموونە لە ئینگلستان سیاسەتمەداران زۆر پێدادەگرن لە سەر ناساندنی خۆیان بەو شێوەیە: "من ئینسانێکم باوەڕم بە ژیانی خێزانیی هەیە، منالم هەیە، ئەمن لەبەر دڵانم و ئاوام وئاوام..." وەک دەبیندرێ ئەم تایبەتمەندییانە دروست ئەم

←

شتانەن کە جەماوەر حەزیان لێیە بیبیسن. لە ڕۆژئاوادا بەگشتی خوێنەرەوە حەزدەکا مرۆڤ لە ڕووی هەستەکانییەوە بناسێ هەتا لە ڕووی ئەو ڕووداوانەی لە ژیانیدا هاتوونەپێش. ئەو شتانەی هەستی نووسەری ژیاننامە دەردەخەن لای خوێنەرەوەی ڕۆژئاوایی زۆر گرینگترن لە گێڕانەوەی بێ دەستتێوەردانی ڕووداوەکانی ژیان. من بە داخەوە لە سەر بیرەوەرییە کوردییەکان ئاگادارنیم و ئەوەندەی بەیەکەوە قسەمان کردووە بۆم دەرکەوتووە زۆربەی نووسەرانی بیرەوەرییەکان مرۆڤی سیاسیی چالاک بوون و لە بیرەوەرییەکانیاندا باسی چالاکی خۆیان دەکەن و دیارە ئەگەر جەماوەری خوێنەرەوەش خۆیان لە ڕیزی خەبات و چالاکیدا بووبن زیاتر حەزیان لە گێڕانەوەی ئەم شتانەیە.

**● بە گشتی وایە. ئەم خاڵانەی ئاماژەت پێکردن لە سەر ژیاننامەکانی کوردی ڕاستن. ناوی کتێبەکان و پێشەکییەکانیان نیشانەیەکن بۆ بە ژیاننامەناسینی ئەو بەرهەمانە. وشەی «بیرەوەری memoirs» بۆ زۆربەی ئەوان دەکارهاتووە. یەک لەو بیرەوەری نووسانە دەڵێ کە شێوەی «ڕۆسۆ»ی ڕەچاو کردووە کە لە ڕاستیدا وا نییە و زۆر لێک دوورن. نوکتەی هەرە گرینگ لە بیرەوەرییە کوردییەکاندا ئەمەیە کە نووسەرەکان داوادەکەن گۆیا دەیانەوێ ڕاستییەکان ڕوونبکەنەوە. زۆربەی بیرەوەرییەکان پاشکۆیەکی بەڵگە و دێکۆمێنتیان لێ زیاد کراوە. هێندێک لەم بیرەوەرییانە باسی دەورە و سەردەمێکی هاوبەش دەکەن و کەچی هەر یەکەی شتەکە بە جۆرێک دەگێڕێتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ژیاننامە لێکۆڵینەوە و خۆدۆزینەوەیە و ئەمە شتێکە لە ژیاننامە کوردییەکاندا جێی نییە. ئێستە بە گشتی پێمخۆشبوو ڕای ئێوە بزانم لە سەر ئەوەیکە ژیاننامە وەک بەڵگەنامەی مێژوویی چندە جێی متمانەیە و هەروەها چندە دەکرێ مرۆڤ بە هێزی بیری خۆی دڵنیابێ و لە ڕاستیدا بیر چەندە دەتوانێ سەرچاوەیەکی بێ هەڵە بێ بۆ نووسینەوەی ڕووداوەکان؟**

**کاترین**: بەلای منەوە ئەمانە زۆر جێی سەرنجن و لە ڕاستیدا زۆر پڕ بایەخن و لە هەمان کاتیشدا زۆر ئاڵۆز. بیر و وەبیرهاتنەوە لە ژیاننامەنووسییدا گرفتێکی یەکجار گەورەیە و دوایە دێمەوە سەر ئەم باسە. گەڕان بە شوێن خۆدا کە ئێوە دەڵێن تایبەتمەندییەکی ژیاننامەیە، دەبێ لەبیرمان بێ هەموو کاتێ وانییە و ئێستا ئەمە زۆر باوە. هێندێک لێکۆڵەرەوە ژیاننامە بە دوو دەستە دابەش دەکەن، دەستەیەک پێ لە سەر ڕووداوی دەروونی و ژیانی خۆ دادەگرن و دەستەیەکیش ڕووداوی دەرەکی و ژیانی کۆمەڵایەتی دەخەنە ناوەندی سەرنجیانەوە. ئەم دوو دەستەیە بۆچوونیان لە سەر گرینگی مرۆڤ جیاوازە و یەکەمیان مرۆڤ بە هێزە دەروونییەکانیەوە دەناسێ و دووهەمیان بە کردەوەکانی. دیسان با بچینەوە سەر ڕۆسۆ کە کەسایەتییەکی ناسراو بوو. ئەو لە ئیقرارەکانیدا لایەنی گشتی ژیانی خۆی ناخاتە بەرباس و ئەوەی لای ئەو گرینگە لایەنی ناوخۆیەتی. ئەگەر بێینە سەر ئەم پرسیارەتان کە بۆچی ژیاننامە دەنووسرێ، دەکرێ ئاماژە بە سێ ئەنگێزەی بنەمایی بکەم: خۆپاساودان، خۆدۆزینەوە و خۆهەڵدان. لای سیاسەتمەداران لایەنی خۆپاساودان بەهێزترین لایەنە و بەشێکی زۆری ژیاننامەی ئەوان شیکردنەوەی ئەم شتانەیەکە بیسەلمێنن کە چۆن هەق بەوان بووە.

**■ لایەنێکی گرینگ لە ژیاننامەدا کەسایەتی و تەواوییەتی نووسەرە. ژیاننامەی کەسێک بریتییە لە کەسایەتی و بەڵگەی نرخ و ڕاستگۆیی نووسەرەکەی. جا بۆیە ڕەخنەگرتنی ئەدەبی لە ژیاننامەیەک زۆر لە نووسەرەکەی گران نایە، ئەوەی زۆر لێی ناخۆشدێ وەدرۆخستنەوەیەتی.**

**● مەبەستت سەلماندنی هەقانییەتی خۆیان و دروستبوونی کردەوەکانیان لە ڕابردوو دایە؟**

**کاترین**: بەڵێ، شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەوەیکە: بۆ ئەوان ڕاست بوون و بەرهەڵستکارەکانیان لە هەڵەدا بوون؟ ئەگەر جەماوەر بە قسەی ئەوانی کردبا ئێستا هەلومەرج شتێکی تر دەبوو، بەڵام بەداخەوە خەڵک بەپێچەوانەیان کرد و بوونە گوێڕایەڵی لایەنەکانی تر و بۆیە واهات و واچوو. هێندێک لە سیاسەتمەداران بۆیە ژیانی خۆیان دەخەنە بەردەم خوێنەرەوان تاکوو داکۆکی لە ڕابردووی خۆیان بکەن و بڵێن کاکی برا ئێوە خراپ لە من حاڵی بوون، من وا نەبووم و ئەوە خەتای ئێوە بوو ڕای نادروستتان لە سەر من دەربڕی. هەڵبەت خوێنەرەوەش دەتوانێ هەر بەم پێوانە دەست بە لێکدانەوە بکات و بەرپەرچی ئەم هەڵوێستانە بداتەوە و بڵێ: ئێمە وەدوای تۆ نەکەوتین چونکە بیروڕاکانت چەوت بوون. ئەوکات ئەتۆ وات نەدەگوت و ئێستا دوای بیست ساڵ ئاوا دەڵێی. دەبینی زۆر ئەستەمە بزانین کێ ڕاستە و کێ ناڕاستە. خۆپاساودان جاری وایە شێوەی پێچەوانە پەیدا دەکات. بۆ نموونە ئیقرارەکانی ڕۆسۆ لە نیگای یەکەمدا هیچ پێوەندییان بە خۆ پاساودان نییە، کاتێک ئەو، چەند لاپەڕە ڕەشدەکاتەوە و دەڵێ کە چەند خراپ بووە، چەوت بووە، تەمبەڵ بووە، لادەربووە و بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە کە لە هەڵەدابووە و ئەدەبا وای کردبا و چەندە عەیب وعار دێنێتەوەسەرخۆی و خوێنەرەوەش بە گشتی لەگەڵی دایە. بەڵام ئەگەر تۆ لە کارتێکەریی ڕۆسۆ و ئیقرارەکانی لە سەر خوێنەرەوە وردبیەوە بۆت دەردەکەوێ کە ڕۆسۆ لە ئەساسدا دەیهەوێ بڵێ: بڕوانە سەرەڕای ئەو هەموو خراپەیە ئەمن چەندە ڕاستگۆم، ئایا تۆش بە سەدان هەڵەی وات لە ژیاندا نەکردووە؟ ئایا تۆ وەرە و بوێریی ئەوەت هەبێ هەموو کردەوەکانی خۆت بخەیە بەردەم خوێنەرەوە؟ ئەوەش بە بڕوای من جۆرێکە لە خۆپاساودان و پاکانەکردن.

لایەنێکی گرینگ لە ژیاننامەدا کەسایەتی و تەواوییەتی نووسەرە. ژیاننامەی کەسێک بریتییە لە کەسایەتی و بەڵگەی نرخ و ڕاستگۆیی نووسەرەکەی. جا بۆیە ڕەخنەگرتنی ئەدەبی لە ژیاننامەیەک زۆر لە نووسەرەکەی گران نایە، ئەوەی زۆر لێی ناخۆشدێ وەدرۆخستنەوەیەتی. بێتوو تۆ هێرش بکەیە سەر مێژووی ژیانی نووسەرێک، لە ڕاستیدا هێرشت بردووەتە سەر خودی نووسەر و ڕاست و دروستبوونی کەسایەتی و یەکپارچەیی ئەو. پرسیاری ڕاستبوونی ژیاننامەیەک بە ڕاستی زۆر قووڵە. لە ڕوانگەی ڕەخنەوە پرسیار ئەمەیە ڕاستی و ناڕاستیی ←

**■ وەک گوتم درۆی نەفسی خۆی کەرەسەیەکە بۆ لێکدانەوەی کەسایەتی و ئەمە جیاوازە لە درۆی ئانقەست کە دەتوانێ زۆر هۆی هەبێ. ڕەنگە درکاندنی ڕاستییەک بە قازانجی نووسەرەکەی نەبێ، خوێنەرەوە پێی خۆش نەبێ، ببێتە هۆی گیرانی نووسەر، تووشی چەرمەسەریی بکات، یان شەرمەزاری بکاتەوە. جا بۆیە جاری وایە لە جیاتی ئەوە بنووسن «ژنەکەم وازی لێهێنام»، دەنووسن: من ئەوم بە جێهێشت»**

ژیاننامەیەک بە چ مانایەکە؟ ئەوەیکە نیشان بدەین بۆ نموونە ژیاننامەنووسێک درۆی کردووە و خۆی باسی درۆ و پێوەندی ئەم لەگەڵ فاکت دێنێتەگۆڕێ و چەند دیاردەی وەک لەبیرچوونەوە، هەڵەی بیر و هەبوونی عەمد واتە لە ڕووی مەبەستێک و بە ئانقەست شێواندنی ڕووداوێک و بەسەرهاتێک. ئەوانە هەموویان جێی سەرنجن و ڕۆڵی خۆیان هەیە لە ژیاننامەنووسییدا. لە بیرمان بێ تا ئەو جێگایەی ژیاننامە دەگەڕێتەوە سەر خۆنووسینەوە، دەبێ بزانین درۆش بەشێکە لە هەڵدان و ئاشکراکردنی خۆت و درۆی نەفسی جیاوازە لە درۆی کردەوە.

**● بەم پێیە بە کەڵکبوونی ژیاننامە وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی تەواو دەچێتە ژێر پرسیارەوە و باوەڕپێکردنی ژیاننامە تەمی شک وگومانی لێدەنیشێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە باوەڕێکی بەهێزیش پشتگیری دەکا لە جێگای ژیاننامە لە مێژوونووسییدا. ئێوە ڕاتان چییە؟**

**کاترین:** ئەم پرسیارە بۆ من پرسیارێکی زۆر لە ناکاوڕایە. هەوەڵین لێکۆڵینەوەی من لە سەر ژیاننامەی هێندێک کۆمەڵی ژنی سێکتاریست لە سەدەی حەڤدەدا بوو کە ژیانی ڕوحیی خۆیان تۆمارکردووە و ویستوویانە توانایی ڕوحیی و هێزی باوەڕی ئایینی خۆیان بسەلمێنن و باسی ئەوە دەکەن کە چۆن چل ڕۆژان بەڕۆژوو بوون و جگە لە چەند ڕیشاڵی گۆشتماسی هیچیان نەخواردووە، چۆن بەچاوی خۆیان خودایان هەست پێکردووە و چۆن بینیویانە کە زیندانەوانە ستەمکارەکان لە دادگای خوداییدا مردوون. ئەمانە لای ئەم ژیاننامەنوسانە عەینی ڕاستین و فکربکەوە بۆ کەسێک کە بیری دەهری هەبێ و کار لەسەر ئەم چەشنە ماتریاڵانە بکات و لێی بپرسن ئایا ژیاننامە جێی باوەڕپێکردنە؟ شک نییە ئەو شتانە لە باری فیزیکییەوە ناتوانن ڕاست بن. لێرەدا مانای ڕاستی دەگۆردرێ و ئەندامانی ئەم سێکتانە، ئەو شتانەی گوتوویانە و نووسیویانە لایان ڕاست بووە. ئەوەی بۆ من گرینگە نەک باوەڕکردن بەو داوایانەیە بەڵکوو هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئەم باوەڕانە لە ژیانی ئەندامانی ئەم سێکتانەدا، تێگەیشتن لە مانا و ڕۆڵی ئەم باوەڕانە لە دەقدا. ئەگەر نا، تۆ بە خوێندنەوەی شتی وا بەردەوام تووشی توڕەیی دێی و لە ئاکامیشدا بە هیچ ناگەی. وەک گوتم درۆی نەفسی خۆی کەرەسەیەکە بۆ لێکدانەوەی کەسایەتی و ئەمە جیاوازە لە درۆی ئانقەست کە دەتوانێ زۆر هۆی هەبێ. ڕەنگە درکاندنی ڕاستییەک بە قازانجی نووسەرەکەی نەبێ، خوێنەرەوە پێی خۆش نەبێ، ببێتە هۆی گیرانی نووسەر، تووشی چەرمەسەریی بکات، یان شەرمەزاری بکاتەوە. جا بۆیە جاری وایە لە جیاتی ئەوە بنووسن «ژنەکەم وازی لێهێنام»، دەنووسن: من ئەوم بە جێهێشت» یان «ئێمە لێک جیابووینەوە». لەبری ئەوە بنووسن: «ئەمن لەم کارەدا سەرنەکەوتم»، دەنووسن: «بەداخەوە لەبەر هەڵەی هێندێک کەس کارەکە سەرکەوتوو نەبوو».

لە سەر ڕوانینی ژیاننامە وەک بەڵگەی مێژوویی دەبێ بڵێم نابێ ڕاستەوخۆ ژیاننامە بە دروست یان بە درۆ دابنێین. بۆ نموونە وابزانە تۆ چەند ژیاننامە دەخوێنییەوە لە سەر هەستی ژن و مێردان سەبارەت بە یەکتر، یان هەستی داگیرکەر و داگیرکراوان لە ئاست یەکتر. یەکەم شت ئەوەیە نووسەرەکان تا چ ڕادەیەک ئیجازە بە خۆیان دەدەن کە چ بڵێن، چ هەست پێبکەن و چ دەربڕن. ئایا دەوێرن و ئیزنی ئەوە بە خۆ دەدەن بڵێن ژیانی ژن ومێردایەتی ئێمە تاڵ بوو؟ هیندییەکان بەبێ ئێمەی ئیستیعمارگەری ئینگلیسی دەیانتوانی ژیانی خۆیان باشتر بەڕێوەبەرن؟ گوتنی ئەوە کە «من مێردەکەم زۆر خوشدەویست» بە تەنیایی هیچ مانایەک نابەخشێت. جێگای ئەم ڕستەیە لە دەقدا و لە ژێر سێبەری مەنتیقی دەق و هەموو هەلومەرجی کولتووری، ئیدەئۆلۆژی و مێژوویيدا دیاری دەکرێ و مانادەکرێتەوە. دیارە ژیاننامە وەک کەرەسەی مێژوویی بەکاردێت. بەڵام بۆ من نرخی ژیاننامە لەوە زیاترە و ئەویش ئەمەیە کە خەڵک چۆن ژیانی خۆیان ئاراستە دەکەن و بەسەرهاتی خۆیان چۆن دەگێڕنەوە و چالاکییەکانیان چۆن لێک گرێدەدەن، جێی خۆیان لە ڕووداوە مێژووییەکان چۆن دیاری دەکەن. هەروەها لە ژیاننامەدا زۆر جاران ئەو شتانەی نەگوتراون، بێدەنگییان لێکراوە، شاردراونەوە و شێوەی دارشتنی ڕووداوەکان ئامراز و کەرەسەی بە کەڵکن بۆ مێژوونووس و خوێنەرەوەی لێزان.

**● پێوەندیی نێوان نووسەر و بەرهەم لە ژیاننامەنووسییدا زۆر نزیک و بەرچاوترە لە هی ڕۆمان و چیرۆکدا. بەم چەشنە دەکارهێنانی هێندێک لە قوتابخانەکانی ڕەخنەگریی وەک ستراکتورالیزم بۆ هەڵسەنگاندنی ژیاننامە و باسکردن لە سەربەخۆیی تێکست و لەئارادانەبوون و یان تەنانەت مەرگی نووسەر تووشی گرفت دێ. پێتوایە ئەم بۆچوونە ڕەخنەگرییانە دەڕۆستی ژیاننامە دێن؟**

**کاترین:** بەڵێ من پێموایە دەکرێ. هەر ئەو جۆرە کە «بارت» دەڵێ کاتێک شتێک بوو بە دەق، ئیتر هی نووسەر نییە و خۆی سەربەخۆیە. کە دەق کەوتە بەردەستی جەماوەر ئیتر نووسەر زیاتر لە خەڵکی تر دەسەڵاتی بەسەردا نییە و ئەمە دەقەکە خۆیەتی کە مانا وەدیدێنێ و ناکرێ پێش تەفسیر و لێکدانەوەی بگیرێ. لە ڕاستیشدا ڕەخنەی سەرەکی لە ژیاننامە لەم ساڵانەی دواییدا هەر لە لایەن بزووتنەوە هاوچەرخەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ئاراستە و گەڵاڵە کراوە. پۆستستراکتورالیستەکان و بنەماشکێنەکان لە بەر زۆر هۆکار خۆیان بە ژیاننامەوە ماندوو کردووە. دیاردەیەکی زۆر گرینگ و باوی تر لە نێو ڕەخنەگرانی ئەم سەردەمەدا پێوەندی دەقەکانە لەگەڵ یەکتر (intertextuality) و لە پێوەندی ژیاننامەدا زۆر گرینگە بزانین کارتێکەریی دەقەکانی ژانرە جیاوازەکان لە سەر یەکتر چۆنە. تێکەڵاوکردنی هەستی شاعیرێک لە کاتی نووسینی شێعرێکدا و لە کاتی نووسینی ژیاننامەی خۆیدا هەلێکی باش دەرەخسێنێ ←

بۆلێکدانەوەی پرۆسەی جێگۆڕکی خەیاڵ لە دوو هەلومەرجی جیاوازدا.

ڕەخنەگرێکی ئاڵمانی بە نێوی «کلاس تێڤیلیت» کتێبێکی لەسەر نووسراوەکانی ئەندامانی چەند گروپێکی ئەرتەشی نووسیوە و بە لێکدانەوەی ڕۆمان و نامە و ژیاننامەی ئەم کەسانە لە سەر بنەمای دەروونشێکاری (psychoanalysis) بیروبۆچوونی ئەم کەسانەی لە سەر جنسی مێ، جوولەکە بوون، کومونیزم، شەڕ و پێوەندی ئەمانە لە خەیاڵی نووسەرەکاندا ڕوون کردووەتەوە. ئەمە شێوەیەکی گرینگە لە ڕەخنەگەرییدا بە یارمەتیی تێکەڵکردنی چەند ژانری جیاواز.

**● جاری وایە لە هێندێک بیرەوەرییدا ئێمە تەنیا کرۆنۆلۆژیی ڕووداوە مێژووییەکان دەبینین کە بە بەڵگە و دیکۆمێنتیش ڕازاونەوە، ئێوە ئەمجۆرە بەرهەمانەش بە ژیاننامە یان بیرەوەری دادەنێن؟**

**کاترین:** من پێم سەیرە کەسێک بێ و بەڵگەنامە لە ژیاننامەی خۆیدا بڵاویکاتەوە. بەڵگە نامە دەتوانێ بە شێوەی تر بڵاوبکرێتەوە. بۆ نموونە دەکرێ لە بەرهەمێکی مێژووییدا، ڕاستەوخۆ گەڵاڵەبکرێ و وەک کەرەسە بخرێتە بەردەستی مێژوونووس. هۆیەکی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە لە ژیاننامەدا ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا ژیاننامەنووسیی زۆر باوە و لەوانەیە کەسانێک ڕۆژێک هەر بە خەیاڵیشیاندا نەهاتبێ ژیاننامەی خۆیان بنووسن، بەڵام ئێستا دەستیان داوەتە ئەوکارە. جا بۆیە ئەگەر بەڵگەنامەشیان بە دەستەوە بێت لە کتێبەکەیاندا چاپی دەکەن. لەوانەیە ٢٠ تا ٣٠ساڵ لەمەوبەر ئەم بەڵگەنامانەی بە شێوەی بابەت، کتێبی مێژوویی و شتی لەم چەشنە بڵاوکردباوە نەک بە شێوەی بیرەوەری و ژیاننامە. ناکرێ بڵێین ئەوە ڕاستە یان هەڵەیە بەڵام دەکرێ لە شتێک چاک تێبگەین کە ئەمڕۆ هێندێک کەس چۆن بیر لە ژیانی خۆیان و لە سیاسەت دەکەنەوە.

نرخی مێژوویی ئەمجۆرە بەرهەمانە دیارە وەک هەر بەرهەمێکی تر لای مێژوونووس، تێکەڵاوە لە خوێندنەوەیان و ڕوانینیان بە شکەوە. مێژونووس هەموو دەقێک بە گومانەوە دەخوێنێتەوە. مێژوونووس هەمیشە لەبەردەم ئەم پرسیارانە دایە: کێ ئەم قسەیە دەکات؟ بۆ ئەم قسەیە دەکەن؟ ئەنگێزەیان لەم قسانە چییە؟ هەلومەرجی نووسینی ئەم بەرهەمە چۆن بووە؟ چ گرفتێک لە بەردەم ئەم نووسراوانەدا هەبووە؟

**● نووسینی ژیاننامە نەک لە سەرەتای ژیانەوە بەڵکوو لە قۆناخێکی دواتر بۆ نموونە لە ٤٠ ساڵییەوە، ئایا هەر بە ژیاننامە لە قەڵەم دەدرێ؟**

**کاترین:** بەڵێ، ئەوەش هەر ژیاننامەیە بەڵام بە ناوەڕۆکێکی جیاوازەوە. سەردەمە جۆراوجۆرەکان و قوتابخانە جیاوازەکان بە شێوەی جیاواز دەڕواننە ژیانی مرۆڤ. بۆ نموونە لە سەردەمی ڕێنسانس، زانستیی، ڕۆمانتیسم و مودێرنیتەدا تەفسیری جیاواز لە مرۆڤ و قۆناخەکانی ژیانی مرۆڤ هەیە. جا بۆیە ژیاننامەیەک ئەگەر بۆ نموونە بەسەرهاتی دەورەی منداڵی تێدا نەبێ لە گرینگیی ئەو دەورەیە لە ژیانی نووسەردا بێبەش دەبێ. بەڵام دیارە ئەوەی نووسراوە وەک گوتم دیسانیش هەر ژیاننامەیە و بە تایبەتمەندییەکی دیکەوە.

**● ڕۆڵی دەورەی منداڵی، لە دەروونناسیی و ئەدەبدا زۆر جێی باسە. هێندێک منداڵێتی وەک دایک و باوکی مرۆڤ دەبینن و دەڵێن منداڵ باوکی پیاوە و دایکی ژنە. پێداگرتنی فرۆید لە سەر گرینگیی گومان لێنەکراوی سەردەمی منداڵی و ڕۆڵی کارسازیی فانتێزی و ئەزموونی منداڵی لە ئەدەبییاتدا زۆر ڕەنگی داوەتەوە. ڕۆمانتیستەکان و بینینی منداڵێتی وەک دەورەی بێ گوناهی. دەکرێ زۆر بەکورتی ئاماژە بەو دیاردەیە بکەی؟**

**کاترین:** وایە، بەر لە فرۆیدیش لە سەر ڕۆڵی منداڵیی باسکراوە. ڕۆسۆ مانا و گرینگیی دەورەی منداڵیی ژیانی خۆی ڕوونکردووەتەوە. ڕۆمانتیکەکان دەورەی منداڵیی وەک سەردەمێکی کارتێکەریی ڕاستەوخۆ چاولێدەکەن و سەردەمی منداڵییان پێ سەردەمی بێ گوناهی یە. ئەمڕۆ باوەڕ بە ڕۆڵی دەورەی منداڵیی لە کەسایەتی مرۆڤدا زۆر بەربڵاوترە و دەتوانین بڵێین سەردەمی منداڵیی لە هەلومەرجی ئێستادا، هەنبانەیەک لە لایەنی دژبەیەک و ناکۆکی کولتووری لە گەڵ خۆی هەڵدەگرێ.

لایەنێکی پارادۆکسی ژیاننامە ئەوەیە کە تێیدا نووسەر دەبێ هەم شاز بێ و تایبەتییەکانی ژیانی خۆی وەڕووبخا و هەمیش لە هەمانکاتدا وێکچوو بێ، واتە خوێنەرەوە بە خوێندنەوەی ژیانی وی، دیمەن و ئەزموونەکانی خۆی بێتەوەبیر. یانی تۆی نووسەر هەم دەبێ بیسەلمێنی جیاوازی و هەم نیشانی بدەی کە زۆر شتت وەک خەڵکی دیکەیە. لە ژیاننامەنووسییدا هەردووک لایەنی هەوێتی تاکەکەسی و هەوێتی گروپی یەکتر دەگرنەوە. زۆر لە ژیاننامەکان پێ لە سەر ئیدەی منداڵ وەک بەرهەمی ژیانی خێزانی دادەگرن. لەم دواییانەدا جۆرێک لە ژیاننامەنووسیی باو بووە کە تێیدا نووسەر بە باس لەسەر ژیانی کەسانی نزیک لەخۆی، خۆی دەناسێنێ. «**کارۆلین ستیدمان**» لە کتێبی <u>مەڵبەند بۆ ژنێکی باش</u> باسی خۆی و دایکی دەکات. «**ڕۆلاند فراسیر**» لە کتێبی <u>بە شوێن ڕابردوویەکدا</u> ژیانی سەردەمی منداڵیی خۆی لە ڕوانگەی ئەو کەسانەی لە ماڵەکەی ئەوان کاریان کردووە، لێکدەداتەوە.

**● خۆزگە دەرفەتمان بوایە باسی شێوەیەکی بەرچاوی ڕەخنەی ئەدەبیمان کردبا لە سەر ژیاننامە کە ئەویش ڕەخنە و هەڵوێستی خوێنەرە، بەڵام دەزانم وەک پێشتریش قسەمان کردووە، ئەمەیان واتە ئەوەیکە منی خوێنەر تایبەتمەندیی ئەدەبی بدەم بە دەقێک زۆر باسێکی بەربڵاوە. لە بەر ئەوە وەک دوا پرسیار دەمەوێ ئاماژەیەکیش بە ڕۆڵی ئایین ـ مەبەستم مەسیحییەتە ـ لە سەر ژیاننامەنوسییدا بکەی.**

**کاترین:** بەڵێ، من لە سەرەتادا ئاماژەیەکم بە فوکۆ و بۆچوونی ئەو لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای ئیعترافی یا ئیقراریدا(confessing so-ciety) کرد. بە بڕوای فوکۆ هەموو ڕەوتی مێژوو دەتوانرێ ڕاستەوخۆ بە گوێرەی مێژووی نەریتی ئیقرار کردن لە کلیسای کاتۆلیکدا دیاری کرێ.

پرۆتێستانەکان بە شێوەی کاتۆلیکەکان ئیقرار ناکەن و ئەوە خۆی هۆیەکە بۆ ئەوە کە بۆچی ژیاننامەنووسیی پێشتر لە وڵاتە پرۆتێستانەکان سەری هەڵدا. ئەو ئیقرارەی لە پێشدا لە کلیسا و لەبەر چاوی قەشە دەکرا ئەمجار بوو بە ئیقراری ڕاستەوخۆ لە سەر خۆ و بە شێوەی تایبەتی و بە نووسین لە خەڵوەتی خۆدا.

**● کاترین، پڕ بە دڵ سپاست دەکەم، کاتێک ئەم و تووێژەم هێناسەرکاغەز ولە «گزینگ»دا بڵاوکراوە، بەڵێنی بێ نوسخەیەکت بۆ بنێرم تا هەرنەبێ شکڵی قسەکانی خۆت بە کوردی ببینی.**

**کاترین:** منیش سپاست دەکەم و چاوەڕێی دیارییەکەت دەبم.

■

باسێکی مێژوویی له سه‌ر مافی ژن

لێکۆڵینه‌وه و نووسینی: ژیلا.ف» و«ته‌یفور»

١٠

# مافی ژن له کۆمه‌ڵی کورده‌واریدا

### ئێزیدی و کاکه‌یی

له ڕاستیدا ئه‌م وتاره ده‌بوا پێش باسی سه‌رده‌می مه‌غول هاتبا، به‌ڵام له‌و کاته‌دا ده‌ستی نه‌دا. هۆیه‌که‌شی ئه‌وه بوو که ئێمه بۆ ده‌وڵه‌مه‌ند کردنی باسه‌که هێندێ پرسیارمان ناردبوو بۆ شاره‌زایانی ئه‌م ئایینه و هێشتا وه‌ڵامێکی ته‌واومان به‌ده‌ست نه‌گه‌یشتبوو. هه‌تا ئێستاش جگه له دوکتور گوڵمرادی مورادی که‌س وه‌ڵامی نه‌داوینه‌ته‌وه. هه‌ر له‌م ماوه‌یه‌دا دوو کتێبی ئایینی ئه‌هلی هه‌ق (کاکه‌یی) مان به‌ده‌ست گه‌یشت، که وه‌گێڕدراونه‌ته سه‌ر فارسی و نه‌سڵی کوردییه‌که‌شیان له‌گه‌ڵه.

شه‌ریعه‌ت و یاساکانی ئایینی ئێزیدی و کاکه‌یی به‌ڕێکوپێکی نه‌نووسراونه‌ته‌وه. کتێبه ئایینییه‌کان شتێکی زۆریان سه‌باره‌ت به پێوه‌ندییه‌کانی کۆمه‌ڵایه‌تی تێدا نییه. نووسراوه‌کانی دیکه‌ش چونکه به مه‌به‌ستێکی دیکه‌وه نووسراون بۆ دۆزینه‌وه‌ی چۆنیه‌تی دیاری کردنی مافی ژن یارمه‌تییه‌کی وه‌ها ناده‌ن که بشێ. ده‌مێنێته‌وه شێوه‌ی به‌رانبه‌ر دانان و دۆزینه‌وه‌ی مافی ژن به پێی ته‌واشا کردنی داب و نه‌ریته‌کانی دیکه‌ی ئه‌م کۆمه‌ڵانه. باشترین نووسراوه‌ی کوردی که له‌به‌رده‌ستدا بێت "ڕه‌وشی ئایینی و نه‌ته‌وه‌یی له کوردستاندا" نووسینی کاک "ڕه‌شاد میران"ه و هیچی تر. بۆیه جارێکی دیکه‌ش داوا ده‌که‌ین ئه‌گه‌ر که‌سێک زانیاری دیکه‌ی سه‌باره‌ت به یاساکانی ئه‌م ئایینه له‌مه‌ڕ ژنان هه‌یه بینێرێ تا که‌ڵکی لێوه‌ربگرین. بکرێ.

بڕێک له لێکۆڵه‌ره‌وان گوتوویانه که ئێزیدی و کاکه‌یی دوو شه‌ریعه‌تن له یه‌ک ئایینن. هێندێکیش له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌ن که دوو ئایینی جیاوازن، به‌ڵام له بڕێک شت دا وه‌کوو یه‌ک ده‌چن. هه‌ر چۆنێک بێ ئێمه له‌ژێر دوو سه‌ردێڕی جیاوازدا باسیان ده‌که‌ین.

ئایینه‌کانی ئێزیدی و کاکه‌یی (ئه‌هلی هه‌ق) ئایینێکی تێکه‌ڵاون. واته له سروشت په‌رستی کۆنه‌وه بگره هه‌تا زه‌رده‌شتی و میترائی و دینه سامییه‌کان (جوو، مه‌سیحی، ئیسلام)ی تێیدا به‌دی ده‌کرێ. دیاره ئه‌مه ڕه‌وتی ده‌سه‌ڵاتداری ئه‌م ئایینانه به‌سه‌ر کۆمه‌ڵانی ئه‌و مه‌ڵبه‌ندانه‌دا که ئێزیدی و کاکه‌یی لێی ده‌ژین وای لێکردووه [بڕوانه‌ل ٨٩ ڕه‌وشتی ئایینی] له هه‌ر ده‌وره‌یه‌کدا ئایینی ده‌سه‌ڵاتداران چ بووبێ ئه‌وه به‌شێک له داب و نه‌ریت و یاساکانی خۆی داسه‌پاندووه. ئه‌م تێکه‌ڵاوییه له ئایینه‌کانی دیکه‌شدا ده‌بیندرێ وه‌ک پاشماوه‌ی دابی زه‌رده‌شتی و میترایی پاش ئیسلام له کۆمه‌ڵانی دیکه‌ی کورده‌واریدا.

ڕاستییه‌که‌ی ئه‌وه‌یه هه‌رکام له‌و بۆچوونانه قبوڵ بکه‌ین یانی ئه‌م ئایینه شاخه‌یه‌ک له ئیسلام بێ، تێکه‌ڵی باوه‌ڕی کۆن بووبێ یان ئایینی کۆن بێ تێکه‌ڵی بیروباوه‌ڕی ئیسلامه‌تی بووبێ، ئایینی ده‌ورانی وه‌رزێڕییه و گرینگییه‌کانی کشتوکاڵ خۆی له ئایینه‌که‌دا ده‌نوێنێ. ئێمه پێشتر باسمان کردووه که کشتوکاڵ و به‌سترانه‌وه‌ی مرۆڤ به زه‌وینه‌وه بۆ خۆی یه‌کێک له هۆکانی پێکهاتنی پیاو سالاری له ڕێگای مۆڵکیه‌ته‌وه بووه، که له‌وێ باوک ده‌بێ به سه‌ر پشک و ده‌سه‌ڵاتداری بنه‌ماڵه. له لایه‌کی تره‌وه ئه‌و ئایینانه که ئه‌هلی هه‌ق و ئێزیدی بیروباوه‌ڕیان لێی وه‌رگرتووه بۆ خۆیان له ئه‌وپه‌ڕی پیاوسالاریدا بوون. هه‌ر به‌م شێوه ده‌توانین جێ پێی بیروباوه‌ڕی ئه‌و ئایینانه (به تایبه‌ت ئیسلام) سه‌باره‌ت به ژن له نێو کۆمه‌ڵی سه‌ر به ئه‌م ئایینانه‌شدا ببینینه‌وه.

### ئێزیدی) میتۆلۆژی

له‌باری میتۆلۆژیای چێکردنی دنیاوه ئایینی ئێزیدی له زوروانییه‌کان ده‌کا. به‌م شێوه‌یه که ده‌ڵێ "له پێشدا هیچ نه‌بوو و ته‌نیا کات هه‌بوو و دوایه دنیای ڕوح (دنیای غه‌یر ماددی) دروست کرا" لێره‌وه به دوا زیاتر ئه‌فلاتوونییه یانێ ئه‌وه‌ی له واقیع دا هه‌یه سێبه‌ری ئه‌وه‌یه که له دنیای رۆح دا هه‌یه. گه‌ڕانه‌وه‌ی ڕوح له په‌یکه‌رێکی دیکه‌دا (دۆنادۆن) شێوه بۆچوونی ئایینی بوودایی یه که ئه‌م ئایینه‌ش له زۆر کۆندا له‌م ناوچانه هه‌بووه. رۆح له په‌یکه‌ری گیاندارانداا خۆی ده‌نوێنێته‌وه هه‌تا ده‌گاته سه‌رلووتکه‌ی چاکی. به‌ڵام له بووداییدا ئه‌م دووباره هاتنه‌وه حه‌وت جاره که‌چی لێره بۆته هه‌زار و یه‌ک جار.

ڕێزگرتن له گیانداری تایبه‌تی وه‌کووو که‌ڵه‌شێر جۆرێک توتمیزم ده‌نوێنێ و سنجاقی مه‌له‌که تاووس که په‌یکه‌ری تاووسێکه‌جۆرێک بت په‌رستی و فتیشیزمی کۆن. یانێ هه‌م ده‌کرێ وای دابنێین که ئه‌م ئایینه پێش ئیسلام هه‌بووه و پاشان گۆڕاوه ده‌شکرێ بڵێین پاش ئیسلام دانراوه و شته کۆنه‌کانی له‌گه‌ڵ تێکه‌ڵ بۆته‌وه. چونکه له ده‌وری ئیسلامدا زۆر ئایینی کۆن له‌به‌ر باری قورسی جزیه یان له‌به‌ر خۆلادان له زه‌ختێک که

لەسەریان بوو، ئاییئی ئیسلامیان قبوڵ کرد، بەڵام لە ژێرەوە هەر بڕواکانی خۆیانیان ڕاگرت.

تاووس گێڕان (پەیکەرەی مەلەکەتاووس بە دێیەکاندا دەگێڕن و پارە کۆ دەکەنەوە هەر کەس زیارەتی سنجاق دەکا دەبێ پارەیەک بکا بە خێر)[1] ئەم نەریتە بە تەواوی لە نێو مەسیحی دا هەیە و خاچ گێڕانی پێ دەڵێن و لە میترائیسم وەرگیراوە. سنجاق بۆ خۆی دیاردەیەکی میترایییە کە ئێمە پێشتر باسمان کردووە.

بە بەرەکەت و پیرۆز زانینی گڵی سەرگۆڕی شێخ عادی کە پێی دەڵێن بەراتە[2] وەکوو وەرگرتنی مۆری نوێژی شیعەکان لە خاکی کەربەلایە. یا خۆ بە دەرمان زانینی خاکی گڵکۆی شێخ عەباس لە ناوچەی سنە.

ڕێزگرتن لە خۆر و ئاگر و ئاو و با بە تەواوی دیاردەیەکی زەردەشتییە و دیارە هەر وەک دەزانین چوار ماددەکەی سروشتە کە لە یۆنانی کەونارا بە سەرچاوەی هەموو بوونەوەرێک دادەنرا و دوایە هاتەوە لای عەرەبان و بنەمای فەلسەفە و پزیشکیی چەند سەد ساڵ بوو.

جێژنی کۆمەڵی لە کاتی جێژنی میهرەکانی زەردەشتی دا دەگرن.[3] وەک دەزانین لە ئیسلامدا چوار مەلایەکەتی موقەڕڕەب هەیە، بەڵام لای ئەمان حەوت مەلایەکەت هەیە کوتومت وەکوو حەوت ئەمشاسپەندی زەردەشتی، تەنیا ئەوەندەیە نێوەکانیان بوونەتە عەرەبی. مەلایەکەتەکان بە ئەمری خودا ئەستێرەکانیان دروست کردووە (لە زەردەشتی دا ئەمشاسپەندەکان بۆ خۆیان ئەستێرەن) بۆ وێنە مەلەکە تاووس هەتاو، عەزرائیل مانگ و... دوایە چوونەتە جەستەی شێخەکانەوە(دۆنادۆن)[4] و نێوەکانیان ئەمانەن: عەزرائیل (مەلەک تاووس)، دەردائیل (شێخ حەسەن) / ئیسرافیل (شێخ شەمس)، میکائیل (شێخ ئەبوبەکر)، جبرائیل (سجادین)، شمنائیل (ناسرەدین) و نورائیل ( فەخرەدین).

کتێبەکانی ئاییئی ئێزیدی زیاتر دوعا و عیبادەتن و بە باڵای شێخ و سەید و پیر دا گوتراوە و دەسەڵات دراوە بە پیاوە ئایینییەکان بۆ دانانی شەریعەت بە پێی سەردەم. ئەم ڕێنوێنییەش لە کتێبی «جلوە»دا هاتووە کە: " بە هومو ئەوەی لە کتێبی جوو و مەسیحی و موسوڵمانان دا هەیە ڕازی بن ئەگەر لەگەڵ دەستوری من ڕێک دەکەون".[5] یانێ ڕێگایان بۆ کراوەتەوە کە بە پێی دەستوری دەسەڵاتداری سەردەم بجووڵێنەوە.

**پلە و پایەی ژن لە کۆمەڵدا**

لەم ئایینەدا چینەکانی کۆمەڵ هۆی ئایینیان بۆ دیتراوەتەوە و هەر چینێک شێوە کاستێکی بە خۆیەوە گرتووە. شێخ کە بەرزترین دەسەڵاتی ئایینی هەیە جلی سپی لەبەردەکا پشتێندێکی ڕەشی نۆ میتری دەبەستێ و ریش ناتاشێ و تەنیا بنەماڵەکەی مافی خوێندنیان هەیە.[6] ئەمە ڕاست مەغەکانی زەردەشتی وەبیردێنێتەوە.

هەر کەسە پیرێکی هەیە و هەر پیرێک شێخێک (ئەمە وەک تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی دەچێ کە شێخ و خەلیفە و دیوانە و دەروێش یان هەیە کە خۆی بنەڕەتی لە هێندەوەڕا هاتووە).

فەقیر یا (قەرەباش) ئەو کەسەیە کە ژیانی بۆ بارەگای شێخەکان تەرخان کردووە. سەرۆکی فەقیران پێی دەگوترێ "کاک" ئەمە نابێ ژن بێنێ (قەشەی مەسیحی).

کۆمەڵە ژنێک لە لالش هەمان پلەی فەقیریان هەیە کە خۆیان بۆ خزمەتکردنی گۆڕی شێخ عادی تەرخان کردووە. سەرۆکەکەیان نازناوی "کابان"ی هەیە و لە خۆڵی سەرقەبری شێخ عادی بەراتە دروست دەکا و دەی دا بە قەواڵ بۆ فرۆشتنیان[7] ئەمە یەکەم پلەی ئاییئی ژنانە و بەرزترین جێگای کۆمەڵایەتی ئەوانە و لەئاییئی میترایی ومەسیحی (قەشەی ژنان) دەکا.

هەموو ئێزیدییەک دەبێ برا و خوشکێکی ئاخیرەتی لە بنەماڵەی شێخەکان هەبێ و هەموو بەیانان بچێ سەریان بدا. پێویست بوونی خوشک جێی سەرنجە (ئەگەر وای دابنێین کە ماڵی شێخەکان بەم شێوە خۆیان پاراستووە و خۆیان بە خەڵکەوە گرێ داوە ئەو دەم دەزانین کە دەبێ ژنەکانیشیان هەر بپارێزن) خوشکی ئاخیرەت کراسی نوێ بۆ برا دینییەکەی دەبڕێ، یەخەکەشی دەبێ خڕ بێ. ئەو کەسەش دەبێ لە هەموو ڕوویێکەوە یارمەتی برا و خوشکەی ئاخیرەتی بدا و ئەگەر میراتگری نەبوو میراتەکەی بەو برا و خوشکە دەگا.

**هاوسەرایەتی**

سەرۆکی ئاییئی و دنیایی "میر"ە کە ژن و ژنخوازیی تەنیا لە نێو بنەماڵەی خۆیاندا دەکەن[8] ئەمە ژنخوازیی پادشا ئایینییەکانی ئێران و میسری کۆن وەبیردەێنێتەوە کە دەگەیشتە ئەو ڕادەیە کە جگە لە خوشکی شا کەس شایانی ئەوە نەبوو مێرد بە شا بکا. ئەوەی کە بنەماڵەکانی شێخ و پیر و فەقیر و قەواڵ و کوچەک بنەماڵەی بەستراو (ئیندوگامی)ن و ژن و ژنخوازیی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی دا ناکەن جۆرێک چینایەتی گرێدراو لەگەڵ ئایین دایە و دیاردەیەکی زەردەشتی و چینایەتی دەورەی ساسانی و شێوە کاستی هێندە. سەرەڕای ئەوەش سنووری مەحرەمان هەر وەکوو ئیسلامە.

« پیاوی ئێزیدی نابێ بروانێتە ئافرەتێکی ئێزیدی نەبێ، لەناو خۆشیاندا دەتوانێ پەیوەندی تەنیا لەگەڵ ئافرەتی چین و توێژاڵی خۆیدا ببەستێ.

ئێزیدی بۆی نییە لە ئایینێکی دیکە ژن بێنێ یا شو بە مێردی ئایینێکی دیکە بکا لە نێو خۆشیان دا دەبێ توێژاڵ و گرووپی خۆیان بپارێزن. ئەمە نیشان دەدا کە ئەم کۆمەڵە نەیویستووە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ کۆمەڵانی دیکە تێکەڵاوی هەبێ.

ئێزیدیزم ڕێگای پیاوی داوە شەش ژن بە دوای یەکەوە بێنێ (مەسحەفا ڕەش بەشی ٩) و زۆر بە ئاسانیش لێیان جیا بێتەوە. ئەم ئیزنە لەلایەکەوە دەبێ بۆ ئەوە بووبێ کە ئەگەر ژن لە کۆمەڵەکەدا زیاد بوو (لە بیرمان بێ کە ژن نادەن بە دەرەوە) بێ مێرد نەمێنێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە دەزانین کە ئایینەکانی دەور و بەر (جگە لە مەسیحی) هەموو ئەم ئیزنەیان داوە و دیاردەیەکی کۆمەڵی وەرزێڕیی پیاو سالارییە.

ژن هێنان لە لای ئێزیدیان بە "ڕەزامەندیی" هەر دوولا دەبێت، لەکاتی ڕێکەوتنیشدا زاوا دەبێ مارەیی بدات ـ پارە یان ئەسپ یان مەڕ و ماڵات و شتی لەم بابەتە. گەلێ جاریش ژن هێنان بە ڕێگەی "ڕەدوکەوتن" ڕوو دەدا. کوڕوکچە دەچن بۆ گوندێکی تر بۆ لای شێخێک یان دەسەڵاتدارێکی ئەوێ و ئەو کەسە دەچێ گفتوگۆ لەگەڵ باوکی کچەکە دەکا و پێکیاندێنێ. ڕەدوو کەوتن زۆربەی، وەکوو پێشتر گوتمان لەسەر ←

گۆڕی شێخ عادی لە کاتی حەجی ساڵانەدا، دەقەومێ چونکە لەوێ کەس ناتوانێ ڕێگە لە کوڕ و کچ بگرێ بڕیاری خۆیان بدەن.[9]

ژن هێنان دەبێ بە سەرپەرشتی شێخێکی نەوەی شێخ حەسەن بێت و ئەو مارەییەکە دەبڕێ و پیرۆزی دەکا. ژن و مێردەکەش ئەگەر لە داهاتوودا، لێک جیا بوونەوە دەبێ لە پێشدا ئەو شێخە ئاگادار کەنەوە. شێخ لە زەماوەندەک دا ئامادە دەبێ، ئەگەر نەشیتوانی نانێک بۆ بووک و زاوا دەنێرێ و هەر یەکە نیوەی دەخوا.

کاتێک بووک بۆ ماڵی زاوا دێن، بەڕێگەوە دەبێ زیارەتی گۆڕی هەموو ئەو پیاوچاکانە بکات کە دێنە پێشی، ئەگەر بە پەرستشگای مەسیحیانیشدا تێپەڕی دەبێ هەمان شت بکات و کاتێک گەیشتە جێ دەبێ زاوا بەردێکی بچووکی لێبدا تا بکەوێتە ژێر دەسەڵاتیەوە، دەبێ پارچە نانێکیشی بەسەردا وردبکا بۆ ئەوەی بەرانبەر بە هەژاران میهرەبان بێ.[لە بەشەکانی دیکەی کوردەواریدا زاوا پێ لەسەر پێی بووک دادەنێ و سێوێکی دەداتێ یان بۆی فڕێ دەدا، کە دەبێ نیشانەی دانەوەی سێوەکە بێ کە حەوا داویە بە ئادەم. یا خۆ هەر لەبەر زڕە شیرینییە، چون جاری واشە شاخێکی نەبات دەدەن.] شەوانی چوارشەم و هەینی نابێ لەگەڵیدا بخەوێ. هەموو ئێزیدییەک دەبێ ئەوەی ئەزبەر (لەبیر) بێ و پەیرەوی بکات. دەنا کفر دەکا. لە مانگی نیسانیشدا ژن هێنان حەرامە چونکە سەری ساڵە. جگە لە کوچکەکان کە بۆ ئەمان ڕێگە دراوە.[10]

## جل و بەرگ

جلی ترادیسیۆنی ئافرەتی ئێزیدی کراسێکی درێژی سپییە و لە ژێرەوەشی شەرواڵێکی سپی و سەروپێچیشی هەر سپییە. ئەمە بە پێی سەرچاوەکان. گەرچی ئەمە ئافرەتانی ماڵی میر ناگرێتەوە و ئەمان لە هەڵبژاردنی جل و بەرگیان دا ئازادن... بە لێ ورد بوونەوە دەردەکەوێ کە ئافرەتی ئێزیدی بۆی هەیە جلی ڕەنگاوڕەنگ بکاتە بەر، بە مەرجێ ڕەنگی شین و سەوزی تیا نەبێ، لەو حاڵەتەشدا دەبێ بەروانکەیەکی سپی بکاتە سەر جلەکانیەوە. هەروەها بە پێی سەرچاوەکان، ئافرەتی ئێزیدی "دەبێ هەمیشە شەرواڵی سپی ڕەنگی لەبەردابێ، چونکە ئەمە نیشانەی دامێن پاکییەتی. یان ئەگەر ئافرەتی ئێزیدی شەرواڵی ڕەنگینی تری کردەبەر مانای وایە ئایینی خۆی گۆڕیووە. هەرچی کچەکانن بۆیان هەیە جلی ڕەنگاوڕەنگ بەبێ ڕەنگی شین و سەوز بکەنە بەر و بە دەسماڵی سوور یان ڕەش سەریان دەپۆشن.[11] جۆرێک جل لەبەر کردنی چینایەتی. ئەمە لە کۆمەڵەکانی ئەوروپیش دا لە کاتی فیۆدالیدا هەبووە. بۆ وێنە بنەماڵەی وەرزێر دەبوا تەنیا جلی خۆڵەمێشی لەبەر کەن. کچی عازەو یان تازە شوو کردوو ئەگەر بمرێ جوانترین جلەکانی لەبەر دەکەن و دەیڕازێننەوە ئینجا دەینێژن.[12]

## تەڵاق

بۆ پیاو ئەوەندە بەسە بە ژنی خۆی بڵێ تۆ شێخی منی یانی پیری منی، دایک یان خوشکی منی [ئەم لەفز گوتنە لە بڕێک لە شەریعەتەکانی ئیسلام بە تایبەتی شافعی دا بۆ تەڵاقدان هەیە] بۆ ئەوەی هیچ پێوەندییەکی ژن و مێردایەتی پێیەوە نەمێنێ. ئەگەرچی بەهەمان ئاسانیش دەتوانێ بی هێنێتەوە بەڵام شێخ و پیر ئەگەر سێ جاران وشەی "تەڵاق" دەرحەق ژنێک بڵێن، ناتوانن جارێکی تر هەمان ژن بێننەوە. هەرچی میرە، مافی ئەوەی هەیە چەندی بیەوێ ژن بێنێ. سەعید بەگ کە ساڵانی پەنجای ئەم سەدەیە میری ئێزیدیان بووە، لە یەک کاتدا دە ژنی هەبوو. بە پێی شەریعەتی ئێزیدی، کەس ناتوانێ ئەو ئافرەتە بخوازێ کە میر تەڵاقی داوە. [ئەم یاسا لە ئیسلامدا تەنیا بۆ ژنانی پێغەمبەر دانرابوو] ئەمانە دوای تەڵاق دانیشیان هەر لە ماڵی میر دەمێننەوە و ئێزیدی بە دایکی خۆیانیان دەزانن. جێگەی سەرنجە کە ئەگەر یەکێک بەراتە بە ئەنقەست یان بە هەڵە، بە ژنی خۆی بدات یەکسەر تەڵاقی دەکەوێ، بەڵام ئەمە نابێتە مایەی تەنگوچەڵەمە چونکە پیاوەکە بە ئاسانی ژنەکە دەگێڕێنێتەوە. هەر کەسێک ماوەی ساڵێک دیار نەبوو ژنی خوی لێ حەرام دەبێ، کەسیش ژنی پێ نادا و کافر دەبێ.[13]

## میرات

هەر چەندە ئافرەت لە شەریعەتی ئێزیدیدا وەکوو شت وایە - لە بەشی نۆیەمی مەسحەفا ڕەشدا هاتووە کە: "کچ میرات لە باوکییەوە وەرناگرێ و وەکوو پارچە زەوی دەفرۆشرێ، ئەگەر مێردیشی نەکرد دەبێ هەر خزمەتی باوکی بکات تا ئەو کاتەی باوک ئازادی دەکا - بەڵام ئەویش وەکوو پیاو مافی جیابوونەوەی هەیە. [ئەم بەشە لەچاو ئایینەکانی دەوروبەردا زۆر پێشکەوتووانەترە] ئەگەر مێرد ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە ژنی خۆی دوور کەوتەوە ژنەکە دەتوانێ جیا بێتەوە. ئەگەرچی لەم حاڵەتەشدا مافی داوا کردنی کەل و پەلی ناو ماڵی نامێنێ.

## کاکەیی) میتۆلۆژی

خوا لە نێو دوڕەالبیضاء دا بوو پاشان هاتە دەرێ و بە ئەمری ئەو دوڕەکە پریش پریش بووەوە و لە هەر پارچەیەکی شتێک چێ بوو، بەم وێنە ئاسمان و زەوی و ئەستێران و مانگ و خۆر چێ بوون. لە ئەفسانەیەکی چینی دا چێ کەری ڕاست بەم شێوەیە. لەوێ بوونەوەرێک بە نێو "پانکۆ" لێک بڵاو دەبێتەوە و هەموو دنیا لە پرشکەکانی لەشی ئەو چێ دەبێ.

ئایینی ئێزیدی و کاکەیی لە باری دۆنادۆن (تناسخ) وەک یەکن بەڵام بە گێڕانەوەی جۆر بەجۆر. حەوت مەلایەکەت لای ئێزیدی و حەوت جار پەیدا بوونی خوا لەلەشی مرۆڤدا، لەگەڵ حەوت ئەمشاسپەندی زەردەشتی (کە یەکیان خودایە) هەموو هەر یەک فکرەن.

جیاوازی گەورە لە نێوان ئێزیدی و کاکەیی دا ئەوەیە کە لای کاکەییەکان یەکێک لە دیمەنەکانی خودا ژنە. مامە جەلالە دایکی شاخۆشین (دووەم دیمەنی خوا لە لەشی مرۆڤدایە) چیرۆکی زگپڕ بوونەکەی وەکووو عیسای مەسیحییان وایە (پریشکی خۆر دەکەوێتە زاری مامە جەلالە و زگی پڕ دەبێ) چیرۆکێکی نزیک بەوە بۆ زەردەشتیش هەیە.

... "خاوەندگار عەزرائیلی کرد بە دوو پارچە، لە نێوان هەر دوو پارچەکەدا تیشکە نوورێک دەرچوو و بوو بە "کولیچە" ئینجا فەرمویەتی: "ڕەزبارم لە عەزرائیل جیا کردەوە بۆ ئەوەی ببێ بە خاتوون

قیامەت" و لایەنی مرۆڤایەتی بگرێ و داوای لێ بووردنیان بۆ بکا. عەزرائیلیش ببێ بە روح کێش و ئەم کولیچەیەش لە نێوانیاندا ببێ بە ئیحسان".[14] پێ داگرتن لەسەر دایکایەتی و بەزەیی دار بوونی ژن – وەکوو ئەمەی بۆ مریەم دانراوە. ئەمە تەنیا ژنێکە کە لە مەرتبەکانی سەرەوە ماوەتەوە (دەزانین کە لە ئایینی زەردەشتی دا سێ بوون) ئەم مەلایەکەتە هەموو جارێک کە خودا دێتە لەشی مرۆڤەوە دەبێتە دایکی ئەو.

حەوت تەن ئەمانەن: سەید حزر ( پیر بنیامین)/ موسا رەش ( پیر داود)، مەلا رکن الدین دمشقی ( پیر موسا)، خاتوون دایراک ( رەمزبار)، موستەفا داودان، شا ئیبراهیم (ملک تەیار و ئەیوت)/ سەید ئەحمەد ( بابایادگار).

لە پێناسەی خاتوون دایراک (مامەجەلالە) دا هاتووە کە دایکی سولتان ئیسحاق و هاوسەری شێخ عیسا بەرزنجەیی و کچی حسێن بەگی جاف بووە. لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی دا ژیاوە و لەو ژنە پاک و بێ گەردانەی سەردەمی خۆی بووە و لە دانانی شێعر و لێدانی سازدا توانا بووە. ئەو لە ساڵی ٧٤٥ی کۆچی دا لە دێی شێخان کۆچی دوایی کردووە.[15]

پێداهەڵگوتنی رەمزبار لە بەندی ٢٤ و ٣٧ دا ئاوا هاتووە:

پیر بنیامین دەفەرموێ:

ئەی پیرە رەمزبار ، ئەی پیرە رەمزبار
دەخیلان وەتۆ ئەی پیرە رەمزبار
وە ئەمر خوا جام شای لەیل و نەهار
هەشت لۆقمە نێعمەت پەی تەحقیق کار
بنیە ریش دەردەم نە خوان ئەسرار
ئەز ویێزش ئەو هەشت خالق ئاسار
تاکە خوا جامان نە سر بۆ ئاشکار[16]

لە کتێبی ئایینی نامەی «سەرئەنجام» دا هەموو ئەوکەسانەی بەناوبانگن و لە ئەفسانەکان دا هاتوون، یان پیاوچاک و پاڵەوانن وەکوو گرشاسب و رۆستەم و سیمورغ و سلطان مەحمود و... بە تجسیدە خوداییەکان ئەژمێردراون.و ئەگەر ژنی چاکە پەیدا نەبوو ئەوە رەمزبار دەبێتە پیاو لە بەندی ٣٩ی نامەی سەرئەنجام دا رەمزبار دەچێتە پەیکەری پیاوەوە و بە نێوی فخرالدین ەوە دەناسرێ.

فەخرالدین، رەمزبار فریشتەی بێ تەشویش
زەردەش زەردەبام قەواڵەن ئەچێش[17]

لە بەندی ٢٤دا دەبێتە فاتمەی کچی پێغەمبەر

"سەید موستەفا تیرش خەتەرە
فاتمە رەمزبار سرش پەروەرە".[18]

لە بەندی ٤٢ دا دەبێتە فاتمە لورە رەنگە لە بەندی ٢٤یش دا هەر فاتمە لورە مەبەست بێ و توێژەرەوەکە بە هەڵە چووبێ.

"فقیر موستەفا دست و کەمانە
فاتمە رەمزبارش وانە".[19]
"موستەفا چەوگا نامش بی عوریان
رەمزبار بی عەبداڵ ئسمش بی ویران".[20]

لە یەکێک لە کراس گۆڕینەکاندا (دۆنادۆن) دەبێتە سیمورغ. دیار نییە بۆ نابێتە دایکی رۆستەم؟!

"سیمور رەمزبار بی چەنی زەردەی هۆر
زاڵ دەستانش ئاوەرد وە هەربۆر".[21]

سەیر ئەوەیە لە بەندی ٤٧ سەید موحەممەد خۆی بە سیمورغ نێو دەبا.

"یورتەمن عەنقا، یورتەمن عەنقا
نە یانەی ئەزەل یورتەمن عەنقا".

بەندی ٥٥ ی نامەی سەرئەنجام بەستەی "پیر نازدار شیرازی" گوتویەتی. دیارە ژنیش توانیویەتی ببێ بە پیر و ئەمە تەنیا ژنە کە وەکوو پیر نێوی براوە و سەبارەت بە پێناسەی ئاوا نووسراوە: "پیر نازدار خاتوون شیرازی بە پێی یادداشتی قەرەندی لە کۆتایی سەدەی حەوتەمی کۆچیدا لە شیراز هاتۆتە دنیا. ئەو لە حیکمەت و فەلسەفەی یۆنانی دا شارەزا بووە و لە پیرەکان بووە و لە لاوەتی دا هاوەدەمی مەشایخ بووە و ماوەیەک خەریکی چلەکێشی و گۆشەنشینی و تاعەت بووە هەتا زیانی بۆ حەقیقەت کراوەتەوە، ئەو دەم تەرکی دنیای کردووە و چووەتە خزمەت سوڵتان ئیسحاق و دەرسی وەرگرتووە و بە ئەمری ئەو گەڕاوەتەوە شیراز بۆ ئیرشادی خەڵک. لە ساڵی ٧٦٤ کۆچیدا، کۆچی دوایی کردووە و هەر لە شیراز نێژراوە.

هەر وەک لە ئایینی زەردەشتی دا دیتمان کە بوونی ژن خوداکان بە مانای ئەوە نەبوو کە ژن زیاتر رێزی بگیرێ و کۆمەڵ لەو پەڕی پیاوسالاریی دا بە نزمی چاوی لە ژن و مافی ژن دەکرد، لێرەش بوونی یەک چاکە لە نێو چاکەکانی کاکەیی دا نابێتە هۆی ئەوە کە مافی بەرانبەر بۆ ژن دابندرێ یا خۆ لە چاو ئایینەکانی دەوروبەردا رێزێکی زیاتری هەبێ. واتە یاسای کۆمەڵ و پێوەندی نێوان ژن و پیاو بە پێی گەشەکردنی ئابووری و ڕادەی شارستانییەت دابین دەبێ و ئەوەش کاری ڕەوتی مێژووە نەک چۆنیەتی ئایین.

**پلە و پایەی کۆمەلایەتی**

لە باتی شێخ لێرە سەید هەیە و لە باتی پیر خەلیفە و فەقیریش دەبێتە دەروێش (چلە گرتنەکەشیان وەک یەکە). پلەی سەیدایەتی گەرچی بە میراتە بەڵام تەنیا بۆ کوڕە و کچ ناگرێتەوە. سوڵتان ئیسحاق گوتویەتی هەر پیاو دەبن بە سەید.[22]

هەموو ئەهلی هەقێک دەبێ باوکێکی ئایینی هەبێ کە پێی دەڵێن "پیر" یان "یاوەر" و هەموو کاتێک دەبێ لە بنەماڵەی سەیدان بێت[23] و ئەو کەسە نابێ ژن لە بنەماڵەی پیری خۆی بهێنێ(وەکوو دابی باوکی دینی لە نێو مەسیحی دا و وەکوو برا و خوشکی ئاخیرەت لە ناو ئێزیدی دا) بەسەرنج دان لە ئەم دابە دەردەکەوێ کە ئەگەر کۆمەڵ یەک بنەماڵەی سەیدانی تێدا بێ ئەوە ئەو بنەماڵەش لەگەڵ خەڵکی ئاسایی ژن و ژنخوازییان نابێ و بۆ خۆیان دەبنە ئیندوگامی.

گوێز شکاندن دابێکە کە لەوێدا پیر بۆ منداڵ دیاری دەکرێ و منداڵ سەر بە ئەو دەسپێرێ ئەم دابە بۆ ژنان بەڕێوە ناچێ.[24] یانێ تەنیا پیاو لەم کۆمەڵەیەدا دەوری هەیە و کچ لە ژماردا نییە و بیەوێ و نەیەوێ بە ئەندامێکی تەواو لە کۆمەڵەکەی دا ناژمێردرێ.

سەر سپاردن و گوێز شکاندن لە پاشنووسی نامەی سەرئەنجامدا بۆ هەموو کەس لە نێر و مێ بە واجب دانراوە[25] بەڵام لە بەشەکانی دیکەدا

دژی ئەمە گوتراوە.

جەم کۆبوونەوەی کۆمەڵی کاکەییە و لە جەمخانەدا کە جێگایەکی پیرۆزە، بە مەبەستی ئایینی و کۆمەڵایەتی ـ کە لەوێ گۆشت و نانی نەزرکراویش دەبێ هەبێ و بەش بکرێتەوە ـ سەید و خەلیفە ئەم کۆبوونەوانە بەڕێوە دەبەن و ژن ناتوانێ لە جەم دا بەشداری بکا. لەیەکەم جەمی سوڵتان ئیسحاقیش دا رەمزیار ڕێگا نادرێ و ئەو موستەفا دەکا بە وەکیلی خۆی (کوڕی پێنەگەیشتوو ناچێتە جەم)[٢٦] ژنان بە ئیزنی مێردەکانیان دەتوانن لە پشتی جەم کۆ ببنەوە و عیبادەت بکەن. سەرەڕای ئەمەش بە وتەی «گوڵمورادی مورادی» ژن و پیاو لە شایەتی داندا مافی وەک یەکیان هەیە.

### هاوسەریی و زەماوەند

هاوسەرگرتن بە ئەمری واجب زانراوە و لە نامەی سەرئەنجام دا ئاوا باسی کراوە.[٢٧]

رەم و میر دانی نە پشت و پایی
وە نیزن بابو و رەزای مامایی
جەی هەر دوو تەرەف وینا رەتایی
وشایەتی جەم و ئەمر خودایی

بە مێرد دانی کچ بەدەست باب و دایکە و قسەی ئاخر بە بابە.

تەمەنی شوو کردن بۆ کچ ١٣ ساڵ و بۆ کوڕ ١٤ ساڵ دانراوە. بەڵام دیارە یاسای ئەو دەوڵەتانەی ئەمانی تێدا دەژین دەبێ بەڕێوە بچێ کە وەک دەزانین زۆر گوێ نادرێتێ. وا باوە ئەو کاتەی کە داواکار بۆ کچە دێ بابی بانگی دەکا و پێی دەڵێ کە دایکت دیتوویە خۆت لە ئاوێنەدا تەواشا کردووە ئەوە دیارە کاتی شوو کردنت هاتووە، کەوابوو ئەو شەو ماڵە فلانکەس دێن بۆ خوازبێنی ئەویش ئەگەر گوتی "هەرچی ئێوە پێتان باش بێ" یانێ ئەوە رەزای داوە. بەڵام ئەگەر گوتی من دەمەوێ یارمەتی دایکم بدەم و مێردم ناوێ و چوو ئاوێنەکەی شکاند ئەوە یانێ رەزای لەسەر نییە و بیانوویەک بۆ داواکارە دێننەوە.

– کوڕ و کچ ئەگەر یەکیان خۆش بوێ تەگەرە ناخەنە سەر ڕێگایان.[٢٨]

– کاکەیی کۆمەڵێکی ئیندوگامین و پیاوەکانیان ژن هەر لەناوەخۆ دێنن. بەڵام نموونەی حاڵەتێکی پێچەوانە و سەرنج ڕاکێشمان بەدەستەوەیە. سەید فەتاح ئاغای کاکەیی لە ناوچەی کەرکوک کچی شێخێکی موسوڵمان و سوننە (شێخ عەلی قەرەداخی) ی هێناوە؛ گوایە پیاوانی ئایینی ئەهلی هەق ڕێگەیان بەم سەیدە داوە ئەمە بکات بۆ ئەوەی خۆی لە دام و دەزگایەکانی حکومەت نزیک کاتەوە.و بیان پارێزێ، بە حسێب ئەمە سەیدێکی فاسیقە و لەگەڵ دەستەی قومارچی و سەرخۆشان دا تێکەڵە. ڕێی تێدەچێ ئەمە وەکوو تاکتیک، هەڵوێستی ئەهلی هەق بووبێ، بەڵام شێخی قەرەداخی چۆن کچی خۆی داوە بە یەکێکی کاکەیی! ئەمە شایانی لێ وردبوونەوەیە. بەهەرحاڵ، ئەمە نموونەیەکی دەگمەنە و لەویش دەگمەنتر پێچەوانەکەیەتی نەبیستراوە کاکەییەک کچی خۆی دابێ بە موسوڵمانێک.[٢٩] لە هەموو کۆمەڵێک دا کچ بە مەبەستی سیاسی بەکار هێنراوە و بۆ نیشانەی خزمایەتی و یەک گرتوویی سیاسی بە دیاری ناردراوە. ئەم نموونە نیشان دەدا کە مەبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر گرینگترە لە دوگمای ئایینی و لە ڕاستیدا ئەو دوگمانە بۆ پاراستنی ئەو مەبەستانە دانراون.

ڕەدووکەوتنی کوڕ و کچ یەکێک لەو دابە هەرە کۆنانەیە کە لەنێو ئەمانیشدا زۆر باوە و ڕەنگە هەر لەکۆنەوە لەناو کوردەواریدا هەبووبێ و پێوەندی بە موسوڵمان و غەیرە موسوڵمانەوە نەبووبێ. لەم کۆمەڵانەش دا ڕەدووکەوتن سزای هەیە و باسی سەرە بەڵام ئەگەر توانیان خۆ ڕاگرن پاش ماوەیەک منداڵ دەکەوێتە نێوان و بە نێوبژی کردنی پیر و ڕیش سپییان دەگەڕێنەوە هۆزی باب و باپیریان. ئەگەر ژن ڕەدووبکەوێ و گیریان بێنن ئەوە هەر دووک دەکوژن. ئەگەریش گیر نەهاتن مێرد، ژنە بەبێ مارە تەلاق دەدا و کاری پەیدا کردن و کوشتن بە بنەماڵەی باوانی کچە دەسپێرێ.

شیر بایی دەدرێ بە دایک و ئەویش خەڵاتی بۆ کچەکەی دەکرێ و لەگەڵی دەخا. دیارە بە پێی دەوڵەمەندی و فەقیری هەر دوولا شتەکە کەم و زیاد دەکا. ئەگەر شیربابییەکە لەباتی پووڵ(دراو) و ئاژەڵ بە چەک و ئەسب و شتی وا بدرێ ئەوە باب دەستی بەسەردا دەگرێ.

مەسەلەی کچێنی و نامووس پەرستی هەر وەک لەنێو موسڵمانانندا زۆر توندە و ئەگەر کچێک بە مێرد درا و کچ نەبوو ئەوە دەینێرنەوە ماڵی بابی و شیربایی و خەرجەکەش وەر دەگرنەوە و کچە سەرشۆڕ دەبێ. ئەگەریش مەسلەت بکرێ و کچەکە نەنێرنەوە، ئەوە ڕۆژێکی خۆشی لەماڵی شووەکەی نابێ.

تەنیا دارایی ژن لە ماڵی شوو هەر مارەییەکەی خۆیە. ئەگەر شتێکی دیکەش بۆ خۆی بە کاری خۆی پەیدا بکا ئەویش هەر بۆ ماڵەکە دەبێ و لە کاتی جیا بوونەوەدا ئەگەر لەم بابەتەوە کێشەیەک بێتە گۆڕێ ئەوە سەید یا پیر نێوبژی دەکەن.

چەند ژنی قەدەغە نییە زۆر جار لە نێو دەستڕوێشتوواندا حەرەمسەراش هەبووە بەڵام بە گشتی هەر یەک ژن دێنن. ، هێندێ حاڵەتی لێ دەرچێ ـ ژنەکە نەساغ بێت یان منداڵی نەبێ، ئەوا ژنی بەسەر دێ.[٣٠]

ژن بە بە وێنەی خوان (سفرە) نێو بردراوە و ئەمر کراوە لە خوانی دیکە نەخورێ! ئەمە خۆی ئەمر بە زینا نەکردنە بەڵام دیار نییە سزای زینا چییە؟ ئەگەر بە پێی ڕەدووکەوتن چاوی لێ بکرێ ئەوە سزای مەرگە.

نە خوان وێتان حەلاڵ بوەردی
مەرزی وە هامسەر وێتان بکەردی
پەی خوان مەردم دستش نەوەردی
هەرکە نە خوان وێش گیرو نەردی
گەر دەو بەبەرو خوان هامسایە
هەم نێعمەت و خوان مەبو زایعە[٣١]

### تەڵاق

تەڵاق زۆر باو نەبووە و هیچ سنوورێکیش دانەنراوە بۆ ئەوەی پیاو نەتوانێ ژنەکەی خۆی مارە بکاتەوە. لەڕاستیدا جیا بوونەوەی ژن و مێرد لە ناو کۆمەڵی ئەهلی هەق دا دیاردەیەکی دەگمەنە، بەڵام ئەگەر ڕوویدا بە ڕەزامەندی هەر دوو لا بێت ( لە تەزکەرەی ئەعلادا هاتووە کە ئەو ژن و مێردەی لە زەماوەندەکەیاندا گوێز دەشکێنن نابێ لەیەک جیا ببنەوە.)

لە کاتی مارەبڕین دا بەشی ژن دیاری ناکرێ بۆ "ڕۆژی جیابوونەوە" وەکوو چۆن لای موسوڵمانان " موخرە" هەیە. بەڵکوو پیاوی ئەهلی هەق خۆی، لەکاتی جیابوونەوەدا بەشی ژنەکەی دادەنێ. ئەمە ئەگەر ژنەکە داوای جیابوونەوە بکات. ئەگەر پیاوەکەش داوا بکات ئەوا ژنەکە بەشی ئەو دیار دەکا [ئەمە یەکەم نموونەیە کە دەبیندرێ لە کۆمەڵێک دا ژن بەشی پیاو دیاری دەکا] هیچ یەکێکیان مافی ئەوەی نابێ زەماوەندێکی تر بکات. ئەگەر بەشی مێرد یان ژنی پێشووی خۆی لا مابێت.[32] کوڕ هەتا سێ ساڵ و کچ هەتا پێنج ساڵ لای دایکی دەمێنێتەوە [واتە منداڵ هی بابە] لەو ماوەیەش دا باب بژێوی دایکەکە دەدا.

### میرات

سەبارەت بە میرات و گیروگرفتەکانی، پیر و سەید جێ بە جێی دەکەن. کاتێک مێردی ژنێک دەمرێ برای شووەکەی ئەو ژنە دەخوازێ بەو شەرتەی بۆ خۆی ژنی نەبێ. دەنا ژن هەتا مێردی نەکردووە کەفیلی منداڵەکانیەتی.

بە پێی ئەوەی باسمان کرد، لەو ئایینانەشدا کە زۆر کەس بە ئایینی رەسەنی کوردی دەزانن، ژن ئەوەندە بێ بەشە کە تەنانەت بەتەواوی مافە هەرە ناتەواوەکەشی دیاری نەکراوە و وایان داناوە بە ڕێکەوت هەرچۆنیان پێ خۆش بێ لەگەڵی بجووڵێنەوە.

### سەرچاوەکان


١ـ **رمشاد میران**، رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپخانەی مەنسور، ١٩٩٣، ل ١١٤.
٢ ـ پێشوو / بڕوانە ل ١١٦
٣ ـ پێشوو /ل١٣٩
٤ـ پێشوو / ل ١١٧
٥ـ پێشوو / ل ١٣٥
٦ـ پێشوو /ل١٢٤
٧ـ پێشوو / ١٢٧ـ١٢٨
٨ـ پێشوو /ل١٢٣
٩ ـ پێشوو / ١٤٦ـ ١٤٧
١٠ ـ پێشوو / ل ١٤٨
١١ ـ پێشوو /ل١٥٢
١٢ ـ پێشوو/ ل ١٣٣؛ ١٣ـ پێشوو / ل ١٣٢؛ ١٤ـ پێشوو / ل ١٨١
١٥ـ نامە سرانجام (کلام خزانە) / **دکتر صدیق صفی زادە**/ انتشارات هیرمند١٣٧٥/ل ٢٥١)
١٦ـ پێشوو /ل ٢٠٩؛ ١٧ـ پێشوو / ل ٦٤
١٨ـ پێشوو/ ل ٥٧
١٩ـ پێشوو/ ل ٦٦
٢٠ـ پێشوو / بەندی ٥٤ ل ٧٤
٢١ـ پێشوو / بەندی ٥٢ بڕگەی ٣ ل ٧٢
٢٢ـ سەرچاوەی ١ / ل ١٨٨
٢٣ـ پێشوو / ل ١٨٨
٢٤ـ پێشوو / بڕوانە١٩٣ـ ١٩٤
٢٥ـ سەرچاوەی ١٥ ل٥٥٥
٢٦ـ سەرچاوەی ١ل ١٩٩
٢٧ـ سەرچاوەی ١٥ ل ٥٦٢
٢٨ـ سەرچاوەی ١ل ٢٠٥
٢٩ـ پێشوو / ل ٢٠٦ ـ ٢٠٧
٣٠ـ پێشوو / ل ٢٠٦ـ ٢٠٧
٣١ـ سەرچاوەی ١٥ ل٥٦٢
٣٢ـ سەرچاوەی ١ ل ٢٠٧


## لێکۆڵینەوە دەربارەی

### پێشەکی

لە نیسانی ١٩٩٨دا سەد ساڵ بەسەر سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا تێدەپەڕێ. لە ماوەی ئەم سەد ساڵەدا بە سەدەها گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی و دیالێکتە جیاجیاکانی بە چاپ گەیەندراون. لە هەندێک لەم بڵاوکراوانەدا باس و لیکۆڵینەوە دەربارەی ژنی کورد بەرچاو دەکەون، بەڵام بە شێوەیەکی پچڕپچڕ و سادە. بۆیە تا ئێستا ئاخاوتنێکی جوان دەربارەی ژەندەری کوردی (ئاخاوتنی ژنانە: -wom en discourse) لە ناو ئەدەبییاتی سۆسیۆلۆژیی کوردیدا گەشەی نەکردووە. ئەو لێکۆڵینەوە و باسانەی لەم بارەیەوە تائێستا ئەنجام دراون، جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەم، هەموویان سادەن و زیاتر بە هەڵچوونی عاتیفییانەوە نووسراون نەک بە مێتۆدێکی زانستییانە. سەرەڕای ئەمە، بە هۆی بارودۆخی رامیاریی کورد وسترەکتووری پەروەردە و کولتووریی لە ڕۆژهەڵاتی نێویندا بە گشتی، هەموو شت و دیاردەیەک لە لای کورد سیاسی کراوە؛ سیاسەت هەموو لایەن و بوارێکی ژیانی خەڵکی داگیرکردووە، بۆیە لە دەرەوەی تێگەیشتنی سیاسیدا هیچ شتێک نرخ و بوونی نییە. سیاسەتیش لە لای کورد بچووک کراوەتەوە بۆ سەر چەند گروپ و حیزبێک کە بە پێی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتییان پێناسەی چالاکی و بزووتنەوەکانی کۆمەڵانی خەڵک دەکەن. پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و کولتووری و زانستی بە واتایەکی فراوان لە پرۆگرامی هیچکام لە حیزبە کوردییەکاندا نییە، بۆیە لە لای کورد کۆمەڵگەی شارستانی(civil society) بوونیکی پتەوی نییە. لەبەر ئەم هۆیانە، زۆربەی هەرە زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان ئازاد نین و لە رووی مێتۆدیشەوە کەموکووڕیان زۆرە. تەنانەت دیاردەی زاڵبوونی سیاسەت بەسەر بیر و چالاکی کۆمەڵانی خەڵک، لە ناو بڵاوکراوەی ریکخراوەکانی ژنانیشدا (کە هەریەکە سەر بە حیزب و گروپێکن) بە زەقی رەنگی داوەتەوە. ئەم بارودۆخە هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ بیرکردنەوە لە بەرەو پێشبردنی لێکۆڵینەوە دەربارەی ژەندەری کوردی و گەشەپێدانی ئاخاوتنێکی ئازاد لەم رووەوە. هەڵبژاردنم بە ئەندام بۆ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «گزینگ» لە بەدیهێنانی ئەم ←

# ژەندەری*کوردی

## تیۆر و پراتیک

نەزەند بەگیخانی

ئاواتەی نزیک کردمەوە.

زۆر سوپاسی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران دەکەم کە بە گەرمییەوە پێشنیاری کردنەوەی دۆسییەیەکی تایبەت بە ژەندەری کوردیان لە «گزینگ» دا پەسند کرد. بۆ سەرگرتنی ئەم پرۆژەیە داوا لە گشت نووسەر و لێکۆڵەری کورد دەکەم بە ناردنی بابەتی تایبەت بەم بوارە هاریکاریمان بکەن (هەڵبەت ئەم بانگەوازە بابەتی وەرگێڕدراویش دەگریتەوە).

### ئیمازی ژنی کورد لەناو ئەدەبییاتی ئەورووپیی سەدەی نۆزدەمدا

### I. سەرەتا

نووسین دەربارەی ئیمازی ژنی کورد لەناو ئەدەبییاتی رۆژئاوادا بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەمانبەستێتەوە بە بابەتی رۆژهەڵاتناسی(orientalism). رۆژهەڵاتناسی کە لەم سی ساڵەی دواییدا چەندین لێکۆڵینەوەی نوێی لەسەر کراوە، کۆمەڵێک پێناسە هەڵدەگرێت و چیتر ئەو زانستە نییە کە «لە داب و نەریت و زمان و ئەدەبییاتی میللەتانی رۆژهەڵات دەکۆڵێتەوە»[١]. بە رای ئێدوارد سەعید، رۆژهەڵاتناسی دیسیپلینێکە نوێنەرایەتی زانینی (knowledge) رۆژئاوایی دەکات بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی «رۆژئاوای مەزن» بۆ سەر «رۆژهەڵاتی نزم»[٢]. بۆیە سەعید وای بۆ دەچێ کە لە زانستی رۆژهەڵاتناسیدا رۆژئاوا بە فەرمانی دەسەڵاتداریەتی هاتووە رۆژهەڵاتی بە گوێرەی بیر و ئایدیۆلۆژیای خۆی، کە ئایدیۆلۆژیایەکی ئیمپریالیە، دروستکردووە. بە گوێرەی ئەم رایە، ئیمازی رۆژهەڵات و مرۆڤی رۆژهەڵاتی زیاتر بەرهەمی ئەو بیر و ئایدیۆلۆژیا دەسەڵاتدارەن نەک رەنگداوەیەکی راستگۆیانەی واقیعی رۆژهەڵات. بە پێچەوانەی رای سەعید، هەندێ رەخنەگر دەڵێن رۆژهەڵات سەرچاوەی ئیلهام و خەون بووە بۆ زۆربەی رۆشنبیرانی رۆژئاوایی بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەمدا[٣] (کە سەدەی گەیشتنە لووتکەی کۆلۆنیالیزمە). بە پێی ئەو رایەی دووەم، مرۆڤی رۆژئاوایی بۆ خۆدۆزینەوە و رزگاربوون زیارەتی رۆژهەڵاتی کردووە و لەسەری نووسیوە نەک بۆ بەرجەستەکردنی ئایدیۆلۆژیای کۆلۆنیالی.

یەکێ لە خاڵە لاوازەکانی ئاخاوتنەکە (discourse)ی ئێدوارد سەعید، بە رای زۆربەی رەخنەگران، بریتیە لە نادیاریی ستاتوی راستەقینەی رۆژهەڵات: ئایا ئەو زانستەی کە چەند سەدەیەکە نوێنەرایەتی رۆژهەڵات دەکات هیچ راستیەک دەربارەی رۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی ناڵێت؟ ئایا هەموو ئەوەی رۆژهەڵاتناسەکان ووتوویانە بەندە بە پەیوەندی هێز و دەسەڵات و لە حەقیقەتی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵات بەدەرە؟

لەم باسەدا ئێمە هەوڵ دەدەین سوود لە تێورە جیاجیاکانی رەخنەگرانی رۆژهەڵاتناسی وەربگرین. بۆ دوورکەوتنەوە لە حوکمی گشتی، لێژدەبینەوە بۆ ناو خوودی ئەدەبییاتی رۆژهەڵاتناسی تایبەت بە کورد و ژنی کورد. ئەو ئەدەبییاتە بە پلەی سەرەکی گەشتنامەی گەرۆکە ئەورووپیەکان دەگرێتەوە کە لە سەدەی نۆزدەم گەشتیان بۆ کوردستان کردووە یان پێیدا تێپەڕیون. ئایا ئەمانە بە راستی ژنی کوردیان بینیوە؟ ئەگەر نا، ئەو ژنانە کێن کە چاویان پێیان کەوتووە و لە چ بارودۆخێکدا؟ ئایا تێبینی و زانیارییەکانیان گوزارە لە حەقیقەتی ژیانی ژنی کورد دەکەن؟ ئەگەر نا، تا چ رادەیەک؟ بە درێژایی ئەم ووتارە هەوڵ دەدەین

←

---

* لێرەدا زاراوەی ژەندەر بەرانبەر بە (gender)ی ئینگلیزی بەکاردەهێنین. ژەندەر چەمکێکی سەرەکییە لە لێکۆڵینەوەی مۆدێرنی تایبەت بە ژن. هەندێ کەس لە بەرانبەر ئەم زاراوەیەدا«سێکس یا جنس» بەکاردەهێنن. بەڵام ژەندەر وەکوو واتا(concept)جیایە لە جنس وەکوو چەمک(notion). جنس لایەنی بایۆلۆژیی بوونەوەر دەگەیەنێ، واتە جیاوازیی نێوان نێر و مێ لە سەر ئاستی بایۆلۆژی دیاریدەکات. کەچی ژەندەر هەموو ئەو دیاردە و لایەنە کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە کە جیاوازیی جنسی دروستیان دەکات. کەواتە ژەندەر بریتییە لە **پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی جنس لە سەر بنەرەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ژن و پیاو**. بەکارهێنانی ئەم چەمکە زۆر گرینگە بۆ ئەو ئاخاوتنەی کە لە لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی ژن پەیڕەودەکرێت، بۆیە بە پێویستی دەزانم لە ناو زمانی کوردیدا شوێنی بۆ بکەینەوە.

وەلامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە. بۆ مەبەستی ڕێژەییکردنی(relativize) ڕوانین و زانیاریی ئەم گەڕۆکانە و بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنیان، تەنها لەسەر سەدەی نۆزدەم ناگیرسێینەوە، بەڵکو سەرنج دەدەینە گەشتنامەی گەڕۆکەکانی پێش و پاش ئەم سەدەیەش؛ پشتبەستن بە ئەدەبییاتی کوردیش تا ڕاددیەکی باش لەم مەبەستەمان نزیک دەکاتەوە.

پێش چوونە ناو باسی سەرەکی کە تایبەتە بە نوێنەرایەتیکردن (representation) ی ژنی کورد لە خەیاڵی ڕۆژئاواییدا، بە پێویستی دەزانین سەرنجێکی کورت بدەینە ئیماژی کورد بە گشتی لە ناو ئەدەبییاتی میللەتانی ڕۆژئاوادا.

## II. ئیماژی کورد لە ڕۆژئاوا: سەدەی نۆزدەم

لە سەدەکانی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆری ئەو گەڕۆکە ڕۆژئاواییانەی گەشتی ڕۆژهەڵاتیان کردووە بە کوردستاندا تێپەڕیون. بەڵام جگە لە کلۆدیۆس جێمس ریچ لە سەرەتا و هێنری بەندەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا، هیچ کام لەو گەڕۆکانەی لەسەر کوردیان نووسیوە بە مەبەستی گەشتکردن بۆ کوردستان و بینینی کورد نەچوونەتە ڕۆژهەڵات: کەواتە کوردستان کە شوێنێکی جوگرافیایی گرینگی داگیرکردبوو لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارسیدا، وەکوو پێویستییەک بردراوە. بۆیە دەتوانین بڵێین خاکی کوردان بۆ ئەم گەڕۆکانە وەکوو ئێستگایەکی ئیستراحەتکردن وابووە لە گەشتی دوورودرێژیاندا بۆ وولاتی فارس و تورک یان بۆ خۆگەیاندنە هیندستان. لەبەر ئەوە، سەرەڕای کۆنی پەیوەندی نێوان کوردستان و ڕۆژئاوا کە مێژوونووسان دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی گزینۆفۆن، ناوی کوردستان لە ناونیشانی گەشتنامە ڕۆژئاواییەکاندا زۆر درەنگ دەردەکەوێ. بۆ یەکەمین جار ناوی کوردستان لە ساڵی ١٨١٨دا لە دوو کتێبی ئیتاڵی و ئینگلیزی لە لایەن جۆن ماکدۆنالد کینێر و گیزێپە کامپانیلە - دا دەردەکەوێ[٤].

ئەو ئەوروپییانەی لە سەدەی نۆزدەمدا گەشتیان بۆ ڕۆژهەڵات کردووە و بە کوردستانیشدا تێپەڕیون، بە پلەی یەکەم دیپلۆمات بوون. دوای ئەوان نێردراوانی ئایینی و بازرگان و ئارکیۆلۆگ و نووسەر و هونەرمەند دێن. پەیوەندیی کورد بەو ڕۆژئاواییانەوە نە دیپلۆماسی بووە نە بنچینەیەکی بازرگانی و هونەری هەبووە؛ ئەم پەوەندییە بە شێوەیەکی سەرەکی لە پەیوەندییە دیپلۆماسی و بازرگانی و هونەرییەکانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆری عوسمانی و فارس لەگەڵ هەردوو دەسەڵاتداری ڕۆژئاوایی، بەریتانیا و فەڕەنسا، داتاشراوە. بۆیە دەتوانین بڵێین شوێنی کورد لەناو ئەدەبییاتی ئەوروپیدا هاوسەنگە بەو حاڵەتە نێوەندییە: بۆ دروستکردنی ئیماژی کورد، هەردەم کورد بەراورد کراوە بە تورک و فارس؛ واتە کورد خاوەنی قەوارەی دیاریکراوی خۆی نەبووە و تەنها لەم بەراورد و نێوانەدا سەنگی دراوەتێ. ژنی کوردیش بە هەمان شێوە بەراوردکراوە بە ژنی میللەتانی دراوسێی و هەر لەم هاوکێشەیەشەوە خۆی لە خەیاڵی ئەوروپیدا دەسەپێنێ.

ئەگەر بە ڕای گەڕۆکی فەڕەنسی جۆزێف پیتۆن تۆرنفۆر، سەدەی هەژدەم، کورد «نەوەی خالدییەکان بن»[٥] یان بە ڕای گالان «هۆزێکی پارثی بن»[٦]، ئەوە زۆربەی گەڕۆکەکانی وەک جۆبێرت، بێلانژێ، بۆژور، فرێزەر، نیژهۆلت، میلینجین، هتد، کورد بە نەوەی ئەو کاردۆخانە دادەنێن کە لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینیدا بەرەورووی سوپای گزێنۆفۆن بوونەتەوە. لەسەر بنچینەی ئەم قەناعەتە، هەموو ئەم گەڕۆکانەی لەسەر کوردیان نووسیوە هەوڵیانداوە سیفاتی فیزیکی و سایکۆلۆژی پێکچوو لە نێوان کورد و کاردۆخەکانی گزێنۆفۆندا بدۆزنەوە. ئەم مەیلە کە بە هۆی ئینتەرتێکستوالیتی(intertextuality واتە خزینی زانیاری و گواستنەوەی لەگەڵ زەمەن لە تێکیستێکەوە بۆ یەکێکی دیکە) وای کردووە زۆربەی جار ڕوانینی خەیاڵی بەسەر ڕوانینی واقیعیدا زاڵ بێت. لەمەوە کۆمەڵێک فەرمانی گشتی لەسەر کورد دراوە و بە پێی تێپەڕبوونی زەمەن گوازتراوەنەتەوە.

سیمای سەرەکی پێکچوو لە نێوان کورد و کاردۆخەکان کە بەردەوام دووبارە بۆتەوە بریتیە لە کەسایەتی ئازاو سەربەخۆ و حەزی هەڵگەڕانەوە و سەردانەواندن بۆ هیچ دەسەڵاتێک. ئەم خاسیەتانە بە درێژایی سەدەی نۆزدەم دراونەتە پاڵ مرۆڤی کورد و دووپات بوونەتەوە تا وایان لێهاتووە لە گەلێ زەمەن ئیماژێکی ئەفسانەییان بۆ کورد دروستکردووە. لەم ئیماژەوە کورد لە خەیاڵی ڕۆژئاواییدا کۆمەڵێک فەرمانی لەسەر دراوە کە جیاناکرێنەوە لە ئایدیۆلۆژیای باوی ئەوکاتی ئەوروپا: واتە مەزنبینی خود(Western) و نزمبینی ئەویدیکە (Oriental, Other). بەڵام کورد لە پەراوێزی ئەویدیکەی ڕۆژهەڵاتی و خاوەن دەسەڵات (تورک و فارس) کە لە کێشەی هەمەجۆردا بوون لەگەڵ ئەوروپا سەرنجی لێدراوە؛ بۆیە پەیوەندییەکی نەشاز و لە هەمان کات ڕۆمانتیکی لە نێوان کورد و ڕۆژئاوادا دروست دەبێت. لەم پەیوەندییەدا، ڕۆژئاوا کۆمەڵێک حوکمی نێگەتیڤی لەسەر کورد داوە: (وەکوو دڕندە، دز و جەردە، شەڕخواز و هتد). لە هەمان کاتدا بە ڕوانینێکی ڕۆمانسییانە کوردی بەرزکردۆتەوە و بە بەراوردکردنی لەگەڵ دراوسێکانی لە خودی ئەوروپی نزیک کردۆتەوە. ئەم نزیک کردنەوەشی لە دانپیاهێنان و قەبووڵکردنی تایبەتمەندییەکانی کورد نەبووە بەڵکو بۆ جیاکردنەوەی لە «ئەویدیکە» و زیاتر ئینکارکردنی بووە. لەم هاوکێشەیەدا کورد لەیەک کاتدا بێگانە و ئاشنا پیشاندراوە: بێگانەیە چونکە جیاوازە و بە سیفاتە فیزیکی و سایکۆلۆژییەکانی ئیمپریسیۆنێکی تایبەت و نەشازی لە لای ئەوروپییەکان جێهێشتووە کە وای لێکردوون هەندێ فەرمانی نێگەتیڤی لەسەر بدەن. ئاشناشە چونکە بە جیاکردنەوەی لە تورک و عەرەب و فارس «Object»، کورد بە خود «Subject» چوێندراوە. ئیماژی ژنی کوردیش لە خەیاڵی ئەوروپیدا لە هەمان دیالێکتیکەوە سەرچاوە دەگرێت.

سەرەڕای ئەمە، لە کاتێکدا ئایین هۆکاری سەرەکی بەربەرەکانێی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بووە و ئیسلام لە لایەن ئەوروپییەکانەوە بە دینێکی نارەسەن و جادووکەرانە ناسێنراوە، کورد بە موسڵمانێکی خراپ لەقەڵەم دراوە[٧]. ئەمەش چەند لێکدانەیەک هەڵدەگرێ: جگە لە عەرەب کە داهێنەری ئیسلامن، ئەو میللەتانەی سیستەمی سیاسییان لەسەر بنچینەی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی بنیاتناوە (تورک و فارس)، خودی خۆیان لە ئیسلامدا بەرجەستە کردووە و ڕۆژئاواش زیاتر لە ئەوان ترساوە. کورد کە قەت نەیتوانیوە سوود لە ئیسلام وەربگرێت بۆ

بەرجەستەکردنی ناسنامە و تایبەتمەندیی نەتەوایەتی خۆی، نەشیتوانیوە ئیسلام وەکوو سیستەمی دام و دەزگا بەکاربهێنێت. سەرەڕای ئەمەش کورد قەت دەسەڵاتی مەرکەزی لە دەستدا نەبووە و ئیسلام لە لای ئەو تەنها لە ئاستی دیندا ماوەتەوە و نەگەیشتۆتە ئاستی سیستەم و ئیدارە. جگە لەمە، بوونی باوەڕی ئایینی جیاجیای وەکوو ئێزیدیایەتی و ئەهلی هەق، هتد، لە لای کورد ڕۆڵی هەبووە لە بەرێژەییبوونی (relativized) ئیماژی کورد لە خەیاڵی ڕۆژئاواییدا[٨]. بە شێوەیەکی گشتی، ئیماژی ژنی کوردیش لە سەرجەمی ئیماژی کورد جیاناکرێتەوە.

## III. ئیماژی ژنی کورد لە سەدەی نۆزدەمدا

### ١. سیما و ڕووخسار

ئیماژی سیما و ڕووخساری ژنی کورد شێوەی فیزیکی و جلوبەرگ و خشڵ دەگرێتەوە. هەر یەکێک لەم توخمانە لە گەشتنامەی ئەورووپییەکانی سەدەی نۆزدەمدا لە داڕشتنی ناسک و پڕ وێنەدا گوزارەیان لێکراوە. سیما و ڕووخساری ژنی کورد لە دوای سروشتی شاخاوی و «پڕئوبهەتی» کوردستان، یەکەم شت بوون کە سەرنجی گەڕۆکیان ڕاکێشاوە. هەر یەک لەو گەڕۆکانە کە پێش گەیشنە کوردستان ماوەیەک لە مێترۆپۆلەکانی عوسمانی و فارسیدا ژیاون یان پێیاندا تێپەڕیون، نائومێد بوون بە نادیاریی و شاراوەیی ژنی تورک و فارس کە بەرای هەندێک «بە پۆشاکی درێژی کەتانییەوە لە شێوەی مۆمیادا بە درێژایی خانووبەرەکان بە ئاوازێکی شەرمناوی و ئەفسووناوییەوە دەخلیسکێن»[٩]. کاتێ گەیشتوونەتە کوردستان لە کەناری شار و لە لادێکاندا ژنی کوردیان بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و ڕووی دانەپۆشراوەوە بینیوە کە ئیمپریسیۆن(impression)ێکی پێچەوانەی لە لا دروست کردوون. ئەم دیاردەیە بە خەیاڵ گەڕۆکی لە ڕۆژهەڵاتی «داپۆشراو» دابڕاندووە و تێکەڵ بە سروشتی سوبلیمی دیمەنەکانی کوردستانی کردووە. یەکەم شت کە زۆر سەرنجی ڕاکێشاون و یەکسەر تۆماریان کردووە و حوکمیان لەسەرداوە ئەوەبووە کە «ژنی کورد سەرپۆش ناپۆشن»[١٠]. ئەم تێبینییە لە شێوەی حوکمی گشتی و سەرەڕۆ و بە زمانێکی سادە دارێژراوە و ڕاستەوخۆ خراوەتە ناو قالبی بەراوردکارییەوە. لە ئەنجامدا بۆ دەستنیشان کردنی «جیاواز» ی ژنانی دراوسێ (بە تایبەتی تورک و فارس) و زیاتر ئینکارکردنیان، ژنی کورد بەرزکراوەتەوە و بە ژنی ڕۆژئاوایی چوێندراوە. گەڕۆکی فەڕەنسی ڤیکتۆر فۆنتانییە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا کە دەگاتە کوردستان دەنووسێ: «ژنەکانیان سەرپۆش ناپۆشن و وەکوو تورکەکان ڕووخساری خۆیان ناشارنەوە»[١١]. ئێدمۆند لو کوانتێ دەڵێ: «بە پێچەوانەی ژنانی تورک و فارس، ژنی کورد ڕووخساریان داناپۆشن»[١٢]. هێنری بەندەر توندتر پێ لەسەر ئەم جیاوازییە دادەگرێ و دەنووسێ: «کورد وەکوو موسڵمانەکانی دیکە نین و لەم بارەیەوە ڕای پێشوەختیان نییە»[١٣]. ئەم لێکدانەوەیە گەڕۆکە ژنەکانیش دەگرێتەوە؛ بۆ نموونە، ئیزابێلا بیشۆپ دوای هەشت مانگ مانەوە لە ناوچەی فارس کە دەگاتە کوردستان هەست بە کەمبوونەوەی فشارە کۆمەڵایەتیەکان دەکات و دەڵێ: «بینینی سیمای جوان و باڵای زراف و هەنگاوی بێ پەروا و پتەوی ژنی کورد دڵخۆشکەر بوو، بە تایبەتی دوای ڕەوشی لاسەنگی ئەو پاکەتە بێ سیمایانەی ژێر عەبا کە پێیان دەڵێن ژنانی فارس»[١٤].

هەروەکوو دەبینین، هەموو ئەو گەڕۆکانە بە کوردستاندا ڕەتبوون و ژنی کوردیان بینیوە؛ ڕوانینەکانیان بە پلەی یەکەم لە ڕووخساری دانەپۆشراوی ژنی کوردەوە سەرچاوەیان گرتووە. بە تێپەڕبوونی زەمەن و گواستنەوەی زانیاری لە گەڕۆکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، ئەم ڕوانینە لە خەیاڵی ئەورووپیدا شێوازێکی ئەفسانەیی وەردەگرێت و ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە دروستبوونی ئیماژێکی پۆزەتیڤ بۆ سەرجەمی ژنی کورد. تێبینییەکان ئەگەرچی ڕاستەقینەن (بەو مانایەی خەیاڵی نین) سەرەڕۆن و دوورن لە لێکۆڵینەوەی زانستی. ڕوانینەکە پشتقایمە بە ئایدیۆلۆژیای ئیمپریالی ڕۆژئاواوە کە لە ناوەڕستی سەدەی نۆزدەمدا بە توندی گەشە دەسێنێت: ئەم ئایدیۆلۆژیایە بە پلەی یەکەم لەسەر بنچینەی بەربەرەکانیکردنی ئیسلام و هەموو ئەو دیاردانەی لە ئیسلامەوە هاتوون دامەزراوە. سەرپۆش کە لەسەردەمێکی زۆر زووەوە لە ڕۆژهەڵاتی کۆندا هەبووە و هەندێ واتای کۆمەڵایەتی گەیاندووە، لە ئەدەبییاتی ڕۆژهەڵاتناسیدا بەرزکراوەتەوە بۆ ئاستی ئایدیۆلۆژیا و واتایەکی سیاسی پێدراوە، هەروەها وەکوو چەکێک بەکارهێنراوە بۆ نزمکردنەوەی «ئەویدیکە». جێگیربوونی ئەم ئایدیۆلۆژیایە وەکوو بەشێک لە کولتووری ڕۆژئاوای سەدەی نۆزدەمدا، لە ناو هەموو چین و ژانرە کۆمەڵایەتیەکانی ئەورووپیدا ڕەنگی داوەتەوە. لەسەر ئەم بنچینەیە و بە سەرنجێکی خێرا و چاوپێداخشانێکی سەرەڕۆ، ژنی کورد بەرزکراوەتەوە بۆ ئاستی ئایدیال و سەنگینتر لە ژنانی دراوسێی. ئەم ئیماژە لە سەدەی بیستەمدا مەودایەکی دیکە وەردەگرێت: لە خەیاڵی ڕۆژئاواییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو خەیاڵی مرۆڤی کورد و وەکوو ئامرازێکی هەڵسەنگاندن و مەزنبینی ژنی کورد بەکاردەهێنرێت. تا ئەمڕۆش ئەم ئاخاوتنە لە لایەن سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر و فێمینیستی[١٥] کورددا بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێ. لەوانەیە ئاخاوتنی ڕۆژهەڵاتناسەکان هەستی باوەڕ بەخۆبوونی لە لای ژنی کورد ورووژاندبێ، بەڵام پێویستە کورد بزانێت کە ئەم ئاخاوتنە لە سەر بنچینەی بیر و لێکدانەوەی مەوزوعی دانەمەزراوە. بەکارهێنانی لە لایەن کوردەوە بۆ هەڵسەنگاندن و بەرزکردنەوەی زاتی مێینەی کورد لە ئێستادا، واتای سستی لێکدانەوەی سۆسیۆلۆژی و نەبوونی مێتۆد و ئاخاوتنی زانستی لە لای ڕۆشنبیری کورد دەگەیەنێ. سەرەڕای ئەمە، لەبەر ئەوەی زانیاری ڕۆژهەڵاتناسەکان دەکەوێتە ڕابردوو، لەسەر ئاستی ئیپیستمۆلۆژی گەڕانەوە بۆی واتای دابڕان لە ئێستا و دوورکەوتنەوە لە خودی سەردەم دەگەیەنێ. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کورد لە ڕابردوو جیانەبۆتەوە و وەکوو پێویست گەشەی نەکردووە بۆیە کەسایەتی و ناسنامەی کولتووری خۆی بەو ڕابردووە دەپێوێت. جگە لەمە، ئەو زانیاری و نووسینانەی دەکەونە ئەو ڕابردووەوە لە لایەن کورد خۆیەوە تۆمار نەکراون و ڕای سەرەڕۆی بێگانەیەکن کە سەر بە ئایدیۆلۆژیا و کولتوورێکی ترە، بۆیە ئەو ڕەوشە نامۆبوونی کورد پیشان دەدات: دەتوانین بڵێین ئەگەر نووسینی ڕۆژهەڵاتناسان نەبێت، کورد ناتوانێت یا نازانێت خۆی بخوێنێتەوە و لە تایبەتمەندییەکانی خۆی بدوێت.

بێگومان ئەم ئیماژە شتێک دەربارەی واقیعی ژنی کورد دەردەبڕێت ←

که شایانی سەرنج و لێکۆڵینەوەیە. زۆربەی زۆری ئەو گەڕۆکانەی ئەم روانینە لەسەر ژنی کورد پێشکەش دەکەن، باس لە چینێکی ژنی کورد دەکەن کە بە حوکمی دەوروبەری ماتریالی (خانوبەرە و چۆنییەتی نیشتەجێبوون) و کار و بارودۆخی ژیانیانەوە فشاری کۆمەڵایەتیان کەمتر لەسەرە. ئەمانە بە پلەی یەکەم ژنی کۆچەر و لادێین؛ هەندێک جار چینی هەژاری شارە دوورەپەرێزەکانیش کە سەرەڕای گەورەیی سیمایەکی لادێییان هەیە، ئەم روانینە هەڵدەگرن. ژنانی ئەم دەستە و چینانە لە فەزایەکی کراوەدا دەژین و کاروبارێکی زۆر چ لەناو کێڵگە و چ لەبەردەم رەشماڵەکانیاندا ئەنجام دەدەن کە ناچاریان دەکات روو و رووخساریان دانەپۆشن و بە ئازادی بجووڵێنەوە. هەر لەبەر هەمان هۆی کۆچەری و لادێی و دووریان لە فەزای شار، ئەم کوردانە لە پەیڕەو و پراتیکی ئیسلام (وەکوو مۆدێلی ژیانی رۆژانە) دوورن. بۆیە مەسەلەی سەرپۆشین بە لایانەوە جەوهەری نییە و نەپۆشتنیشی ئەو نیشانە و واتایانە هەڵناگرێت کە لە خەیاڵی رۆژئاوادا بۆیان دیاریکراوە. ئەوەی دروستە ئەوەیە کە بارودۆخی ژیان و کاروباری رۆژانە و دەوروبەرەکە بە گشتی کەسایەتیی ئەم ژنانەی بە جۆرێک دروستکردووە کە نەک هەر تەنها لە ژنی شارستانی تورک و فارس، بەڵکو لە ژنە شارستانییە کوردەکانیشی جیاکردوونەتەوە. ئەم لایەنە لەناو ئەدەبییاتی رۆژئاواییدا، تەنانەت لەسەدەی بیستیشدا، زۆری لەسەر نەنووسراوە؛ لێکۆڵینەوەکەی هێنی هانسن (ژیانی ئافرەتی کورد) تاکە سەرچاوەی ئەورووپییە کە لەم بابەتە نزیک دەبێتەوە. بۆیە ئیماژە ئەفسانەییەکەی ژنی کورد کە لە ناو ئەدەبییاتی گەشتنامە و لە سەدەکانی رابردوودا سەریهەڵداوە، تا ئێستاش لە خەیاڵی رۆژئاواییدا بنبڕ نەبووە. بە تێپەڕبوونی زەمەن و بوونی هەندێ کەسایەتی ژنی ناوداری وەکوو عادیلە خانم و خانزاد و هتد، ئەم نوێنەرایەتیکردنە سیمایەکی پتەوتر وەردەگرێ. ئەم ئیماژە وای لە کوردناسی ئەنترۆپۆلۆگ، مارتین ڤان برویننسن، کردووە لە ساڵی ١٩٩٣دا پرسیار لە بوونی سیستەمی دایکسالاری (ماتریارکی) لە لای کورد بکات[١٦].

هەروەکوو ووتمان، هەموو ئەو ژنانەی گەڕۆکەکان لەسەر رێگایاندا بینیویانن و سەرنجیان لێداون، ژنی لادێ و کۆچەر یا ژنی چینی نیمچە لادێی ناو شارەکانن. لە رووی فیزیکییەوە ئەم ژنانە بەهۆی سەختی بارودۆخی ژیانیان ئەو خاسیەتانەیان تێدا نییە کە گەڕۆکی ئەورووپی (کە هەموویان سەر بە چینی دەوڵەمەندن و بە نازو نیعمەت پەروەردە بوون) خەونیان پێوە دەبینن. بۆیە سیمای فیزیکی ژنی کورد زۆرجار بە «پیاوانە، وەحشەتناک و سەرەتایی» پێناسە کراوە. لەم پێناسەیەشدا و دەربارەی ئەم مەسەلەیە «جیاوازی» ئەم ژنانە لەگەڵ «خود» یا لەگەڵ ژنانی رۆژئاوایی پەنجەی خراوەتە سەر. ئەم جیاوازییە هەندێ جار لە شێوازێکی ئەدەبی جواندا وەسف کراوە و هەندێ جاریش گەڕۆکی وا لێکردووە بە شێوازێکی ئێتنۆگرافی چالاکییەکانی رۆژانەی ئەو ژنانە بووروژێنێ. جۆری یەکەم، واتە شێوازی ئەدەبی، لە لای کەسێکی وەکوو لامارتین ـ دا خۆی دەنوێنێت کە هەر لە «چاوە رەشە خەناوییەکانیان» و «لاق و دەستە ماهۆنی» یانەوە تا«ددانە عاجی»[١٧] یەکانیان بە ووردی وەسفیان دەکات. بەستنەوەی سیمای «پیاوانە و وەحەشتناک» بە رەفتار و چالاکییەکانی رۆژانەی ژنی کوردەوە لە لای زۆر گەڕۆکدا بەدی دەکرێت. گەڕۆکی ئینگلیزی جێمس فرێزەر لە رووی کارکردنەوە ژنی کۆچەر و لادێی کورد دەهێنێتە ئاستی پیاوی رۆژئاوایی چونکە ئەو کارانەی دەیکەن «لە وولاتە هەرە شارستانەکاندا کاری پیاون»[١٨]. گەڕۆکی فەرەنسی باپتیستان پۆژولا کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا لە کاتی جەنگدا بە کوردستاندا تێپەڕیوە، رەوشی پیاوانەی ژنی کورد دەخاتە بەر رۆشنایی و دەڵێ: «ژنی کورد زۆر بە کارامەیی سواری ئەسپ دەبن و هەروەکوو مێردەکانیشیان چەکدارن»[١٩]. ئەم تێبینیانە لەگەڵ رای نووسەری کوردی سەدەی نۆزدەمدا، مەلا مەحموودی بایەزیدی، یەکدەگرنەوە کە دەنووسێ: «بە راستی ژنە کۆچەر ژنن، هەم کاری ناوماڵ ئەکەن و کرێکارن ، هەم لە شەڕیشدا هاوڕێی چەک و هاوڕێی پیاون.»[٢٠] دیاردەی بەشداریکردنی ژنی کورد لە شەڕدا ئیماژی ژنی «ئەمازۆنی»[٢١] لە خەیاڵی هەندێ ئەورووپیدا وورووژاندووە؛ تەنانەت میلینجن لە سەر زمانی هەندێ ژەنەڕاڵی عوسمانی باس لە ژنی رێگر و جەردە لە لای بڵباسەکان دەکات: «لە لای بڵباسەکان ژن عادەتیانە رێگری دەکەن»[٢٢]. دەتوانین بڵێین، لە ستایشکردن و پیاهەڵدانەوە تا سەرزەنشت و لۆمە کردن، ئەم وەسفانە هەموویان بە زمانی نێر دارێژراون، سەرەڕای گەیاندنی هەندێ لایەنی واقیعی (وەکوو ئیمپرێسیۆن نەک وەکوو لێکۆڵینەوە) بە پلەی یەکەم حەز و فەنتازیای نێر بەرجەستە دەکەن.

جلوبەرگی ژنی کورد بە رەنگی ئاڵ و والاوە زیندوویەتی بە دیمەنە سروشتییەکانی کوردستان بەخشیوە و بە توندی خەیاڵی گەڕۆکەکانی جوڵاندووە. وەسفەکانیان لە ناوچەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە و بە پێی دەوڵەمەندی و هەژاری کەسەکان دەگۆڕێ. ئەو توخمانەی کە زۆر دووبارە دەبنەوە بریتین لە «کراسی درێژی کەلانگوچکدار، دەرپێی دەلینگ فش و لۆچدار، چارۆگە و کۆڵوانە و پشتێن». رەنگی زاڵیش بە زۆری «رەنگی سوور و زەرد و و شین و سەوزن». لە پاڵ ئەمانە، ملوانکەی مۆری و مەرجان و پووڵەکەی خرینگەدار و کۆمەڵێک کەرەستەی خۆرازاندنەوەی دیکە ئاماژەیان بۆ کراوە کە لایەنی ئێتنۆگرافی نووسینەکان بەهێز دەکەن. گەڕۆکەکان هەوڵ دەدەن بە ووردی وەسفی هەریەک لەم توخمانە بکەن و لە هەمان کاتیشدا تێکەڵی بکەن بە ئەندێشەی خۆیان. لە کۆتایدا خوێنەر خۆی لەبەردەم کۆمەڵێک وێنەی ئێگزۆتیک (exotique) دا دەبینێتەوە کە چەشنی زیندەخەون دەیانگوازێتەوە بۆ شوێن و سەردەمێکی تر.

### ٢. دەوروبەری ماتریالی و کۆمەڵایەتی

دەوروبەری ماتریالی و کۆمەڵایەتی رۆڵێکی زۆر دەبینن لە دروستکردنی کەسایەتی و ستاتوی مرۆڤ. لێرەدا، بە پشتبەستن بە گەشتنامەی ئەورووپییەکان هەوڵ دەدەین ئیماژی ئەو دەوروبەرە بناسێنین و شوێنی ژنی تێدا دیاری بکەین. بۆ ئەم مەبەستە لەم ووتارەدا ئێمە باسی کۆمەڵێک ژنی کورد دەکەین:

**أ. نوێنەرایەتیکردنی ژنی شار**

(The representation of urban woman)

مەبەستمان لە شاری کورد هەموو ئەو شوێنە جوگرافی و کۆمەڵایەتییانەن کە لە کۆمەڵە خانوو و ساختمانێکی زۆر پێکهاتوون و

سێنتەری ئیداری، بازرگانی یان پایتەختی میرنشینێکی دیاریکراوی کورد بوون.

لە رووی ئارکیتێکتوریەوە (هونەری بالاخانە و ساختمان سازی)، بە گشتی کوردستان کەم سەرنجی گەڕۆکانی راکێشاوە. رستە بەناوبانگەکەی گەڕۆکی فەرەنسی گاسپارد دروڤیل لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا لە لای زۆربەی گەڕۆک بەرجەستەی واقیعی سەدەی نۆزدەی کوردی دەکات؛ دروڤیل دەڵێ: «لە هەموو کوردستان، جگە لە کۆشکی دژواری بەگەکان، هیچ خانوویەکی مەعقوول بەرچاو ناکەوێ». لەبەر ئەوەی کوردستان بە درێژایی مێژوو و بە تایبەتیش لە سەدەی نۆزدەمدا شانۆی شەڕ و بەرەنگاربوونەوە بووە، کورد گرینگی بە خانووبەرە و هونەری ساختمانسازی نەداوەو بە شێوەیەکی کاتی ژیاوە. گەڕۆک هەوڵی نەداوە ئەم بارودۆخە لێکبداتەوە و وەسفەکانی لەسەر چەندەها کلێشە بنیاتناوە؛ بەمجۆرە کۆمەڵێک سیفەتی وەک «سەرەتایی و ناچیزە و بێبایەخ، هتد» دراونەتە پاڵ خانووبەرەی کوردی.

دەتوانین لە ناو ئەدەبییاتی رۆژئاواییدا باسی سێ جۆرە خانوبەرە لە شاردا بکەین کە تا رادەیەک ستاتوی کۆمەلایەتی و ئابووری ژنی کوردمان بۆ دەردەخەن:

١. خانووی دەستەی هەرە هەژار کە بریتیە لە تاکە ژوورێک. جگە لە سەرتاپای خێزان و زەخیرە و گیشەدار، مەڕومالات و ولاغیش لەم ژوورەدا دادەبەسترێ. ئەم جۆرە نشینگەیە کە هەندێ جار گەڕۆک شەوی تیا بەسەربردووە، بە «نزم و بێبایەخ و خراپ»[٢٣] تەنانەت زۆربەی جار بە «کونە گورگ»[٢٤] وەسفکراوە. ئەم جۆرە خانووە، جگە لە گەڕەکە هەژار و گوندییەکانی شار، لە لادێ زۆر بەرچاو دەکەوێت. لەم خانووانەدا ژن و مێرد و منداڵ و مێوان لەناو بۆنی تەرس و ریخ هەموو پێکەوە دانیشتوون و خەوتوون.

٢. جۆری دووەم هی خەڵکی کەمێک دەوڵەمەندترە و لە دوو تا سێ هۆدە و هەیوانێک پێیکهاتووە. لە وەسفکردنی ئەم جۆرە خانووانەدا گەڕۆک باس لە حەرەمخانە دەکات. ئەم حەرمخانەیە کە زۆربەی جار لە خەیاڵی ئەورووپیدا جیهانی حیکایەتەکانی هەزار و یەک شەوە دەوورووژێنێ، لە حەقیقەتدا تەنها ژوورێکە و لە کاتی میوانداریدا ژن و منداڵ لێی کۆدەبنەوە و زۆربەی جار شوێنی زەخیرە و چێشت لێنانیش بووە.

٣. جۆری سێیەم کۆشک و تەلاری بەگ و پاشا کوردەکان دەگرێتەوە کە لە دوو بەش یا دوو خانووی جیا پێکهاتووە: دیوەخان و حەرەمخانە. لە لای ئەم چینەدا حەرەمستەرەکتوورێکی تایبەتی کوردانەی هەیە و جیایە لە حەرەمی سوڵتان و شاکان کە لە شێوی دامودەزگا خۆی دەنوێنێت. جیاوازی نێوان حەرەمی کوردی و حەرەمی عوسمانی و فارسی بە پێی دووری و نزیکی میرنشینە کوردییەکان لە دەسەلاتی مەرکەزی، چ لە رووی جوگرافی و چ لە رووی سایکۆلۆژییەوە، دەگۆڕێت. بۆ نموونە: چینی دەسەلاتداری میرنشینی ئەردەلان کە لە پەنجا ساڵەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا زۆر لە دەسەلاتی مەرکەزی فارسی نزیک بووە و ژن و ژنخوازیان لە نێواندا هەبووە (خەسرەو خانی ناکام کچی شای ژن بووە)، مۆدێلی ژیانی رۆژانەی جیا بووە لە میرنشینی بابان کە تا رادەیەک دوورپەرێز بووە وسترەکتووری عەشایرانەی کوردی پاراستووە. بە شێوەیەکی گشتی، ئەدەبییاتی رۆژئاوایی حەرەمخانەی کورد وەکوو شوێنێکی ئاشنا و سادە پیشان دەدا کە زیاتر سیفاتی خێزانی هەیە نەک سیفاتی سێکسی و شەهوەتئامێز کە دراوەتە پاڵ حەرەمی شا و سوڵتانەکان[٢٥].

فەزای خانوبەرەی کوردی و چۆنییەتی نیشتەجێبوون تا رادەیەکی زۆر ژیان و چالاکی رۆژانەی ژنی کوردی دیاریکردووە و رۆڵی هەبووە لە دروستکردنی ئیماژێکی پۆزەتیڤ. کلۆدیۆس جێمس ریچ کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا زیارەتی مەحموود پاشای بابان دەکات و چەند مانگێک لە سلێمانی دەمێنێتەوە، بەیانیان لە تارمەی ماڵەکەیەوە ژنی کورد دەبینێ لەسەربان و حەوشە نزمەکانیان لە خەو هەڵدەستن و خەریکی نیش و کاری ناومال دەبن. لەبەرئەوەی ئەم ژنانە بێ سەرپۆش بوون، ریچ ئیمپرێسیۆنی ئەوەی لە لا دروست دەبێ کە «ژن لە کوردستاندا لە بارودۆخێکی زۆر باشتردا دەژی لە چاو تورکیا و وولاتی فارس»[٢٦]. لە راستیدا ئەم روانینەی ریچ لە کۆمەڵێک دیاردەوە سەرچاوە دەگرێت: جگە لەم حاڵەتەی پێشوو، ریچ ژنی کوردی بینیوە لە کاتی زەماوەند لە ناو پیاواندا هەڵپەرکێی کردووە و بە بێ عەبا چۆتە دەرەوە. ئەگەرچی بە درێژایی سێ مانگ مانەوەی لە کوردستان، ریچ نەیتوانیوە ژن و خێزانی مەحموود پاشای بابان ببینێ (چونکە بە گوێرەی ستاتوی کۆمەلایەتی، ژنانی ئەم چینە کەمتر دەردەکەون و ئەگەر بێنە دەرەوەش لە ناو کەژاوە و تەختی رەواندا خۆیان دەشارنەوە)، کەچی ریچ بە ناوی هەموو ژنی کوردەوە قسە دەکات. ئەو ژنانەی کە ئەو باسیان دەکات لە «فەزایەکی کراوەتردا» دەژین لە چاو ژنانی چینی ئەرستوکرات و ئایینی کە لە «فەزایەکی داخراودا» ژیان دەبەنە سەر. سەرەڕای ئەمە، بۆچوونی ریچ بە ئیماژی ژنە خولامێک پشت ئەستورە کە لە لای بەگێکی کورد بە ناوی فەیزوللا ئەفەندی کاردەکات. ئەم ژنە بۆ بەرگریکردن لە ناموسی خۆی سەربازێکی تورکی کوشتووە چونکە هەوڵی داوە دەستدرێژی بکاتە سەر. ئەم چیرۆکە لە لایەن پیاوێکی کورد (فەیزوللائەفەندی)یەوە بۆ ریچ گێڕدراوەتەوە. روانینی هەردوو پیاوی کۆنەپەرست (conservative) لە ئاخاوتنێکی تەقلیدیدا یەکدەگرێتەوە کە پەنجە دەخاتە سەر ناموسی ژنی کورد. ناموس لە کۆمەڵگای کورد، وەکوو زۆربەی کۆمەڵگا باوکسالارییەکان (پاتریارک)، بەهایەکی بێپایانی هەیە و شەرەفی خێزان و ناسنامەی گروپی تێدا بەرجەستە دەبێت[٢٧]. پارێزگاری لە ناموس واتە بەرگریکردن لە شەرەفی گروپ (خێزان، عەشیرەت، نەتەوە). لەم نموونەیەی ریچ دەیهێنێتەوە، ئەو شتەی کە ژن لە خەیاڵی پیاو بەرزدەکاتەوە خودی کردەکەیە نەک خودی مرۆڤایەتی ژن. پێداگرتن لەسەر بەها باو و تەقلیدییەکان بۆ بەرزکردنەوەی «ژنی کورد» پاڵ بە فەیزوللا ئەفەندیەوە دەنێت «مەسەلەی کچێنی» خولامەکەی بووروژێنێ کە ریچ - یش بۆ شایان لێنان لە ژنی کورد دەیقۆزێتەوە. ئەو ئیماژەی لەم نموونەیەوە سەرچاوە دەگرێت لە پیاوی کوردەوە (فەیزوللائەفەندی) گوازتراوەتەوە بۆ خەیاڵی پیاوی ئینگلیزی (ریچ) و حەز و خواستی نێرانەی سەردەمەکە بەرجەستە دەکات. ئەم خاڵە زیاتر پێداگرتنە لەسەر رەوشتی ژنی کورد بە پێی کۆدە با و تەقلیدییەکانی رۆژهەلات و ئەوکاتی رۆژئاوای کۆنەپەرست: داوێنپاکی، پاراستنی کچێنی، رەفتاری بێ وێنە. ئەوەی نرخی ژنی کوردی لێرە بەرزکردۆتەوە ئەم خاسیەتانەن

نەک خودی کەسایەتی ژن خۆی. ئەم نموونەیە رۆڵێکی زۆر دەبینێ لە بنیاتنان و گەشەکردنی ئیماژێکی پۆزەتیڤ و ئەفسانەیی بۆ ژنی کورد لە خەیاڵی ئینگلیزیدا. دواتر و لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا خاتوو لوسی گارنێت کە قەت گەشتی کوردستانی نەکردووە و تەنها سوودی لە ناخاوتنەکانی گەرۆکی پیاو وەرگرتووە، گەشە بەم ئیماژە دەدات. لوسی گارنێت شایان لە ژنی کورد دەنێت بەوەی کە «رەوشتیان بەرزە»[٢٨]. بە دووپاتکردنەوەی رای ریچ و رای هەندێ گەرۆکی دیکەی وەک میلینجن، گارنێت باس لە بەرزی ستاتوی ژنی کورد دەکات و دەیبەستێتەوە بە یەکسانی نێوان ژن و پیاو: «لە ناو خێزاندا پیاو بە چاوێکی یەکسانی دەروانێتە ژن»[٢٩].

ئەو یەکسانییەی خاتو گارنێت قسەی لێدەکات بنیچینەیەکی خەیاڵی هەیە؛ لە راستیدا ئەمە روانینی پیاوە و بە ئایدیۆلۆژیای باوکسالارییەوە پشت ئەستوورە. بۆیە ئەم ئیماژە نزیکمان ناکاتەوە لە ستاتوی ژنی کورد و پەیوەندییەکانی ژەندەر(gender relation) لە کوردستان.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئیماژی رەوشت بەرزیی ژنی کورد زیاتر گەشە دەکات. مێجەر سۆن و دواتریش کوردناسەکان (نیکیتین، مینۆرسکی و تۆما بوا) لەم بابەتە دەدوێن و بە بەراوردکردنی ژنی کورد بە ژنانی دراوسێ، واتایەکی ئەفسانەیی بە مێینەی کورد دەبەخشن. تەنانەت سۆن ئازادیی ژن و پیاو لە کوردستان دەورووژێنێ و دەنووسێ کە لە لای کورد «ژن ئازادیی تەواوی هەیە»[٣٠]. ئازادی شتێکی رێژەییە و لە کۆمەڵگای کوردیدا تا ئێستاش تاک (بە ژن و پیاوەوە) لە دەرەوەی گروپ بوونێکی دانپیاهێنراوی نییە. سەرەڕای ئەمە ئازادی و سەربەخۆیی تاک پێویستی بە کولتووری دیموکراسی و پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە. بۆیە ئەو حوکمەی سۆن هیچ بنچینەیەکی زانستی نییە و تەنها ئیمپرێسیۆنێکی کاتییە و لە هەڵوێستێکی دیارکراودا لە دایکبووە.

لە سەدەی نۆزدەمدا هەندێ گەرۆکی ژنی وەکوو ئیدا پفێیفە، کریستینا بێلجیۆژۆزۆ و ئیزابیلا بیشۆپ، ئەم ئیماژە پیاوانەییە رێژەیی دەکەن و لایەنێکی دیکەی پەیوەندی ژن و پیاوی کورد پیشان دەدەن. بیشۆپ و پفێیفە کە لە ناو خێزانی کوردی شارنشین (خانەقین و رەواندوز) ماونەتەوە و لە نزیکەوە سەرنجی ژیانی ژنی کوردیان داوە، لە پەیوەندی ژن و پیاوی کورد پەیوەندی نێوان سەردار و کۆیلە دەوروژێنن[٣١].

بیشۆپ دوای وەسفکردنی چالاکییەکانی رۆژانەی ژنێکی هەژاری خانەقین، باس لە ستەمکاری پیاو دەکات و دەیبەستێتەوە بە سیستەمی ستەمکاری رۆژهەڵاتی کە وەکوو کلێشە لە ناو ئەدەبییاتی تەقلیدی رۆژهەڵاتناسیدا زۆر بەرچاو دەکەوێت. ئەم روانینەی گەرۆکی ژنی رۆژئاوایی بە پێچەوانەی روانینی گەرۆکە پیاوەکانە، بەڵام نوێنەرایەتی کردنەکان بە گشتی لە رای سەرەرۆ بە دوور نین. ئەگەر روانینی گەرۆکە ژنەکان بە حوکمی ئەزموونی راستەوخۆیان لەگەڵ ژن، زیاتر لە واقیع نزیک بێت، ئەوە لە ناو ئەدەبییاتی رۆژهەڵاتناسیدا روانینی پیاو زاڵە. پیاو هەروەکوو چۆن لە واقیعدا باڵادەستە و روانینەکەشی بە کۆد و ئایدیۆلۆژیای باوی سەردەم پشتقایمە.

**ب. ژنی لادێ**

چەمکی ئازادی و رەووشت بەرزی ژنی کورد لە ئەدەبییاتی ئەوروپیدا دەگەڕێتەوە بۆ رابردوویەکی دوور و ژنی لادێش (لە پاڵ ژنی کۆچەر) رۆلی سەرەکی تێدا بینیوە. ئەم ئیماژە بۆ یەکەمین جار لە سەدەی حەڤدەدا لە لایەن گەرۆکی ئیتاڵی دێلا ڤالا ورووژێنراوە. رۆژێک دێلا ڤالا و ژنەکەی لە گوندێکی کوردستان لە لایەن خانمێکەوە پێشوازی دەکرێن کە مێردەکەی لە ماڵ نییە و بە کاری سیاسی چووە بۆ ناوچەیەکی دیکە: «نازانم چۆن پێتان بڵێم بە چ جۆرە قەدر و ئیحتیرامێک پێشوازی لێکردین لە کاتێکدا مێردەکەی لە ماڵ نەبوو. ویستمان رووخسەتیان لێوەربگرین و تا درەنگتر نەبووە بەرێکەوین، بەڵام تا هەموو پێکەوە نانمان نەخوارد رێگایان پێنەداین برۆین»[٣٢]. دواتر گەشتنامەکەی دێلا ڤالا دەبێت بە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی دەچن بۆ رۆژهەڵات. نموونەی ئەو خانمە کوردەش بە گشتی دەکرێ و بۆ پتەوکردنی روانینی نوێ لە لایەن زۆر رۆژهەڵاتناسەوە بەکاردەهێنرێ.

لە ناو ئەدەبییاتی ئەوروپیدا کورد زیاتر بە میللەتێکی کۆچەر و لادێی ناسراون. سەرەڕای ئەوەی لە سەدەی بیستەمدا رێژەیەکی زۆری کورد لە شار نیشتەجێ دەبن، ئەم ئیماژە لەناو ئەدەبییاتی ئەوروپیدا تا ئەمرۆش بەدی دەکرێ: لە ئینسیکلۆپیدیای ئیسلامدا، تۆما بوا دەڵێ «کورد زیاتر لە لادێ دەژین وەک لە شار»[٣٣].

لە لادێی کوردیدا هەمان جۆری ئەو خانوانە دەبینرێن کە بۆ شار وەسفمان کردن، بەڵام جۆری سیبیتەمیان کە کۆشک و تەلاری بەگ و پاشاکان دەگرێتەوە کەمتر بەرچاو دەکەوێت. تایبەتمەندی گوندی کوردی بە رای سەرجەمی گەرۆکە ئەوروپییەکانەوە هونەری ئارکیتێکتور و دیمەنی دەرەوەیەتی: کۆمەڵێک خانوو یەک بەسەر ئەویدیکەوە بە کەناری چیاوە نووساون و «سەربانی خانووە نزمەکە دەبێت بە حەوشە و تارمە و رێگا بۆ خانووی سەرەوە»[٣٤]. لە ناوەوە خانووبەرەی لادێی کورد کەم سەرنجی ئەوروپییەکانی راکێشاوە کە زۆربەی جار بە «کونە گورگ و ئەشکەوت» پێناسەی دەکەن.

ئاشکرایە کە فەزای لادێ لە فەزای شار کراوەتر و فراوانترە و ژنی لادێش ئازادی جووڵە و چالاکی لە ژنی شار زیاترە. جگە لە کاروباری ناوماڵ و منداڵ بەخێوکردن، ژنی لادێ کاری کێڵگەش دەکات و خەریکی مەڕوماڵات و دروستکردنی بەرهەمی شیرەمەنی و چنین و رستن دەبێت. لە لادێشدا چینی ئەرستۆکرات و چینی رەعیە هەن؛ ژنی چینی ئەرستۆکرات بە هەمان شێوەی ژنانی هەژار و رەعیە ماندوو نین و خاوەنی کارەکەر و خوڵامن کە زۆربەی کاروباری ناوماڵ رادەپەرێنن.

ئەوەی لە ژیانی ژنی لادێدا زۆر سەرنجی گەرۆکانی راکێشاوە، چالاکییە زۆر و هەمەجۆرەکانییەتی. ئەم چالاکیانە هەر لە مەشکە ژەنین و مەڕ دۆشین و ماست و پەنیر دروستکردن و مافور چنینەوە تا نانکردن و چێشت لێنان بە شێوازێکی ئێتنۆگرافی وەسفکراون. ئەم دیاردەیە ژنی کوردی وەکوو مرۆڤێکی چالاک ناساندووە و وای لە هەندێ گەرۆک کردووە پیاوی کورد بە تەمەڵ و پاسیڤ دابنێن: «لە کاتێکدا ژنان خەریکی کاروباری ناوماڵن، کوڕگەل و پیاوی بەخۆوە پیاسە دەکەن»[٣٥]، یان «لە کاتێکدا ژنان خەریکی مەڕوماڵات دەبن، پیاوان پاڵدەدەنەوە و جگەرە بەبا دەکەن»[٣٦]. ئەم حوکمە گشتییەی گەرۆکانی سەدەی نۆزدەم، ←

لە سەدەی بیستەمدا هێور دەبێتەوە؛ های کە لە ماوەی دوو ساڵ ژیان لە کوردستانی باشووردا شارەزاییەکی باش لسەر کۆمەڵگای کورد پەیدا دەکات دەنووسێ: «تەنها ژنن کە هەمیشە خەریکی چێشت لێنان و جل شوشتن و ئاوهێنانن. لە کاتێکدا مێردەکانیان خەریکی کاروباری کێڵگەن، ژنان هەموو کاروبارێکی ناوماڵ بەجێدەهێنن. لە لای چینی بالاش پیاوەکان لە دیوەخان دادەنیشن و جگەرە دەکێشن»[37].

چالاکییە هەمەجۆرەکانی ژنی کورد لە لادێدا و دەوروبەری ماتریالی بارێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بۆ ژن دەرەخسێنن. ئەم چالاکیانە وا لە ژن دەکەن لە فەزایەکی کراوەدا بجووڵێتەوە و لەگەڵ پیاو پەیوەندی و تێکەڵاوی هەبێت. ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆی دروستبوونی کەسایەتیەکی سروشتی و بەهێز بۆ ژن کە جیای دەکاتەوە لە ژنی شار. زۆربەی گەڕۆکەکان لە کاتی تێپەڕبوونیان بە کوردستاندا ئەو ژنانەیان بەرچاو کەوتووە و سەرنجیان لێداون؛ هەموویان لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون کە ژنی لادێی کورد شەرمن نین و بە بینینی پیاوی بێگانە خۆیان ناشارنەوە و ئامادەشن میوانداری پیاو بکەن ئەگەر مێردیشیان لە ماڵ نەبێت. ئەم دیاردەیە گەڕۆکی سەرسوڕماو کردووە چونکە ئەو کە هاتۆتە ڕۆژهەڵات کۆمەڵێک بیرو ڕای ڕەها و حازر بەدەستی دەرباری ژنی ڕۆژهەڵاتی پێبووە. بۆیە، هەروەکوو پێشتر پەنجەمان بۆ ڕاکێشا، یەکسەر دەکەونە ناو بەراوردکردنی ژنی کورد بە ژنانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی. میلینجن دەڵێ: «وادیارە ژنی کورد وەکوو ئەرمەنییەکان ترسنۆک و شەرمن نین و لاسایی ڕەوشی خواری تورکەکانیش ناکەنەوە»[38]. ئەم نیمازەی ژنی لادێیی کە بە کۆمەڵێک دیاردەی ڕاستەقینە پشت ئەستوورە، نموونە دێرینەکەی دێلا ڤالا پێتەو دەکات و دەورێکی زۆر دەبینێ لە دروستکردنی نیمازی ئەفسانەیی ژنی کورد لە خەیاڵی ئەورووپیدا. نوێنەرایەتیکردنەکە دواتر بە بوونی هەندێ نموونەی واقیعی وەکوو قەرە فاتیمە و عادیلە خانم بەهێز دەبێت و وا لە ئەنتروپۆلۆگێکی وەکوو مارتین ڤان بروێنسن دەکات بوونی ماتریارکی لە کۆمەڵگای کورددا بووروژێنێ.

### ج. ژنی کۆچەر

لە ڕاستیدا ئەو ژنانەی کە گەڕۆکەکان توانیویانە چاویان پێیان بکەوێ و سەرنجیان لێبدەن زۆربەیان ژنی لادێیی و کۆچەر بوون؛ لە پاڵ ژنی لادێدا، ژنی کۆچەر ڕۆڵێکی زۆر دەبینێ لە دروستکردنی نیمازێکی سیمبۆلی بۆ سەرجەمی ژنی کورد.

لە سەدەی ڕابردوودا، هەروەکوو ئێستاش، کۆچەرەکان لە ژێر ڕەشماڵدا ژیاون و بە گوێرەی وەرز و شوێنی لەوەڕگا کۆچیان کردووە و نیشتەجێ بوون. ڕێژەیەکی زۆری گەڕۆکە ئەورووپییەکان لە ژێر ئەم ڕەشماڵانەدا پێشوازی کراون. ئەم گەڕۆکانە باسی دوو بەش دەکەن لە وەسفکردنی ڕەشماڵی کۆچەرەکان کە بە چیغ ناوبڕ کراون. ئەگەر یەک لەم خانە یان بەشانە بە ساڵۆنی پێشوازی و دیوەخان پێناسە کرابێ، ئەوە دووەمیان بە حەرەمخانە دراوەتە قەڵەم. بێگومان ناونانی بەشێکی ڕەشماڵ بە حەرەمخانە نە لەگەڵ جۆر و ژیانی کۆچەرایەتی دەگونجێ نە لەگەڵ سروشتی مرۆڤی کۆچەر. بەڵام لەبەر ئەوەی لە کاتی میوانداریی گەڕۆکدا لە ژێر ڕەشماڵ، ژن و منداڵ خزیونەتە دیوەکەی دیکە و خەریکی خواردن ئامادەکردن و کاروباری دیکەی ناوماڵ بوون، لە خەیاڵی گەڕۆکی ئەورووپی نیمازی حەرەم دروست بووە.

ژنە کۆچەرەکان سەرەڕای سەختی بارودۆخی ژیانیان و جگە لە کاروباری ناوماڵ، لە ڕووی ئابوورییەوە بەشدارییەکی چالاکانەی داهاتی خێزان و عەشیرەتەکانیان کردووە. هەروەکوو ژنانی لادێیی وەبەرهێنانی تەواوی بەروبوومی شیرەمەنی لەسەر شانی ئەوان بووە و لە چنین و ڕستنیشدا زۆر کارامە بوون. ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسی وێنەیەکی ئێتنۆگرافی جوانی ئەو چالاکیانە دەکێشێت و نیمازێکی پۆزەتیڤ دەداتە ئەو ژنانە. میلینجن کە ماوەیەکی زۆر لەناویاندا ژیاوە و شارەزای جۆری ژیانیان بووە دەڵێ: «مافوری قەشەنگ و جاجم و خێمەی ڕەنگاورەنگ و پووزەوانەی خوری بەشێکی ئەو پیشەسازییەن کە لە کوردستاندا بە هۆی ژنانەوە بەڕێوەدەچێ»[39]. بە هەمان چەشنی ژنانی لادێیی، گەڕۆکەکان زۆربەیان ئەم ژنانەیان لە کاتی بەجێهێنانی کاروباردا بینیوە و وەسفیان کردوون. دیەنیان ئیمپریسیۆنێکی پۆزەتیڤی لە لا ووروژاندوون؛ ئەم گەڕۆکانە خۆیان داوەتە پاڵ ژنی کورد و ڕەخنەیان لە ڕەوشی پیاوان گرتووە: «لە کاتێکدا ژنان مافور دەچنن و خوری دەڕێسن و هەزاران ئیشی ناوماڵیشیان بەسەر شانەوەیە، پیاوان خەریکی قسەکردن و گۆرانی ووتنن»[40]. بە هۆی سەختی کاروبار و ناڵەباریی بارودۆخ و زۆر مانەوە لەبەر هەتاو و هتد، ژنانی کۆچەر، هەروەکوو پێشتر وتمان، لە ڕووی فیزیکییەوە سەرنجی گەڕۆکانی ڕانەکێشاوە. ئەم دیاردەیە وای لە هەندێ گەڕۆک کردووە باس لە جوانی پیاو و ناشیرینی ژنی کورد بکەن. ئەم «ناشیرینییەی» ژنی کۆچەری کورد، هەندێ جار بەستراوەتەوە بە بەشداریکردنیان لە کاری سەختی وەک «شەڕکردن و ڕێگری و ئەسپ بازی، هتد» کە بە ڕای هەندێ گەڕۆک سیمایەکی پیاوانەی بە ژنی کورد بەخشیوە. ئەوەی لە هەموو شت زیاتر گەڕۆکی سەرسوڕماو کردووە، بریتی بووە لە «سادەیی و سروشتیی نیگایان کە پاکی و سادەیی گیانیانی»[41] دەرخستووە.

بە شێوەیەکی گشتی، ژیانی کۆچەری سەرەڕای سەختی و ناڵەباری، سەربەستییەکی ڕێژەیی بە ژن بەخشیوە و کەسایەتی بەهێز کردوون و ئاشنای هەموو جۆرە کاروبارێکی کردوون. لە دوای مردنی مێرد یا باوک، ئەم ژنانە هەروەکوو ژنانی لادێش، توانیویانە سەرۆکایەتی عەشیرەت بکەن و نیمازێکی نموونەیی بۆ ژنی کورد پێکبهێنن. نموونەی ژنانی کوردی سەردار لە ناو ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسیدا زۆرە؛ ئێمە لێرە ناچینە ناو ئەم باسە و و بە پێویستی دەزانین لە وتارێکی تایبەتدا قسەی لەسەر بکەین.

## IV. ئەنجام

ژنی کورد لەناو ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسیدا ئامادەییەکی ڕاستەقینەی هەیە. هەر بەم ئامادەییەش لە خەیاڵی ڕۆژئاواییدا وەکوو مرۆڤێکی واقیعی نەک ئەندێشەیی، مرۆڤێک کە بینراوە و تێبینی کراوە نەک خەونی پێوەبینراوە، خۆی دەسەپێنێ. بۆ ناساندنی ژنی کورد، گەڕۆک پەنا ناباتە بەر خەیاڵ، بەڵکو پەنا دەباتە بەر نیبەت و خواستی خۆی. لە کاتێکدا لە سەدەی نۆزدەمدا ژنی کۆچەر و لادێیی زۆربەی ژنی

کورد پێکدەهێنن، گەڕۆک بە ئاسانی چاوی بەو ژنانە کەوتووە و سەرنجی لێداون بەڵام نەیزانیوە و نەیتوانیوە لە سایکۆلۆژییەتیان ورد بێتەوە، بۆیە زیاتر وەسف و بەراوردی کردوون. بە کردەی بەراوردکردن، گەڕۆکەکان زۆر بەلایانەوە گرینگ بووە ژنی کورد بەرز بکەنەوە و بەکاری بهێنن بۆ بەربەرەکانێی ئیماژی ژنانی دیکەی موسڵمان، بە تایبەتی تورک و فارس، کە کەمتر چاوی پێیان کەوتووە. لەم هاوکێشەیەدا، زۆربەی جار ژنی کورد بە خەیاڵ گەڕۆک دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەلتەر. ئیگۆی مێینە، واتە بۆ بیرکردنەوە لە ژنی ڕۆژئاوایی. لە ئەنجامدا ژنی کورد لە ژنی ڕۆژئاوایی نزیک کراوەتەوە و بە ئەو چوێندراوە؛ ئەمە نەک بۆ ڕێزلێنان لە تایبەتمەندییەتی ژنی کورد و حسێبکردنی بە مرۆڤێکی تەواو، بەڵکو بۆ تواندنەوەی (assimilation) لە ناو کەسایەتی ژنی ڕۆژئاواییدا: ژنی کورد بە ژنی ڕۆژئاوایی دەچێت، کەواتە هەیە. ژنی ڕۆژئاواییش بە پێی ئایدیۆلۆژیای باوی سەردەم پایەیەکی نزمتری هەبووە لە چاو پیاو و وەکوو «جیاواز و کەم» سەیر کراوە نەک وەکوو مرۆڤێکی کامڵ. هەروەکوو تزیڤتان تۆدۆرۆڤ دەڵێ: «پایە بەرزی پیاو لە چاو ژن وەکوو پایە بەرزی ئەوروپی وابووە لە چاو میللەتانی دیکە»[٤٢]. ئیماژی ژنی کوردیش لە خەیاڵی ئەوروپیدا لەم پەیوەندییە دیالێکتیکییەدا خۆی بەرجەستە دەکات. ■

**تێبینی:** ئەم باسە کورتەیەکی زۆر کەمی نامەی دکتۆراکەمە کە لە حوزەیرانی ١٩٩٧ پێشکەش بە زانستگای سۆربۆن ـ بەشی ئەدەبییاتی گشتی و بەراوردکاری کراوە. هەمان باس لە ٩ی تەمووزی ١٩٩٦دا لە زانستگای ئازادی بەرلین لە سیمینارێکدا پێشکەش کراوە و بڕیار وایە لە ساڵی ١٩٩٨ بە زمانی ئاڵمانی (لەگەڵ کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و باسی دیکە) لە شێوەی کتێب بڵاوبکرێتەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


1) Nouveau petit Le Robert; Dictionnaire de la langue française, DicoRobert, 1995.

٢) **ئێدوارد سەعید** بە سوودوەرگرتن لە فەلسەفەی میشێل فوکۆ لەمەڕ دەسەڵات و زانین بە کورتی دەڵێ ڕۆژهەڵاتناسیی بریتییە لە ئاخاوتنێکی پشت ئەستوور بە کۆمەڵێک زانیاریی ڕۆژئاوایی کە ڕۆژئاوا دەربارەی ڕۆژهەڵات و مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی هەیەتی و لەسەر بنچینەی دەسەڵاتی یەکەم بۆ سەر دووەم (ڕۆژئاوا بۆ سەر ڕۆژهەڵات) دامەزراوە. لەم بارەدا ڕۆژهەڵاتناسیی کۆمەڵێک حاڵەتی دژبەیەک دێنێتە کایەوە کە ڕۆژهەڵاتناس وەکوو دڕندە، ستەمکار، ناعاقڵانی پیشاندەدا و ڕۆژئاواش وەکوو عەقڵانی و دادوەر و ئەخلاقی، لە درێژەپێدانی ئەم ئاخاوتنەیدا، ئێدوارد سەعید دەیەوێ بیسەلمێنێ کە ڕۆژهەڵاتناسیی بەرهەمێکی زاتێکی(subject)ێکی ئیمپریالیی نێرە و ژنی تەنها ئامرازێکی حەز و فەنتازیای پیاوە:

Edward W. Said, Orientalism, Harmondsworth, Penguin, 1978.

3) Collete Julillard-Baudan, Imaginaire et Orient; L´écriture du desir, éd. I'Harmattan, Paris, 1996.

4) John Macdonald Kinneir, Journey throgh Asia Minor, Armenia, and Koordistan in the years 1813 and 1814 with remarks of the marches of Alexander, and retreat of the Ten Thousand, John Murray, London, 1818; Guisppe Campanile, Storia della regione de Kurdistan e delle sette di religione ivi esistenti, dalla Stamperia de Frattelli fernandez, Napoli, 1818.

5) Joseph P. de Tournefort, Relation d´un voyage du Lenvant, Imprimerie Royale, Paris, tome II, 1717, P. 266.

6) O. P. Galland, "La Géographie" in Bulletin de la Sociiété de Géographie, n°4, tome IV, 1901, P. 401.

٧) ژمارەیەکی زۆر لە گەڕۆکەکان ئەم ڕوانینەیان هەبووە و تۆماریان کردووە. بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی ژێرەوە کە نووسەر بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک گەشتنامە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا دەنووسێ «کورد هاوەڵی زۆر بێباکی پێغەمبەرن»ل١٣٧ لە:

Lucy M. J. garnett, Women of Turkey and thair Folklore, David Nutt, London, 1891.

٨) ئێزیدییەکان بە پلەی یەکەم سەرنجی ئەورووپییەکانیان ڕاکێشاوە کە باس و لێکۆڵینەوەیەکی زۆریان لەسەر کردوون. لە سەدەکانی ڕابردوودا، جگە لە قەشەی ئیتالی، گارزۆنی(١٧٣٤-١٨٠٤) کە لەناو ئێزیدییەکاندا ژیاوە و هەوڵیداوە لە باوەڕ و نەریتەکانیان بگات، سەرجەمی گەڕۆکەکان بە شێوەیەکی لاوەکی لەسەر ئەم بابەتەیان نووسیوە. زۆربەیان ئێزیدییەکان بە شەیتانپەرست و خراپەکار لە قوڵەم دەدەن. ئەم دیاردەیە هەندێ گەڕۆکی بردووە بەرەو بیروڕای پەڕگەگر؛ جول لۆکلیرکیی بەلجیکی لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا دەنووسێ:«ئیسلامیزمی کوردان بریتییە لە تێکەڵاوییەک لە شەعوەزەی نابەجێ». ل٢١٦ لە:

Jules Leclecq, Voyage au Mont Ararat, Plon, Paris, 1892.

9) Xavier Hommaire de Hell, Voyage en turquie et en Perse, éxécuté par ordre du Gouvernement français, pendant les années 1846-1848, P. Bertrand, Paris, 1854, tome I, P. 425.

10) Babtistin Poujoult, Voyage dans I´asie Mineure, en Mésopotamie, à Palmyre, en Syre, en Palestine et en egypte, tome I, Ducoliet libraire, Paris, P. 355.

11) Victor Fontanier, Voyage en Orient entrepris par ordre du gouvernement Français, de I´année 1821 à 1829, Libraire Universelle, Paris, 1829, tome I, P.P. 118-119.

12) Edmond le Cointé, "Les Kurdes", in Revue de Géographie, n°4, Octobre 1893, P. 271.

13) henry Binder, Au Kurdistan, en Mésopotamie et en Perse, mission scientifique du Ministre de I´instruction Publique, Maison Quantin, Paris, 1887, p. 117.

14) Issabella L. Bird Bishop, Journeys in Persia and Kurdistan, Including a summer in the Upper Karun region and a visit to the Nestorian Rayahs, John Murray, London, volum 2, pp. 192-193.

١٥) ڕۆژنامەی «ژیانەوە» کە یەکێتی ژنانی کوردستان بەم دواییە لە سلێمانی دەریدەکەن و سەرەڕای زاڵیی بیری حیزبایەتی، جەسوورانە بەرگری لە مافی ژن دەکات،

لە ژمارە پێنجیدا بۆ سەلماندنی مەزنیی کەسایەتی ژنی کورد هانا دەباتە بە ڕای ڕۆژهەڵاتناسان. بڕوانە: ژیانەوە، سەنتەری ڕاگەیاندنی یەکێتی ژنانی کوردستان، سلێمانی،ژمارە٥.

16) Martin van Bruinessen, "Mattriarchy in Kurdistan? Women Rulers in Kurdish History", in The International Journal og Kurdish studies, vol.6, n°1-2, 1993, pp, 25-39.

17) Alphonse de Lamartine, Voyage en orient, Furne, Jouvet&cie, Hachette&cie, Paris, 1868, -vol. I, p. 444.

18) James Baillie Fraser, Mesopotamia and assyrai from the Earliest ages to the present Time, New York, Harper&Brothers, 1842, p.278.

19) Baptisitn Poujoult, op. cit., pp. 354-355.

٢٠) مەلا مەحموودی بایەزیدی، داب و نەریتی کوردەکان، وەرگێڕانی د. شوکریە ڕەسول، بەغدا، ١٩٨٢. ل٧٥.

21) Claudius James Rich, Narrative of a residence in koordistan, and the site of Ancien Nineveh, with Journal of a Voyage down the tigres to bagdad and an account of a Visit to Shiraz and Perspolis, James Duncan, London, 1836, p.285.

22) Ferderick Millingen, Wild Life among the Koords, hurst&Blackett publishers, London, 1870, p. 245.

23) Guillaume-Antoine Olivier, Voyage dans I´empire Ottoman, I´Egypte et la Perse, fait par ordre du gouvernement pendant les six premieres années de la République, H. Ange, Paris, 1806, tome IV, p. 249.

24) F. Millingen, op. cit, p. 19.

٢٥) ئێمە لەم وتارەدا ناچینە ناو باسی ئیماژی حەرەمی کوردی و لە داهاتوودا باسێکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکەین. لەسەر ئەم بابەتە لە ئایندەیەکی نزیک وتارێکمان بە ئینگلیزی بەم ناوەی خوارەوە بڵاودەبێتەوە:

Kurdish Women in Harem: "The Image of Kurdish Harem in European Literature".

26) Claudius James Rich, op. cit., p. 285.

٢٧) زاراوەی «شەرەف»و «ناموس» دوو لێکدانەوەی جیا هەڵدەگرن: «شەڕەف» پایەبەرزیی و ناوبانگی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، بەڵام «ناموس» کە لە «nomos»ی یۆنانییەوە نزیکە، ئەو بەها ئەخلاقییانە دەگرێتەوە کە لە ڕەفتاری جنسییەوە سەرچاوە دەگرن. «بێ ناموس» ئەو کەسەیە کە لە کۆد و یاسا جنسییەکان لایداوە، بەڵام «بێ شەڕەف» ئەو کەسەیە کە بەها و سەنگی کۆمەڵایەتی نییە.

28) Lucy M. Garnette, op. cit., p.122.

29) Ibid, p. 124.

30) E. B. Soane, To Mesopotamie and Kurdistan in disguise, with historical notices of the Kurdish tribes and the Chaldeans of Kurdistan, John Murray, London, 1909, p. 397.

31) Ida Pfeiffer, Voyage d´une femme autour du mende en 1846 ou la vie aventureuse d´une puritaine, traduit de I´allemand par W. Sukau, arthaud, Grenoble, 1991, pp. 370-371; Isabella Bishop, op. cit., pp. 74-75.

32) Pietro Della valle, Les Fameux voyages de pietro Della Valle, Gentil-Homme Romain, vol II, p. 14.

33) "Kurdes et Kurdistan" in Encyclopédie de I´Islam, tome V, nouvelle édition, Lieden, E. J. Brill, p. 447.

34) H. Binder, op. cit., p. 178.

35) Charles Bélanger, Voyage aux Indes-Orientales par le Nord de I´Europe, (les Pronincės du Caucase, la Géorgie, I´Arménie et la Perse). suivi de détails topografique, statistique et autres sur la cap de Bonne-espérance, et St. Héléne pendant les années 1826-1829. puplié sous les auspices des Ministres de la Marine et de I´Intérieur, Paris, tome II, pp. 246-247.

36) Maréchal Helmuth von Moltke, Lettres du Maréchal de Moltke sur I´Orient (1836-1839), traduit de I´allemand, Sandoz et Fischbacher, Paris, 1872, p. 266.

37) W. R. Hay, two Years in Kurdistan, Sidgwick&Jackson, LTD, London, 1921, p. 43.

38) F. Millingen, op. cit., pp. 126-127.

39) F. Millingen, La Turquie sous la régne d´Abdul-Aziz (1852-18679, Librairie Internationale, Paris, 1868, p. 18.

40) Madame B. Chantre, A travers I´Arménie Russe, Hachette, Paris, 1983, p. 314.

41) F. Millingen, Wild Life..., op. cit., p. 308.

42) Tzvetan Todorov, Nous et les autres; la réflextion française sur la diversité humaine, Seuil, Paris, 1989, p. 417.

د. گوڵمورادی مورادی

# فەلسەفە و مەسلەکی ئەهلی هەق

وەگێرانەوە لە فارسی: هێرش

نێوی گەلانی سەر بە ئەهلی هەق لەگەڵ نێوی هۆزەکانی گۆران پێوندییەکی نەپچڕاوی هەیە. یانی لە ڕاستیدا هەموو ئەهلی هەقەکان لە گۆرانەکان بوون بەڵام هەمووی گۆرانەکان ئەهلی هەق نەبوون. چونکە ئەوجۆرەی کە لە تاریخی شەرەفنامەی میرشەرەفخانی بدلیسی (ل ٢٣، چاپی فارسی)دا هاتووە هۆزە سەرەکییەکانی کورد کە بەزمانی کوردی و بە لەهجەی جیاواز دەئاخفن بریتین لەچوار هۆزی کرمانج، لوڕ، کەلهوڕ و گۆران. لێرەدا مەبەست لە کرمانج بەشی زۆری ئەو کوردانەن کە لە کوردستانی تورکیا، سووریا و بەشێک لە کوردستانی عێراق دەژیین و هەروەها کوردە شکاکەکانی ئازەربایجانی ئێران و شوورەوی پێشوو. مەبەست لە هۆزەکانی لوڕ، خەڵکانی کوردی دانیشتووی بەشێک لە لوڕستانی ئەوڕۆن وەک: دێلفانەکان، دانیشتووانی پێشکۆ و پشتکۆ و خەڵکی شوانکارەی باشووری ئێران( شیراز و...). هۆزەکانی کەڵهوڕیش دانیشتووانی کوردی ناوچەی شائابادی غەرب، ئیلام، نەفت شاە و بەشێک لە گیلانیغەرب تا ناوچەی مێهران و... دەگرێتەخۆ. بەڵام هۆزەکانی گۆران کە بە پێی بەڵگەکانی مێژوویی و مەردمشناسی لە کۆنترین بەشی نەتەوەی کورد بە حیساب دێن، هێندێک لە زاناگەلی ئوڕووپایی تووشی زانیاریی هەڵە و بۆچوونی نەسەلماو کردووە و کوردنەبوونی گۆرانیان هێناوەتە گۆڕێ و لەوانە دەکرێ «ئۆسکارمان» و «کارل هادانگ»[١] نێوبەرین. ئەوان بە گوێرەی قسەیێکی «سترابۆن» مێژوو و جوغرافیزانی یۆنانی کە نزیکەی سەدەی یەکەمی پێش زایین نێوی گۆرانی هێناوە دەڵێن کە گۆیا سترابۆن لە ماد(پێشینیانی خەڵکی کورد)بوونی گۆرانەکان گومانی هەبووە، هەر بەو دەلیلەش ئەوان گۆرانەکان بە خەڵکی جێواری سەرزەوی کوردستانی ئەوڕۆ دەزانن کە پێش هاتنی مادەکان لەوێدا نیشتەجێ بوون! بە هەرحاڵ ئەگەر لەو بۆچوونانە چاوبپۆشین، هەموو ئێراناس و توێژەرە مەردمناسەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە گۆرانەکان لە هۆزگەلی بچووکتر پێکهاتوون کە سەرزەوییەکەیان تەواوی ناوچەی ڕۆژئاوای ئێران لە کەندوولە و دینەوەر و کرماشان ڕا تا دەگاتە ماهیدەشت و هەورامان و شاهۆ و داڵاهۆ و گاوارە و بیوەنیژ و قەڵخانی و زەهاو و تەنانەت خانەقین و بەشێک لە سولەیمانی و هەڵەبجە و درسیمی کوردستانی تورکیا(کە زازاکانی گۆرانی تێدا دەژیین) دەگرێتەوە. «کلاودیوس جیمز ریچ»[٢]یەکێک لە مەردمناسە ئوڕووپاییەکانی سەرەتای سەدەی نوزدەی زایینی، کوردەکان بەگشتی بە دوو لق دابەش دەکا: یەکیان هەوارچی و کۆچەرە مەڕدارەکان کە ئازا و شەڕکەر بوون و ئەوی دیکەش گوندنشین و وەرزێرەکان کە بە گۆران نێودەبران. «مینۆرسکی»[٣] و «باسیل نیکیتین»[٤] ئێراناسە بەناوبانگەکانی ئوڕووپایی ئەم سەدەیەش سەبارەت بە گۆران دەڵێن: «ئەو نێوە بە مانای دروستی وشە هۆزێکی سەرەکی دەگرێتەوە کە کێوەکانی باکووری جادەی بەغدا - کرماشان تا دەگاتە چۆمی سیروان(دیالە)لە باکوور و بەرزاییەکانی هەورامانی تەنیوەتەوە. شوێنگەلی بچووک و بەرتەسکی دیکەی لەهجەی گۆرانی(لە زمانی کوردیدا) هەیە کە سەرەڕای گۆرانەکان لەلایەن زازاکان (دوملی)یشەوە لە درسیم قسەی پێدەکرێ».

## ئەهلی هەقەکان کێن و مەڕام ومەسلەکیان چییە؟

یەکەمین پرسیار ئەوەیە کە: پێڕەوانی ئەهلی هەق چ کەسانێکن و لە کام ناوچەی کوردستان یان دەرەوە دەژیین؟ لێرەدا دەبێ بگوترێ مەزهەبی ئەهلی هەق یەکێک لە مەزهەبە نوێ داهاتووەکانی بەشێک لە کۆنترین هۆزگەلی کورد واتە گۆرانەکانە کە داهێنەر و مژدەدەرەکانی یان کورد بوون یان لوڕ. بەم پێیە هەر ئەوجۆرەی کە دینی ئیسلام لەپێشدا بە هۆی عەڕەبەکان هاتەئاراوە و پاشان لەلایەن نەتەوەکانی دیکە قبوڵ کرا، دەکرێ بڵێین ئەهلی هەقیش دین و مەزهەبی تایبەت بە کوردەکان بووە. ئەگەر ئەوڕۆ ئەو مەزهەبە لە نێو نەتەوەکانی فارس و ئازەری و تورک وعەرەبدا پێڕەوگەلێکی هەیە، لەوانەیە ئەوانە پاشماوەی ئەو کورد و لوڕە ئەهلی هەقانە بن کە بە دەلیلی شەڕگەلی ئیمپراتورییە سەرەڕۆیەکانی سەرزەوی کوردستان وەک لەشکرکێشی سەلجوقییەکان، مەغولەکان و هەروەها شەڕی ١٢٥ ساڵەی نێوان سەفەوی و عوسمانییەکان، بە ناچاری زێدی خۆیان جێهێشتبێ یان بۆ ناوچەگەلی دیکە پەرەوازەکرابن.

سەبارەت بە پانتایی جوغرافیایی پێڕەوانی ئەهلی هەق، دەبێ بگوترێ کە سەرزەوی لوڕستان وکوردستان بەتایبەت مەڵبەندە گۆران نشینەکان، شوێنی ئاقاری خاوەنبڕوایان و زێدی ئەو ئایین و مەسلەکە بە شێوەی ئەوڕۆیی بە حیساب دێن. زۆربەی پێڕەوانی ئەهلی هەق سەر بە گۆرانەکانی کوردستانن و بێ لەوەش هێندێک لە داب و نەریتی ئەو مەزهەبە ئێستاش لە نێو هۆزەکانی بە ڕەچەڵەک کوردی لوڕستان وەک دێلفانەکان پێڕەوی دەکرێ کە هەر لە زۆر کۆنەوە بۆیان ماوەتەوە.

ئەوەی پێوەندی بە ژمارەی نفووسی ئەهلی هەقەوە هەبێ، لە ڕاستیدا بە درێژایی مێژووی پێکهاتنی ئەو مەزهەبە، هیچکات سەرژمێرییەکی دروست لەوبارەوە نەدراوەتەدەست. بۆیە زۆرجار ژمارەی پێڕەوانی ئەو مەزهەبە لە گۆترە بەراوردکراوە. هەر لە سەر ئەو ئەساسە خاوەنڕایان

ژمارەی نفووسی ئەهلی هەقەکان نزیکەی ۲ تا ۲.٥میلیۆن لە قەڵەم دەدەن کە خۆی ئەوەش لە هیچ کتێبێک و نووسراوەیێک بە ڕەسمی تۆمار نەکراوە. بەڵام نووسەر لەسەر ئەم باوەڕەیە کە ئەمڕۆ تەنیا لە ئێران زیاتر لە ۲.٥ میلیۆن پێڕەوی ئەهلی هەق دەژین. دەکرێ ئەم ژمارەیە بە ئاسانی لە ڕووی سەرژمێریی نفووسی ئەو شار وگوندانەی کە ئەهلی هەق و عەلی ئەڵلایی یا عەلیوڵلایی تێدا دەژین، دیاری بکرێ. لەوانەشە پێڕەوانی ئەهلی هەق و کاکەیی لە عێراق، تورکیا، ئەرمنستانی سۆڤیەتی پێشوو و شوێنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە ١.٥میلیۆن بەراورد بکرێ.

مێژووی پێکهاتن و پەرەگرتنی ئەو مەزهەبە و پێوەندیی لەگەڵ ئیسلام و ئێزیدی و عەلەوی چییە و چۆنە؟ لەوبارەوە بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر لە گۆڕێدایە، هێندێک لە توێژەران هەوڵیان داوە لەلاییێک بە گوێرەی وەیەکچوون و هاوسانییەکی کە بەگشتی لە زۆربەی کەمایەتییە مەزهەبییەکانی وڵاتانی ئیسلامی کە باوەڕیان بە فەلسەفەی تێژیانەوەی ڕوح (دۆنادۆنی، تناسخ روح، تەسجیدی ڕوح)هەیە و لەوانە ئەهلی هەق و ئێزیدییەکان، بە دەورانی پێش ئیسلام گرێبدەنەوە و لە باری وەیەکچوونی مەرامییەوە ڕیشەی زەردەشتیگەری و مانیگەری و مەزدەکی یان بۆ بدۆزنەوە کە تاڕادەییێکیش بە ڕواڵەت واوێدەچێ؛ لە لاییێکی دیکەوە لە ئیسلام و شیعەی ئیمامییان گرێ بدەن کە هیچکامیان لەگەڵ ڕاستی یەکناگرنەوە. چونکە یەکەم؛ ئەو مەزهەبگەلە بەگوێری بەڵگە مێژووییەکان، ئاکامی جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانی دوای سەرکەوتنی عەرەبانن بە سەر ئیمپراتوری تێکشکاوی ساسانیاندا و دووهەم؛ بەپێی ئایەتگەلی قورئانی مەجید و ئوسوڵی دینی ئیسلام و شیعەی ئیمامییە، بەتەواوی ڕوونە ئەگەر کەسێک یەکێک لە دەستوورەکانی دینی وەک نوێژ و ڕۆژوو و ... بەڕێوەنەبا یان لە پێنج ئەسڵی دیندا تووشی شک وگومان بێ، ئەوا ناتوانێ نە شیعە بێ و نە سوننی. لە حاڵێکدا ئەهلی هەق و ئێزیدییەکان و زۆربەی عەلەوییەکان نە تەنیا پێنج فەرزەی نوێژ و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بەجێناهێنن، بەڵکوو بە دۆنادۆنی و دەرکەوتنی خودا لە جەستەی ئینسانی سەرزەویدا باوەڕیان هەیە کە ئەوە خۆی لەگەڵ ئەسڵەکانی دین چ شیعە و چ سوننی دەکەوێتە ناکۆکییەکی تەواوەوە. کەوابوو، بڕوا بە تێژیانەوەی ڕوح کە بە قەرا مێژووی بەشەر کۆنە و لە زۆربەی دینەکاندا ڕیشەی هەیە، یەکێک لە ئەسڵەکانی باوەڕی ئەهلی هەق و ئێزیدی و عەلەوییەکانە.

ئەوانە وەک هەموو باوەڕهێنەران بە دەرکەوتنی زاتی خودا لە نێو لەشی ئینسانی سەرزەویدا، چ پێش ئیسلام و چ پاشان، لە سەر ئەو بڕوایە بوون وهەن، کە خودا بۆ ناساندنی خۆی بە بەندە دڕدۆنگ و بەگومانەکانی، زاتی خۆی دە جەستەی پاکترین و بە بڕواترین مەخلوقەکەیدا دەنوێنێ کە خەڵک لە سەر زەوی ڕێنوێنی بکەن. ئەو هاوسانییە یەک ئەسڵییە یان وەیەکچوون لە هێندێک نەریت لەگەڵ جەریانە مەزهەبییەکانی پێش ئیسلامیش ناتوانێ ببێتە هۆی لەمێژینەی مەزهەبەکانی ئەوڕۆیی.

لەڕاستیدا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە مەزهەبییەکانی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت ئەوانەی ئێران کە دوای سەدەی یەکەم تا ئاوای سەدەی پینجەمی کۆچی دەگرێتەوە، پاش زاڵبوونی ئیسلام بە زەبری شمشێر لەو سەرزەوییانەدا، وەک شێوەی بەرەنگاریی و خۆڕاگریی لە ئاست بیانیاندا لە قاڵبی دوو جووڵانەوەی خەواریج و غولاتی زه خەلافەتی عەلی پێکهاتبوون. وەک ئەوجۆرەی مێژوو دەیسەلمێنێ خەواریج و غولات یش هەرکام ١٧ تا ٢٠ تاقمیان لێدەبووەوە. هێندێک لەوان لە ژێر ئاڵای ئیسلام لە دژی ڕێبەران و خەلیفەکانی ئیسلامیدا بزووتنی چەکدارییان دەکرد کە هێندێکیان بریتی بوون لە: جووڵانەوەی **ڕەشپۆشەکان** (ئەبوموسلیمی خۆراسانی)، **سپیپۆشەکان**(ئەلموقەننەع)، **سوورپۆشەکان** (بابەکی خوڕەمدین) و **قەرمەتییەکان**(عەبدوڵا بنی مەیمونی ئەهوازی). هێندێکی دیکە لەوان وەک جووڵانەوەی سۆفییایەتی ودەروێشایەتی دەستیان بە بەرەنگاریی دمەلاسکەیی کرد و ئەغڵەب هەوڵیاندا بە قیمەتی گیانیش بێ لە فەرمانگەلی ڕاسپێردراوانی خەلیفەکان سەرپێچی بکەن. هەر لە سەدەی یەکەمی حکوومەتی ئیسلامی لە ئێراندا، چەند کەسێک لە ڕێخواز و غولامانی عەلی بنی ئەبوتالب و دواتر بەشێک لە جیابۆوەکانی جووڵانەوەی غولات کە لە خەباتی چەکداریدا بەشدارییان نەکرد و گیانی خۆیان دەربازکرد، ڕێبازی تێژیانەوەی ڕوح(دۆنادۆنی)یان لە نوێ بوژاندەوە و پەرەیان پێدا و لە گوتەڵۆکی خۆیاندا جەختیان دەکرد کە زاتی خودا لە لەشی عەلی بنی ئەبوتالبدا دەرکەوتووە. لە ئاڵاهەڵگرانی ئەو ڕێبازە، دەکرێ نوسەیر(نصیر) یەکێک لە مریدانی عەلی و حەسەنی بەسری سۆفی بەنێوبانگی سەدەی یەکەم و دووهەمی کۆچی دەستنیشان بکرێ. لێرەدا دەتوانرێ مێژووی ئەهلی هەق لە پێکهاتنی ئیسلامەوە تا ئەوڕۆ، بە سەر چوار قۆناغدا دابەشکرێ کە هەرکام تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. لە مەودای هەرکام لەو قۆناغانەدا، دەروێشگەلی خاوەنزات دەرکەوتوون و بە نهێنی مەسلەکی خۆیان برەوپێداوە و زاتی خودایان لە سەرزەوی مژدەداوە، بێ ئەوەی دەورەی کاملی دەرکەوتن (حلول) ڕابگەیێنن.

دەورەی یەکەمی پێکهاتنی ئەهلی هەق هەروەک ئاماژەکرا، لە زەمانی عەلی بنی ئەبوتالب تا ئاوای سەدەی پێنجەمی کۆچی یانی تا دەرکەوتنی شاخۆشینی لوڕستانی دەگرێتەوە. دەورەی دووهەم لە نیوەکانی سەدەی پێنجەم تا نیوەی دووی سەدەی حەوتەمی کۆچی وەخۆدەگرێ. دەورەی سێهەم لە سەرەتای دەرکەوتنی سوڵتان ئیسحاق/سەهاک( دوای سەدەی حەوتەم) تا سەدەی سیزدەهەمی کۆچی یانی تا هاتنی سەید براکەی گۆران(دەورەی یەری تەنی) درێژەی هەیە. دەورەی چوارەم لە نیوەکانی سەدەی سێزدەهەم یانی لە هاتنی سەید براکە تا سەردەمی ئێستا دەگرێتەوە.

لە درێژەی باسەکەدا دەتوانین بێژین تەنیا پێوەندییەک کە لە نێوان مەزهەبگەلی ئەهلی هەق و ئێزیدی و عەلەوی لەگەڵ ئیسلامدا هەبێ، پەرستن و پیرۆزیی هێندێک لە ئیمامەکانە ، وەک: عەلی بنی ئەبوتالب، حەسەن و حوسێن کوڕانی عەلی و عەلی بنی موسا ئەلرەزا. لە بارەی پەرستن و نەریتی مەزهەبی و کردەوە و ئاکاری دینی، ئەوانە تەواو لەگەڵ ئیسلام جیاوازن. جیاوازیی نێوان ئەهلی هەق و ئێزیدیش وەکوو جیاوازیی نێوان شیعە و سوننی یان کاتۆلیک و پرۆتستان وایە. بە واتایەکی تر دەکرێ بڵێین ئێزیدییەکان لقێکی ئەهلی هەقی دەورەی شاخۆشین بوون کە لە نێوچۆمان (بين الانهرين) و ناوچەی سنجار لە ژێر هیدایەت و ڕێبەرایەتی شێخ عەدی(هادی) بنی موسافیر(مظفر)دا ژیاون و بەهۆی پچڕانی پێوەندی لەگەل لقەکانی دیکەی ئەهلی هەق، وردەوردە ڕێوشوێنی مەزهەبییان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. شتێک کە عەلەوییەکان بگرێتەوە، لە ڕاستیدا بەشێک لەوان عەلەوییە جیابۆوەکانی غولات و

بەشێکیشیان پێڕەوانی سوڵتان ئیسحاق بوون کە دوای کوژرانی وی بە دەست سوننییە ویشکەڕۆیەکان (١٤٠١ز)، بە ناچاری بوونە هەواخوازی شێخ سەفیەدینی ئەردەوێلی و لە ژێر ئالای بەرگریی لە کوڕانی عەلی بەنهێنی مەسلەکی خۆیان ڕەواج پێدەدا. ئەوانە لە ئەسڵدا، بوون بە لقێک لە شیعەکانی **شا ئیسماعیلی سەفەوی** کە دواتر هەوڵیاندا پلەی خودایی بۆ شا ئیسماعیل لە هەڵابدەن. پرسیارێکی دیکە لە سەر ئەو ئەساسە ئەوەیە، کە ئەسڵ و کۆڵەکەی دینی ئەهلی هەق چییە؟ وەک نوێژ و ڕۆژوو... لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین کە فەلسەفە و مەرامی ئەهلی هەق وەک تەواوی فەلسەفە و مەسلەکی دینەکانی دیکە، کۆمەڵە ویست وخوازێکی ناوەکیی و ڕەوش وشێوە ئاکارێکن کە بە زمانی ئەڵلایی(ڕوحانیی، ئیدەئالیست)ەکان، بۆ ژیانی دنیا و ئاخیرەت و، بە زمانی دنیایی(دەهرانیی، ماتریالیست)ەکان بۆ بەیەکەوە ژیانیی مرۆڤگەلی خاوەن ویژدانی ئاسوودە و پێشگیری لە بێعەدالەتی نێوکۆمەڵگەی ئینسانیدا بەکاردەهێندرێ کە بە هۆی گەورەترینی ئەو ئینسانانە(پێغەمبەران و زانایان) بۆ **«پەرستن»**(عەبدایەتی) و **«وەخۆکردن»**(خودایەتی)لە ژێر نێوی کتێبی پیرۆز و فەلسەفەییدا ڕێکوپێک کراون. فەلسەفە و ئایینی ئەهلی هەقیش لە دەفتەرگەلی **«پیرۆز»** و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا نووسراوەتەوە و بەتێکڕایی لە **«زەبووری حەقیقەت»**دا کۆکراوەتەوە. بێجێ نابێ ئەگەر لە نواوە تاریفێکی وشەییش لە زاراوەی ئەهلی هەق بدەینە دەست، کە لە ئەسڵدا بۆچی بە ڕێخوازانی ئەو مەزهەبە دەگوترێ ئەهلی هەق؟

ئەو زاراوەیە وەک ئاشکرایە لە دوو بەش پێکهاتووە کە هەرکام بە تەنێ سفەتێکە و نێوێک. «ئەهل» بە مانای شیاو و لێهاتوو، هەروەها مانای خێزان و بنەماڵە یان ئەندامی سەر بە خێزانێک، هۆزێک یا شارێک دەگەیێنێ. «هەق» مانای ڕاست و دروست و عەدڵ دەدا و نێوێکیشە بۆ «خودا». کەوابوو، ئەهلی هەق یانی ڕێبوارانی هەق یا کەسانی سەر بە «خودا»، یان ئەو کەسانەی کە لە پێناو ڕاستی و دروستی و هەق و حەقیقەتدا هەنگاو داوێژن. ئەساسی فەلسەفەی ئەهلی هەق لە سەر تێژیانەوەی ڕوح(دۆنادۆنی) دامەزراوە کە بێشک ئایینی بودایی هیند و ئاسیای نێوەڕاست تێیدا بێ تەئسیر نەبووە.

لە ئایینی ئەهلی هەقدا باوەڕ وایە کە ئەو گۆی زەوییە ژیاندەر و بوژێنەری گیاندارانێکە کە لە ماکەگەلی نووری خۆر پێکهاتووە و لە سەرەتاوە بە شێوەی گرمۆڵەییێکی دەڵەمەی تووەاو بووە بەڵام پاشان دوای میلیۆنان ساڵ لە مەودای زەماندا بووەتە تۆپەڵەییێکی مەیوەی گوشراوە و شوێنی ژیان. جا چونکە خودی خۆر بە پێی هەڵبەستەکانی «زەبووری حەقیقەت» لە ماکەگەلی ئاماڵ دوڕگومبەزی(شوێنی قودرەتی لایەزاڵ یانی خالق) پێکهاتووە، کەوابوو بۆ ئەوان ئەو خۆر و مێهرە شیاوی کرنۆش و پەسنە. لە ئەسڵدا خۆرپەرستی و ڕاستی و پاکی کە زەردەشت یەکەمین پێداهەڵدەری بووە، هاتووەتە نێو دین و فەلسەفەی ئەهلی هەق و، ڕێکایەتی و وێڕایەتییەکەشی لە مەزدەکەوە سەرچاوەی گرتووە. پایە وکۆڵەکەی دینی ئەهلی هەق، لە سەر تێژیانەوەی ڕوح (دۆنادۆنی) دامەزراوە، یانی ڕوحی ئینسان لە دوای مەردندا کە لە لەش دەردەچێ، نە دەفڕێتە بەحەشت و نە دەچێتە دۆزەخ، بەڵکوو دە لەشی بێچوویێک لە گیانداران ولە منداڵدانی دایکدا دەگوورێ(دەردەکەوێ). بە واتایەکی دی بەحەشت و جەحەندەم بە لای ئەهلی هەقەکانەوە هەر لە سەر خودی زەوییێ. لە «زەبووری حەقیقەت» لاپەڕەی ١٨٣٨(١٨٤٣)دا لەوبارەوە لە زاری هیندوو یەکێک لە ڕێخوازانی شاخۆشین هاتووە:

**یا شاه اولم تو بودی آخرم تو باشی/ بقطره آب منی مارا کردی نقاشی**

**ما با بهشت و دوزخت کاری نداریم/ امیدم ایدن تو با مــــا باشی***

«پوریای وەلی» لە سۆفییەکانی سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی کە باوەڕی بە تێژیانەوەی ڕوح هەبووە، لەوبارەوە گوتوویە:

**بهشت و دوزخت با تســت در پوست**

**چرا بیرون ز خود می جوئی ای دوست****

بە باوەڕی ئەهلی هەقەکان، سزای کردەوەی ئینسان نە بە بەڵێنی حۆرییەکانی بەحەشت بەستراوەتەوە و نە بە ترساندنی ئاگری جەحەندەم، بەڵکوو لە سەر خودی زەوی یە. بە قەولی فەیلەسووفی نیشابوور، عومەر خەیام:

**دوزخ شرری ز رنج بیهودهء ماست**

**فردوس دمی ز وقت آسودهء ماست*****

هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ تێژیانەوەی ڕوح و بێباکی لە مەرگ، شێخ ئەمیری زولەیی لە «زەبووری حەقیقەت» (ل٢٠٢٥و٢٠٥٦)دا دەڵێ:

**مێردان نەتەرسان جەی سیاسەتە/ تەسلیم گیانان چوین قویطە بەطە**

**هەر کەس بزانو شون جامەی ویش/ نە کوچ ڕەو ڕەو نەدارو ئەندیش**

لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا ئەهلی هەقەکان بۆ نزیکی لە خودا یا خالق، یانی خۆناسیی و خوداناسیی و دوری لە خەتەری دۆزەخی دنیایی یانی ترس لە دەرکەوتن بەشکڵی ئاژەڵی دڕ، ئەرکە مەزهەبییەکانی خۆیان ڕادەپەڕێنن وەک سەرئەسپاردن بە «پیر» و بەجێگەیاندنی نەزر و نیاز، حەوتووی جارێک لە شەوانی هەینی وێڕای زیکر وکەلام و هەروەها ساڵی سێ ڕۆژ گرتنی ڕۆژووی خاوەنکار(خالقی جیهان) لە مانگی نێوانی زستان. بێ لەوانەش، جێژنی قوربانیش دەگرن کە لە موسوڵمانان وەرگیراوە. لە ئایینی ئەهلی هەقدا بالاترین عیبادەت بەهێندنەگرتنی جەستە و خوازەکانی ناوەکی یە، بە گوێرەی ئەو باوەڕە، بەرەلاکردنی هەوساری نەوس و مەیدان دان بۆ هەوەس، مرۆڤ بۆ ڕێی هەتلە و شاوەتپەرستی هەڵدەدێرێ.

**ئەزەلی پێش ئافراندن**

شیاوی گوتنە کە بە پێچەوانەی دینەکانی دی، ئەزەلی پێش ئافراندن بۆ ئەهلی هەقەکان مەسەلەیەکی گرینگ بووە کە سەرنجیان داوەتێ. هەروەک ئاشکرایە، هەموو دینەکان لە کتێبی پیرۆزی خۆیاندا تەنیا لە ئافرانی ئادەم بە دواوە دوواون و لەم کتێبانەدا بەدەگمەن قسە و پرسیارێک لە سەر ئەزەلی پێش ئافراندن و و ئافرێنەری جیهان هاتووەتەگۆڕێ. بۆنموونە تەورات لە بابی یەکەم(سەفەری ئافران) ئایەتی هەوەڵ ئاوا دەستپێدەکا: <u>لە پێشدا خودا عاسمانەکان و زەوی ئافراند</u> و هتد... کە ئەو داستانە لەلایەن مەسیح و مەسیحییەکانیشەوە قبوڵە.

---

* شای یەکەمم تۆ بووی و ئاخریش هەر تۆی/ بە قەترێک ئاوی مەنی ئێمەت ڕەنگاندووە. ئێمە کارمان بە بەحەشت ودۆزەخ نییە/ هیوای ئێستامە تۆمان لەگەڵ بی.

** لە گیانی خۆت دا دۆزەخ و بەحەشت/بۆ لێی دەگەڕێی لە دەر و لە دەشت

*** دۆزەخ هەر ئاوری ئەو ڕەنجەیی بەریامانە/ ئەو بەحەشتەی کەدەڵێن خۆشیی ئێستامانە.

زەردەشت لە ئاڤێستادا قسەی خۆی بە پەسنی ئەهورامەزدا لەمەڕ ئافرانی جیهان دەستپێکردووە ولە بارەی ئەزەلی پێش ئافران شتێکی نەگوتووە. ئەوجۆرە کە لە کتێبی: «مەکتبهای فلسفی هند»ی **داریوشی شایگان** دا هاتووە، مەکتەب و مەزهەبگەلی هیندی قەدیمیش، باوەڕیان بە گریمانەی بازنەیی بوونی جیهان هەبووە و ئەو شێوەیان وەک خولێکی ڕێکوپێک ـ لەناوبردن و ئافراندنی پەیتاپەیتا دیتووە. لە قورئانی مەجیددا شەرحی ئافرانی جیهان نەهاتووە، چونکە پێغەمبەری ئیسلام، خۆی بە درێژەدەری ڕێگەی پێغەمبەرانی پێشوو و خاتەمی ئەنبیا زانیوە، داستانی ئافرانی لە تەوڕاتدا قبوڵ کردووە. کەوابوو بە ڕاشکاوی دەکرێ بڵێین پێشڕەوانی ئەهلی هەق لەو ئاوارتە ڕێبەرانە بوون کە ئەزەلی پێش ئافرانیان باسکردووە و خستوویانەتە ژێر پرسیارەوە. ئەوان لە کتێبی پیرۆزی خۆیاندا، لەوانە دەفتەرگەلی **پردیوەری** (سەرئەنجام، دیوانی گەورە یا دەفتەری خەزانە)، دەفتەری **دەروێش ئەمیری زولەیی** و دەفتەرگەلی **یەری تەنی** بەتایبەت دەفتەری **نەورۆز** کە سەرجەم لە **«زەبووری حەقیقەت»**دا کۆکراونەوە؛ ئەزەلی پێش ئافرانیان بێبڕانەوە زانیوە و ئەوهایان لێکداوەتەوە کە خودا یا هێزی لایەزاڵ لە مەکۆیەکی خەیالاویی( هیچکەس نەزان) یا بە زمانی فەیلەسووفان (ناکوێ ئاوا) ژیاوە و گەردوونی لەبڕاننەهاتوو لە حاڵی وەستان و سەکنانی پەتیدا قەراری گرتووە. بە پێی فەلسەفەی ئەهلی هەق، ئەو ئافرێنەرە دوای ماوەیەکی نادیار، بە قەولی دەروێش نەورۆز لە «زەبووری حەقیقەت»:

چەندی نی مابەین بی تەعریف پویچ/ ویش زانا چەند سال صەد هزار یا هویچ)، لە مەکۆی ناکوێ ئاواوە دەرکەوتووە و گەردوونی ڕێککردووە و چوار فریشتەی لە زاتی خۆی ئافراندووە و خۆی بۆ ماوەی حەفتا هەزار ساڵی دەفتەری خزاوەتەوە ناخی دوڕ کە هەر ساڵێکی دەفتەریش بە گوتەی دەروێش نەورۆز، بەرانبەر بە سەد ساڵی خۆری یە:

یا شاە نەلای تۆ صەد ساڵ و ساتێ/ئەسیرم نەکەی نە سەر بەساطێ

هەروەها دوای ڕێککردنی مەکۆگەلەکانیش، ئەو جیهان و گەردوونە هەروا لەو حەفتاهەزارساڵە دەفتەرییەدا لە حاڵی وەستاندا ماوەتەوە و تەنانەت گۆی زەوی کە دوای ئافراندنی ئەوپەڕی سروشت لە ترووسکەی نووری«دوڕ» یان خۆر پێکهاتبوو، تا ماوەیەکی زۆر دووروودرێژ وەکوو دەڵەمەیێکی نەرم و بێ ژینەورە هەبووە و تازە لەماوەی سەد هەزارساڵی دەفتەری(٨٧ میلیارد و ٦٠٠ میلیۆن ساڵی خۆریی)دایە کە ئینسان و بوونەوەری دیکە خوڵقاون. دەروێش نەورۆزی سۆرانی یەکێک لە دەروێشە هەڵکەوتووەکانی دەورەی یەری تەنی، جیهانی پێش ئافرانی بۆ پێڕەوانی ئەهلی هەق و پرسیار لە یاران کە لە زەبووری حەقیقەت دا هاتووە، ئاوا دەردەبڕێ:

**یاران چیش بینە؟ ......**
**سەرئەنجام قال ئەزەل چیش بیەن؟**
**بەیا و بەست جەم جیهان کیش بەین**
**بیشتر نەساختەن تەنها ویش بیەن**
**نە بەحر بی نە بەڕ نە ئەرض نە سەما**
**نە ئب نە ئاتەش نە خاک چەنی با**
**نە تاریکی تار نە روشن چوین ڕۆ**
**نە زەنگی سەواد فەرەنگی دەهۆ**
**نەساڵ بی نە مانگ نە فەصل چواررەنگ**
**نە وەقت نە بی وەقت نە زو نە درەنگ**
**نە بەرز بی نە نزم نە لیز نە مکان**
**نە بەیضە دوڕ بی نە بەحرولعومان**
**ئەوسا جای موقام مەعواش نەکو بی؟**
**گوشە گای لانەش نەکام بسوبی؟**
**هەر کەس بزانو جاگە شون دوڕ**
**هم شیر مەستەن هم سەیف سەنگ بڕ**
**قاصید پەردە دڕ سڕ خودائی**
**قناتچی قودرەت نەگاو تا ماهی**
**چوار مەلەک ژ نور ساخت نە جەسەی سڕ**
**ویش شی نە مەکتەب بەطن دەریای دوڕ**

دوای ئەوەیکە قودرەتی لایەزاڵ، چوار فریشتەی لە زاتی خۆی ئافراند و پاش دانی نیشانە و وەعدەی دەرکەوتن، ئەوان لە گەردوونی لەبڕاننەهاتوو بەرەڵا دەکا و خۆی لە ناخی دوڕدا قەراردەگرێ کە پاش ماوەیەکی نادیار و گەیشتنی کاتی دەرکەوتن، دەست بە خوڵقاندنی ئەستێرەگەڕۆکەکان دەکا. لە زەبووری حەقیقەت و لە زمان دەروێش نەورۆزەوە، شەرحی ئەو ئەستێرەگەڕۆکانە و لەوانە خۆر و زەوی، ئاوا هاتووە:

**جمنان جەیحون دەجلە حجەر بڕ**
**دوڕش دوڕنا بەر ئاما نە دوڕ**
**گەرد میناییش نیشت نە روی ڕەواق**
**سەقام دا نە فەوق هەفت تەختەی ئافاق**
**ئەوسا فەنا کرد ظولمات نە روی سەر**
**نە سەر جوش دوڕ سازنا ئەختەر**
**ویش نیشت نە ڕەواق بورج هەفتەمین**
**هەی کرد و موعجز گەرەسا زەمین**
**ئەوسا چوار مەلەک حوالەی فەرمان**
**کردش وە ئیلچی ئەرض و ئاسمان**

لەو جێیەڕا کە ئەهلی هەقەکان باوەڕیان بە پەرەسەندن (تەکامول)ی جیهان و ئینسان هەیە، هەر بەو پێیەش باوەڕیان وایە کە عیبادەت و پەرستنیش قۆناغی تێهەڵچوونەوە و پەرەسەندن تێپەڕ دەکا. یانی پرۆسەی ژیانی مەزهەبی بە سەر چوار قۆناغی: شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت و حەقیقەتدا دابەش دەکەن کە هەر قۆناغێک لە ئی پێشتری خۆی پەرەسەندووترە.

١) قۆناغی شەریعەت لە پێکهاتنی جیهان تا دەورەی ئاخرین پێغەمبەری ناردراو یا خاتەمولئەنبیا، درێژەی هەیە. قۆناغی شەریعەت قۆناغی بەجێگەیاندنی ڕێوشوێن و قانوونەکانی مەزهەبیی گونجاو لە کتێبی پیرۆزی دێریندا، لە ئەرکە بەرچاوەکانە و پەرستنی پەتیی خالق یا ئافرێنەری جیهان بۆ ئینسان ئەرکێکی کراو و پێویستە، بە قەولی مەرحوم **نوور عەلی ئیلاهی** لە مەکتەبی ئەهلی هەقدا، عیبادەتی شەریعەت وەک پێنج فەڕزەی نوێژ لە ئیسلامدا بە کێڵانی زەوی بۆ زەرعات و ئەزرو نیازی ئەهلی حەقیقەت وەک تۆوداچاندن لەو شێوەردەدا لە قەڵەم دەدا. هەمدیسان بە قەولی وی، قۆناغی شەریعەت، مرۆڤ لە کاروئاکاری خراپ و ناڕەوا دەپارێزێ و عابیدەکانی دەورەی شەریعەت بە عابدین من الله نێودێر دەکرێن(برهان الحق، ل ١٣٨-١٣٩).

٢) قۆناغی تەریقەت لە دەورەی عەلی بنی ئەبوتالب تا دەرکەوتنی شاخۆشینی لوڕستانی یا موبارەکشا(سەرەتاکانی سەدەی پێنجەمی

کۆچی) دەگرێتەخۆی. ئەو قۆناغە، بڕینی ڕێگا یا دیاریکردنی بەستێن بەرەو خودایە. ئەهلی هەقەکان، دەورەی سۆفیگەریی سەدەی یەکەم ودووهەم و سێهەم بە تەریقەتەکانەوە گرێدەدەن.

٣) <u>قۆناغی مەعریفەت</u>، دەورەی شاخۆشین تا دەورەی سوڵتان ئیسحاق/سەهاک (سەدەی حەوتەم وهەشتەم) دەگرێتەوە. ئەو قۆناغە بە قۆناغی عیرفان و ڕووەرگێران لە دنیا و پێداویستییەکان لە قەڵەم دەدرێ. دەڵێن کە ئینسان بە بڕینی ڕێ و بەستێنی دروست، لە ڕووناکایی نزیک دەبێتەوە. نوێنەرانی تەریقەتی و مەعریفەتی، دەکرێ بڵێین زۆربەیان، لە پێداهەڵدەرانی ئینسان خودایی(یەکیەتی هەبوون/ پانتەئیسم) بوون کە لەوانە دەکرێ حوسێنی بنی مەنسووری حەللاج، حافزی شیرازی، عەتتار، مەولەوی، فەزلوڵڵا نەعیمی و عیمادەدینی نەسیمی دەستنیشان بکرێن. حافزی شیرازی کە جێی ڕێزی ئەهلی هەقەکانە، دەڵێ:

**در طریقت هرچە پیش سالک آید خیر اوست**
**در صراط المستقیم ای دل کسی گمراه نیست***

٤) قۆناغی حەقیقەت کە لە دەورەی سوڵتان ئیسحاق/ سەهاکەوە دەستپێدەکا، قۆناغی پەرەسەندووی خۆناسیی وخوداناسی یە. ئینسان هەست بە هەق و حەقیقەت دەکا و مان لە نەماندا دەدۆزێتەوە. بە دەستپێکردنی ئەو قۆناغە، ڕێوڕەسمی شەریعەت یانی نوێژ و ڕۆژووی ڕەمەزان و تازیەکانی مەزهەبی و... بۆ ئەهلی هەقەکان پێویست نییە. هەروەک پێشتر گوترا نەزر و نیاز و زیکر و کەلام شوێنی عیبادەتی شەریعەت پڕ دەکاتەوە. عەتتاری نیشابووری دەڵێ:

**تونی اصل حقیقت در طریقت/ کە پیدا آمدستی در شریعت**
**خدائی داری و اینجا ندیدی/ کزان مخفی بماند ناپدیدی**
**انا الحق زن تو اندر عالم دل/ بە جملە برگشای این راز مشکل**
**زحق در حق بقای جاودان یاب/ نظر کن خویش را و جان جان یاب****

بە پێی ئایینی ئەهلی هەق کە لە دەفتەرگەلی پیرۆزدا گونجاوە لە ئافرانی جیهان و ئینسان تا ئەورۆ تەنیا پێنج جاران دیوانی بەرزی یارانی حەقیقەت یانی حوزوری خودا لە گەڵ هەموو فریشتەکانی بارەگای لە سەرزەویدا(دەورەی کامڵی تێژیانەوە/تناسخ)بەدیهاتووە. دوو جاران لە قۆناغی شەریعەتدا (دەورەی ئادەم و عەلی بنی ئەبوتالب) جارێک لە سنووری نێوان تەریقەت و مەعریفەت(دەورەی شاخۆشین) و دووجارانیش لە قۆناغی حەقیقەتدا(دەورەی سوڵتان ئیسحاق/سەهاک و سید براکەی گۆران). ئەوجۆرەی کە دەفتەرگەلی حەقیقەت بۆمان دەردەخەن: خودا لە ڕۆژی ئوا (ئەزەل)تا ڕۆژی دوا (ئەبەد) یا ئاخری زەمان، ١٠٠١ جار لە جەستەی ئینسان لە سەر زەویدا دەردەکەوێ کە لە هەزارویەکەمین دەرکەوتندا، ئاخرین دیوانی بەرزی یارانی حەقیقەت پێکدێ و دوای هەڵسەنگاندنی خێر و تاوانی مەخلوقان لە قۆناغگەل و جەستە جۆراوجۆرەکاندا، جیهان دەگێڕدرێتەوە سەر دۆخی پێشووی.

لێرەدا بە ڕوونی جێشوێنی فەلسەفەی بازنەیی زوروانیزم کە لە ناخی مەزهەبی زەردەشت و لە زەمانی ساسانییەکاندا پەرەیگرت، دەبیندرێ. شیاوی گوتنە کە بەگشتی فەلسەفەی مەزهەبەکان، لە سەر ئەساسی تیۆری بازنەیی ژیان[٥] (دەور و تەسەلسول)وەک زوروانیزم و ئەهلی هەق، یان تیۆری ڕاستەکیی ژیان[٦]( ئەزەل تا ئەبەد) وەک مەسیحی و ئیسلام دامەزراوە کە تیۆری تێژیانەوەی ڕوح بەشێکە لە باوەڕی گروپی یەکەم واتە تیۆری بازنەیی ژیان.

پرسیارێکی دیکە ئەوەیەکە ئایا ڕۆژانی مەزهەبی ودینی کامەن؟ وەکوو ڕۆژی عاشوورا یان جێژنەکانی دینی و میللی وەکوو نەورۆز و ڕۆژە پیرۆزەکان. گەورەترین جێژنی مەزهەبی ئەهلی هەقەکان سێ ڕۆژ ڕۆژووی خاوەنکار لە ساڵدایە و دوایەش جێژنی قوربانە کە لە موسوڵمانان وەرگیراوە. گرینگترین جێژنی میللیش جێژنی نەورۆز و سەرەتای بەهارە. پاشان پرسیار دەکرێ کە پێوەندیی و تێکەڵاویی لە نێوان ئەهلی هەقەکان لەگەڵ هاوسێیانی شیعە وسوننی چۆنە؟ لە ڕاستیدا پێوەندی ئیتنیکی و نەتەوەیی ئەهلی هەقەکان لەگەل شیعە و سوننی خەڵکی کورد لە زۆر بارانەوە بەهێزترە لە پێوەندیی مەزهەبی نێو ئەوان. تەنیا هۆیەک کە ئەهلی هەقەکان بەنیسبەت مەزهەبەکانی دیکە، لە شیعە نزیکتر دەکاتەوە لایەنی ڕێز و پیرۆزبوونی هێندێک لە ئیمامەکانە. هەروەک گوترا، چونکە برەودەر و پێشەنگانی مەڕام و مەسلەکی ئەهلی هەق، وەک «نوسەیر» (لە ڕێخوازانی عەلی بنی ئەبوتالب) و حەسەنی بەسری، لە نزیکانی ئیمامی یەکەمی شیعەکان بوون، ئەوە بیروبۆچوونی شیعەبوونی ئەهلی هەقەکانی بەهێزتر کردووە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە ئەنجامی جیابوونەوەی یەک لەدوای یەکی غولات، گروپی نوسەیرییە کە ئەورۆ زۆربەی پێڕەوانیان لە سووریا و لوبنان دەژین لە مەزهەبی ئەهلی هەقی ئەوڕۆیی زیاتر نزیک دەبێتەوە. هەروەک «کلاوس مولێر» بە دروستی دەڵێ: نوسەیرییە کە بریتین لە دوو فیرقەی گرینگی شەمسییە و قەمەرییە(وەک ئەهلی هەقی ئەوڕۆیی) باوەڕیان وایە کە زاتی خودا لە گیانی عەلی بنی ئەبوتالب دا دەرکەوتووە.[٧] لویی ماسینون و براون لە لێکۆڵینەوەکانیاندا نزیکی و پێوەندیی عەلی ئەللایی یا عەلیوللایی و ئەهلی هەقەکان لەگەڵ نوسەیرییە جەخت دەکەنەوە.[٨]

ئایاپێوەندی ئەهلی هەقەکان و کاکەییەکان چۆنە؟ لە ڕاستیدا کاکەییەکان لە قەدیمترین ئەهلی هەقەکانی سەر بە سوڵتان ئیسحاقن و لە باری مەسلەکەوە هیچ فەرقێکیان لەگەڵ ئەهلی هەقەکانی ناوچەکانی دیکەدا نییە. شیاوی گوتنە کە سوڵتان ئیسحاق کوڕی شێخ عیسای بەرزنجەیی لە نێو کاکەییەکانی کوردستانی باشوور دەرکەوت و خودامیوانیی ڕاگەیاند و دواتر بەرەو کێوەکانی هەورامان کۆچی کرد و ڕێکوپێککردنی کتێبی ئەهلی هەقی دەستپێکرد کە بە دەفتەری دیوانی گەورە یا دەفتەری «سەرئەنجام» ناسراوە. ئێستا بۆچی بەو بەشەی ئەهلی هەقی کوردستان دەڵێن کاکەیی؟ بەگوێرەی ئەو چیرۆکە مەزهەبییە بووە کە ئاوا هاتووە: گوایە وەختێک شێخ عیسای بەرزنجەیی یەکێک لە ڕێبەرانی مەزهەبیی ئەهلی سوننەت و باوکی سوڵتان ئیسحاق ویستوویە دارەڕای مزگەوتێکی بکا، یەکێک لە ئاڵوودارەکان لەوانی دیکە کورتتر بووە. شێخ لەگەڵ یەکێک لە مریدەکانی دەچێ دارێکی درێژتر بدۆزێتەوە، سوڵتان ئیسحاق لە غیابی باوکیدا بە داود یەکێک لە پێڕەوانی خۆی دەڵێ کە سەرێکی دارەکەی لە سەر دیواری ڕاگرێ و خۆشی سەرەکەی دیکەی بۆ لای دیواری ڕادەکێشێ و بە شێوەیەکی

←

* خوازەری ڕێگای تەریقەت چـــی بەسەربێ خێری وییە
قەت لە ڕێگای ڕاستەکی ئەی دڵ کەسێ گومـــڕا نییە
** ئەتۆی ئەسڵی حەقیقەت بۆ تەریقت/ کە دەرکەوتووی لە نێو دنیای شەریعەت. خوداییێکت هەیە و ئەتدیوە لێرە/ کە بۆ هەر نادیارێک چاوەدێرە. ئەنەلحەق تۆ بخە دنیای دڵ و ناو/ بەجارێ دەربخە ڕازی ئەدرکاو. لە هەق بۆ هەق وەدۆزە مانی مانان/ لە خۆتیدا وەبینە گیانی گیانان.

سەیروسەمەرە سەری دارە کورتەکە دەگاتە دیوار و تا شێخ دەگەڕێتەوە، بانەکەی دادەپۆشن. لە کاتی گەڕانەوەدا شێخ بە سەرسوڕماوی دەپرسێ ئەوە کاری کێ بوو؟ سوڵتان ئیسحاق لە وەڵامی باوکیدا دەڵێ: کاری کاکەت بوو. بە پێی ئەو ڕیوایەتە ئەهلی هەقەکانی کوردستانی باشوور نێویان بە کاکەیی دەرچووە.

ئایا لە نێو ئەهلی هەقەکاندا دابونەریتێکی تایبەت بەڕێوەدەچێ؟ بۆنموونە ڕێوڕەسمی ژنومێردخوازی، تازیە و... ئەوەیکە ئاشکرایە، کەمایەتییە مەزهەبییەکان بە درێژایی مێژووی ئیسلام، هیچکات ئەو ئازادییەیان نەبووە کە ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی و دابونەریتی خۆیان بەپێی مەرام و مەسلەکی خۆ بەڕێوەبەرن. کەوابوو، هەمیشە ناچاربوون لە ژێر سێبەری قانوونگەلی مەزهەبی خاوەندەسەڵاتدا بمێننەوە و بە گوێرەی وان بجووڵێنەوە. ڕێوڕەسمی ژنومێردخوازی لە ترادیسیۆنی ئەهلی هەقەکاندا ئاوایە کە کچ وکوڕێک دوای ڕازیبوونی دایک وباوکیان، بە پێشکێشکردنی چەپکە گوڵێک و ئاڵقەی دەزگیرانی دەبنە ژنومێردی یەکتر. ئەهلی هەقەکان ئەو سوننەتەیان لە خوڕەمدینییەکان و لەوانەشە لە قەرمەتییەکان وەرگرتبێ. هەروەها لە لە مەسلەکی ئەهلی هەقەکاندا تازیە مانای نەبووە، چونکە بەپێی باوەڕی ئەوان، مەرگ بریتی یە لەنوێ ژیانەوە و ئیدی گریان و هاتوهاوار پێویست ناکا. دیارە ئەوڕۆ ئەو دابونەریتە بەڕێوەناچن، چونکە ئەهلی هەقەکان ناچاربوون بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتی دین و مەزهەبی ئیسلام، ترادیسیۆنی خۆیان لەگەڵ مەزهەبی زاڵ بگونجێنن و ڕێوڕەسمی ئیسلامی ڕەچاوبکەن. ئەوەی گرینگە و لێرەدا دەبێ بگوترێ مەسەلەی بەیەکەوەژیانی هێمنانەی خەڵکەکانی ناوچەیە لەگەڵ یەکتر و، لەو جێیەڕا کە بڕوا و باوەڕە مەزهەبییەکان لە لای هەرکەس و هەر نەتەوەیێک شتێکی شەخسی و تایبەتین، ناشێ ببنە هۆی جیاوازی و ناکۆکی لەگەل یەکتر؛ چونکە ڕێزدانان بۆ بیروبڕوای دیکە، لە سەرەتاییترین مەرجی شارستانێتی و تنگەیشتنی ئینسان لە دێمۆکراسی یە.

نووسەری ئەو دێڕانە، ئەو نووسراوەیەی لە کتێبی: «<u>*نگاهی به تاریخ اهل حق*</u>»ی خۆی، کە بە زوویی لەگەڵ «زەبووری حەقیقەت» چاپدەکرێ، هەڵێنجاوە. هەروەک دەردەکەوێ هۆنراوەکانی ئەو نووسراوەیە کە لە «زەبووری حەقیقەت» وەرگیراون و بە دیالێکتی گۆرانی و سەیدیی (ماچووماچوو)نووسراون، ڕەنگە خوێندنەوەی بۆ خاوەن دیالێکتەکانی دیکەی کوردی ئاسان نەبێ، هەر بۆیەش مانای زۆربەی وشە و زاراوەکان لە پەراوێزی باسەکەدا لێکدراونەتەوە.

لە کۆتاییدا، هیوادارم خاوەنڕایانی دەفتەرخوێن لە یارمەتی و هاوکاریی خۆیان بە نووسەری ئەو باسە درێغی نەکەن و ئەگەر هەڵەیەک دەبیندرێ تێیهەڵێننەوە.

**مانای وشەکان:**

**جەی سیاسەتە**: لەو سیاسەتە(مەبەست مەرگە)؛ **قویطە= قویتە**: خۆ بە ئاو دادان، سەر دەئاوڕاکردن، بینەکێشان؛ **بەط=** بەت: مراوی؛ **بزانو**: بزانێ، **شون**: شوێن، نیشانی پشت بەپشت؛ **جامەی ویش**: دۆنی خۆی، جەستەی خۆی، قالبی خۆی؛ **نە**: لە؛ **کۆچی ڕەو ڕەو**: کۆچی پەیتا پەیتا؛ **ندارو ئەندیش**: ترسی نییە، ناترسێ؛ **چەندی نی مابەین**: ماوەیەکی بێ حیساب، وەختێکی درێژ خایەن؛ **بی ەتعریف پویچ**: بەبێ شەرحێکی پووچ، بێ ناسینی دوور لە ڕاستی؛ **ویش زانا**: خۆی دەیزانی؛ **هویچ**: هیچ؛ **نە لای تو**: لە لای تۆ؛ **نە سەر بەساطێ**: دنیایێکی نەناسراو،هیچکەس نەزان، ناکوێ ئاوا؛ **چیش بیەن**: چ بووە، چ ڕوویداوە؛ **سەرئەنجام قال=** سەرئەنجامی قال: لە ڕۆژی هەوەڵی قسەکان (پێش پێکهاتنی جیهان)؛ **بەیا و بەست**: ئەهد وپەیمان، قەرار و مەدار؛ **جەم**: دیوانی بەرزی یاران، جەمعی یاران؛ **کیش**: چ کەسێ، کێ؛ **بیشتر**: لێرەدا یانی کەسێکی تر؛ **نە بەحر بی نە بەڕ نە ئەرز و سەما**: نە بەحر هەبوو، نە ویشکایی و ئەرز و ئاسمان؛ **چەنی**: لێرەدا بە مانای هەمڕا، لەگەڵ؛ **نە زەنگی سەواد فەرەنگی دەهۆ**: نە قولە ڕەش و نە فەرەنگیی فێڵباز؛ **لیز**: جێ و مەکۆ؛ **بەیضە دوڕ** : دوڕی سپی و درەوشاوە؛ **نە کو بی**: لە کوێ بوو؛ **لانەش**: جێگاکەی، مەکانەکەی؛ **شون**: نیشانی؛ **دڕ**: (لە چاوگەی دڕین) بیدڕە؛ **قناتچی**: چاڵاوهەڵقەن، کەنکەنەچی، لێرەدا مانای شاگرد و بەردەستی خودا دەدا؛ **شی**: (لە چاوگەی چیین: چوون)ڕۆیشت؛ **بەطن**: ناخ، لە ناوەوە، کاکڵی ناوەکی؛ **جمنان جەیحون**: وەخۆخستنی جیهانی لە بڕاننەهاتوو؛ **بەر ئاما** : هاتەدەر، دەرکەوت؛ **گەرد مینائیش نیشت نە روی ڕەواق**: زەڕاتی نووری خوداییەکەی کەوتە سەر شیرە وجەوهەری ژیان؛ **ڕەواق**: شیرە و هەنگوینی ژیان؛ **سەقام دا نە فەوق هەفت تەختەی ئافاق**: حەوت تەبەقی ئاسمان و زەوی بنیاتنا؛ **نە سەر جوش دوڕ**: لە بڵیسەی نووری دوڕ؛ **سازنا** : سازی کرد، ئافراندی؛ **گەرسا**: بەستی، گرمۆڵەبوو؛ **ئیلچی**: ڕاسپاردە، لێرەدا بە مانای ڕاسپاردە لە نێوان زەوی و ئاسمان و خودا و ئینسان، یان بەڕێوەبەرانی ئەرز و ئاسمان هاتووە.

**پەراوێزەکان:**


1) Karl Hadank, (<u>Kurdisch-Persische Forschungen von Oskar Mann,1901-1903 und1906-1907</u>), <u>Mundarten der Guran</u>, Berlin 1930, S.2, 14-15

2) <u>The Bulletin of the School of Oriental and african studies</u>(Univ of London), vol XI, part1, 1943.

3) Vladimir Minorsky, <u>The Guran</u>, Bulletin of the School of Oriental and african studies, Vol, XI, part1. University of London 1943

4) Basile Nikitine, <u>Les Kurdes</u>, Paris 1956, S. 241 ff. and P.280 in Persian

5) Zylischen Weltbild= cyclic view of life(incarnationsglauben)

6) LinearenWeltbild= linear view of life

7) Klaus Müler, <u>Kulturhistorische Studien zur Genese Pseude-Islamischer Sektengebilde in Vorderasien</u>, Franz Steiner Verlag GmbH.Wiesbaden,1967, S. 62

8) ____________ , S. 52.


★★★


تایپ و مونتاژی کتێب
لە ڕێی گۆڤاری «گزینگ»ەوە
بە نرخێکی باش و گونجاو

# ڕۆژمێری تەورێز

وەرگێڕانی: ئەنوەری سولتانی

**بەڵگەنامەی ژمارە Fo 371/45478ی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا**

ژمارە ٤، ١٦ تا ٢٨ی مانگی فەبریوەری ١٩٤٥

**٤٩) ورمێ**

ڕۆژی ١٤ی فەبریوەری، پێکدادانێک لە نێوان تاقمێکی بچووکی هێزەکانی ئێران و ژمارەیەک لە پیاوانی ڕەشید بەگی هەرکی ـ سەرەک هۆزی کورد لە دۆڵی «ڕەوزەچای» کە چەند مایلێک کەوتۆتە بەری باکووری ورمێ، ڕووی داوە و بۆتە هۆی کوژرانی سەروان(میجەر) «مەعافی»ئەفسەری تاقمە ئێرانییەکە.

حیزبی توودە دەیەوێ ئەو ڕووداوە وەک هێرش کردنەسەر ئەندامانی خۆی لە قەڵەم بدات، لە کاتێکدا واهەیە ڕاستییەکەی بریتی بێت لە ناکامی بەناچاری ڕووبەڕووبوونەوەی دوولایەنی چەکدار کە بە شێوەیەکی ناپێویست [لە بەکارهێنان]ی چەکدا هەڵەشەیان کردووە.

شێوەی ڕاگەیاندنی ڕەسمی [دەوڵەت]، لەگەڵ ئەوە[ی سەرەوە]دا، گەلێک هاوچەشنە: وا دەدەکەوێ کە هێزەکانی ئێران بەشداریی مەشقێکی حەوتووانەیان کردووە، کاتێ کە چاویان بە چەند سوارەی کورد لە نزیک گوندی «گەجین» دەکەوێت. میجەر مەعافی دەمانچەکەی دەکێشێ و بە سواریی لێیان دەچێتە پێشەوە بۆ ئەوەی فەرمانی پاشەکشەیان پێبدات. سەرچاوە ڕەسمییە ڕووس و ئێرانییەکان لەوەدا هاودەنگن کە ئەوە ناوبراو بوو یەکەمجار تەقەی لە کوردەکان کرد، ئەوانیش وەڵامی تەقەیان دایەوە و خۆی و ئەسپەکەیان کوشت و ئینجا بۆی دەربازبوون. ڕووداوەکە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، ئەویش وا هەیە بەهۆی ئەوەوە بووبێت کە میجەر مەعافی لە بەر ئازایەتی خۆی، ئەفسەرێکی ناسراو و خۆشەویست بوو، بەڵام کارەکەی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر، دوور لە لێکدانەوە دێتە پێش چاو.

نوستاندار لە تەورێز بە ڕاشکاوی گوتی ناوبراو بێعەقڵیی کرد بە تاقەکەس هێرشی بردە سەر کوردەکان. چاپەمەنی [حیزبی]توودە، هەموویان ڕوانگەی ڕەسمی [دەوڵەت] گەورە دەکەنەوە. لە شوێنێکدا دیعایەی ئەوە دەکەن کە گەڕانی هێزی ئێرانی لە دۆڵی گەجین دا، بۆتە هۆی هاندان و هەڵخلاندن، چونکوو ئەو شوێنە پێشتر بۆ مەشقی سوپایی بە کار نەهێنرابوو. [ڕۆژنامەی] «خاوەری نەو» دەنووسێت: دوو کوردی خەڵکی گەجین و دوو جاندرمە، تەقەیەکی سووکیان لە یەکتر کرد و ئینجا میجەر مەعافی خۆی تێکەڵاوی مەسەلەکە کرد. کاتێکیش ناوبراو پێکرا، هێزەکانی ورمێ بەربوونە بۆمباردمانی گوندەکە، بە بیانووی ئەوەی ئەو کوردانەی وا[مەعافییان]کوشتبوو، خۆیان لەوێ شاردۆتەوە، پاشان بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ دەستیان بە سەر گوندەکە داگرت و ژمارەیەک لە دانیشتووانیان دەست بەسەرکرد.

گەجین لە ڕاستیدا گوندێکی تێکەڵاوە، زۆربەیان تورک و بەشێکیان کوردن. حیزبی توودە لەوێ لقێکی هەیە و بە گشتی ئەوە سەلماوە کە ئەو کوردانەی وا میجەر مەعافییان کوشت، پیاوی ڕەشیدبەگ بوون ـ سەرەک هۆزێک کە لە سەردەمی کۆنفرانسی حیزبەوە، بەڵێنی پشتگیریی بە حیزبی توودە داوە(ڕۆژژمێری ژمارە٢ ، پاراگرافی ژمارە١٨).

ڕاپۆرتێک لەمەڕ بەرنامەی تەمێکردنی کوردی «ڕەوزەچای» کە هێشتا نەسەلماوە، دەڵێ هێزەکانی ئێران لە نزیک گوندی گەجین ڕووبەڕووی هێزێکی ٣٠٠ کەسی کورد بوونەتەوە و دوو تانک لە ورمێوە چوونەتە یاریدەی هێزی دەوڵەت. دەنگوباسی ئەوەش هەیە گوایە «تەرگەوەڕ»ی ناوەندی ڕەشیدبەگ داگیرکرابێت. بە لەبەرچاوگرتنی توڕەیی حیزبی توودە لە سوپا[ی ئێرانی] و سەرچاوەی زانیاریی باوەڕپێکراو، زەحمەت نییە بزانین ناشتنی میجەر مەعافی بوە هۆی ئەوەی دەرفەتێک بۆ خۆپێشاندانی گەورەی هاودەردیی خەڵکی ورمێ بڕەخسێت ـ کە یەکپارچە هەموویان توودەیین. بازاڕ داخرا و نزیکەی ١٠هەزار کەس کەوتنە شوێن تەرمەکەی. میجەر جەنەڕاڵ «سمیرنۆڤ» قوماندانی هێزەکانی سۆڤیەت لە ورمێ، هاوڕێ لەگەڵ جێگری کونسوولی سۆڤیەت و جێگری کونسوولی تورکیا و هەروەها ڕێبەرانی حیزبی توودە، هەموویان بەشداریی ناشتنی تەرمەکەیان کرد و قوماندانی سۆڤیەتی، گرووپی[موزیکی] سوپایی ناردبوو. شتێکی گونجاوە کە چاپەمەنی توودە ←

له تەورێز وتار بڵاوبکەنەوە بێ ئەوەی زەحمەت بە خۆیان بدەن بۆ ئەوەی لە هەستی خەڵکی ورمێ و دوژمنایەتی نێوان ئەوان و دراوسێ کوردەکانیان تێبگەن کە بە شێوەیەک ڕەگی داکوتاوە داسەپاندنی ڕێبازێکی نوێی حیزبی بە ئامانجی هاوکاری لە نێوان ئەوان و کوردەکان، نەتوانێ کۆتایی پێبهێنێت. چاوەڕاو هەیە کە «زێڕۆیەگی هەرکی» ـ چەتەی بەناوبانگی دۆڵی «باراندوز»ی نزیک ورمێ، بە هۆی چڵککردنی گەروویەوە مردبێ. دوکتورێکی ڕووس سەردانی کردووە و گوتوویەتی هیچی بۆ ناکرێت.

**٥٠) کاروباری دیکەی کورد**

لە ١٥ی فەبریوەریدا، لەپڕ تەنگ وچەڵەمەیەک لە مهاباد سەری هەڵدا. لێرەش هێندێ جیاوازیی بیروڕا لەمەڕ چۆنایەتی ڕووداوەکە، بەرچاو دەکەوێت بەڵام پێکهاتنی گشتی لە سەر ڕاستیی سەرەکی مەسەلەکە هەیە و ئەویش بریتییە لەوەی کۆمەڵێکی کورد ـ کە هەموویان خەڵکی شاربوون، بە ڕێبەرایەتی «عەزیزی فەیزوڵلابەگی»ـ خەڵکی گوندێکی نزیک بۆکان [عەزیزخان، ئاغای گوندی «یاسیکەند» بوو لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان، وەرگێڕ]، هێرشیان کردۆتە سەر ئیدارەی پۆلیس، پێنج پۆلیسیان کوشتووە و شەشی دیکەیان بریندار کردوون کە دەگوترێ دووانیان دواتر مردوون. ڕاپۆرتە سەرەتاییەکان دەڵێن کۆمەڵی خەڵکەکە هەروەها ئیدارەی «دارایی»یان تاڵان کردووە یا ویستوویانە تاڵانی بکەن، بەڵام کاربەدەستێکی ئیدارەی «غەللە» لە تەورێز گوتوویەتی ئەو هەواڵە ڕاست نییە. وادەردەکەوێت کە خەڵکەکە لە مەسەلەی تاڵانکردنی ئیدارەی پۆلیس و لە ناوبردنی فایلەکاندا، سەرکەوتبێتن.

ریوایەتێکی مەسەلەکە، کە «سەرهەنگ دورەخشانی» دەیدا بە دەستەوە، گرینگایەتی بە وتارێکی نەتەوەپەروەرانە و ئاژاوەچییانە دەدات کە عەزیزی فەیزوڵلابەگی داویەتی و ڕووداوەکە، وەک هێرش بردنێکی بە ئامانج بۆ سەر هێزەکانی ئێرانی و نیازی سیاسی دەناسێنێت. بە گوێرەی قسەی دورەخشانی، عەزیز ڕێزی لە مارشاڵ ستالین و حیزبی کومونیست گرتووە و ڕایگەیاندووە کە دەیەوێ نوێنەرایەتی ودەسەڵاتداریەتی ئێران [لە ناوچەکە دا] پاک بکاتەوە.

بەتێگەیشتنی کونسوولی گشتیی سۆڤیەت [لە تەورێز]، تەنگ وچەڵەمەی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ سەر نارەزایی [خەڵک] لە دابەشکردنی ناعادلانەی کەرەسەی «انحصاری»[وەک قەند وچایی و کووتاڵ]. بە گوێرەی قسەی ناوبراو، کۆمەڵێک کورد خەریک بوون بچن بۆ ئیدارەی دارایی بە ئامانجی ئەوەی بەرانبەر بە شێوەی ناعادلانەی دابەشکردنی کەرەسە، نارەزایی خۆیان دەربڕن. کاتێ بە بەردەمی ئیدارەی پۆلیسدا تێپەڕدەبن، پۆلیسێک تەقەیان لێدەکات،خەڵکەکەش دەست بە جێ وەڵامی تەقە دەدەنەوە و زیانێکی زیاتریان لێدەدەن. دەگوترێ کوردێک کوژرابێت.

بەڕواڵەت هەموو ئەو ریوایەتانە ڕاست بەڵام ناتەواون. دەزانرێت کە لەوکاتەدا، کەرەسەی «انحصاری» دابەشکراوە، هەروەها لە مێژەوە دەزانرێت بەرپرسی ئەم دابەشکردنانە لە مهاباد کە خۆی کوردە و ناوی «سەعیدزادە»یە، کەسێکی فێڵبازە وکەڵەک وتەڵەکە لەگەڵ خەڵک ودەوڵەت ـ هەردووکیان دەکات بە بێشەرمیی ئاشکراوە، پەتە/ حەواڵەش دەدزێت.

تا کاتێ قازی محەممەد لە شاریدا بوو، چاوێکی لە مەسەلەی گرینگیی ئەو دابەشکردنە دەکرد و دەیتوانی لەلایەکەوە نادادگەریی گەورە چارەسەر بکات، لە لایەکی دیکەشەوە توڕەیی خەڵکی شار بێنێتە بەر کۆنترۆڵی خۆی. بەڵام وا ماوەیەکی زۆرە قازی محەمە لە تاران دەستبەسەر کراوە و لە ١٥ی فەبریوەری [ڕۆژی ڕووداوەکە]دا، هێشتا نەگەڕابووەوە بۆ مهاباد. کاتێ هەموو ئەوانە دەگرینە بەرچاو و گرینگایەتی مەزنی دابەشکردنی دادپەروەرانەی قەند و چایی لە نێو کورداندا دەزانین، دوور نییە کێشەکە لە ئیدارەی داراییەوە سەری هەڵدابێت و پێکدادانیان لەگەڵ پۆلیسدا بووبێت کە دواتر پۆلیس ویستبێتی ئەرکی نەگونجاوی خۆی لە پێناو بڵاوەپێکردنی خەڵک بەڕێوەبەرێت ـ ئەو خەڵکەی وا لە وان چەکدارترن. دیارە، قسەی توندوتیژ و وتاری دژ بە دەوڵەتیش، دەبێ بووبێتە یارمەتیدەری ئاگوزیری شەڕەکە.

هەروەها، شیکردنەوەیەکی دیکەی ڕووداوەکە، «مەهدی دادوەر» ـ فەرمانداری تەورێز دەیدابەدەستەوە. بە گوێرەی قسەی ئەو، ئەسکەندەرخان ـ سەرۆکی ئیدارەی پۆلیسی مهاباد، ویستوویەتی بە زۆر چوارهەزار تمەن لە کوردێک بستێنێ و دەوسیەکەی لە ناوبەرێت. کوردەکە بیری لە ڕێگەیەکی هەرزانتر کردۆتەوە و تکای لە عەزیزی فەیزوڵلابەگی کردووە کە ئاژاوەچییەکی حیرفەییە. ئەویش قەبوڵی ئەوەی کردووە خەڵکی شار کۆبکاتەوە و ئیدارەی پۆلیس بسووتێنێت. دیارە هیچ هەواڵێکی ئەوتۆ نییە کە ئەوەش بەشێک نەبووبێت لە ڕاستیی ڕووداوەکە.

هەموو ڕاپۆرتێک وا دەگەیێنێ کە تەنیا بەشێکی کەم لە کوردەکان بەشداریی هێرشەکەیان کردبێت. چەند سەرەک هۆزی بچووکی مەنگوڕ کە لە شارەکەدا بوون، هەوڵیان داوە شەڕەکە بوەستێنن و پاسەوانەکانی قازی محەممەدیش کەوتوونەتە نێوانەوە بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان وەدەست نەهێناوە. هەرچۆنێک بێت، هەواڵدەرێکی کورد دەڵێ سەرەک خێڵە مەنگوڕەکان توانیان پێشیان بگرن و نەهێڵن بەرەو فەرمانداری برۆن و حاکم[فەرماندار] بکوژن کە سوێندیان خواردبوو ئەمکارە بکەن. هەر ئەو هەواڵدەر، ڕادەگەیێنێت کە ڕۆژی دواتر، [ئەو سەرەک خێڵانە] بە گژی عەزیزی فەیزوڵلابەگیدا چوون و گوتوویانە ئاکاری چەوتی تۆ دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەت تۆڵەی کارەکە لە خزم وکەسوکارەکەت بکاتەوە وا ئێستا لە تاران گیراون. عەزیز پێی گوتوون خەمی مەسەلەکە مەخۆن چونکە کارەکەم لە ژێر پارێزگاریی هێزێکی گەورەتردا کردووە و سبەینێش چاوتان پێی دەکەوێت. ڕۆژی دواتر، ئەفسەرێکی ڕووس هاوڕێ لەگەڵ وەرگێڕێک هاتۆتە میاندوواو و لە ماوەی وتاردانێکی دیکەی عەزیزدا، لەوێ وەستاوە. عەزیز لە وتارەکەیدا گوتوویەتی هەر کارێکی کردبێت، پەسندی دەسەڵاتداریەتی ڕووسی لە سەر بووە و بۆ جەختکردن لە سەر مەسەلەکە، دەستی بەرەو ئەفسەرە ڕووسەکە ڕاداشتووە. ئەفسەرەکە پرسیویەتی چ دەڵێت؟ کاتێک قسەکەیان بۆ تەرجەمە کردۆتەوە، گوتوویەتی ڕاستە. پاشان، وەک دەگوترێت، هەر ئەو ئەفسەری ڕووس، عەزیزی سواری ماشێنەکەی خۆی کردووە و بردوویەتەوە بۆ گوندەکەی لە دەوروبەری بۆکان ـ کە ئەمکارە هەرچۆنێک بێت، هەنگاوێکی بە کردەوە بووە لە پێناو دابینکردنەوەی ئەزم لە

مهابادا.

هەواڵدەرە کوردەکە، هەموو موشکیلەیەکی داوەتە پاڵ چالاکیی کۆمەڵەی ژ.ک. ناوبراو دەڵێ عەزیز و هەموو ئەوانەی وا بەشدارییی تەقەیان کرد، ئەندامی کۆمەڵەن. سەرەڕای ئەوەش، لقی بۆکانی کۆمەڵە، پێشنیاریان کردووە چاو لە برایانی مهابادییان بکەن و هێرش بەرنە سەر ئیدارەی جاندرمەی شارەکە، بەڵام یەکێک لە ئێلخانیزادەکان واتە سەرۆکی دێبۆکری[عەلیاغای عەلیار(ئەمیر ئەسعەد)]، بەرگریی ئەمکارەی لێکردوون.

چەند ڕۆژێک پێش ڕووداوەکە، سەرهەنگ دورەخشانی سەردانی مهابادی کردووە و دەگوترێ چەند ئەندامێکی کۆمەڵەی ژ.ک ویستوویانە بیکوژن بەڵام قوماندانە دڵنیگەرانەکە ئاگای لە خۆی بووە و ئەمیر ئەسعەدی سەرەک هۆزی دێبۆکری و ڕێبەری تاقمێکی بە هێزی لەگەڵ خۆیدا گێڕاوە و لە ماوەیەکەداکە لە شار ماوەتەوە، ئەمیر ئەسعەد یا هێندێک لە خزمەکانی ئەوی لەگەڵ خۆی ڕاگرتووە و هەر بەم بۆنەیەوە ئەوەی وا ویستوویەتی بیکوژێ، دەرفەتی تەقەکردنی بۆ هەڵنەکەوتووە. لەم ڕووداوەی مهاباد، نەقڵێک دروست کراوە، کە ئەگەر ڕاست بێت، وادەگەیێنێ حکوومەتی ئێران بۆ دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی خۆی، بڕیاری هەنگاوێکی توندی داوە.

کوڕێکی ئەمیر ئەسعەد لە[هۆزی] دێبۆکری دەڵێ بە ماوەیەکی کەم دوای ڕووداوەکە، باوکم لە لایەن سەرتیپ«هوشمەندی ئەفشار» و تێکشکێنەری حەمەڕەشید [خانی بانە]وە کە ئێستا سەردەشتی بە دەستەوەیە، داوای لێکراوە بچێت لە سەقز چاوی پێی بکەوێت. ئەمیر ئەسعەد کوڕێکی خۆی ناردووە و ئەویش دوای ئەوەی دەگاتە سەقز، تێدەگات کە هوشمەند چووەتە سنە. کوڕەکەی بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکات و [ناوبراو] فەرمانی پێدەدات بە باوکی ڕابگەیێنێت کە هوشمەند دەیەوێ بە هێزێکی قورسەوە بەم زووانە بەرەو مهاباد بچێت و داوخوازی ئەوەیە لەم کارەدا ئەمیر ئەسعەدیش هاوکاریی بکات. هەر بۆیە ئەمیر ئەسعەد دەستبەجێ پیاوانی شەڕکەری خۆی وەکۆکردووە و چووە بۆ مهاباد، لەوێ چاوەڕوانیی هاتنی هوشمەند بکات.

ئەمیر ئەسعەد کە بە باشی هوشمەند دەناسێ و دەزانێ چەندە ڕقی لە کورد دەبێتەوە، هەروەها ئاگاداری دژایەتی هەموو کوردەکان لەگەڵ هوشمەندە، ئێستا دوودڵە فەرمانەکەی بەڕێوەببات. گومان لەوەدا نییە کە بە چوونی هوشمەند و هێزی چەکداری بۆ ناوچەی قازی محەممەد، بارودۆخەکە دەگاتە ئەو پەڕی ناسکی و لە ئەنجامدا ئایا کردەوەی ڕووسەکان بەرانبەر بەم لەشکرکێشانە چ دەبێت؟

کوڕی قازی محەممەد گوتوویەتی ئیجازەی باوکی دراوە بۆ ماوەی چەند مانگێک بە تەنیایی بچێت بۆ تەورێز، لە کاتێکدا ئەو سەرەک هۆزانەی وا پارەکە چووبوونە تاران، هێشتا لەوێ بە دەستبەسەریی ڕاگیراون. هەرچۆنێک بێت، وا دەردەکەوێ کە حکوومەت مانەوەی ئەوی لە مهابادا بە شتێکی بە سوود زانیوە. ناوبراو، یەکدوو ڕۆژ زیاتر لە تەورێز نەمایەوە و بە پەلە چوو بۆ مهاباد. لەوێ بە گوێرەی هەموو ڕاپۆرتەکان، لۆمەی بەشدارانی ڕاپەڕینەکەی کردووە و تاوانی داوەتەپاڵ کە دەیانەوێ هەموو کارێکی هێدی و لەسەرەخۆی ئەو بۆ دامەزراندنی چەشنە کۆمەڵگایەکی کوردیی یاسامەند لە ناوچەکە، هەڵوەشێننەوە. هەروەها هەواڵی ئەوە گەیشتووە کە فەرمانداری مهاباد، کاتێ دەنگوباسی گەڕانەوەی قازی محەممەدی بە تێلگراف ناردووە بۆ تاران، داوای ئەوەشی لێکردوون کە سەرەک هۆزەکانی دیکە [ی کورد] وا لە وێ دەستبەسەرن بگەڕێنرێنەوە و [لە ناوچەکەدا] نەزم دابین بکرێت.

**بەڵگەنامەی ژمارەFo. 371/45478ی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا**

**١٦ی مانگی ئاپریلی ١٩٤٥ ڕاپۆرتی شەش مانگە**

ڕوونکردنەوەی وەرگێڕ: ئەم ڕاپۆرتە لە دوای ڕاپۆرتی ژمارە ٤ و پێش ڕاپۆرتی ژمارە ٥ تۆمارکراوە. نموونەی ڕاپۆرتی شەش مانگە لە ڕۆژژمێرەکانی تەورێزدا زۆرن و ئێمە لە داهاتووشدا چاومان بەم چەشنە شیکردنەوانە دەکەوێت. شێوازی نووسینی ڕاپۆرتی شەش مانگە، هەر شێوازی ڕاپۆرتە ئاساییەکانە، زۆربەی بابەتەکانیشی هەر دووپاتکراوەی ئەوانی دیکەن، بەڵام شیکردنەوە و بۆچوونەکان ، قووڵترن.

**١٥) کاروباری کورد**

لە ماوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەواڵێکی کەم سەبارەت بە بزووتنەوەی خودموختاریی کورد گەیشتووە. قازی محەممەد_ کە بە گشتی وەک قارەمانێکی ئەم بزووتنەوەیە دەناسرێت، لە بەشی زۆری ئەم ماوەیەدا لە تاران بووە ونەبینراوە. هەرچۆنێک بێت، هێندێ چاوڕوانی لەمەڕ زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک (کوردە گەنجەکان) و زیادبوونی مەیلی ڕووسەکان پێیان، بڵاوبۆتەوە. عەمەلیاتی سەرتیپ هوشمەندی ئەفشار دژ بە حەمەڕەشید[خان] لە مانگی سپتەمبەر و ئۆکتۆبردا لە بانە، ڕەنگدانەوەیەکی کەمی لەم ناوچە کونسوولایەتییە [ی ئازەربایجان]دا هەبووە، گەرچی ئاکامەکانی سەفەری «خەلیل فەهیمی» _ وەزیری ڕاوێژکار[ی ئێرانی]، دەرفەتێکی بۆ کۆمەڵەی ژ.ک و یەک یەکی سەرک هۆزەکان ڕەخساند، ڕوانگەی خۆیان بۆ حکوومەتی ئێران ڕوونبکەنەوە و وەفادارییان بە شا ڕابگەیێنن. ئەم وەفاداری دەربڕینە، بۆی هەیە بەڕاستی بێت، چونکە هیچ نیشانەیەک بە دەستەوە نییە کوردی ئازەربایجان ئامادەی هاوکاریی _ تەنانەت لەگەڵ یەکتر بن، چ بگا بە کوردی عێراق. هەرچەند هەواڵی ئەوە هەیە یەکدووجار هەواڵبەری کورد لە دیوی عێراقەوە سەردانی ناوچەکەیان کردبێت، بەڵام وا دەرناکەوێ ئاکامێکی ئەوتۆیان گرتبێت. لە کاتێکدا کورد ئێستر جەخت لە سەر ڕوانگەی خۆیان ناکەن و لە باری کاراکتەرەوە، لە ڕەگەزەکانی دیکەی دانیشتووی ئازەربایجان یەکگرتووتر نین. بەگشتی، ئەوەی داوای دەکەن، سەربەخۆیی سیاسی نییە.

سەرەک هۆزەکان _ کە خاوەنزەوی گەورەشن، لە حکوومەتێکی خاوەن ئاسایشدا هەموو شتێک وەچنگ دێنن و ئەوەش توانایییان دەداتێ زیاترین سوود لە حاسڵی گەنم و تووتن و میوە وەدەستبێنن. بەڵام نەریتی کۆن و ئەزموونی تاڵ وایان لێدەکات لە هەر هەنگاوێکی [دەوڵەتی] ئێران کە ئەم ئاسایشەیان بە زەبری سەرنێزە بۆ دابین دەکات، بەگومان بن. سیاسەتێک کە دەرەتانی لەشساغیی و نووسین وخوێندن بۆ ناوچە ←

کوردییەکان پێکبێنێت، دابەشکردنی کەرەسەی «انحصاری»زامن بکات، یارمەتی ئاوەدانکردنەوەی گوند و شاریش بدات ئەگەر لەلایەن کاربەدەستانی دڵسۆز و بێ فێڵەوە بەڕێوەبچێت و بەرپرسایەتی گشتی بداتە دەست کوردەکان واتە بە کورتی: <u>چەندرمەی کەمتر و قەندی زیاتر</u>، وا هەیە بەشێکی زۆر لەو دڵنێشییەی وا ئێستا کورد هەیەتی لەناوبەرێت.

١٦) لە بەشی زۆری ئەم ماوەیەدا، بە هۆی زستانەوە، ئاسایشی ناوچەکوردنشینەکان تەنیا بە هۆی هێندێک ڕووداوی دزی و شەڕەوە نەبێت تێکنەچووە. بەڵام لە مانگی فەبریوەریدا، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بە هەڵکەوت لە نێوان لقێکی بچووکی هێزەکانی ئێران و چەند کوردی هەرکی لە «ڕەوزەچای» نزیک ورمێ، بووە هۆی کوژرانی ئەفسەرێکی ئێرانی و لە ماوەی لەشکرکێشانی [ئێرانییەکان] بۆ تەمێکردنی کوردی ناوچەکەدا، نزیکەی پێنج کورد کوژران. لەبەر ئەوەی ئەو کوردانە سەر بە ڕەشیدبەگی هەرکی بوون کە دەگوترێت چووبێتە نێو حیزبی توودەوە، ئەم ڕووداوە سەرەتا وەک پەردەهەڵدانەوە لە سەر هێرشکاریی زیاتر بۆ سەر دەسەڵاتداریەتی ئێران خۆی دەنواند، بەڵام ئێستا وا دەردەکەوێ دوژمنایەتییەکی سوننەتی نێوان کورد و عەسکەری ئێرانی نەبێ، هیچی تر نەبووە.

لە دەوروبەری هەمان کاتدا، لە مهاباد کورد هێرشێکیان کردە سەر بنکەی پۆلیسی شارەکە. پێنج پۆلیس کوژران وبنکەکە تالان کرا. لەم ڕووداوەدا، تەنانەت نیشانەیەکی کەمتری سیاسی بەدیدەکرێت. وێچووترین هەڵسەنگاندنی مەسەلەکە ئەوەیە نارەزایی لە شێوەی دابەشکردنی کەرەسەی «انحصاری» [دەوڵەتی]بووبێتە هۆی ڕووداوەکە. هەرچۆنێک بێت، وا دەردەکەوێ ئەوەی پاڵی بە حکوومەتی ئێرانەوە نابێت، نواندنی دەسەڵاتی خۆیان بە سەر ناوچەکەدا و متمانەدان بە دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەتە، کە خۆنواندنێکی ئەوتۆ پێویستە. ئێستا کاری دامەزراندنی سەربازخانەیەکی ئێرانی لە مهاباد بە دەستەوەیە، ڕاپۆرتی متمانەپێکراومان هەیە کە ڕووسەکان پەسندی خۆیان [لەم بارەیەوە] داوە بە ئێران.

١٧) پازدە سەرەک هۆزی شکاک و هەرکی و لە ناویاندا، کوڕی بچووکی سمایل ئاغا(سمکۆ)، بۆ بەشداریکردنی کۆنفرانسی حیزبی توودە، هاتنە تەورێز و حیزب دیعایەی ئەوەی کرد کە ئەوان پشتیوانی خۆیان [لە حیزبی توودە] ڕاگەیاندووە. هەرچۆنێک بێت ، وێدەچێ تەنیا یەکیان واتە ڕەشیدبەگی هەرکی تەرگەوەڕیی، بەڕاستی چووبێتە ناو حیزبەوە.هەردوولا ـ واتە کاربەدەستانی خاوەن ئەزموونی ئێران لە ئازەربایجان و هەواڵبەرەکوردەکان، وەک یەک پەسندی ئەوە دەکەن کورد هیچ کاتێ لەگەڵ حیزبی توودەدا، ڕاپەڕینێکی هاوبەش ناکات، بەڵام لە عەینی کاتدا، ڕاپۆرتی تەواو متمانەپێکراو لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بە دەستەوەیە کە سەرەک هۆزەکوردەکان، گوندییە ئێرانییەکان چاوترسێن دەکەن بەوەی هێرشیان دەکرێتە سەر و بەم شێوەیە پاڵیان پێوە دەنێن بچنە ناو حیزبی توودەوە. ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە وا هەیە بەم شێوەیە بێت، کە یەک یا دوو سەرەک هۆز، لە مەسەلەی جموجۆڵی حیزبی توودەدا، ڕوانگەی ئاژاوە و لاوازیی لە دەسەڵاتداریەتی ئێراندا بەدیدەکەن، کە وا هەیە بۆ سوودی خۆیان کەڵکی لێوەرگرن.

بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین هیچ بەشێکی پرۆگرامی ئابووری یا کۆمەڵایەتی حیزبی توودە لەگەڵ ئەم فیۆداڵە چیانشینانەدا یەک ناگرێتەوە. سەردانی ئەم سەرەک هۆزانە لە تەورێز، کلکە سووتەی حیزبی توودە لە بەروان و زیادبوونی بەرچاوی چالاکیی حیزبی توودە لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، هێندێ کاربەدەستی ڕەسمیی ئێرانیشی وەک چینی بازرگان ـ کە زووتر وریا بووەوە، هێناوەتە سەر باوەڕی ئەوەی کە حیزبی توودە، بە هاوباوەڕیی لەگەڵ کورددا، پلانی چەشنە کودەتایەکی دارشتووە و بەهاری ئەمساڵ ئازەربایجانی ڕۆژئاوا هێرشێکی جیددی بۆ سەر دەوڵەتی ئێران بە خۆیەوە دەبینێ. هیچ شتێک ڕووی نەداوە کە پەسندی ئەم ترسە بکات و وا دەردەکەوێ ئەوان تاڕادەیەکی زۆر و بە دوودڵییەوە، لەم حەساسییەتەی خۆیان کەم کردبێتەوە.

J.W. Wall


**دەوڵەتی جمهوری کوردستان**

نامە و دۆکومێنت

**مەحمود مەلا عزەت**

کۆی کردۆتەوە و ڕێکی خستووە

نامە فارسییەکانی کردووە بە کوردی

پەراوێز و تۆماری بۆکردووە و پێشەکی

و باسی بۆ نووسیوە

**بەرگی سێیەم**

ستۆکهۆڵم ـ ١٩٩٧




باسێکی زمانناسی

# کێشەی دوو پرێپۆزیسیۆنی (دە)و (لە)لە زمانی ئەدەبیدا

عەبدوڵڵا ئیبراهیمزادە

**«هەرگیز لەو باوەڕە دا نەبووم و نابم کە دەبێ ڕێ لە (دە) کوێر بکرێتەوە... بەڵام سەد جاران بە داخەوە، کارەکە (دە و لە خستنە ناوی شوێنی خۆیانەوە) ئەو ئاسانە نییە کە بە ڕواڵەت خۆ دەنوێنێ.»**

**مامۆستا مەسعوود محەممەد[١]**

**پێشەکی**

لە زمانی کوردیدا پرێپۆزیسیۆنەکانی (دە) و (لە) بەرانبەری (in)ی ئینگلیزی و ئاڵمانی و (دەر)ی فارسی بۆ ئاماژە کردن بە دەفر(ظرف)[٢]ی شوێن و کات بەکاردەهێندرێن، وەک: لە (دە) کتێبدا، لە (دە) دڵمدا، لە (دە) هەفتەی ڕابوردوو دا و...

لە شێوەی ئەدەبیی خواروو دا ئامرازی (دە) بە تەواوی وەلانراوە و بە تەنیا (لە) لە کایە دایە. جاروبار هێندێک نووسەر (دە) بەکاردەهێنن، بەڵام ئەمە لە لایەن زۆر کەسەوە بە دروست نازاندرێ و وەک لادان لە زمانی ستاندارد ڕەخنەی لێدەگیرێ. ئەمە لایەنێکە، هەرچەند لاوەکیش بێ، لە کێشەی (لە) و (دە) لە زمانی ئەدەبیی خواروو دا کە بە دوای پەرەگرتنی نووسینی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دەیەی ڕابوردوو دا سەریهەڵداوە و دوور نییە لە داهاتوو دا زەقتریش ببێتەوە. لایەنی سەرەکیی کێشەکە کە ڕەنگە تا ئێستا کەمتر دەمەتەقەی لەسەر کرابێ، ئەمەیە کە ئامرازی (لە) لە دۆخی دەفرایەتی(ظرفیت) دا لەباری چۆنێتی بەکارهێنانی لە نووسینی ئەدەبیی خواروو دا شێوەیەکی بە تەواوی ساغکراوە و یەکگرتووی نییە. هەرچی شێوەی ئەدەبیی سەرووشە، ئەگەرچی هەر دوو ئامرازەکەی تێدا بەکاردەهێندرێ، بەڵام لەوێشدا نەتواندراوە یاسایەکی دیاریکراو بچەسپێندرێ و دوو ئامرازەکە لە باری شوێن و ئەرکەوە بە تەواوی لێکهەڵاواردرێن.

من لەم نڤیسەی خوارەوە دا هەوڵدەدەم وێڕای لێکۆڵینەوەیەک لە بنج و بنەمای ئامرازەکان، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو کێشانە ڕابکێشم کە ئەمڕۆ لەم بارەوە لە ئارا دان و لە ڕوانگەی خۆمەوە هێندێک پێشنیار بۆ دەربازبوون لەم کێشانە بێنمە گۆڕێ. بەم هیوایە سەرنجی خاوەنڕایان و دڵسۆزانی زمانەکەمان بۆ لای باسەکە ڕابکێشرێ و دەمەتەقەیەکی سوودبەخش بێتە ئارا.

**(دە) و (لە) لە بنچینە دا:**

یەکێک لە پرێپۆزیسیۆنەکانی زمانی ئاوێستا(Antar)ە کە «ئەمە بە واتای (inside)ی ئینگلیزی هاتووە، لە هیندی کۆندا(ئەنتەر = antar)و لە پارسی نوێدا(ئەندەر = andar)ە و لە لاتینی دا (ئینتەر = inter)ە».[٣] ئەگەر ئەم بەرهەڤکردنە بکەینە بناغەی لێکۆڵینەوەکەمان، ئەوسا بێ سێ و دوو لێکردن دەتوانین بڵێین کە (دە)ی کوردی و (دەر)ی فارسی بۆ سەر ئەم (Antar)ی ئاوێستایە دەگەڕێنەوە و لەم ڕێگایەوە لەگەڵ (in)ی ئاڵمانی و ئینگلیزی، کە لە وشەی (inter) دا دەبیندرێ، پێوەندی پەیدا دەکەن. لە زمانی فارسی و کوردیدا پاژی یەکەمی وشە ئاوێستاییەکە سواوەتەوە و پاژی دووهەمی ماوەتەوە و بۆتە (دەر) و (دە). ئاڵقەی تێکخەر لەم ناوە دا وشەی (ئەندەر)ی فارسییە کە لە نووسینی چاخەکانی نێوەڕاستدا بە هەراوی لەجیاتی (دەر)ی ئەمڕۆ کەڵکی لێوەرگیراوە. لە فارسیدا نەک هەر (ئەندەر) وەک ئامراز لە ئارا دابووە، بەڵکوو وشەی (ئەندەروون) و (ئەندەروونی) و (دەروون)یش باو بوون و ئەم وشەیەی دوایی ئێستاش زۆر باوە. لە زمانی کوردیشدا وشەی (دەروون)مان هەیە و هەروەها وشەیەکی ڕەسەنی دیکەش لە کرمانجی سەروو دا باوە کە (هوندوور)ە و بەرانبەری (ئەندەروون)ی فارسی دەوەستێ. لەوانەیە وشەی ئینگلیزی(indoor)یش لەگەڵ (ئەندەر) و (هوندوور) یەک بگرێتەوە[؟].

به لەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتانەی سەرەوە نابێ گومانمان لەوەدا هەبێ، کە (دە) سەردەمێکی نەک زۆر کۆن لە سەرتاپای زمانی کوردیدا و لەو زاراوانەشدا کە ئەمڕۆ ئامرازەکەیان تێدا بەکارناهێندرێ، بەکارهێنراوە.

هەروەک چۆن (in)ی ئینگلیزی و ئاڵمانی و (دەر)ی فارسی کە هەموویان لەگەڵ (دە)ی کوردی خزمایەتییان هەیە، بۆ ئاماژەکردن بە دەفری شوێن و کات (ظرفیت) بەکاردەهێندرێن، هەر ئاواش (دە) لە زمانی کوردیدا دەور دەگێڕێ و ئەرکی خۆی تا ئەمڕۆ لە ناو زۆربەی کورداندا پاراستووە. کاتێک باس لە (دەفر) دەکرێ، لە پلەی یەکەمدا مەبەست ئەوەیە کە قەوارە(حجم) و ڤالاییی(فضا)یەک لە گۆڕێدا بێ کە بتواندرێ ئاماژە بە ناوەوەی بکرێ، وەک: دڵ، مەنجەڵ، مجری، توورەکە، خانوو، فڕۆکە و... کاتێک ئاماژە بە بوونی شتێک یان ڕوودانی کارێک و بەسەرهاتی دۆخێک لە ناو ئەم شتانە دا بکرێ، ئامرازی (دە) ←

بەکاردەهێندرێ و بۆ وێنە دەگوترێ: قسەیەکم دە دڵدایە، چێشتەکە دە مەنجەڵەکە دا دەکوڵێ...

هێندێک ناوی دیکە هەن وەک: کتێب، گۆڤار، دەفتەر، بەڵگە، نامە و هیتر کە ئەوانیش لە زمانی کوردیدا مینای زمانەکانی دی وەک دەفر لەبەرچاو دەگیرێن و دەتواندرێ ئاماژە بە ناوەوەیان بکرێ، وەک: دە نامەکەیدا نووسیویەتی.

ناوی واتا(اسم معنی) دەفرێکی مەجازییە و بە گوێرەی یاسا ئامرازی دەفرایەتی (دە)ی بۆ بەکاردەهێندرێ و لەم بارەشەوە لێکچوونێکی تەواو هەیە لە نێوان کوردی و زمانە خزمەکاندا، بۆ وێنە دەگوترێ: دە خۆشیدا، دە وتارەکە دا، دە ژیاندا و...

«کات»یش کە کار و رووداوەکان دەگرێتە خۆ، دەبێتە دەفر و ئامرازی (دە)ی بۆ بەکاردەهێندرێ: دە رۆژی سەریساڵدا...، دە ساڵی بووریدا...؛ لە زمانی ئاڵمانیشدا ئامرازی سەرەکی لەم بارەوە (in)ە.

کاتێک بەم ئەنجامە گەیشتبین کە بۆ دۆخی دەفرایەتی لە زمانی کوردیدا هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە تا ئەمڕۆ ئامرازی (دە) بەکارهێنراوە، نەک (لە)، ئەوسا ناچارین بەشوێن ئەوە دا بگەڕێین کە ئامرازی (لە) لە بنچینە دا بۆ چ ئەرکێک لەکار دابووە. بێگومان ناکرێ هەر لە سەرەتاوە دوو ئامراز بۆ یەک مەبەست بەکارهێنرابن و دەبێ ئەرکی (لە) شتێکی دی بووبێ و پاشان پەلی هاویشتبێتە ناو سنووری دەورگێڕانی ئامرازی (دە)وە و لە هێندێ زاراوەشدا، جێگەی ئەوی بە تەواوی گرتبێتەوە. وردبوونەوەیەک لەو شوێنانە کە ئامرازی (لە)یان تێدا بەکاردەهێندرێ و پێکگرتنێکی زمانی کوردی و زمانەکانی دی لەم بارەوە دەمانگەیەنێتە ئەم ئەنجامە کە (لە) لە بنچینە دا نەک ئاماژە بە ناوەوەی شتەکان، بەڵکوو ئاماژە بە رووبەر و دیوی سەرەوەی شتەکان دەکا و بوونی شتێک یان روودانێک لەسەر ئەم رووبەرە نیشانددەدا. بە وتەیەکی دی (دە) بۆ (ظرفیت) و (لە) بۆ (تماس) بەکارهێنراون. چەند بەڵگەیەک هەن کە ئەم ئەنجامە بەدەستەوە دەدەن:

١- لەو زاراوانەی هەردوو پرێپۆزیسیۆنەکە بەکاردەهێنن، لە هێندێک وشە دا کە (لە) دەبێتە ئامراز بۆیان، بە روونی دەبینین کە روودانی کارەکە پێوەندی بە رووبەرێکەوە هەیە، وەک لەم وشانە دا: چیا، هەوراز، شەقام، رێگا، جادە، گەرمێن، کوێستان، سنوور، باکوور، رۆژهەڵات و... هەر بۆیە بۆ زۆربەی ئەم وشانە لەجیاتی (لە) دەتواندرێ (لەسەر)یش بگوترێ: لەسەر چیا، لەسەر سنوور...، کاتێک دەڵێین: (لە چیا چاومان پێککەوت)، بێگومان مەبەستمان ئاست و رووبەری چیاکەیە. خۆ ئەگەر بڵێین: (دە چیا دا چاومان پێککەوت) ئەوە مەبەستەکە دەبێتە فەزای پڕ لە خاک و بەردی دەروونی چیاکە کە بۆ چاوپێککەوتن دەست نادا! نموونەیەکی دیکە: مەلەکردنی مرۆڤ بە شێوەی ئاسایی خۆی کارێکە لەسەر رووبەری چۆم و ئاوان دەکرێ و هەر بۆیە دەگوترێ: (منداڵەکان لە چۆم مەلە دەکەن)، یەکێک بخنکێ دەڵێن: (دە چۆمەکە دا خنکا)، چونکوو خنکانەکە لە فەزای پڕ لە ئاوی ژێرەوە دا روودەدا.

سەرنجڕاکێشە کە بۆ گەلێک لەو وشە کوردییانە، کە ئامرازی (لە)یان بۆ بەکاردەهێندرێ، لە زمانی ئاڵمانیشدا نەک (in) کە بەرانبەری (دە)یە، بەڵکوو (auf) بە مانای (لە/لەسەر) بەکاردەهێندرێ، وەک: Boden (عەرز، سەرعەرز)، Markt (بازاڕ)، Ge-birge(کوێستان)، Weg (رێگا)، Feld (مەزرا)، eStra(شەقام)، Gebiet (دەڤەر)، Grenze (سنوور)، Welt[٤](جیهان)و...

٢- خودی وشەی (لەسەر) نیشانددەدا کە رووبەری سەرەوەی شوێنێک یان شتێک مەبەست بووە، وەک: سەربان، سەرعەرز، سەر چیا، سەر مێز، سەر فەرش و... و ئامرازی (لە) بۆ ئاماژەکردن بەم رووبەرانە بەکارهێندراوە. هەر ئاواش لە باسکردنی (پێش)، (پاش)، (پێشەوە)، (پاشەوە)، (پشتەوە)، (قەراخ)، (دەوروبەر)، (نیزیک)، (لا)، (ئاست)، (بەرانبەر)ی شتێکدا رووبەرێک مەبەستە و هەربۆیە (لە) خراوەتە پاڵ ئەم وشانەوە: لە پێش دەرگا راوەستابوو، لە پشتەوەی ئوتومبیلەکە دانیشت، لە قەراخ چۆم پیاسە دەکەن و...

کەس نەیبیستووە کە بگوترێ: (دە سەر عەرز دا) یان (دە پێش دەرگا دا راوەستابوو) بەڵام زۆر ئاساییە کە بگوترێ: (دە بن عەرز دا) یان (دە بن مێزەکە دا). هۆی ئەم جیاوازییە لێرەدایە کە بۆ وێنە لە رستەی: (پشیلەکە دەبن مێزەکە دا خۆی مات کردووە)، ئەوا شوێنی خۆ ماتکردنەکە پێوەندی بە رووبەری مێزەکەوە نییە، بەڵکوو ڤالایی بن مێزەکە تا سەر عەرز دەگرێتەوە.

هەروەها لە باسکردنی«کات» دا، چونکوو ئەمەشیان بە دەفر دەژمێردرێ، بۆ وێنە دەگوترێ: (دە پێش مندا لەوێ بوو)، کەچی ئەگەر رووبەرێکی جێی راوستان مەبەست بێ، دەگوترێ: (لە پێش من راوەستابوو).

٣- ئەگەر سەرنجێکی هێندێک لە کردار(فعل)ەکان و ئەو پێشگرانەیان بدەین کە لە پرێپۆزیسیۆنەکانەوە پەیدا بوون، دەتوانین دڵنیاتر بین لەو ئەنجامگیرییە کە تا ئێستا کردوومانە. با کرداری (لێدان) بخەینە بەر چاو. کاتێک دەگوترێ: (لە کابرایان دا) یان (کابرایان لە دار دا) یان (وێنەکەیان لە دیوار دا)، دیارە مەبەست رووبەر و دیوی دەرەوەی کابرا و دار و دیوارە، نەک ناوەوە. ئەم کردارانە پێوەندییان بە ناو دار و دیوار یان هەناوی کابراوە نییە. کەچی لە کرداری (تێدان)، کە بۆ هەتوان و برین بەکارهێنراوە، هەتوانەکە تەنیا لەسەر برینەکە نامێنێتەوە و دەچێتە ناو لەشەوە.

لە رستەی: (باریان لە کەرەکە نا) کرداری (لێنان) پێوەندی بە سەر پشتی کەرەکەوە هەیە، نەک بە ناوەوەی. کەچی لە کرداری (تێنان) دا بۆ وێنە پارەکە دەخرێتە «ناو» گیرفانەوە. گەلێک کرداری دیکە وەک: لێنیشتن(تۆز)، لێکخشان، لێککەوتن و... لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە: تێچوون، تێخزان، تێئاخنین و تێکبەزین و تێکتەپین و... هەر ئەم راستییەمان بۆ دەردەخەن. لە یەکیاندا رەوتی کار و رووداوەکان بە رووبەرێکەوە بەستراوتەوە، لەویدیدا رەوتی رووداوەکان بەرەو ناوەوەیە.

٤- لە زمانی فارسیدا کە بە نیزیکترین خزمی زمانی کوردی دەژمێردرێ، پرێپۆزیسیۆنێک هەیە بە ناوی (بر)، بە رێنووسی کوردی دەبێتە (بەر). ئەم ئامرازە مانای (لە/لەسەر) دەبەخشێ و لەگەڵ وشەی (روو= رو) بە تەواوی مانای (لەسەر) دەدا، وەک: (بر روی کوه: لە سەر چیا). لە زمانی فارسی ئەمڕۆ دا( بر) بەرەو سوان چووە و (رو)ەکە خۆی بە تەنیا بەکاردەهێندرێ: (روی زمین: لە عەرز، لەسەر عەرز).

وەک دەبینین لە فارسیشدا (بر) پێوەندییەکی تەواوی بە (رو)ەوە هەیە و ئەم روویەش هەر ئەو شتەیە کە لە توێی ئەم وتارە دا زۆر جار بە ناوی رووبەر خرایە بەر باس. پێککگرتنی (لە)ی کوردی و (بر)ی فارسی دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی جێگەی سەرنج، بۆ وێنە لەم رستانەی خوارەوە دا:

دستانش را بر هم زد/ دەستەکانی لێکدا(لە یەک دا)، بر زمین زدن/ لە عەرز دان، لعنت بر/لەعنەت لە...، سلام بر/سڵاو لە...، بر اسب خود سوار شد/ لە ئەسپەکەی سوار بوو[شێوە دەربڕینی کرمانجی]، راه را بر آنها بستند/ ڕێگایان لە ئەوان گرت و زۆر نموونەی دی.[5]

ئەم پێککگرتنە ڕێگامان پێدەدا کە بڵێین (بر)ی فارسی و (لە)ی کوردی نەک هەر لەباری ئەرکەوە بە تەواوی یەکن، بەڵکوو دەبێ ریشەکەشیان یەک بێ. لەوە ناچێ کورد چاوی لە فارس کردبێ و لە هەر شوێنێ کە فارس (بر)ی دانابێ، ئەویش (لە)ی بەکارهێنابێ، یان بە پێچەوانە. ئەوەی ڕێی تێدەچێ ئەمەیە کە سەرەتا لە هەر دوو زمانەکە دا یەک وشە هەبووبێ و پاشان لە فارسیدا شێوەی (بر) و لە کوردیشدا (لە)ی لێدەرچووبێ. ئەم ریشە هاوبەشە دەبێ هەر (upari) ئاوێستا بووبێ کە بە وتەی سۆکۆلۆف لە فارسی نوێدا بووەتە (بر)[6]. ئەگەر (بر) لەم وشە ئاوێستاییەوە هاتبێ، دەتوانین (لە)ی کوردیش بگەڕێنینەوە بۆ سەر ئەم وشەیە، وێدەچێ دەنگی (ر) گۆڕانی بەسەرداهاتبێ و بووبێتە (ل) و پاشان دەنگەکانی پێشەوە سوابنەوە.

پرێپۆزیسیۆنەکانی (over) و (up)ی ئینگلیزی و (über) و (auf)ی ئاڵمانی کە هەموویان ئاماژە بۆ (لەسەربوون) دەکەن، لەگەڵ وشەی (upari) کە لە ئاوێستا دا هاتووە، یەک ریشەیان هەیە[7].

هەروەها ئامرازی (علی) لە عەرەبیدا بە مانای (لە/لەسەر)، وەک: لە (علی الطریق) دا، لێکچوونێکی زۆر لەگەڵ وشە ئاوێستاییەکە و لەگەڵ (لە)ی کوردی نیشاندەدا، ئەگەر سوانەوە و گۆڕانی دەنگەکان لەبەرچاو بگرین. شیاوی گوتنە کە بڕگەی (al) کە لە وشە ئاوێستاییەکە دا بە وێنەی (ar) دەبیندرێ، لە زۆربەی زمانەکاندا مانای بەرزایی و لای سەرەوە دەدا. پێشگری (هەل) لە زمانی کوردیشدا هەر بەو مانایەیە.[8]

بە پێی ئەو بەڵگە باسکراوانە دەتوانین لەسەر ئەوە ساغ بینەوە کە ئامرازی (لە) لە بنەڕەتدا دەبێ مەبەستێکی گەیاندبێ کە مەبەستی(لەسەر)ی ئەوڕۆی کوردیش دەگرێتەوە. ئەمڕۆ ئامرازی (لەسەر) زۆرتر بۆ ڕووبەری ئاسۆیی(افقی) بەکاردەهێندرێ، وەک: لە سەرعەرز، لە سەرفەرش، لە سەردەست و...؛ هەرچی ئامرازی (لە)یە ڕووبەری ئەستوونی(عمودی)ش دەگرێتەوە: لە دەرگایان دا، لە دیوار سەرکەوت، لە خۆی بەست.

لە پێوەندی لەگەڵ ڕووبەری ئاسۆیی دا، لە هێندێک وشەدا گۆڕانی (لە) بۆ ٩لە سەر) بە ڕوونی دەبیندرێ، وەک: لە سەر بان، لە سەر ڕێگا، لە سەر سنوور، لە سەر چیا و... کە دەبێ لەسەرەتادا بەبێ وشەی (سەر) بەکارهێنرابن و ئەم شێوەیە تائێستاش لە زمانەکەدا ماوەتەوە: لە عەرز، لە ڕێگا، لە سنوور، لە بانی لە چیا و...

لە سەردەمە کۆنەکاندا کاتێک بۆ وێنە گوتراوە (لە وڵات) مەبەستیان (لەسەر) وڵات بووە - لەسەر نەک بە مانای لە ئاسمانی وڵات، بەڵکوو لەسەر ڕووبەری وڵاتێکی پان و بەرین - هەروەک چۆن ئەمڕۆ دەگوترێ: لەسەر ڕێگا. لە فارسیشدا هەر هەمان شێوە لەکار دابووە و گوتراوە: (بر کشور). لەبەر ئەوەی گەلێک لە شوێنەکانی کار و ژیانی مرۆڤ پێوەندییان بە ڕووبەری زەوییەوە هەبوو و ئاستێکی پان و بڵاویان گرتووەتە خۆ، وەک: (چیا، دەرودەشت، مەزرا...)، بۆ هەموو ئەو شوێنانە (لە) بەکارهێنراوە، ئیدی بەرە بەرە (لە) بۆ شوێنەکانی دیکەش وەک ماڵ و دووکان و هیتر بەکارهاتووە و بەم جۆرە مانا ڕەسەن و کۆنەکەی خۆی داوە بە ئامرازی (لەسەر)، بەڵام لە لایەکی دیکەوە مانایەکی بەربڵاوتری پەیدا کردووە و خۆی کوتاوەتە ناو مەیدانی ئامرازی (دە)وە.

ئامرازی (لە) بە گشتی ئەمڕۆ ئەم ئەرکانەی خوارەوەی هەیە:

- نیشاندانی دەرچوون و دوور کەوتنەوە، لە هەموو زاراوەکانی نێوەڕاست و خواروو دا. لە زاراوەکانی سەرووداا ئامرازی (ژ) بەکاردەهێندرێ کە بەرانبەرەکەی لە فارسیدا (از) و لە ئاڵمانیدا (aus)ە. [ئەم ئەرکە بابەتی ئەم وتارە نییە]

- نیشاندانی (تماس)، لە هەموو زاراوەکاندا.

- نیشاندانی (ظرفیت) وەک تاکە ئامراز لە بەشێکی زاراوەکانی نێوەڕاست و خوارووداا و وەک ئامرازێکی لاوەکی لە زاراوەکانی دیدا.

ئەمڕۆ لە زاراوەکانی سەروو و هێندێ زاراوەی نێوەڕاست، وەک موکریانی، دا کاتێک ئاماژە بە دەفری شوێن دەکرێ - شوێن نەک بە مانای گشتی خۆی(مکان)، بەڵکوو بە مانای (محل)ی فارسی و (Ort)ی ئاڵمانی - هەم (دە) و هەم (لە) بەکاردەهێندرێن، بەڵام بە دوو مەبەستی هێندێک جیاواز لە یەکتری. بڕوانینە ئەم رستانە: بابم لە دووکان ماوە/ ئەم شتەمان دە دووکاندا نەماوە/ منداڵەکان لە کووچە یاری دەکەن/ ئەو منداڵە دە کووچە دا لە هەموان زیتترە/ خاڵم لە شار دەژی/ خاڵم دە شار دا پیاوێکی ناسراوە[9] و...، وەک لەم نموونانە دا دەبیندرێ، کاتێک تەنیا ئاماژە کردن بە شوێنی کردار و ڕووداو مەبەست بێ، ئەوا ئامرازی (لە) بەکاردەهێندرێ، بەڵام کاتێک فەزای ناو شوێنەکە مەبەست بێ، ئەوسا شێوەی (دە... دا)، کە شێوەی کۆن و بنەمایی بۆ دۆخەکەیە، دێتە گۆڕێ. بە دەربڕینێکی دی ئامرازی (لە) شوێنێک لە ناو شوێنەکانی لەئارادا هەڵدەاوێرێ و پێوەندی بەم شوێنەوە نیشاندەدا، هەرچی ئامرازی (دە... دا)یە، شوێنەکە هەڵناوێرێ، بەڵکوو ناو شوێنەکە دەکاتە مەبەستی خۆی. لە رستەی (منداڵەکە لە کووچە یاری دەکا) دا ئێمە لە ناو گەلێک شوێندا کە منداڵەکە دەتوانێ یارییان تێدا بکا، شوێنێک دیاریدەکەین و ئاماژەی بۆ دەکەین کە کووچەیە. لە رستەی (منداڵەکە دە کووچە دا لە هەموان زیتترە) دا حاڵەتی (لە هەموان زیتتر بوون)ی منداڵەکە لە چاو منداڵەکانی کووچەکە دا باسدەکرێ و ناتوانێ لە شوێنێکی دی جگە لەم کووچەیە دا مانا پەیدا بکا. بۆیە لێرە دا ناتوانین و مەبەستیشمان نییە کە لە ناو چەند شوێنی مومکیندا شوێنێک هەڵاوێرین، بەڵکوو مەبەستمان فەزای ناو شوێنەکەیە. لە هەموو ئەو رستانە دا کە ئاماژە بە ناو شوێن(محل)ەکان دەکرێ، وەک ئەو نموونانەی سەرەوە، دەتوانین وشەی (ناو) بخەینە پاڵ ئامرازەکەوە و بڵێین: (دە ناو... دا). تێخستنی وشەی (ناو) یان دەرهاویشتنی چ شتێک لە مەبەستەکە ناگۆڕێ و ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئامرازی (دە... دا) ئاماژەکردن بە ناو شوێنەکانی مەبەستە. بەڵام لەو رستانە دا کە (لە...)یان تێدایە ئەگەر بێتوو بڵێین: (لە ناو...)، ئەوا یان

قسەکە بێ مانا دەردەچێ، یان ماناکە دەگۆڕدرێ و هەر دەبێتەوە (دە... دا) و ئیدی مەبەستی خوازراو بەدەستەوە نادا. رستەی (لە زیندانی دیاربەکر زیندانی بوو) رستەیەکی ئاساییە، بەڵام زۆر نائاساییە ئەگەر بگوترێ: (لە ناو زیندانی دیاربەکر زیندانی بوو)! لە هێندێک لە زاراوەکانی نێوەڕاست و ئەوانەی خواروو دا شێوەی (لە... دا) جێگەی (دە... دا)ی گرتۆتەوە، واتا ئامرازی (لە) تەواوکەری (دا)ی، کە لە بنچینە دا تەواوکەری ئامرازی (دە) بووە، وەرگرتووە و بە یارمەتی ئەو ئاماژە دەکاتە ناو دەفری کار و رووداوەکان، چ لەباری شوێن و چ لە باری کاتەوە.

**کێشەی (دە) و (لە) لە شێوەی ئەدەبیی خواروو و سەروو دا:**

کێشەی سەرەکی لە شێوەی ئەدەبیی خواروو دا، کە بەداخەوە نازانم تا چ رادەیەک لێی کۆڵدراوەتەوە، کێشەی تەواوکەری (دا)یە. چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم تەواوکەرە بە تەواوی روون و چەسپاو نییە، بە جۆرێک کە زۆر جار لە شوێنێک دادەندرێ و زۆر جاریش هەر لەو شوێنە دادەندرێ. دیارە ئەمە لەگەڵ تایبەتمەندیی زمانێکی ستاندارد یەکناگرێتەوە و دەبێتە مایەی ناڕێکوپێکی و سەرلێشێوان لە نووسیندا.

وەک لە سەرەوە باسکرا، لە پێوەندی لەگەڵ شوێنەکان، وەک: ماڵ، دووکان، بازاڕ، مزگەوت، یانە، زانکۆ و هیتر دا ئەگەر مەبەست تەنیا ناوهێنان و ئاماژە بۆکردنیان بێ، ئامرازی (لە) بە بێ تەواوکەری (دا) بەکاردەهێندرێ و هەرکاتیش فەزای ناو شوێنەکان مەبەست بێ، ئەوسا (لە) تەواوکەرەکە وەردەگرێ. چاوەڕوان دەکرا ئەم یاسایەی زمانەکە لە زمانی ئەدەبیشدا رەچاو بکرایە و چەسپابا، بەڵام بە داخەوە وا نییە. گەلێک نووسەر بە پێی راهاتن یان لێزانیی خۆیان دەتوانن بە دروستی لە رستە دا ئامرازەکە بە بێ تەواوکەری (دا) یان لەگەڵ تەواوکەر بنووسن. بەڵام گەلێکیش تووشی هەڵە دەبن. لە زۆر جێگە دا کە تەواوکەر پێویست نییە دایدەنێن و ئەمە دەبێتە هۆی لاسەنگبوون و دەسکردبوونی رستەکان و دوورکەوتنەوە لە شێوە دەربڕینی باوی ناو خەڵک. مرۆڤ وا هەست دەکا کە لە زمانی ئەدەبیدا هەوڵدراوە - جا یان لەبەر نەناسینی یاساکە یان لەبەر هۆی دی - رێبازێکی ئەوتۆ زاڵ بکرێ کە بە گوێرەی ئەو لە هەموو شوێنێکدا ئامرازی (لە) تەواوکەری (دا)شی بۆ دابندرێ. ئەم رێبازە بە باوەڕی من لەگەڵ رێزمانەکە یەکناگرێتەوە. کاتێک بنووسین (کوردەکان خۆپێشاندانێکیان لە ئاڵمانیا دا وەڕێخست)، هەروەک ئەمە وایە بنووسین (خوێندکارە کوردەکان لە مۆسکۆ دا دەرس دەخوێنن). دەبینین کە (دا) لەم رستەیە دا چەند بێ مانایە. ئەگەر تەواوکەری (دا) بخەینە ناو رستەی (کاک ئازاد لە شار کار دەکا) و بیکەینە (کاک ئازاد لە شاردا کار دەکا) جیاوازییەکی زۆر پەیدا دەکا و ماناکەی دەبێتە (کاک ئازاد لە ناو شار دا کار دەکا)، وەک ئەوەی مرۆڤێکی نهێنی بێ و کارەکەی پێوەندی بە تەواوی ناو شارەکەوە هەبێ. رستەی (ئەو رۆژە لە باخەکە ماینەوە) بەو واتایەیە کە نەچووینە شوێنی دی، بەڵام (ئەو رۆژە لە باخەکە دا ماینەوە) واتای ئەوەیەکە لە باخ دەرنەکەوتین. لە رستەی یەکەمدا (باخ) لە بەرانبەر شوێنەکانی دیکە دا مەبەستە، لە رستەی دووهەمدا ناوەوە و دەرەوەی باخ دەور دەبینن.

لەم بارەوە دەتوانین بە دەیان نموونەی دیکە بهێنینەوە کە نیشاندەدەن تەواوکەری (دا) هەمیشە بۆ ئامرازی (لە) پێویست نییە، هەروەها دەتوانین دەیان نموونەش لە نووسینی ئەدەبی بهێنینەوە کە تێیاندا تەواوکەرەکە بە هەڵە بەکارهێنراوە. جاری وایە نووسەر نەک هەر لە هەموو شوێنێک بۆ (لە) تەواوکەر دادەنێ، بەڵکوو تەنانەت تووشی هەڵەیەکی گەورەتر دەبێ و بۆ ئامرازی (لەسەر)یش هەر دایدەنێ، وەک: لەسەر سنوورەکانی کوردستاندا، لەسەر شەقامەکاندا، لەسەر شەپۆلەکاندا. جگە لەمانە زۆر جار بۆ گەلێک شوێنی وەک: چیا، سنوور، کوێستان، هەوراز، جادە، باکوور و هیتر بە هەڵە تەواوکەری (دا) دادەندرێ و ئەم شوێنانە دەکرێنە دەفر، وەک: لە چیا دا، لە جادە دا...؛ ئەم شوێنانە وەک ئاست و رووبەر هەرگیز پێویستییان بە تەواوکەری (دا) نییە.

سەبارەت بە دەفری کاتیش، لە شێوەی ئەدەبیی خواروو دا، کێشەی بەکارهێنان یان نەهێنانی تەواوکەری (دا) لە گۆڕێدایە. بە چەشنی سەرەکی (لە... دا) بەکاردەهێندرێ، بەڵام زۆر جاریش (دا) دانادرێ، وەک: لە پازدەی ئەم مانگە، لە مانگی چوار، لە ساڵی ١٩٩٧، لە سەعات چواری ئێوارە...

لە شێوە ئەدەبییەکەی سەرووماندا، کێشەکە لەمەش زێدەترە، لەوێدا جگە لە کێشەی تەواوکەرەکە، کێشەی سەرەکی ئەمەیە کە ئامرازی (دە) و (لە) بە شێوەیەکی یەکدەست و یەکگرتوو بەکارناهێندرێن. هەرچەند ئامرازی سەرەکی بۆ دەفری کات و شوێن (دە)یە، بەڵام (لە)ش لە پاڵەوە دەور دەبینێ و سنوورێکی دیاریکراو و چەسپاو نییە کە ئەرکی دوو ئامرازەکە لێک جیا بکاتەوە و هەریەکەیان بخاتە شوێنێکی تایبەت بە خۆیەوە. بۆ وێنە دەنووسرێ: د(ل) دلێ من دا، د(ل) جێیێ خوە دا، د(ل) ناڤ چاردیوارێ مالێ دا، د(ل) وەختەکی دا، د(ل) سالا چوویی دا...؛ پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە لە نووسینی ئەدەبیی سەروو دا هێندێ نووسەر یان گۆڤار رێبازی تایبەتی خۆیان ساغکردۆتەوە و رەنگە توانیبێتیان بە بەشی خۆیان شێوەیەکی یەکدەست بۆ نووسینەکانیان پێکبهێنن، بەڵام نووسینی ئەدەبیی سەروو بە تێکڕایی هێشتا دوورە لە شێوەیەکی یەکگرتوو بۆ بەکارهێنانی ئەم دوو پرێپۆزیسیۆنە.

**لە هەوڵی چارەسەرییەکدا:**

تا ئێرە توانیمان سەبارەت بە ئەرک و شوێنی دوو ئامرازەکە لە رابوردوو و ئێستای زمانی کوردیدا هێندێک شت ساغبکەینەوە و ئەو کێشانەش بخەینە بەر چاو کە ئەمڕۆ لە زمانە ئەدەبییەکە دا لەم بارەوە لەگۆڕێدان. لێکۆڵینەوەی زۆرتری ئەم کێشانە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان ئەرکێکی گرینگە لەبەردەم زمانناسان و خاوەنڕایانی زمانی کوردی. بە بێ چارەسەریی ئەم جۆرە کێشانە زمانی ئەدەبی ناتوانێ بەو ئاستە بەرزە بگا کە زمانە پێشکەوتووەکان پێیگەیشتوون. چارەسەریی کێشەکان کارێکی دژوارە، بەڵام ئەم دژوارییە نابێ لە هەوڵدان نائومێد و پشت ساردمان بکاتەوە، بە پێچەوانە دەبێ گوڕمان بداتێ بۆ هەوڵ و تەقەلای زۆرتر. پێویستە لە هەموو لاوە قۆڵ هەڵماڵین و هەرکەسە لە رادەی خۆی بە لێکۆڵینەوەی قووڵتر و خستنەرووی بیروڕای جۆربەجۆر و دەمەتەقەکردن لە سەریان، رێگای گونجاو بۆ ←

دەبازبوون لە کێشەکان بدۆزینەوە.

وەک کەسێک کە لە کێشەکان دواوم، حەز دەکەم منیش بەشدارییەکی بچووکی ئەم هەوڵە بکەم و بیروڕای خۆم لەم بارەوە وەک پێشنیار دەرببڕم. من ئەم چەند خاڵەی خوارەوەم کردووەتە بناخەی پێشنیارەکانم:

■ چارەکردنی کێشەکان لە ناو هەرکام لە شێوە ئەدەبییەکاندا لە پێوەندی لەگەڵ شێوەکەی دی و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی دوارۆژ. ئەگەر ئەوها نەکەین، مەترسی ئەوە هەیە رەوتی ئاڵوگۆڕەکان لەناو هەرکام لە شێوەکاندا بەجۆرێک بەرەو پێش بچێ کە ئەوان زۆرتر لێک دوور ببنەوە. ئەم بۆچوونە کە زمانی یەکگرتوو بە تێکەڵاوکردن و نیزیککردنەوەی دوو شێوەکە وەدینایە، تەنانەت ئەگەر راستیش بێ، ناتوانێ هەوڵدان بۆ ئەم نیزیککردنەوەیە بەرپەرچ بداتەوە. خۆ ئەگەر زمانی یەکگرتوو لە داهاتوو دا بە زاڵکردنی شێوەیەک بەسەر شێوەکەی دیدا بە ئەنجام بگا، ئەوا لەم دۆخەشدا هەرچەندە دوو شێوەکە پێشتر لێک نیزیکتر کرابنەوە، ئەوەندە زاڵکردنی یەکیان بە سەر ئەویدیدا هاسانتر و بێ دەردەسەرتر دەبێ.

■ فێربوون و شت وەرگرتنی شێوە ئەدەبییەکان لە یەکتری، هەر ئەندازە کە بلوێ.

■ لە ئاڵوگۆڕ و چارەسەرییەکاندا پێویستە زۆرتر گونجاوبوونمان لا مەبەست بێ، تا رەسەنایەتی. گەڕانەوە بۆ سەدان ساڵ لەمەوبەر و دانانی هەر شتە لە جێی دروستی ئەو کاتەی خۆی، ئەگەرچی ئیدەئالە، بەڵام نەگونجە. تاکە رێگای گونجاو بۆ هەردوو شێوەکە لەوەدایە کە شێوەی ئەدەبیی سەروو لە پێناو ئامانجی گەورەتر دا، کە پێکهێنانی زمانی یەکگرتوویە، تا رادەیەک بەرەو شێوەی خواروو هەنگاو بنێ و لەم لایەشەوە شێوەی ئەدەبیی خواروو هەر لە پێناو ئەم ئامانجە دا لە شێوەی سەروو نیزیکتر ببێتەوە، واتا رێگای پێکگەیشتن و پێکهاتن.

■ ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتن بە بێ گیانی بوێری و نوێخوازی نایەتە دی. ئەگەر پێویست بێ، نابێ لە ئاڵوگۆڕ لە زمانە ئەدەبییەکەدا بپرینگێینەوە. راستە زۆر شت لە زمانی ئەدەبیدا دەقی گرتووە و دەست تێوەردانیان هاسان نییە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە شتی دەقگرتوو نابێ یان ناتواندرێ بگۆڕدرێ یان ئەگەرگۆڕدرا، ئەوا شتێکی سەیر و سەمەرەی لێدەردەچێ. زۆر شت کە سەرەتا سەیروسەمەرە دەنوێنن، دەتوانن پاش ماوەیەک ببنە ئاسایی و دەقگرتوو!

■ هاسانتر کردنی زمانە ئەدەبییەکە و لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەم بارەوە لە ناو خەڵک دا روودەدەن.

لەسەر بناخەی ئەم خاڵانەی سەرەوە پێشنیاری من بەم جۆرەیە:

١- بۆ شوێن(محل)ەکان ئامرازی (لە) بەکاربهێندرێ، وەک: لە ماڵ، لە شەقام، لە حەوشە، لە یانە و...؛ ئەمە کاتێک کە تەنیا ئاماژەکردن بە شوێنەکان مەبەست بێ. شێوەی (دە... دا)ی سەروو کە لە نووسینی خواروو دا بووەتە (لە... دا) و ناو شوێنەکانی مەبەستە، بکرێتە (لە ناو...)، بە بێ تەواوکەری (دا)، واتا تەواوکەری (دا) ئیتر لەگەڵ شوێنەکاندا بەکارنەهێندرێ. ئەمەش لەبەر ئەم بەڵگانەی خوارەوە:

■ وشەی (ناو) کاری تەواوکەری (دا) دەکا و کاتێک بڵێین: (لە ناو...) ئیتر چ پێویست بە مانەوەی تەواوکەرەکە ناکا و رستەکە مانای خۆی بە تەواوی دەگەیەنێ، وەک: لە ناو باخەکە خۆیان حەشار دابوو، هەرایەکی زۆر لە ناو شار پەیدا بوو، چەند کەسێک لە ناو مزگەوت مابوونەوە و...؛ دیارە ئەم پێشنیارە تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ شوێنەکاندایە.

■ دیتمان کە لە نووسینی ئەدەبییدا جیاکردنەوەی ئەم دوو حاڵەتە کە لە کوێ (دا) دابندرێ و لە کوێ دانەندرێ بۆ نووسەری ئاسایی سەختە. ئەگەر ئەم دوو حاڵەتە بە دوو شێوەی (لە...) و (لە ناو...) دەرببڕدرێن، جیاکردنەوەیان زۆر هاسانتر دەبێ و مەودای هەڵەکردن زۆر کەمترە. دانانی ناپێویستی وشەی (ناو) زۆر زووتر هەست پێدەکرێ تا دانانی ناپێویستی تەواوکەری (دا). رستەی (ئالان لە قوتابخانە دەرس دەخوێنێ) بە هاسانی هەڵەی تێدا دەکرێ و دەنووسرێ (ئالان لە قوتابخانە دا دەرس دەخوێنێ) کە ئەمەیان ماناکەی جیاوازە لەوەی دی. ئەگەر لە جیاتی (لە... دا)، (لە ناو...) بەکاربهێندرێ، ئەوسا رستەکەی سەرەوە هەڵەیەکی ئەوتۆی تێدا ناکرێ کە بنووسرێ (ئالان لە ناو قوتابخانە دەرس دەخوێنێ). لێرە دا نووسەر یەکسەر هەست بە جیاوازیی ماناکان دەکا.

■ بەکارهێنانی (لە) و (لە ناو...) بەم جۆرەی سەرەوە لە ئاخافتنی رۆژانە و ئاساییدا و هەروەها تا رادەیەکی بەرچاو لە زمانی ئەدەبییشدا بڵاو بۆتەوە و شتێکی لەخۆوە دەرهێنراو و نامۆ لە زمانەکە نییە.

■ بەکارهێنانی (لە ناو...) لە جیاتی (دە... دا)ی کرمانجی سەروو و (لە... دا)ی خواروو زمانەکە هاسانتر دەکاتەوە، چونکوو پێشی دووپاتکردنەوەی زۆری تەواوکەری (دا) دەگرێ.

٢- بۆ هەموو (شت)ەکان - نەک (محل)ەکان - و هەروەها بۆ ناوی واتا (اسم معنی) کە دەبنە دەفری کار و رووداوەکان، لە شێوەی ئەدەبیی سەروو دا (دە... دا) و لە هی خواروو دا (لە... دا) بەکاردەهێندرێ، وەک دە[لە] دڵدا، دە[لە] کتێبەکە دا، دە[لە] خۆشیدا...؛ بە پێچەوانەی خاڵی یەکەم کە لەوێدا دوو دۆخی ئاماژەکردن تەنیا بۆ شوێنەکە خۆی و ئاماژەکردن بە ناو شوێنەکە لێک جیا دەکرێنەوە و وشەی (ناو) پێوەرێکە بۆ ئەم جیاکردنەوەیە، لێرە دا وشەی (ناو) لە رووی مەبەستەوە چ رۆڵێکی نییە و گوتن و نەگوتنی چ شتێک لە ماناکە ناگۆڕێ: رستەی (دە[لە] دڵمدا) ماناکەی ناگۆڕدرێ ئەگەر بیکەینە (دە[لە] ناو دڵمدا). وشەی (ناو) لێرە دا تەنیا دەوری جەختکردن دەبینێ، نەک مەبەست گۆڕین.

کەواتە لێرە دا پێویستمان نییە وشەی (ناو) وەک ئامرازی جیاکردنەوە بهێنینە گۆڕێ و دەبێ لەسەر (دە... دا)ی سەروو و (لە... دا)ی خواروو ساغ بینەوە و لە پێناو لێکنیزیککردنەوەی زۆرتری دوو شێوە ئەدەبییەکە و گەیشتن بە زمانی یەکگرتوو، یەکێک لەم دوو فۆرمانە هەڵبژێرین. هەڵبژاردنی فۆرمی (دە... دا) بە لای منەوە باشتر و گونجاوترە، چونکوو:

■ ئەم فۆرمە لە ناو زۆربەی زۆری کورداندا بەکاردەهێندرێ و تەنانەت وەلانانی لە شێوەی ئەدەبیی خوارووشدا ناکرێ وەک شتێکی بەتەواوی دانپێداهێنراو و یەکجارەکی چاو لێبکرێ. کەواتە زۆر ئەستەمە زمانێکی یەکگرتووی کوردی بێتە کایەوە کە ئەم پرێپۆزیسیۆنە دەوری تێدا نەبینێ.

←

■ ئامرازی (دە... دا) ئامرازێکی ڕەسەن و لەمێژینەی زمانی کوردییە و شێوەکانی دیکەی ئەم ئامرازە لە زمانە خزمەکاندا ماونەوە. ئەگەر لە باری ڕەسەنایەتیشەوە بڕوانینە کێشەکە بەو ئەنجامە دەگەین کە نابێ شوێنی ئامرازەکە لە زمانی کوردیدا کوێر بکەینەوە.

■ بوونی هەردوو پرێپۆزیسیۆنی (دە) و (لە)، بە مەرجێک چۆنێتی بەکارهێنانیان بە سادەیی لێک جیا بکرێتەوە، نەک هەر زیانێکی بۆ زمانی ئەدەبیی نییە، بەڵکوو زمانەکە دەوڵەمەندتر و ڕەنگینتر دەکا. بە تایبەتی ئەگەر لەبەر چاومان بێ کە ئامرازی (لە) لە زمانی ئەدەبیی خواروو دا ئەرکێکی زۆری لەسەرە و لە جێگەی پرێپۆزیسیۆنی (ژ)ی کرمانجیی سەرووش دەور دەبینێ: ژ ماڵ دەرکەت (لە ماڵ دەرکەوت)...

■ لە گەلێک کرداری وەک: تێخستن، تێکردن، تێچوون، تێخزان و هیتر دا، پێشگری (تێ) هەیە کە لە بنچینە دا لە پرێپۆزیسیۆنی (دە) وەرگیراوە. بەکارهێنانی ئەم کردارانە بە بەربڵاوی لە لایەک و وەلانانی بە تەواوی ئامرازی (دە)، لە لایەکی دیکەوە، جۆرێک ناتەبایی لە زمانەکە دا پێکدێنێ و دەربازبوونی زمانەکە لەم ناتەباییە هاسان نییە. [بە هیوام بتوانم لە دەرفەتێکی دیکە دا بێمە سەر باسی ئەم لایەنەش.]

٣- بۆ ئاماژەکردن بە دەفری کات، لە هەردوو شێوەکە دا پرێپۆزیسیۆنی (لە) بەکاربهێنین، کە لە شێوەی خواروو دا بە تەواوی زاڵە و لە هی سەرووشدا لە لایەن بەشێکی نووسەران و ئاخێوەرانەوە بەکاردەهێندرێ و زاڵکردنی لەم شێوەیە دا زۆر سەخت نابێ. پێشنیاری من لێرەشدا ئەوەیە [کە تەواوکەری (دا) بەکارنەهێنین و بە کورتی بڵێین: لە ساڵی ١٩٤٥، لە مانگی چوار، لەم دواییانە، لە ڕۆژانی هەینی، لە ساڵی مەلا خەلیل یان لە ساڵی تەیارە ڕەشەکە و...؛ دەکرێ لە زۆر جێگایاندا هەر ئامرازەکە بە تەواوی وەلابندرێ، بۆ نموونە لەباتی (لە ساڵی ١٩٤٥) بنووسرێ (ساڵی ١٩٤٥)، لەباتی (لە مانگی چوار) بنووسرێ (مانگی چوار)].

ئەم جۆرە دەربڕینە، واتا بەکارنەهێنانی تەواوکەری (دا) چ لە ئاخافتنی ڕۆژانە و چ لە نووسینی ئەدەبییدا، تا ڕادەیەکی زۆر دەبیندرێ، هۆیەکەشی ئەمەیە کە ئامرازی (لە) چونکوو لە بنچینە دا پێوەندی بە تەواوکەرەکەوە نەبووە و بە بێ ئەویش دەتوانێ مەبەستی خۆی بگەیەنێ، بەرەو ئەوە دەچێ کە لە تەواوکەرەکە جیا بێتەوە، بە تایبەتی کاتێک مەودای نێوان ئامرازەکە و تەواوکەرەکە درێژتر بێ.

دیارە وەلانانی تەواوکەری (دا) لە ئاماژە کردن بە کات و بە شوێنەکاندا بۆی هەیە لێرە و لەوێ لە ڕستەکاندا نەتوانێ ماناکە بە تەواوی ڕوون بکاتەوە و تووشی کێشەمان بکا. بەڵام بوونی هێندێک حاڵەتی تایبەتی نابێتە بەڵگە بۆ ئەوە کە لە هەموو شوێنێکدا کە پێویستیش نەبێ، تەواوکەرەکە دابنێین و جگە لەمە ئەو حاڵەتە تایبەتییانە دەتواندرێن بە بێ (دا) بەجۆرێک بگۆڕدرێن کە ماناکانیان ڕوون و یەکلا بکرێنەوە. بۆ وێنە: بە پێی پێشنیاری من ڕستەی (ئێمە لەو ڕۆژە دا دەگەڕاین) دەبێتە (ئێمە لەو ڕۆژە دەگەڕاین). بەڵام ئەم ڕستەیە زۆرتر مانای (لێگەڕان/بە شوێندا گەڕان) دەبەخشێ، بۆ ئەوەی ماناکان لێک هەڵاواردرێن دەتوانین بڵێین: (ئێمە لەو [ئەو] ڕۆژە دەگەڕاین) بۆ سەیرانکردن و (ئێمە بە شوێن ئەو ڕۆژە دا دەگەڕاین) یان (ئێمە لە دووی ئەو ڕۆژە دەگەڕاین) بۆ مەبەستەکەی دی.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بکەم هۆی ڕەچاوکردنی شێوە نووسینی زاڵ لەم نقیسە دا ئەوە نییە کە من گومانم لە دروستی و پێویستی بەکارهێنانی ئامرازی (دە) لە شێوەی ئەدەبیی خواروو دا هەبێ. بە پێچەوانە بە تەواوی هاتوومە سەر ئەو باوەڕە کە ئەم شێوەی ئەدەبییە نە دەبێ و نە دەتوانێ دیاردەیەکی ڕەسەن و زۆر باو و بەربڵاوی زمانی کوردی - ئەگەر هەر دوو شێوەکە بە یەک زمان دابنێین!- وەک شتێکی «ناوچەیی» بەرپەرچ بداتەوە و ڕێگەی بەکارهێنانی بگرێ. مەبەستی من پێشنیارکردنی ڕێگایەک لەمەڕ چۆنێتی بەکارهێنانی ئامرازەکە لە شێوەی ئەدەبیی خواروو دایە و دیارە هەر پێشنیارێک سەرەتا پێویستە لێدوان و دەمەتەقەی تێروتەسەلی لەسەر بکرێ. هیوادارم دەمەتەقەیەکی ئەوتۆ بێتە گۆڕێ.

**پەراوێزەکان**

١- کورتەیەکی بیروڕا لە سەر پێشگرەکانی لێ، تێ، پێ، **مەسعوود محەممەد**، گۆڤاری سروە، ساڵی١٣٧١ی هەتاوی، ژمارە ٧٤ لاپەڕە ١٦.

٢- وشەی (دەفر) و (ظرف) لە بنچینە دا هەر یەکن و گۆڕان و جێگۆڕکێی دەنگەکانیان بە ڕوونی تێدا دیارە. وێدەچێ وشەی (Topf)ی ئاڵمانی و (تاوە)ی کوردیش کە مانایان زۆر لێک نیزیکە لەگەڵ وشەی (دەفر) بۆ یەک ڕیشە بگەڕێنەوە. بەم پێیە دەشێ وشەی (ئافتاوە) لە سەرەتا دا مانای «دەفری ئاوی» بووبێ (ئاو + تاوە).

٣- زمانی ئاوێستا، وەرگێڕانی **محەممەدئەمین هەورامانی**، ١٩٨٨، لاپەڕە ٢٣٥.

٤- (Welt)ی ئاڵمانی و (World)ی ئینگلیزی و (بلد)ی عەرەبی و (وڵات)ی کوردی، گشتیان لە یەک ڕیشەوە پەیدا بوون و ماناکانیان گۆڕدراوە، لە ئاڵمانی و ئینگلیزیدا بووەتە (جیهان)، لە عەرەبیدا بووەتە (شار) و لە کوردیشدا بە دوو مانا بەکاردەهێندرێ، یەکەمیان وەک (وڵاتی کوردستان) و دووهەمیان وەک (وڵاتمان هەڵوەژارد).

٥- لە گەلێک نموونەی وەک: (حەز لە)، (گومان لە)، (سڵاو لە) و هیتر دا ئامرازی (لە) تەماسێکی فیزیکی لەگەڵ ڕووبەرێک نیشان نادا. لێرە دا تەماسەکە مەجازییە، واتا حەز یان سڵاو لەگەڵ مرۆڤ تەماس پەیدا دەکا، بە وتەیەکی دی مرۆڤ دەگرێتەوە نەک ئەوەی بچێتە ناو مرۆڤەکەوە! ئەم حاڵەتە لە زمانەکانی دیکەشدا هەر وایە، بۆ وێنە لە عەرەبیدا دەگوترێ: (علی الطریق = لە ڕێگا)، هەر بەم شێوەیەش دەگوترێ: (سلام علیک = سڵاو لە تۆ). هەروەها شیاوی باسە کە ئامرازی (بر) لە نموونەکانی سەرەوە دا لە زمانی فارسی ئەمڕۆ دا گۆڕاون و بوونە (بە).

٦- زمانی ئاوێستا، سەرچاوەی پێشوو.

٧- بۆ زانیاری لەسەر پێوەندی ئەم وشانە بڕوانە وشەکانی (auf) و (über) لە قامووسی:

Etymologisches Wörterbuch des Deutschen,
Akademie - Verlag, Berlin, 1989.

هەروەها قامووسی ژمارە (٧)ی DUDEN ساڵی ١٩٨٩

٨- چەند ڕوانگە لەسەر زبان، **عەلی مەیەندی**، گۆڤاری سروە، ژمارە ١٢٤-١٢٣، لاپەڕە ٦٤

٩- شیاوی باسە کە لەو زاراوانە دا نیشانەی نێر و مێ هەیە کە دەخرێنە کۆتایی ناوەکانەوە، بۆ وێنە موکریانی دەڵێ: (لە دووکانێ) لەجیاتی (لە دووکان). ئەم نیشانانە لە نموونەکانی سەرەوە دا وەلانراون، چونکوو پێوەندییان بە باسەکەوە نییە.

■

**حەمە سەعید حەسەن**

# هەردی نوێخوازێکی سەردەمی کۆن

## شیعری ڕۆمانسی، لیریك

لە شیعری ڕۆمانسیدا خەیاڵی سەرکەش بەرجەستەدەبێ و هەڵچوونی شاعیرانە هەموو سنوورەکانی عەقڵ دەبەزێنێ و خود دەکەوێتە سەنتەرەوە. قارەمانی شیعری ڕۆمانسی شاعیر خۆیەتی و باس لە خودی خۆی، ژیانی، ئەوینی ئاگرینی و ئازادییە زەوتکراوەکانی دەکا. شاعیری ڕۆمانسی بەوپەڕی شەیدایی و عەشقەوە بە باڵای جوانیی سروشتدا دەڕوانێ، تامەزرۆی ژیانی ئامێزی گەرموگوڕو پڕ سۆزی سروشتە، گۆرانی بۆ ڕابردووی بە شکۆی نیشتمان دەڵێ و وەفای سەردەمی دێرین بەسەردەکاتەوە.

ڕۆمانسییەکان خود بە لایانەوەگرینگە نەک بابەت، تاک نەک کۆمەڵ، شیعر نەک فەلسەفە، سۆز نەک هۆش، ئایدیا نەک واقیع. شاعیرانی وەک شیللی، کیتس، بایرۆن، لامارتین، هۆگۆ، گۆتە، شیللەر و جوبران خەلیل جوبران بڕوایان وا بووە شیعر: "دەنگدانەوەی سرووش، ئیلهام، خەون و خەیاڵەو بە پێی بەرژەوەندی نانووسرێ"[1] وەک هەردی هێندێ جار نووسیوێتی.

لای ڕۆمانسییەکان: سۆز چونکە باڵاترین هەستی ئینسانە، کرۆکی شیعرە و خەیاڵیش شاباڵی فڕینی سۆزە "شیعر هەرگیز لە ڕاستیی لانادا، ئەگەر لەگەڵ واقیعیشدا یەکینەگرتەوە ئەوە ڕەنگدانەوەی گرینگیدانێتی بە ناخی شتەکان نەک بە دیوی دەرەوەیان."[2] شاعیری ڕۆمانسی خۆشیی تێکەڵ بە ئازار دەکات و ئەوین دەکاتە کوانووی بوونی. ڕۆمانسیبوون ئەوپەڕی ڕێزگرتنە لە ئینسان وەک تاک و خود، ئەمەیش دوا ئاواتی مرۆڤە.

شیعر خۆی لە سێ چەشنی سەرەکیدا دەنوێنێ: دراما، داستان و لیریک. لە دramادا شاعیر بزرە، قارەمانانی شیعرەکە دەپەیڤن و باس، باسێکی بابەتیی داهاتووی خەڵکە. داستان بە شێوازێکی تێکەڵ لە خودیی و بابەتیی باس لە ڕابردووی شاعیرو خەڵک دەکا. لە لیریکدا شاعیر ڕاستەوخۆ باسی خودی خۆی دەکا "وەک چۆن خوا لە دەقە پیرۆزەکاندا هەستی خۆی بەرجەستەدەکات و لاسایی کەس ناکاتەوە، لیریکیش ڕەنگدانەوەی هەستی شاعیر."[3] بە پێی لێکدانەوەی هیگڵ، سارتەر، فیشەر و یاکوبسۆن، لیریک باس لە حاڵی حازر دەکا نەک لە ڕابردوو، وەک هەردی دەخوازێ لە پێشەکیی چاپی دووەمی (ڕازی تەنیایی) دا پێمان بسەلمێنێ.

دراما بریتییە لە ویست و کردەوە، داستان: مەعریفە و لیریکیش وەک شیعری هەردی ڕەنگدانەوەی هەستە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی: هەموو شیعرێک با بەرجەستەکردنی هەستی شاعیریش بێ، هەر "درامایەکی کورتە، چونکە دەنگێکە لەگەڵ خۆی دەدوێ ، یان ـ من ـ ێکە لە ڕێی دیالۆگەوە لەگەڵ خۆیدا ، قسە لەتەک جیهاندا دەکا."[4] بۆیە منی شاعیر کە لە شیعرەکانی ڕازی تەنیاییدا خودی هەردییە، دەبێتە خاوەنی مەودایەکی بەرین و زمانحاڵی هەزاران منی دیکە.

شیعر ئەگەر ڕۆمانسی نەبێ شیعرێتیی خۆی لە دەستدەدا. تاکە یاسایەک کە شیعری ڕۆمانسی ملی بۆ کەچدەکا، ئەوەیە گەردن بۆ هیچ یاسایەک دانانەوێنێ. شیعری ڕۆمانسی بە ڕاناوی تاکی کەسی یەکەم دێتەگۆ و گەلێ شتی هاو بەش لەگەڵ شیعری سۆفییدا کۆیدەکاتەوە، بە تایبەتی بواری بەگەڕخستنی خەیاڵ. دەشێ خەیاڵ بەردی بناغەی شیعر بێ، چونکە ئەوە خەیاڵە کارێ دەکا شیعر لە سنعەتەوە ببێتە هونەر. "لە شیعری کلاسیکدا تەنانەت خەیاڵیش لە چوارچێوەیەکی ـ ماقووڵ ـ دایە بەڵام شیعری ڕۆمانسی دژی چێژی باوە و خەیاڵ تێیدا مەلێکە ئازاد."[5]

لاوان شیعرەکانی «هەردی»یان لەبەرکردووە و زۆربەیان کراون بە گۆرانی، ئەم دوو دیاردەیش ڕەنگدانەوەی کاریگەرێتیی شیعری هەردین لەسەر هەست، سۆز و چێژی خەڵکی کورد و نیشانەن بۆ ڕاستگۆیی و باڵادەستی شاعیر لە بواری نووسینی لیریکدا و ئەوەیش بیردەهێننەوە کە لیریک بۆ گوتن دەنووسرێ نەک بۆ خوێندنەوە.

شیعریش وەک ئایدۆلۆژیا و خواردنی قوتوو، ڕۆژێ دادێ سەردەمی بەسەر بچێت، ئەوە تەنیا شیعری ئاسکی ڕۆمانسییە وەک ڕۆکێتی کیشوەربڕ یەک لەدوای یەک ئەوەکان دەبڕێت و بەـ فرێش ـ ی دەمێنێتەوە. هەردی ئەگەر گیانە ڕۆمانسییەکەی نەبووایە لە مێژ بوو وەک شیعر کۆچی دوایی کردبوو. "وەک چۆن گوستاڤ فلوبێر لە ڕۆمانی *مەدام بۆڤاری* دا زیندووە و بۆدلێر ل ە *هۆنراوەی باڵکۆن* دا دەژی."[6] ڕازی تەنیاییش کارێکی کردووە، هەردی وەک شاعیرێکی باڵا بڵند هەمیشە لەبەر دیدەی خەیاڵی خوێنەردا حازر بێ.[7]

## زمانی شیعر

ئەو زمانەی شیعری پێ دەنووسرێ لە گەلێ ئاستدا خۆی دەنوێنێ، ←

لەوانە:

– هەڵچوونێکی ڕووکەش : وەک شیعری مەدهۆش.

– پلاندانان و نەخشەکێشان: وەک گوڵی خوێناوی و بووکێکی ناکامی گۆران.

– خوڵقاندنی ئەفسانە: ( نەک بەگەڕخستنی ) وەک هۆنراوەی ــ مانگی شیراز ــ ی بەیاتی.[8] زمانی شیعری هەردی لە ئاستی یەکەم بالاترە ، بەڵام ناکەوێتە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئاستی دووەم .

ئەو شاعیرەی بە وێنەی نوێ ویژدانمان دەوڵەمەندتر و ژیانمان جوانتر بکا، بە نەمریی دەمێنێتەوە. "شاعیر تابلۆکانی بە زمانێک دەنووسێ کە دەخوێنرێتەوە، نیگارکێش تابلۆکانی بە زمانێ دەنووسێ کە دەبینرێ."[9] بەشێکی زۆری گرینگیی شاعیر بە داهێنانی وێنەی هونەریی نوێ و دەربڕینی تازەوە بەندە، وێنە و دەربڕینێک کە هەستی خوێنەر ڕابتەکێنێ و دڵی دابخورپێنێ.

لوتکەی گەنجی، پەپوولەی ئارەزوو، تەلاری دلداری، بەهەرەی ژاکاو، تەمی یەئس، چرای ئاوات، تاپۆی نامرادی، خەرمانەی دڵ و دەفتەری ژین؛ ئەم وێنە و دەربڕینە شیعرییە جوانانە هەردی دایهێناون و هەر ئەمانەیشە ڕازی تەنیایی یان بە تەڕو پاراوی هێشتووەتەوە . ئەم زمانە جوانەیە کارێکی کردووە، گەرچی گەڵای تەمەنی هەردی زەردبووە، بەڵام درەختی شیعری هێشتا هەر سەوزە .

زمانی هەردی هێندێ جار لە ڕووی هونەرییەوە کەلەبەری تێدەکەوێ. لە شیعری شۆڕشی نائومێدی دا ، لە کۆپلەی یەکەمدا دەنووسێ:

بە جاریێ وەک (گەلا) سروەی خەزانت گشتی ڕامالێ.

کەچی لە کۆپلەی سێیەمدا ئەو(گەلا) یە دەبێتە (پووش): وەکوو ئەو (پووشە) ڕاپێچی بکا بۆ گۆڕی تەنیایی.

کام پووش؟ پێشتر پووش بوونی نییە. یان دەنووسێ:

دەبا بارەش لە دواییدا
لە بیابانی لماویدا

وەک بیابانی بێ (لم) یش هەبێ. یان دەنووسێ:

بە گوێیا بچرپێنێ (نقامی) عومری کۆتایی .

( نقام) مەبەستی مەقامە.[10] هەردی لێرەدا لە بری داهێنانی دەربڕینی جوان، لە باتیی دۆزینەوەی وزەی نوێ لە وشە دێرینەکاندا و تەقاندنەوەیان ، دێت هەڵەی باوی قسەی خەڵکی ئاسایی دووبارە دەکاتەوە.

شریتی چی؟ سەراپا سەرگورشتەی نائومێدیە،
(فلیمی) پڕ لە ئاسۆریی هەرەسهێنانی لاویە.

فلیم: مەبەستی لە فیلمە، ئەمەیش وەک بەکارهێنانی کیلۆپاترایە لە جێی کلیۆپاترا.

(دڵێکی تێکشکاو، دوو چەشن دلداری و تەپڵی بەتاڵ) سێ شیعری هەردین کە ساڵانی ١٩٤٦، ٥٠ و ٥١ دەستی بە نووسینیان کردووە و لە کاتی لە دایکبوونیاندا نەیتوانیوە تەواویان بکا، ساڵی ١٩٨٣ تەواویکردوون. گەلێ شاعیر لە کاتی دووبارە لە چاپدانەوەی بەرهەمیاندا، لە پێناوی جوانترکردنی شیعریاندا لێرەولەوێ وشەیەک، دەربڕینێک، وێنەیەک، دێڕێک یان زێتری دەگۆڕن و مافی خۆیشیانە (گۆران ئەم ڕێسایەی ڕەچاوەکردووە، بریا کردبای)، بەڵام کارەکەی هەردی لەم جۆرە دەستکاریکردنانە نییە، لە لایەکەوە گەلێ فراوانترە. دڵێکی تێکشکاو سەرەتا تەنیا حەوت دێڕ بووە، دوای تێپەڕبوونی ٣٧ ساڵ بەسەر لە دایکبوونیدا ، ٢٦ دێڕی دیکەی بۆ زیادکردووە، لە لایەکی ترەوە هەردی نیازی جوانترکردنی دەقەکانی نەبووە، زێتر مەبەستی تۆڵەسەندنەوە بووە لە کاکەی فەللاح، بە تایبەتی لە تەواوکردنی تەپڵی بەتاڵ دا.

شیعرەکانم کە جگەرگۆشـــەی منن، دەربەدەرن
دڵی نالی چ ڕەقە، قەت غەمی فرزەندی نییە![11]

تەواوکردنەکان لە چاوی شووشە، دەستی پلاستیک، لاقی تەختە و قژەکلاو دەچن. شاعیر لە دژی کاکەی فەللاح کە گەتوویەتی "هەردی لە ڕازی تەنیاییەوە لە شیعر کەوتووە،"[12] ئازاری خۆی و جگەرگۆشەی خۆیی داوە. ئەگەرچی پێی وایە ئەم کارە سەیرەی بە سەرکەوتوویی ئەنجامداوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەو سوارچاکەی جاران گەلێ جار لە کاتی تەواوکردنی شیعرەکانیدا گلاوە، جۆرە نسکۆیەک کە لە شاعیرێکی هەردی ئاسا چاوەڕێنەدەکرا، تەنانەت لە سەروا هێنانەوەیشدا بە هەڵەدا چووە ، بۆ نموونە شیعری دوو چەشن دلداری بەم چەشنە تەواودەکا:

ئەو بە تەنیا بۆ گوڵی سەر مێزی بادەی (تۆی) ئەوێ،
هەر کە جاریێ بۆنی کردی جا گوڵێکی (نوێی) ئەوێ .

یان دەنووسێ:

ئەو گوڵی بۆ مێزی بادە و پۆکەر و یاری ئەوێ.

پۆکەر و یاری هەڵەیە، چونکە پۆکەر خۆی جۆرە یارییەکە. ئەمە وێڕای چوارپارە بوونەوەیەکی ناپێویست و ناهونەرییانەی "گوڵی سەر مێزی بادە،" لە شیعرێکی پێنج کۆپلەییدا، یان دەڵێ:

واتە: تۆی بۆ تێپەڕینی کاتی بێزاری ئەوێ
یانی من: تۆم بۆ ئەوینی عومری یەکجاری ئەوێ .

(واتە و یانی) زێتر لە زمانی زانست دەچن نەک شیعر . یان دەڵێ:

من ئەوینم (هینی) عومرە و هی خەوی شەوگار نییە
وەک خەوی (خاوەن) تەلار و(خاوەنی) دینار نییە
هەر بووە و (هەرگیز) ئەمێنێ و (هینی) جاروبار نییە.

لاوازییەکان بریتین لە: بەکارهێنانی وشەی هین و پاتەکردنەوەیشی، دووبارەکردنەوەی وشەی خاوەن و بە هەڵە بەکارهێنانی وشەی هەرگیز، چونکە بۆ ئەو جێیە (هەمیشە) دەگونجێ، یان بۆ ڕاگرتنی کێشی دێرەکە (هەردەم) ڕاسترە .

## ڕاستگۆیی

ژیانی هەردی نهێنییەکی تێدایە پێوەندی بە خۆشەویستییەوە هەیە، نایەوێ بیدرکێنێ، یان درکاندوویەتی و هەوڵی شاردنەوەی دەدات. دەشێ خوێنەر مەبەستی نەبێ ژینامەی هەردی بزانێ، بەڵام کاتێ شاعیر بانگاشەی بۆ ئەوە کرد: ئەوی نووسیوێتی ڕەنگدانەوەی ئەزموونی تایبەتی خۆی نییە، ئیدی خوێنەر لە ڕاستگۆیی شاعیر دەکەوێتە گومانەوە و شیعر لە داهێنانەوە دەبێتە دروستکردنی شتومەک .

هەردی خۆی گوتەنی: "چەپکەگوڵێک بۆ ست فاتمەی بۆیە نووسیوە تا جیاوازی چینایەتی لە شیعری دلداریدا پیشانبدات."[13] شانزە ساڵ چاوەڕوانی کە ساڵی ١٩٤٨نووسیوێتی یادی ئەزموونێکی ساڵی ←

١٩٣٨ی شاعیره و ئەگەر گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی لە بابەتی ئەوی خۆی لەلایەن هاوڕێیەکییەوە نەبووایە ئەو شیعرە لە دایک نەدەبوو.[١٤]

وەلی: شەم ، نالی: حەبیبە، جەمیل: بوسەینە، مەولەوی: عەنبەر خاتوون، جزیری: سەلما، ئاراگۆن: ئێلزا، نزار قەبانی: بەلقیس، ع. ح. ب: ڕەحمە، جەمال شاربازێڕی: پەری... چی دەقەوما ئەگەر ست فاتمەیەکی ڕاستەقینەیش هەوێنی یەکێک لە شیعرە جوانەکانی هەردی بووایە؟ یان شانزەساڵ چاوەڕوانی ڕەنگدانەوەی ئەزموونێکی کۆتایی ساڵانی چل بووایە نەک یادکردنەوەی خۆشەویستییەکی کۆتایی ساڵانی سی؟

ڕۆژیە دۆبریە دەڵێ: "پیاو کە تەمەنی بوو بە سی ساڵ، ئیدی ناتوانێ شۆڕشگێڕ بێ." لەوە دەچێ هەردی ئەم بۆچوونە هەڵەیەی دۆبریە لە بواری خۆشەویستیدا بسەلمێنێ و پێی وابێ دڵداریی کردن و شیعری دڵداریی گوتن دوای قۆناغی هەرزەکاری، بۆ پیاوی کورد، یان هیچ نەبێ بۆ خۆی کارێکی جوان نییە، بۆیە بەسەرهاتی شانزە ساڵ چاوەڕوانی دە ساڵ بۆ دواوە دەگێڕێتەوە و شیعری ڕازی تەنیاییش کە لە ساڵی ١٩٥١ دا نووسیوێتی "دەباتەوە سەر قۆناخێکی لەوە پێشتر."[١٥] گرینگیی چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتمە لەبەر ئەوە نییە باسی جیاوازی چینایەتی دەکا، لەبەر جوانیی دەقی شیعرەکەیە، ئەگەر مەبەست نیشاندانی جیاوازی چینایەتییە وەک هەردی نووسیوێتی، ئەوا ئەو مەبەستە لە ڕاژەی شیعرەکەدایە، نەک بە پێچەوانەوە، وەک هەردی ویستوویەتی! شیعرەکە لە ناو مەبەستەکەدا بزرنەبووە، مەبەستەکە لە شیعرەکەدا تواوەتەوە.

هەردی وەک شاعیرێکی ڕۆمانسی دەبوو بڕوای بەوە هەبێ کە شیعر لەوە بالاترو پیرۆزترە ببێتە خزمەتکاری حیزب یان ئایدۆلۆژیا . شیعر بەشێکی زۆری جوانییەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "دۆزەخی گومان هەڵدەبژێرێ نەک بەهەشتی یەقین ، کەلاوەی پرسیار پەسەنددەکا نەک تەلاری وەڵام."[١٦]

کیتس دەڵێ: "ئەو شیعرەم خۆشناوێ کە مەبەستێکی دیاریکراوم بەسەردا دەسەپێنێ."[١٧] ئەرکی هونەرمەندە ڕێ نەدا مەبەست بە زەقی خۆی بنوێنێ، بەجێهێنانی ئەو ئەرکەیش کارێکە دژوار و پێویستی بە توانایییەکی بالا هەیە. هەردی لە چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتمە دا هونەرمەندانە ئەرکی خۆی بەجێهێناوە، بەڵام کاتێ بۆ مەبەستی ناشیعریی، شیعری خۆی شیدەکاتەوە لە بەهای هونەریی کارەکەی کەمدەبێتەوە.

شیعر لە کوردستان شتێک نییە تایبەت بێ بە هەڵبژاردەی کۆمەڵ، کاڤیار نییە، کولێرەیە. لەم ڕوانگەیەوە جێی سەرنجە هەردی کە ڕازی تەنیایی چاپکرووەتەوە، هەلی بۆ ڕەخساوە جێ بۆ هۆنراوە (سیاسییەکانیشی) لە دوو توێی کۆمەڵە شیعرەکەیدا بکاتەوە، بەڵام فەرامۆشی کردوون، ئەگەرچی (ئازادی خوای کوردین ئێمە) یەکێکە لە شیعرە ناودارەکانی و سرووده هەرە کاریگەرەکان. تەنانەت کاتێ وشەی (هەژار) لە شیعری شانزە ساڵ چاوەڕوانی دا هاتووە، هەردی لە پەراوێزدا دەنووسێ: "مەبەست لە هەژار: بەستەزمانە."[١٨] ئەمەیش ڕەنگدانەوەی بادانەوەی شاعیرە لە چەپەوە بۆ ڕاست، لە سەنگەری خەباتی چینایەتییەوە بۆ نەتەوەپەرستی. هەردی بە فەرامۆشکردنی بەشێک لە شیعرەکانی نەیتوانیوە دێڕێک لە ڕابردووی خۆی بسڕێتەوە، بۆیە ڕاستگۆیی لەوەدابوو خۆی لەو جگەرگۆشانەی نەبان نەکا. چونکە لە بیری دیرۆکی کورد، شیعری کوردی و خەڵکی کورد نەچوونەتەوە.

ئەو پێشەکییەی هەردی بە دنەدانی مستەفا ساڵح کەریم بۆ چاپی دووەمی ڕازی تەنیایی نووسیوە، لە زۆر ڕووەوە بە زیانی خۆی و شیعری گەڕاوەتەوە. هەردی خۆی گوتەنی: بۆیە وەک شاعیر سەرچاوەی بەهرەی وشکیکردووە، چونکە سەرقاڵی خوێندنەوەی لێکۆڵینەوە و فەلسەفە بووە، کەچی ئەو سی چل ساڵ خوێندنەوەیە تەنانەت بە پێشەکییەکەیشەوە دیار نییە.

هەردی بۆ دژایەتیکردنی کاکەی فەللاح شیعرەکانی خۆی بە هەڵە لێکداوەتەوە و خوێنەر بە شیکردنەوەکانی قایل نابێ. هەردی کە باس لە قارەمانی شیعر دەکا، تەنیا لەو شیعرانەدا قارەمان دێنێتە گۆڕێ کە پەشیمانە لەوەی خۆی قارەمانیان بێ، ئەگەرچی ئەو شیعرانەی بە ڕاناوی تاکی بکۆ دادەمەزرێن (بێجگە لەوانەی بۆ سەر کێلی گڵکۆی نووسیون) هەردی خۆی پاڵەوانیانە و ئەو سەردەمەی ئەو شیعرانەی نووسیوە ، ئەوی لە ئارادا نەبووبێ قارەمانی شیعر بووە.

هانابردنی هەردی بۆ ئەفسانەی قارەمانی شیعر، بەڵگەیەکی هێندە لاوازە جێی بڕوای کەس نییە و ڕەنگدانەوەی گۆڕانە نێگەتیڤە فیکرییەکەیەتی. هەردی دەیەوێ بە لێفەی (تێکەڵکردنی دەنگەکان) هێندێ ڕاستیی بشارێتەوە کە پێوەندییان بە خۆیەوە هەیە، بەڵام هیچ نیشانەیەک بۆ ئەوە نییە لە سەروەختی گەنجێتیدا ئەو تەکنیکەی ناسیبێ. فۆکۆ دەڵێ : "ئینسانیش وەک نیگاری سەر لمی کەناری دەریا ڕوو لە سڕینەوە و بزربوونە." بیانووی هەردی بۆ سڕینەوەی خودی خۆی لە هێندێ لە شیعرەکانیدا، ڕەنجێکی بێهوودەیەو وەک گوتەکەی فۆکۆ جێگەی بڕوا نییە .

"مێژووی ژن درێژترین و دژوارترین کوێرەوەرییە، کۆمەڵگای چینایەتی بە خۆیەوە بینی بێت."[١٩] هەردی لە تەپڵی بەتاڵ دا دەڵێ:

وەمزانی ناموس و حەیا نرخی کوڕانە

کاکەی فەللاح ئەو (کوڕانە) یە بە هەڵەی چاپ تێدەگات و دەیکا بە (گرانە)[٢٠]، ئەگەرچی (گرانە) پڕ بە پێستی ئەو شیعرەیە، کەچی هەردی بۆ لە زەویدانی پشتی کاکەی فەللاح ، (کوڕانە) پەسەنددەکا، ئەگینا ئەگەر ناموس و حەیا نرخی کوڕان بێ، دەبێ نرخی کچان چی بێ، بەتایبەتی لە ڕوانگەی پیاوەوە و لە کۆمەڵگایەکی باوکسالاریی و ئیسلامیدا؟

هەردی لە جێیەکی دیکەیشدا بێ ئەوەی مەبەستی بێ، سووک سەرنجی کچان دەدات و دەڵێ:

دڵێ وێنەی کچی تیا بێ، ئەمانی باشە بۆ چیمە؟

ئەم سووکایەتی بە کچ کردنە بەوە پاساودەداتەوە کە ئەم شیعرەی (بە زمانی هاوڕێیەکییەوە گوتووە،)[٢١] بەڵام شیعری ڕۆمانسی ڕەنگدانەوەی هەست و بیری شاعیرە نەک لێکدانەوەی هاوڕێ و کەسوکاری . دەبوو بە پێچەوانەوە بە لای شاعیرەوە ئەو دڵەی کچی تێدا نەبێ، شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوە بێ. بریا هەردی لەو شیعرە پەشیمان بووایە، نەک لە (ئازادی خوای کوردین ئێمە) کە پێ دەچێ تا داهاتوویەکی دوورو درێژ هەر سروودی سەر زاری خەڵکی کوردستان بێ . بەشێکی گرینگی

پێشەکییەکەی چاپی دووەمی ڕازی تەنیایی ڕەنگدانەوەی ڕقی ناپیرۆزی هەردی یە لە کاکەی فەللاح.[٢٢] تەنانەت هەردی ڕاستەوخۆ کاکەی فەللاح بە پیاوێکی ڕووخاو دەداتە قەڵەم و دەیکاتە قارەمانی شیعری تەپڵی بەتاڵ کە پیاوێکی خۆفرۆشە . هەردی دەنووسێ: "تەپڵی بەتاڵ بەسەرهاتی کابرایەکی ڕووخاوە ... جا ئەمە کێ ئەگرێتەوە؟ خوێنەران خۆیان دەزانن."[٢٣]

هەڵەی گەورەی کاکەی فەللاح لە خوێندنەوەی هەردی دا ئەوەیە: لەبەر ڕۆشنایی تەپڵی بەتاڵ دا کە ڕەنگدانەوەی هەڵچوونێکی ساتەوەختیی شاعیرە، دەگاتە ئەو سەرئەنجامەی: "هەردی لە ڕووی سیاسییەوە تێکشکاوە و بڕوای بە بایەخی مرۆڤ و وڵاتپەروەریی نەماوە."[٢٤] ئەم لێکدانەوەیەش پێڕەوکردنێکی کوێرانەی ڕێبازە بەدناوەکەی ژدانۆفە.

هەردی گەرچی بە شێوازێکی ئاسان دەنووسێ و هەمیشە ئەوەی لەبەر چاوە خوێنەر تێی بگات و پەنا بۆ : تەمومژ، ڕەمز، ئەفسانە، داستان و ماسک نابات و شیعرەکانی زەریا نین بنیان دیار نەبێ، ڕووبارێکی ڕوونن، کەچی سەرەڕای ئەمانە دێت لە پێشەکی و پەراوێزدا مەبەستەکانی خۆی شیدەکاتەوە و شیعرەکانی هێندە ئاسان دەکاتەوە تا ئاستی ساکاریی و هیچ بۆ خەیاڵ و لێکدانەوەی خوێنەر بەجێناهێڵێ. تەنانەت هێندێ جار فوو لە چرای سیحری شیعری دەکات، بۆ نموونە کە دەڵێ: "چەپکەگوڵێک بۆ ست فاتمەم بە مەبەستی نیشاندانی جیاوازی چینایەتی لە شیعری دڵداریدا نووسیوە"، بەمە هێندە لە بەها، پێویستیی، خۆڕسکیی، ڕاستگۆیی، گەرموگوڕیی و پیرۆزیی شیعرەکە کەمدەبێتەوە، گوڵە سروشتییەکەی شیعر وەک گوڵە پلاستیکی لێ دێت و ئەو ست فاتمە زرپوزیندووەی خوێنی قوڵپدەدا، دەبێتە پەیکەرێکی ساردوسڕی لە مۆم داتاشراو.

چاپی دووەمی ڕازی تەنیایی کارێکی کرد شیعری هەردی وەک یارییەکی تۆپێنی لێ بێ کە پێشتر سازکرابێت و بینەر پێش نیشاندانی ئەنجامەکەی زانیبێ. "زۆر کەس لە نێوان ئەو دیوارانەدا زیندانین کە خۆیان لە ناو خودی خۆیاندا بنیاتیان ناون."[٢٥] هەردی یەکێکە لەوانە.

هەموو بەرهەمی شیعریی هەردی بەوانەیشەوە لێیان پەشیمانە دەوروبەری بیست شیعرێکە و ئەگەر بە حەرفی درشتیش بنووسرێنەوە لە ناميلکەیەکی پەنجا لاپەڕەییدا جێیان دەبێتەوە. سێ شیعری ئەو ناميلکەیە دوای سی چل ساڵێ تەواوکراون و هێندێکی تریان تا ئێستایش بە ناتەواوی ماونەتەوە. ڕاستە لە شیعریشدا کەم و پوخت لە زۆر و بۆر چاکترە ، بەڵام لە مێژە ئەو سەردەمە بەسەر چووە کەس بتوانێ بە هێندێ شیعری پوخت ببێتە شاعیرێکی مەزن. گەورەشاعیرانی لە بابەتی ئەدونیس، وێڕای خەرمانێ شیعر، جێدەستیان بە گەلێ بواری دیکەی ڕۆشنبیرییەوە زەق دیارە.

## ڕەخنەگری پۆلیس، ڕەخنەی ڕووکەش

تاقانە خونچەکەی باخی ژیانم ...

با لە دەستی ژینی پەستی شارو دێ ...

ڕاکەین و ڕووبکەینە چۆڵ و هەردێ ... [٢٦]

هەردی وەک خۆی نووسیوێتی ئەم شیعرەی لە سەرەتای ساڵانی چلدا گوتووە، کەچی د. عیززەدین مستەفا ڕەسووڵ لە بەر ڕۆشنایی ئەم هەڵبەستە ڕۆمانسییەدا بەو ئەنجامە گەیشتووە کە: "هەردی دوای نسکۆی بزووتنەوەی نیشتمانی ـ کۆتایی ساڵانی چل ـ لە خەمی میللەت و لە خەبات دووردەکەوێتەوەو تەنیا بیری لای ئەوەیە خۆی و نازدارەکەی پێکەوە، دوور لە ئازاری گەل و عەزابی تێکۆشەران، ژیان بەسەربەرن."[٢٧]

یەکێکی دیکە لە شاگردە سەرسەختەکانی ژدانۆف لە کوردستاندا د. عیززەدینە، ئەگەر نا لە لێکدانەوەی شیعرێکی ڕۆمانسیدا ئاوا پۆلیسانە نەدەهاتە گۆ. کام ڕۆمانسیی مەزن، هەر لە ڕۆسۆ وە تا هێمن، گەڕانەوە بۆ ئامێزی سروشت لە بەرهەمیدا ڕەنگینەداوەتەوە؟ ئەمە چ پێوەندییەکی بە پشتکردنە ئازاری میللەت و عەزابی خەباتگێڕانەوە هەیە؟ ئایا میللەتان لە کاتی نسکۆ و سەردەمی ژێردەستیدا مان لە دڵداریی دەگرن و جوانیی سروشت "یەک زەڕە کاریان تێ ناکا؟"[٢٨]

بەڵام بۆیە دڵم بەر گوللە دا زانیم کـەچی تیایە

دڵێ وێنەی کچی تیابێ ئەمانی باشە بۆ چیمە؟

د. عیززەدین لە لێکدانەوەی ئەم شیعرەدا دەڵێ: "بە لای هەردیی شاعیرەوە : ئەوی تەنیا بۆ خۆی بژی مافی ژیانی نییە."[٢٩]

ڕاستییەکەی ئەمە بۆچوونی ژدانۆفییانەی د . عیززەدین خۆیەتی و بە تۆبزی دەیداتە پاڵ هەردی، ئەگینا نەک شاعیرێکی دڵناسک، هەموو جەللادێکیش هێندە دڵڕەق نییە، بە تاوانی دڵداریی کردن خەڵک لە مافی ژیان بێبەش بکا.

ئەگەرچی کاکەی فەللاح لە لێکۆڵینەوەکەیدا سەبارەت بە هەردی، هەر کرۆکی قسەکانی د . عیززەدینی دووبارە کردووەتەوە، کەچی هەردی لە ئاستی دوکتۆردا نەرم و نیانە و بەرامبەر فەللاحیش توندو تیژ!

بە پێی قسەی د . عیززەدین ـ گۆران ـ گوتوویەتی: "هەردی کانیاوێکە، هەر کە تەقییەوە کەس نازانێ چۆن ئەتەقێتەوە."[٣٠] هەروەها عومەر عارف شێخ مەحموود دەڵێ: "گۆران گوتوویەتی: هەردی قوتابخانەیەکی تایبەتییە لە شیعری کوردیدا."[٣١]

گۆران شاعیرێکی هێندە بێفیز بووە، لە بواری تازەکردنەوەی شیعردا شێخ نووریی شێخ ساڵحی بە سەرۆکی خۆی لە قەڵەم داوە."[٣٢] ئەو دوو ڕستەیەش ئەگەر ڕاست بێ بۆچوونی گۆران بن، (بە تایبەتی قسەی یەکەمیان هێندە جێی بڕوا نییە)، هەر ڕەنگدانەوەی بێفیزیی ئەو بلیمەتەن و هیچی تر، چونکە هەردی نەک هەر نەبووە قوتابخانە، بەڵکوو زنەیەک بوو ماوەیەک فرمێسکەئاوێکی ڕوون و ڕەوانی پێدا هات و دوایی وشکیکرد.

لای تودۆرۆف سێ جۆر خوێندنەوە هەیە:

- باس لە دەقەکە ناکات و ڕووی دەمی لە نووسەر یان لە کۆمەڵە .

- دیوی دەرەوەی دەقەکە دەبینێ و مانای وشەکان بە وشەی هاوواتا لێکدەداتەوە.

- لە دیوی ناوەوەی دەقەکە دەکۆڵێتەوە و دوورتر لە گوتەکانی ناو شیعرەکە دەبینێ.[٣٣]

سەرنجەکانی د. عیززەدین، کاکەی فەللاح، خورشید ڕەشید ئەحمەد[٣٤] و کەمال مەعرووف[٣٥] هیچیان ناکەونە خانەی جۆری سێیەمەوە، هیچ کام لەوان نەک هەر نەیتوانیوە دەقێکی نوێ بەرهەم بهێنێ، کە شان بە شانی

شیعری هەردی ڕێبکا، بەڵکوو دەستی لێکۆڵینەوەی هیچ کامیان ناگاتەداوێنی شیعری هەردی. دوکتۆر و فەللاح بەرهەمی هەردییان شێواندووە و بۆ مەبەستی سیاسیی خۆیان بەراوەژوو کەڵکیان لە شیعرەکانی وەرگرتووە. خورشید ڕەشید و کەمال مەعرووفیش لە بری ئەوەی وشە نەنووسراوەکان بخوێننەوە و قووڵ بە دەقەکاندا ڕۆبچن و ناخیان بخەنەڕوو، هاتوون وشەی هاوواتایان بۆ وشە ئاسانەکانی هەردی بینیوەتەوە.

١٩٩٧/٨/٩

**سەرچاوە و پەراوێز**


١) د . نبیل راغب ، المذاهب الادبیه ص ١٩ دار مصر للطباعه و النشر ١٩٧٧ القاهره.

٢) د . شکری محمد عیاد ، المذاهب الادبیه و النقدیه ص١٠٧ دار المعرفه ١٩٩٣ الکویت.

٣) جیرار جینیت ، مدخل لجامع النص ص٤٣ ترجمه : عبدالرحمن ایوب ، دار توبقال ١٩٨٦الدار البیضاء.

٤) فصول ، مجله النقد الادبی عدد ١٥ خاص بالشعر العربی المعاصر ص : ٥ خریف ١٩٩٦ القاهره .

٥) محمد بنیس ، الشعر العربی الحدیث ، الرومانسیه العربیه ج ٢ ص : ١٦ و ٢٣ دار توبقال ١٩٩٠الدارالبیضاء .

٦) جاک دریدا ، الکتابه و الاختلاف ، ترجمه : کاظم جهاد ص: ١٦دار توبقال ١٩٨٨الدارالبیضاء .

٧) ڕۆژ و شەو دایم لەبەر دیدەی خەیاڵم حازری<br>جا چ فەرقێکی هەیە بۆ من ئێستر ئێرەو ئەوێ. «کوردی»

٨) محمد مفتاح ، قضایا المنهج فی الادب و اللغه ، ص : ٨٣ دار توبقال ١٩٨٧ الدار البیضاء.

٩) د . عبدالعزیز المقالح ، شعریه اللون فصول ص : ٣١٩ خریف ١٩٩٦القاهره .

١٠) فەرهەنگی خاڵ ب ٣ ل : ٣٤١ ، هەنبانە بۆرینە ب :٢ ل : ٨٦٧.

١١) دیوانی نالی ، مەلا عەبدوکەریمی مودەڕیس ل : ٥٩٦ کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٦بەغدا .

١٢) کاکەی فەللاح . کاروانی شیعری نوێی کوردی ل : ١٦١ بەرگی یەکەم کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٨ بەغدا .

١٣) ئەحمەد هەردی ، ڕازی تەنیایی ل : ١٦ و ١٧ چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ١٩٨٤چاپی دووەم.

١٤و ١٥) ل : ٦٤ و ل ٧٩ ڕازی تەنیایی .

١٦) ص ٣٤٩ فصول خریف ١٩٩٦ .

١٧) الادیب و صناعته مجموعه من النقاد ، ت : جبرا ابراهیم جبرا، ص : ٨٣ ط ٢ ، ١٩٨٣ بیروت. ١٨) ل : ٦٥ ڕازی تەنیایی .

١٩) عبداللطیف اللعبی ، حرقه الاسئله ص : ٩١ ط : ٢ دار توبقال ١٩٩٠ الدار البیضاء .

٢٠) کاکەی فەللاح ، کاروانی شیعری نوێی کوردی ل : ١٤٦ بەگی دووەم .

٢١) ل : ٩٠ ڕازی تەنیایی .

٢٢) کاکەی فەللاحیش بە هەمان شێواز، بەڵام هێندێ هێمنتر لەسەر هەردیی نووسیوە.

٢٣) : ٢١ و ٢٢ ڕازی تەنیایی. ٢٤) ل : ١٤٥و ١٤٦ کاروانی ...

٢٥) ص : ١٦ حرقه الاسئله . ٢٦) ل : ٥٣ ڕازی تەنیایی .

٢٧) د . عزالدین م . رسول ، الواقعیه فی الادب الکردی ص : ١٠٩ دار المکتبه العصریه ، بیروت .

٢٨) زنجیری سەد بەندیخانە ڕەشاشی دەستی بێگانە<br>یەک زەڕە کارمان تێ ناکا تەرکی ڕێگامان پێ ناکا. «هەردی»

٢٩) ص : ١١٠ الواقعیه فی الادب الکردی .

٣٠ و ٣١) ل : ٤٠ و ل : ٩٥ ڕازی تەنیایی .

٣٢) عەبدولڕەززاق بیمار ، دانشتنێک لەگەڵ گۆراندا ل : ١٣ سروە ژمارە ٨٣ ئایاری ١٩٩٣ ورمێ.

٣٣) ص : ٩٤ فصول خریف ١٩٩٦ .

٣٤) خورشید ڕەشید ، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا چاپخانەی الجاحظ ١٩٨٩بەغدا .

٣٥) کمال معروف، الحرکه التجدیدیه فی الشعر الکردی الحدیث ١٩٩٢ج ١ ستوکهولم.


## زنجیرەی کۆمارناسیی (٣)

لە ژمارەکانی گۆڤاری نیشتمان و چەند بەڵگەیەکی دیکەی ئەو ڕێکخراوەیە کە بە دەستەوەن (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١- سەماوەزی ١٣٢٤-١٦ای ئووتی ١٩٤٢- نۆڤامبری١٩٤٥) لە پەخشانەکاندا ڕوون نابێتەوە دو دەنگی/ژ/و/ک/ سەرەتای کام وشەی کوردین. داخودا /ژ/ سەرەتای وشەی «ژیان»، «ژیانەوە»یان «ژیاندنەوە»یە؟ ئایا /ک/ سەرەتای وشەی «کورد»ە یان «کوردستان»؟ و ئەو پرسیارەش دێتەگۆڕێ بۆچی کۆمەڵە لە «چاپەکانی»دا نێوی تەواوی خۆی نەهێناوە؟ ڕەنگە ئەوە بگەڕێتەوە سەر ئەو شێوە کارە نهێنییەی کە کۆمەڵە لە سەرەتای هەڵسووڕان و چالاکییەکانیدا بوویەتی و زۆر لە ئەندامانیشی یەکتریان نەناسیوە.

لەو سەرچاوانەی وا لە بەر دەست نووسەری ئەم باسەدان ناوی کۆمەڵە ئاوا هاتووە:

١- ڕوزفێڵت ی کوڕ ١٩٤٧ (کۆمەڵەی ژیانی کورد) [1]
٢- وەدیع جووەیدە ١٩٦٠ (کۆمەڵەی ژیانی کورد)
٣- ئیگلتن ی کوڕ ١٩٦٣ (کۆمەڵەی ژیانی کوردستان)
٤- توما بوا ١٩٦٤ (کۆمەڵەی ژیانی کوردستان)
٥- عەزیزی شەمزینی ١٩٨٥ (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)
٦- حەسەنی ئەرفەع ١٩٦٦ (کۆمەڵەی ژیانی کوردستان)
٧- هێمن ١٩٧٤ (------------)
٨- کریس کۆچێرا ١٩٧٩ (کۆمەڵەی ژیانی کوردستان)
٩- ریچارد.ئا. هوبلی ١٩٧٩ (کۆمەڵەی ژیانی کوردستان)
١٠- قادری مودەریسی ١٩٨١ (------------)
١١- مەحمودی مەلاعززەت ١٩٨٤ (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان)
١٢- جەمال نەبەز١٩٨٥ (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)
١٣- کەریمی حیسامی١٩٨٥ (کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کورد)
١٤- قادری مودەریسی ١٩٨٥ (کۆمەڵەی ژیانی کورد)
١٥- ڕەحیمی قازی ١٩٨٥ (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد/جمعیت احیا کرد)
١٦- فەریدەی کووهی کەمالی ١٩٨٦ (کۆمەڵەی ژیانی کوردستان)
١٧- عەبدولڕەحمانی قاسملوو ١٩٨٨ (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)
١٨- ڕوزڤێڵت ی کوڕ ١٩٨٨ (کۆمەڵەی ژیانی کوردستان)
١٩- عەبدولسەتار شەریف ١٩٨٩ (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان)
٢٠- عەبدولقادری دەباغی ؟ ١٩ (------------------)
٢١- ژیگالینا ١٩٨٨ (کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کورد)
٢٢- م. د. جەلائی پوور ١٩٨٦ (کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان)
٢٣- د. گوڵمرادی مرادی ١٩٩٢ (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)
٢٤- ئەوشیروان ئەمین ١٩٩٣ (------------)

حەسەنی قازی

## سەبارەت بە نێوی کۆمەڵەی «ژ.ک»

٢٥- ب. یاسین ١٩٩٥ (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)
٢٦- ع. هەژار ١٩٦٣/١٩٦٤ (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)
٢٧- کەریمی حیسامی ١٩٩٦ (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)
٢٨- جەلیلی گادانی ١٩٩٦ (-------------)
٢٩- ع. مەردوخ ١٩٩٦ (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)
٣٠- غەنی بلووریان ١٩٩٧ (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)
٣١- حامیدی گەوهەری ١٩٩٧ (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)
٣٢- عەلی عەبدوڵا ١٩٦٩ (کۆمەڵەی ژیانی کورد)
٣٣) عەبباسی وەلی ١٩٩٥ (-------------)

وەک لەو خشتەیەی سەرەوەڕا دەردەکەوێ نێوی کۆمەڵە بە پێنج جۆر باس کراوە و لە سەر نێوی کۆمەڵە تەنێ لە نێو نووسەرە لاوەییەکاندا[٢] باس و موناقەشە دروست بووە و تا ئەو جێی ئەمن ئاگادار بم تەنێ نووسەرێکی کورد[٣] ویستوویە بە پێی بۆچوون ئەو نێوە ساخ کاتەوە.

تەنیا بەڵگەیەکی نووسراو کە دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ و نێوی کۆمەڵەی بە تەواوی نووسیوە و ئەو گرێیە یەکالادەکاتەوە: بڵاوکراوەی «رێگا»یە کە لە ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی مانگی خەزەڵوەر (ئۆکتۆبر- نۆڤامبری ١٩٤٨) نزیکەی دوو ساڵ دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بڵاوکراوەتەوە و لە بن سەردێڕی «رێگا»دا نووسراوە: «اورگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد». لەو بڵاوکراوەیە هەر دوو ژمارە بڵاوکراوەتەوە ژمارەی «طلیعه» و ژمارەی ١ و لە سەروتاری ژمارە١دا بە فارسی «علت تشکیل حزب ژیانی کرد» شی کراوەتەوە.

ئەم بڵاوکراوەیە بە دەستپێشخەری غەنی بلووریان و محەممەدی شاە پەسەندی وەرێکەوتووە و عەبدولرەحمانی زەبیحی و حەسەنی قزڵجی ش بڕیاری هاوکاری کردنیان داوە کە دواتر هەر بە دوو نووسراوەی حەسەنی قزڵجی و غەنی بلووریان دەرچووە.

سێ کەس لەم ناوانەی سەرەوە چ پێش لە دامەزرانی کۆمار لە سەروبەندی چالاکی کۆمەڵەدا و چ دوای دامەزرانی حیزب لە هەڵسووڕێنەرانی چاپەمەنی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و بە لەبەرچاوگرتنی مەودای زەمانی ١٩٤٨ کە هێندە بە سەر نەمانی کۆمەڵەدا تێنەپەڕیبوو دەبێ نێوی تەواوی کۆمەڵەیان لە زەیندا بووبێ بۆیە زۆر وێدەچێ ژ.ک کورتەی دوو وشەی «ژیانی کورد»بێ.

کاک غەنی بلووریان لە بیرەوەرییەکانیدا[٤] دەنووسێ: «... لە سیتەک چاومان[خۆی و شاە پەسەندی] بە مامۆستا «حەسەنی قزڵجی»، «عەبدولرەحمانی زەبیحی» و«سەید محەممەدی[محییێدین دروستە] سەمەدی کەوت. سەید محەممەد [محییێدین] ماڵی لە سلێمانی بوو و جارجار دەهات سەری ئێمە دەدا... دوای ئامادەبوونی چاپخانەکە [مەبەست لە دەزگای ڕۆنیۆ و شتی ئەوتۆ یە)، چونکوو نوسخەی ماکی رێگا کە بەدستەوەیە پیتچنی نییە بەڵکوو بە تایپ نووسراوەتەوە. تێبینی نووسەر] لە پێشدا چەند بەیاننامەی حیزبی مان پێ چاپ کرد و پاشان لە سەر دەرکردنی گۆڤارێک ساخ بووینەوە و ناوی«رێگا»مان بۆ هەڵبژارد. هۆی ئەوەی ڕۆژنامەی کوردستانمان دەرنەکرد و «رێگا»مان بۆ ئەو قۆناخە هەڵبژارد و ناوی «ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد»مان لە سەردانا، ئەوەبوو کە دوژمن وریانەبێتەوە و دیسان دژی کۆنە دێمۆکراتەکان ڕانەپەڕێ و خەڵک تووشی گیروگرفت نەکا... کاتی چاپکردنی رێگا، چونکە ئامادە نەبووین بڵاوکراوەی شێخ لەتیف چاپ بکەین، زەبیحی ناکۆکی لەگەڵ پەیدا کردین و ئیتر ئامادە نەبوو یارمەتیمان پێ بکات.»

ئێستا کە ناوی کۆمەڵە ساخ بووەوە بە گێڕانەوەی چیرۆکێک سەری ئەو باسە دادەکوژێنم. لە ساڵانی ١٩٦٠ لە کاتی پەرەگرتنی بزووتنەوەی چەکدارانە لە خوارووی کوردستان، قسە و باسی کوردایەتی و جارجار کەفوکوڵی ساویلکانەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر باو بوو. یەک لەو کەسانەی کە لە تافی منداڵییەوە بە شێوەی خۆی شانی دابووە بەر کوردایەتی هەر ئەو کەسەی کە لە نیشتمانی ژمارە ٢دا(خەزەڵوەری ١٣٢٢) ل ١٨، وەک منداڵێکی بوێژ پەسنی دراوە و پارچەشێعرێکی بڵاوکراوەتەوە کە بەم بەیتە تەواو دەبێ: "قومریا گەرچی ایستە مندالی ـ جوان دەهونیوە شعر و هەلبەستان»، ئەگەرچی لە باری ئەدەبییەوە خزمەتی هەبوو بەڵام لەلایەن کۆڕوکۆمەڵی سیاسییەوە وەخۆ نەدەکرا؛ برادەرێک جارێکیان دەیگوت: "فلانە کەس ئێستاش هەر ژ. ک ە بەڵام وشەکانی لێ گۆڕاوە و «ژیانی کورد»ی لێبووە بە ژن و کۆنیاک".

مای ١٩٩٧

### پەراوێزەکان:

١) دیارە لەو لیستەیە دەکرێ زیاد بکرێ؛ بەڵام هۆی جۆربەجۆر ناوهێنانی کۆمەڵە، نیشانەی گوێنەدان و بەگرینگ دانەنانی ساخکردنەوەی ئەم ناوە لەلایەن نووسەرانەوەیە و لێرەشدا دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی ئیگلتن ناوەکە بە ساخ کردنەوەوە لەو وەرگیراوە.

٢) ویلیام ئیگلتن ی کوڕ لە کتێبەکەیدا The Kurdish Republic of 1946 پانووسی لاپەڕەی ٣٤ بە دروستی دەڵێ: "زۆربەی سەرچاوە ئینگلیسییە زمانەکان سەبارەت بە کۆمەڵە وشەی «ژیان»یان بە «جەوان» وەگێڕاوەتەوە کە ئەودەمی ناوی حیزبەکە دەبێ بە «کۆمیتەی جەوانانی کورد» بەڵام وشەی کوردی بۆ«young» جەوانە نەک «ژیان». ئیگلتن مەبەستی زیاتر لە نووسراوەکەی روزفێلت ە بەڵام بۆ خۆشی بەهەڵە «کۆمەڵە»ی بە committee وەرگێڕاوە.

٣) کاک کەریمی حیسامی لە کتێبەکەیدا «پێداچوونەوە»لاپەڕەی ١٧٠، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٦ دەنووسێ: لە باری ناوی کۆمەڵەوە لە هیچ سەنەد و بەڵگەی ڕەسمی کۆمەڵەدا ئەم دوو پیتەی (ژ.ک) ڕوون نەکراوەتەوە و نەنووسراوە کە مەبەست لەم دوو پیتە چیە؟ نووسەرانی کورد و بێگانە هەرکەس بە سەلیقەی خۆی جۆرێک بە کاری هێناوە.

... بەڕای من «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» ڕاست بێ. چونکە لە سەردەمی حکوومەتی پەهلەویدا کورد بەرەو نەمان دەچوو لە ئاویلکەی ژیان دا بوو. بۆیە «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» ڕەنگە لەگەڵ بارودۆخی ئەو دەمی کورد و کوردستان پتر ڕێک بکەوێ.

٤) بڕوانە: عەنی بلوریان، «ئاڵەکۆک» بەسەرهاتی ژیانم، ستۆکهۆڵم ١٩٧٧، ل ٨١، ٨٢ و ٩٥. ■

# مێژووی بزر

## هەڵسەنگاندنی
## «خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ»
## «ڕۆمانە شیعر»ی شێرکۆ بێکەس

ئەنوەری سوڵتانی

**.تۆ مێژووی بزری و بۆ بزر نەگەڕێی...**

ڕۆمانە شیعری ٣٧٤ لاپەڕەیی کاک «شێرکۆ بێکەس» چەند مانگێکە لە سوێد بڵاوبۆتەوە. «خاچ ومار و ڕۆژژمێری شاعیرێ»، ژیاننامەی شاعیرە لە زمان خۆیەوە. ژیانێک کە شەخسی یە و شەخسییش نییە، شاعیرێک کە خۆیەتی و کوردستانیشە. «خاچ ومار...»کورتە مێژووی باشووری کوردستانە، مێژوویەک کە بە چاوی واقیع سەیرکراوە و بە قەڵەمی سیحر وجادوو نووسراودتەوە. چیرۆکی هەڵە وپەڵە و هەڵخلیسکانی کوردە لە هەڵدێری مێژوویەک کە بە بەرچاوی هەموومانەوە دەخولقێت، داخ وحەسرەتە بۆ هەلی لە دەستچوو و ڕەنجی بابردوو، هەروەها خەمخۆری یە بۆ لەشێکی بێ سەر و باخێکی بێ بەر.

لە ڕۆمانەکەدا، شاعیر خۆی بە خەڵک و خاکەوە دەبەستێت:

خەڵکی وڵاتی ئەفسوونم
باوکم شاخە و
دایکم تەمە.
من تەوێڵم چوارڕێیانی
خەونی چوار پارچە کراومە

و تێکەڵاویی چڕوپڕی شاعیر لەگەڵ مێژووی خاک، لە هەموو لاپەڕەیەکی ئەم داستانە دوورودرێژەدا، خۆ دەنوێنێت. شێرکۆ، لەگەڵ هەر خورپەیەکی دڵیدا بۆ باوکی هەژار و دایکی ئەزیەتباری خۆی، شینێک بۆ مێژووی کۆن و نوێی کوردستان دەگێڕێ و لە «ماد» و »ئەییووبی»یەوە تا «ئەیلوول» و «ڕاپەڕینی٩١» و «نیشتمانی بڕڕاوەی ناو قەد» وەبیری خوێنەر دێنێتەوە.

«خاچ و مار...» ، بێگومان ڕووداوێکە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا و لە هەوراز و نشێوی شیعری شێرکۆ دا قوللەیەکی بەرزە. دارشتنی پتەو، سیمبۆلیسمی بەهێز، ڤۆکابیولەری دەوڵەمەند و شێوازی نوێی دەربڕین، هەرگیز لە بەرپرسایەتی سیاسی ـ نەتەوایەتیی شاعیر؛ کە تان و پۆی شیعرەکەی گرتۆتەبەر، جیانابنەوە.

شیعرکە، لە،چاردی نووسراوی شاعیر وگەلی کورد دەدوێت و بەم دوو «یەکە» تێکچڕژاوە مەفهوومێکی یەکگرتوو دەبەخشێت:

من وشەم بۆ چییە وەک مامز باز نەدا
وەکوو ئاو ڕانەکا و
لە ناکاو خۆی نەکا
بە هۆیە وەدەواری خەڵکدا!(ل٤٣)

«خاچ و مار...» لە بەیتێکی چەند بەندیی دەکات، کە هەر بەندێکی تەرخانی قۆناغێکی تایبەت لە مێژووی گەل و ژیانی شاعیر کراوە. ئەم بەندانە، بەگوێرەی گەورە و بچووکی ڕووداوەکە، یا بیندرێژیی وتوانای شاعیر، کورت ودرێژ دەبنەوە. هەر بەندێک سەربەندێکی هەیە کە تێیدا خاچی شاعیر، مارێکی تێ دەئاڵێ، بزمارێکی لێ دەدرێت و لە نموونەیەکی دەگمەندا(باسی ڕاپەڕینی ٩١)، گوڵی تێ دەئاڵێت:

من خاچی مار تێ ئاڵاوم
من نەفرەتێکی یەزدانم
من سێ بزماری ڕواوم(ل٣٠)

خاچ، شاعیر خۆیەتی و بێگومان کوردستانیشە. مار، ئەو چارەنووسەیە بۆ هەردووکیان دیاری کراوە: هەتیویی، هەژاریی، پێشمەرگەیی، شاعیریی، کۆچ، وەزارەتی بێ ئاکام و هەڵە وپەڵەی حیزبەکەی لەباری شەخسییەوە وشکست وهەوڵی بێ ئەنجامیش وەک چارەنووسی گەلەکەی. ئەم تاڵیی وسوێرییەی ژیانی خۆی و مێژووی کورد، کارێکی وایان کردووە شاعیر، چارەنووسەکە بە "نەفرەتی یەزدانی" وەربگرێت، وەک «قەدەری»یەک تووشی دۆگمای ئایینی/فەلسەفی بێت و بارودۆخی خۆی وگەلەکەی بە «سیزیێف»ی ئوستوورەیی دەشوبهێنێ کە نفرینی خواکان دوای هەر هەوڵێک بۆ ڕزگاریی، دەگەڕێنێتەوە سەر«حوللە مەردسێ» و سەرەتای هەوڵ و تێکۆشان.

کارەساتی بە سامی ژیانی شاعیر و گەلەکەی، کارێکی ئەوتۆیان کردووە، لایەنی گێڕانەوەی مێژوو لە شیعرەکەدا بەهێز بێت و ناسکیی بیر و هەستی شاعیرانە بکەونە فەرامۆشییەوە. خوێنەر لە خوێندنەوەی «خاچ و مار...»دا زیادتر هەوڵ دەدات جەمسەری ڕووداوەکان بە یەکەوە ببەستێت و بەم شێوەیە، لە جوانی و ڕازاوەیی و بەرامەی خۆشی ⬅

سەرکەوتووترین شیعری شێرکۆ بێکەس، بێ بەش دەبێت. تەنانەت ئەم لایەنە مێژووییە، بۆ شاعیر خۆشی وەها گرینگ بۆتەوە باوەڕ بەو گرینگایەتییە بهێنێ و ناوی «ڕۆمان» لە سەر شێعرەکەی دابنێت ـ ئەوەش زوڵمێکی ئاشکرایە لەو هەستە ناسکەی نێو دێڕدێڕی شیعرەکان ـ زوڵمێک کە فریشتەی شیعر دەتۆرێنێت و بە ملکزیی بە جێی دێڵێت.

کاتێ کە شێرکۆ لە نەورۆزی ٩٧دا، چەند بەشێکی ئەم ڕۆمانە شیعرەی بۆ گوێگرانی لەندەن خوێندەوە، دەروێشەکانی زلحیزبێکی کوردستان، ئەم لایەنەیان گەلێک بەدڵ بوو و بە بیستنی سیفەتی «هەڵگوردی بێ سەر» و «خاکی بێوەژن» و «مەرگەوەڕ ئەبێتە پێغەمبەر» جەزم بوون و چوونە حاڵەوە! من خەمی ئەو دەروێشانە ناخۆم، ئەوان لەمێژە چەواشەن. من خەمی هەستیاری شیعردۆست دەخۆم کە جێژوانی شاژنی شیعریان لێ بشێوێ، دووکەڵ ودوومانی مێژوویەکی پڕ شەڕ وشوڕ لە جیاتی بەرامەی خۆشی گوڵەباخی شیعر بە هەناویاندا بچێتە خوارێ و دروشمی بریقەدار، شەوارەیان بکات.

ئایا شێرکۆ خۆشی لەگەڵ ئەو شەپۆلە درۆیەدا دەڕوات؟ ئایا خوداوەندی وشەی جوانی کوردی، هەڵوێستی ساویلکانەی حیزبی دەخاتە پێش هەستی جوانپەرستی شاعیرانەوە؟ ئایا بزەی فریشتەی شیعر بە چەپڵەڕێزانی ئاڵقەی دەروێشانی حیزب دەگۆڕێتەوە؟ ئەوە بەستراوەتەوە بە ڕادەی ڕووناکبیریی وتێگەیشتنی شاعیر لە «گەوهەر»ی هونەر و «عرض/عەرەز»ی بابەت، ئەوە بەستراونەوە بەوەی ئایا لە نێوان بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی و ئیلتیزامی حیزبیدا دیوار دەکێشێت و ئایا لە چارەنووسی تاڵی «شاعیرانی حیزبی» دەرس وەردەگرێت یا نا؟ بەشەکانی کۆتایی کێشەکە موژدەیەکی ئەوتۆمان پێدەدەن. لە پەیوەندیی شیعرەکەدا، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە هێندێ خاڵی سەرەکی بکەم:

«خاچ و مار...» درێژەی هێندێک کاری بیندرێژیی دیکەی شاعیرن کە بە «داڵ» دەستی پێکرد(١٩٨٧) و بە «دەربەندی پەپوولە» درێژەی کێشا(١٩٩١).

«خاچ و مار...» ژیاننامەیەکی ناتەواوی شاعیر وکوردستانە. هێندێک لایەنی وەک ماچی بەغدا و سەردەمی وەزارەتی شاعیر باسیان لێوە نەکراوە و زۆر مەسەلەی وەک شەڕی براکوژی، هاوسەنگەریی زلحیزبەکان لەگەڵ داگیرکەران و سەرهەڵدانی حیزبە ئیسلامییەکان، سووکە ئیشارەیەک نەبێ پێیان نەکراوە.

تۆ بڵێی «خاچ و مار...» بەرگێکی دووهەمی نەبێت وتێیدا دەست بۆ ئەو «تابۆ»یانەش درێژ نەکات؟ لەکۆتایی کتێبەکەدا بەتایبەت لە هەڵسەنگاندنی شەڕی خۆکوژیدا هیوایەکی ئەوتۆمان پێدەبەخشێت. شاعیر لەم بەشەیدا کەمتر لایەنگرە و دیاردەکان وردتر سەیر دەکات:

هەمدیسان ئەفرەتی خۆکوژیم هاتەوە
نێو خوێن و هاتەوە کاولاشی ماڵەکەم.
هەمدیسان ئەم دەستم ئەو دەستم ئەکووژێ و
ئەو دەستم سەری خۆم ئەدزێ و
هەمدیسان من هەر خۆم چەقۆم و
هەر خۆشم تەرمەکەم......

تۆ «نالی»یت بۆت نییە دەنگ ببینی
تۆ «خانی»یت و بۆت نییە هەولێر ببینی...
تۆ سەری بڕراوی براکەت
وەک تاجەگوڵێنەی سەرکەوتن
لەگەڵ خۆت ئەگێڕی،
تۆ پەنجەت تێرۆری خۆی ئەکات
تۆ سەر ودەست و تۆ قاچی: کوێستانی و
ڕێناس وحەللاق و فرانسیس ئەخەیتە ناو
کیسەی خۆڵەوە وله ڕێگەی پۆستێکی پیسەوە
بۆ دنیای ئەنێری!...
تۆ ئێستە تینووتە وهەر حەزت لە خوێنە
ئەگەڕێی بۆ یەکێ خوێنەکەی لە خۆت بێ و
بۆ ئەوەی کە بینی پێوەنێی...
من ئێستا شەرم ئەکەم، شەرم ئەکەم
شەرم ئەکەم پێی بڵێم:
من کوردم! (ل٣٦١تا٣٦٩)

لە باری تەکنیکی شیعرییەوە «خاچ و مار...» گەیشتۆتە لووتکەیەک لە ئیعجازی کەلام، تەعبیری نوێ، سیمبۆلیسمی بەهێز، وێنەکێشانی جوان، وشە و زاراوەی شاز، بەکارهێنانی شێوازی نوێ بۆ دروستکردنی ڕستەی شیعریی وکەڵک وەرگرتن لە ئەدەبی کۆنی کوردی واتە «بەیت» (بۆ نموونە ل ٩١).

بەڵام لایەنێکی لاواز لە شیعرەکانی کاک شێرکۆ دا هەیە کە لە «خاچ و مار...»یشدا دەردەکەوێت: ئەوەی کاک «حەمە سەعید حەسەن» بە «کۆمەڵێ کلیل بۆ کردنەوەی دەروازەیەک» ناوی لێ دەبات و من وەک «فۆرمالیسم»ی دەبینم. شێرکۆ قافیە(سەروا)ی وەلاناوە بەڵام چەشنێکی دیکە لە فۆرمالیسمی کردۆتە جێگری، کە هەر هێندەی ئەو نابەجێیە و تەلی ئەعسابی خوێنەر دەکێشێت. شاعیر ئامانجی خۆی بە یەکەم ڕستە، دەگەیێنێتە زەینی خوێنەر وخوێنەریش دەست بەجێ لێی وەردەگرێت، ئیتر هەر هەوڵێکی دیکەی بۆ دووپات و چەند پاتکردنەوەی هەمان مەفهووم بە چەند تەعبیر و جەختکردن لە سەر هەمان واتا، فۆرمالیسمێکی بێ خەوش نەبێ هیچ نییە:

هەر لەگەڵ تەزمی ئەو شاخەدا
هەر لەگەڵ تەرمی ئەم باخەدا
هەر لەتەک تابووتی ئەو تیشکە و
هەر لەتەک تابووتی ئەو مانگە و
هەر لەپاڵ لاشەی ئەو هەورەدا(ل٥٠)

یا:

ئەگەر تەنیایی نەبوایە،
لە داخاندا شیعر ئەمرد
ئەگەر مانگەشەو نەبوایە،
لە داخاندا بەفر ئەمرد
ئەگەر باڵندە نەبوایە،
لە داخاندا درەخت ئ‌ەمرد
ئەگەر ئازادی نەبوایە،

له داخاندا ژیان نەمرد(ل٩٤، هێڵەکان من کێشاومن)

به هەمان شێوه، سەیری لاپەڕەی ٦٥، ١٤٢، ١٤٣، ١٩٧، ٢٣٦، ٢٤٠ و گەلێک شوێنی دیکه بکه و ئەم فۆرمالیسمه ناپێویسته ببینه.

جگه له لایەنی تەکنیک، شاعیر موشکیلەیەکی گەورەتری هەیه: شێرکۆ، که مامۆستای شینگێڕیی بۆ ڕابردووه و وێنەی تێکشکانی ڕاپەڕینەکانی کورد، مامۆستایانه دەکێشێتەوه، له ڕابردوو چەقیوه و ئاوڕێک له داهاتووناداتەوه. «دادێ» بۆ شێرکۆ دیاردەیەکی نەناسراو و قەڵایەکی پڕ مەترسییه که هیچکات نایەوێ ئابلووقەی بدات و زەفەری پێببێنێ. هۆی ئەم بێ باوەڕیی به داهاتووش له خاڵێکی گرینگدایه: شێرکۆ، زیاد لەوەی باوەڕی به خەڵک بێت، بڕوای به ڕێبەرەکانیەتی! ئەو، دادێی کوردستانی خواروو له ڕوخساری کاکه و مامەی تاران و ئەنقەرەدا دەبینێت وهەرەسی ئەوان به هەرەسی داهاتووی گەل دەزانێت. بەڵام ئایا لافاوی به تەوژمی هێزی خەڵک به سەر ئەو زیخ و چەوەدا تێپەڕ نابێت وباوەش بۆ ئاسۆیەکی ڕوون ناکاتەوه؟ ئایا ئێمه له «پەنجەرەی نیوه تاکی بوومەلێڵەوه چاومان له دیەنی کچی بەیانی»* نییه؟ ئایا کچی بەیانیش هەر کابینی دێوەزمەی ڕێبەرانی ئەمڕۆ دەبێت؟ بێگومان نا! بریا شێرکۆ بێکەس ئیمانی بەم ڕاستییه بهێنایه و له جیاتی خۆ هاویشتنه داوێنی «تەقدیر»ێکی کوێرەوه، له جیاتی شینگێڕیی بۆ هەرەسی ٧٥ وئەنفال و هەڵەبجه وشەڕی خۆکوژیی، له جیاتی چوونەناو شۆڕشی له سەرەتاوه له بارچووی «نوێ» به بیروبۆچوونی کۆنی خێڵایەتییەوه، ئەگەر به هێزی گەل ــ نەک دەسەڵاتی حیزب و ڕێبەرەکانی ــ وەفادار بوایه، ئەگەر سروودی بۆ دادێی بگوتایه، ئەگەر له پشت «واقیع»ی تاڵی ژیانی سیاسیی کورد له دوێنێ و ئەمڕۆدا، «حەقیقەت»ی شیرینی داهاتووی بەدی بکردایه؛ حەقیقەتێک که پێویستی به سەربەخۆیی زیاتری ئەندیشه و هەڵوێست ودوورکەوتنەوه له دۆگمی حیزبایەتی هەیه، ئایا تووشی هەمان ئەو بێ هیوایی وشین وشەپۆره دەبوو که ئێستا تانوپۆی «خاچ و مار...»ی داگرتووه؟ بەڵام ئەگەر ڕەشەماری ئەو تەقدیره تاڵه به ئاخی جەرگی شاعیرەوەی نەدابایه، ئەم شیعره بەرزەش دەخوڵقا؟ دڵنیام نا!

**مەسەلەی ژن:** ڕۆمانی مێژوویی شێرکۆ بێکەس، مێژوویەکی پیاوانەیه، پیاو نووسیویه و بۆ پیاوی نووسیوەتەوه. ژن یا له مێژووەکه بزره یا دەورێکی کەمی پێدراوه. جگه له دایک وخێزانی شاعیر، شێرکۆی تەنیا له باسی ڕاپەڕینەکەی ٩١دا ددان به دەوری ژناندا دەنێت:

چاوەڕێ بووم هەر گاشه بەردی نێرینه و
داری ڕیشدار هەڵسنه سەر پێ ومەرگ هەڵبڕن
کەچی له زۆر جومگەی لەشما
پێش گاشەبەردی نێرینه و داری ڕیشدار،
ژنه چناری وڵات و ژنه گوڵ و
ژنه سنەوبەر ڕاپەڕین. (ل٣٣٦)

**مەسەلەی زمان:** زمانی شاعیر گەلێک پاراوه وهێندێ جار له ئیعجاز نزیک دەبێتەوه:

من ئەم زمانەم کردوه
به کێڵگەی گوڵەبەڕۆژه




تەماشاکه له سەد لاوه
خۆر تەماشای بالای ئەکا!(ل٤٦)

بەڵام موشکیلەیەکی شێرکۆ بێکەس و هەموو ئەدیبێکی کورد ئەوەیه، سنوورێک له نێوان زمانی ڕەسمی (فصحه/فوسحه) و ناڕەسمی (شعبی) کوردیدا نەکێشراوه و نووسەر، مێژوونووس، شاعیر و چیرۆکنووسی کورد به گشتی لەم شێوازەوه بازدەدەنه سەر ئەویان و لەویانەوه بۆ ئەم. «خاچ و مار...»یش لەم یاسایه به دوور نییه وشاعیر، که زمانی ستانداردی هەڵبژاردووه ،له جیاتی شەوقدانەوه، "شەوقانەوه" بەکاردێنێت (ل٥٤)، له جیاتی دەناڵا، "ئەناڵا" (ل٨٦)، له جیاتی سندووق، "سنووق" (ل١٥٨)، لەبری شێخ سەعید، "شێخ سەعی" (ل٢٧٠) و... هتد.

به بڕوای من جێگیرنەبوون و دانەمەزرانی زمانی ڕەسمیی کوردی، شاعیری تووشی ئەم کەوتن وهەستانه کردووه، نەک خواست وئیرادەی خۆی.

هەڵەی چاپ: هەڵەی چاپیی کتێبەکەش نابێ له بیربکرێت: سەرەڕای ڕازاوەیی لاپەڕەکان و شێوازی ڕێکوپێکی چاپ، «خاچ و مار...» دوور له هەڵەی چاپ نەماوەتەوه. من لێرەدا تەنیا هەڵەی چەند لاپەڕەیەک دەستنیشان دەکەم، ئەوانی دیکەم یادداشت نەکردووه: ١٤٠، ١٤١، ١٤٣، ١٤٥، ١٥٣، ١٥٩، ١٦١، ١٦٥، ١٦٧، ١٨٤، ١٩٨، ٢٣١، ٢٣٦ و ....

«خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ» دەرفەتێکی لەبارە بۆ ئەویندارانی ڕاستەقینەی شیعری کوردی بتوانن لەگەڵ شاپەڕیی شیعری کوردیدا، خەڵوەت بکەن، دەستەملانی فریشتەی شیعر بن، زاخاوی مێشکی به سیاسەت ماندوویان بدەن و چێژ له بەهرەی بێ سنووری شاعیر وەربگرن.

***

* له شیعرێکی سوارەی ئێلخانی زاده وەرگیراوه.

# داریۆ فۆ
## خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل(۱۹۹۷)



**نووسین و وەرگێڕان: قاسم ریانی**

«داریۆ فۆ» شانۆگەر و درامنووسی ۷۱ساڵەی ئیتالیایی کە بە گوتەی ئاکادێمیی سوێد "بە رەچاوکردنی ئیشکەرەنەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، دەسەڵات قامچی باران دەکا و بۆ نرخی مافخوراوان تێهەڵدەچێتەوە"، خۆی وەک "capocomico" (کاپۆکۆمیکۆ)یەک دەناسێنێ. ئەو وشەیە ریشەی لە سەدەکانی ناوەڕاست دایە و بە مانای گێرانی شانۆیەکی "فیلبەدیهە"ی تەنزە کە لەوێدا تەماشاچی لە گێڕانی شانۆکەیدا بەشداریی دەکا. ئەو شێوە شانۆیە هەمیشە باری ناوچەیی هەبووە. بەڵام داریۆ فۆ ئەو شانۆیەی هەتا قەوارەی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی پەرەپێداوە و پیەسی خۆڵقاندووە کە دەکرێ خەڵکی دیکەش بیهێنێتە سەر شانۆ. فۆ مامۆستای جیهانیکردنی شانۆی خەڵکیی وخەیابانی یە. فۆ لە شانۆی خۆیدا هەمیشە لەگەڵ خەڵک قسەدەکا نەک قسە بۆ خەڵک بکا.

لە سروشتی نیستەتیکی "فیلبەدیهە"دا مرۆڤ ناشێ شتێک پێشبینی بکا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هونەرمەند دەبێ رێبازەکەی دەستنیشان بکا و هاوسارەکەشی لەدەستدابێ، کە فۆ بە باشی لێی شارەزایە. هونەری داریۆ فۆ تێکەڵاوێکی بێ هاوتایە لە نەریت و تازە باویدا. ئەو هونەرە دەگەڕێتەوە زەمانی کۆمێدیای رۆمی کۆن بە نووسەرایەتی پلاتوس(Plautus) و تێرێنتیوس(Terentius). بەڵام ریشەکەی پتر دەگەڕێتەوە بۆ ئیشکەرەنە گەڕیدەکانی سەدەی ناوەڕاست.

خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل نێوی خۆی بە خۆیەوە و هەتا ئێستاش بیجگە لە دوو درامنووسی دیکە، بە گەشتیی دراوە بە رۆماننووس و شاعیران. بۆ داریۆ فۆش نووسین هۆیەکە بۆ گەیشتن بە مەبەستی سەرەکی یانی شانۆ و شانۆگەریی. واتە نووسین بۆ فۆ بەشێک لە شانۆیە. ئەو لە رادەیەکی نێونەتەوەییدا، زیاتر میراتگری ئەدەبی قسەکەرە هەتا ئەدەبی نووسراوە. بۆیە لەو بابەتەوە ئەوخەڵات پێدانە شتێکی مێژوویی یە.

ئەوەی وا فەرهەنگستانی سوێد فۆی هەڵبژارد نەترسیی و بوێرییان دەگەیەنێ. نەک هەر لەبەر هۆی سەرەوە بەڵکوو لەبەر هۆیەکی دیکە کە هۆی سەرەکیشە، یانی باری سیاسی مەسەلەکەی. فۆ لە روانگەی سیاسییەوە هەمیشە لە "چەپ"ترین لای سەکۆی سیاسەتەوە راوەستاوە و هەڵوێستی گرتووە و تەواوی ناوەڕۆکی پیەسەکانیشی لایەنگری لە "مرۆڤی بچووک" دەکا.

تۆماس برێدسدۆرف، پسپۆری ئەدەبییات لە دانمارک دەڵێ:

"هونەری ئاگای چەپ یارمەتی خەڵک ناکا ئەگەر ئەو هونەرە دەرجە یەک نەبێ، فۆ لە پێکەنین بە چەشنێک کەڵک وەردەگرێ کە: مێشک دەکاتەوە هەتا ئەقڵ بچێتە ژوور. نە پێکەنین و نە ئەقڵ باوی ئەوەدەکان نییە. بۆ جارێکیش بووبێ کۆمیتەی نۆبێل بە پێچەوانەی زەمان دەڕوا."

■ شوێن و رۆژی لەدایکبوون: رۆژی ۲٤ی مارچی ساڵی ۱۹۲٦، لە (سان گیانۆ) باکوری ئیتالیا لە ناوچەی لاگۆ ماگیۆرێ.

■ منداڵیێتی: باوکی ناوی فێلیس سەرۆکی ئیزگەی بچووکی شەمەنەفەری دێ بوو، هەروەها شانۆگەرێکی ئاماتۆریش بوو. دایکی نێوی پینا بوو.

داریۆ گەورەترین منداڵیان بوو. «ڤولویۆ»ی برای خاوەنی شانۆیەکە و «بیانکا»ی خوشکیشی نووسەرە.

■ خۆشەویسترین ئامرازی کایە پێکردنی سەردەمی منداڵیی داریۆ بووکێکی شانۆیی بوو.

■ خوێندن: وەک هونەرمەندێکی گەنج لە ئاکادێمیی بە نێوبانگی میلانۆ دەرسی خوێندووە و ئێستاش هەر نیگار دەکێشێتەوە. ئەو هەروەها دەرسی ئارشیکتێکتی تەواو کردووە.

■ جێگەی ژیان: میلانۆ و پۆرتۆ ڤالتراڤاجیلا ناوچەی سەردەمی منداڵیی.

■ خێزان: لە مانگی ژوئێنی ساڵی۱۹٥٤وە لەگەڵ سینەماگەری بە نێوبانگ «فرانسا رامێ» بوونە ژن و مێرد.

■ هێندێک لە بەرهەمەکانی داریۆ:

- "ئەوان گیتارێکیان کوشت، بەڵام خەڵک بە هەزارانی دیکەی هەیە"
- "ئێمە پارەی نادەین! ئێمە پارەی نادەین!"
- "میستێریۆ بوفۆ"
- "ئانارشیستێکی بە هەڵە لە پەنجەرەیەک را فڕێدرا دەرێ".

■ پیەس و فارز و کۆمێدییەکانی داریۆ لە هەموو جیهاندا هاتۆنەتە سەر سەکۆی شانۆوە.

■ کتێب: پارەکە کتێبی خۆش و جیاوازی گێڕانەوەی ژیاننامە(بیۆگرافی)ی خۆی بڵاوکردەوە.

■ سیاسەت: چەپ، پارتزانێکی هەمیشەیی کە تەنز و گاڵتە چەکی هەرە سەرەکییەتی.

مۆسیقا: رۆک.

■ فیلم: «ئارنۆڵد شوایزینگێر»ی پێ خۆشە.

■ شتی تر: ویسکییێکی خۆشی پێ سەهۆڵ.

داریۆ فۆ لە وتووتژێکدا دەڵێ:

- ئەورۆ زۆرکەس حاڵی باش نییە، ئەوان لە خۆیان دەپرسن "ئاخۆ ئەوە چۆن بوو توانی خەڵاتی نۆبێل وەرگرێ، بۆچی؟ بۆچی؟"

ئەو بۆچوونەی فۆ دەستبەجێ وەدیهات. ڕۆژنامەی سەر بە پاپی واتیکان "لۆزۆرڤاتۆرِ ڕۆمانۆ" بێ سەر لێ سووڕمان بێ حورمەتی پێکرد. جیانفرانکۆ فینی سەرۆکی ڕێکخراوی نوێ فاشیستی "بەرەی نەتەوایەتی" دەڵێ: "ئەوە شوورەیی یە، مەگەر داریۆ فۆ چی بۆ ئەدەبییات کردووە. " ئۆلیوێر شمیت لە ڕۆژنامەی لۆمۆند دا دەنووسێ: "داریۆ فۆ لە فەرانسە بە نێوبانگ و خۆشەویستە... سەیر لەو هەڵبژاردنەی ئەوەیە کە فۆ پیاوێکی چەپە... و ئەوەش لەگەڵ خەتی ئەو چەند ساڵانەی دوایی خەڵاتی ئەدبیی نایەتەوە." بەڵام ئانجیلیۆ ڕیناڵدی لە ڕۆژنامەی "لێکسپرێس"دا پێی وایە ئەوە: "مەسخەرەیە، شتێکی تەواو مەسخەرەیە..." کریستێل پەرشون لە ڕۆژنامەی سویدی "ئیکسپرێسن"دا دەنووسێ:

- ... ئەوە هەر تەنیا ڕاستەکان نین کە بەربینگیان بە کۆنە دوژمنی خۆیان داریۆ فۆ گرتووە، بەڵکوو بەشێکی زۆر لە چەپیش بە دەستێک چەپڵەی لێدەدەن. بۆ ئەوان زەحمەتە ڕای کەللەشەقانەی داریۆ فۆی لە ئاست چەپەوە بسەلمێنن هێندەی فۆ باسی لە باو کەوتووی "خەباتی چینایەتی" دەکا."

تەنانەت ئاکادێمیکی گەنج «ئالفۆنسۆ بێرایدیلێلی» پێی وایە کە "نووسراوەکانی فۆ فرِی بە سەر ئەدەبییاتەوە نییە".

لە ئیتالیای قەیسەران و موسولینی و مافیادا، بێجگە لە سپارتاکوس و گاریباڵدی و داریۆ فۆ و هاوقەتارانیان کەسێکی دیکە نەیتوانییوە خۆ لە قەرەی دەسەڵاتداران بدا و وا بوێرانە "ماسک" لە ڕوویان داماڵێ و بۆ مافی لێقەوماوان و ژێرچەپۆکان تێهەڵچێتەوە. ئەگەر داریۆ فۆ مافی وەرگرتنی ئەو خەڵاتەی نەبێ، ئەدی کێی دیکە دەتوانێ ئەو مافە بە خۆی بدا؟

عاقیبەت ڕۆژی چاوەڕوانکراو داهات. داریۆ فۆ لە پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمە ۱۰ی دیسامبردا، بە دەبەرکردنی چاکەتی درێژی بەنێوبانگ، بە دەمی پێکەنینەوە، خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێلی ساڵی ۱۹۹۷ی لە دەست شای سوێد وەرگرت.

ئەوەی لەم جێژنەدا سەرنجڕاکێش بوو و قسەی زۆر لێوە دەکرا چاکەتەکەی بوو. هی وایە دەیگوت بە ئەمانەت وەریگرتووە، هی واشە دەیگوت بە دانستە پڕ بە بەری خۆی بە دروون دراوە. داریۆ لە وتووێژێکدا گوتبووی کە «لە تەواوی تەمەنمدا دوو جارم ئەو چاکەتە درێژە دەبەر کردووە». بەهەرحاڵ، داریۆ فۆ ئێستا کەسێک بوو کە هەموو بۆ دیتن و چاوپێکەوتن، بۆی بەڕیز ڕاوەستابوون. وەرگێڕەکەی یای ڕووت یاکوبی، لەبەر سەرقاڵیی دەرفەتی ئەو هەموو پێڕاگەیشتنەی نەبوو. ژنان پتر بە هیوای ئەوەیکە بتوانن گەڕێک لە گەڵیدا سەمایە بکەن دەورەیان دابوو. هەرچەند داریۆ فۆ هونەری خۆی بە یارمەتی جووڵانەوەی دەست و ئەندامەکانی لەشی نیشان دەدا، بەڵام مەیلی سەماکردنی نەبوو. داریۆ فۆ و بنەماڵەکەی لە بەر ئەوەی لە هەموو شوێنێک دیار بوون، ژمارەیان زۆرتر دەهاتە بەرچاوی حازران.

**سەرچاوە:**

■ ڕۆژنامەی"ئیکسپرێسن" ۱۰، ۱٦ی ئۆکتۆبری ۹۷و ۱۱ی دیسامبری۹۷؛ "داگنس نیهێتر" ۱۰ی ئۆکتۆبری ۹۷؛ "ئافتۆنبلادێت" ۱۰ی ئۆکتۆبری ۹۷

س.کاوە(شەماڵ)

# چەند پەراوێزێکی وتار بەدەر

لە پەراوێزی مێژوودا ڕاوەستاوین و سەیری هەنگاوە بە گومانەکانی خۆمان دەکەین. ڕوانینی ئێمە بە دنیا و دنیاڕوانی ئێمە لە خۆمان، حیکایەتێکی ساکارە. دەربیجەیەک دەکەینەوە: چەند بستێکی دنیامان لەودیو پەنجەرەکەوە لێ دیارە. لەمدیوە خۆمانین بە کۆڵێک بیرەوەریی کوێرەرەنگ و ئارەزووە تۆزلێنیشتووەکانمانەوە. دۆزینەوەی گەورەمان: دەربیجەیەک لە نێوانی دنیا و ئێمەدا هەیە. دنیای ئێمە نەء! دنیا و ئێمە.

مەزنی خەونی مناڵ لە ساکارییەکەی دایە. ئێمە خەونەکانمان تەنیا جەستەی مناڵانەیان هەیە؛ مێشکی خەونەکانمان لەخەو دایە و هەنگاوەکان وەک شەوگەڕێک خەریکی سورخواردنن بە هەمان کۆنە گەڕەکی ئاشنا و وێرانی گەورەنەبوونیماندا. گەورەکان هەمیشە بە مناڵان دەڵێن: «گەورە مەبن با خەونەکانتان کابووس نەیخوات!» مناڵ دەیەوێ گەورە بێت، مناڵ خەون بە گەورە بوونەوە دەبینێت و بەبێ ئەم خەونانە، مناڵێتییان دەسوێ. بەڵام وەک گەورەساڵ و بەتەمەنداچوو، گەڕانەوە بۆ مناڵێتی کارێکی دژوار و بگرە مەحاڵە. گەڕانەوەی ئێمە لەم تەمەنەدا، نەخۆشییەکە بوونمان دەخاتە مەترسییەوە. ـ بوونی جەستەییمان هەمیشە لە مەترسیدا بووە و ئێمە خۆڕاگریمان پێشان داوە. لەم مەیدانەدا نەیارەکان دیار بوون، هەرچەند زۆرجاران لەم بوارەشدا خۆمان سەرمان لە خۆمان شێواندووە و نەیار و یارمان لێ شێواوە. بەڵام مەترسی بوونی فیکری و ڕوحیمان، دوژمنێکی سەرسەخت و لەهەمان کاتدا خۆشەویستی هەیە: خۆمان. بەزاندنی ئەم نەیارە شتێکی ساکار نییە.

لە پەراوێزی مێژوودا ڕانەوەستاوین. لە دەرەوەڕا دەڕوانینە پەراوێزی مێژووەوە. مێژووی ئێمە چاوەڕوانی مامایە؛ چاوەڕوانییەک کە جار لە چاوەڕوانی گۆدۆ بێهوودەتر دەڕوانێ. کارەسات لەم چاوەڕوانییەدا نییە، لەم هەڵە زەمانکوژە دایە کە مامانێک بوونی نییە. ئەم مێژوویە دەبێ بە ئاوەز و هانای عەقڵەوە لەدایک بێت. بەڵام ئێمە ڕۆڵەی جادو و عیرفان و پەرجۆین. لە سەرزەوی ومەڵبەندی ئێمەدا ئاوەز نامۆیە و ئێمە لە چوارچێوەی داسەپێنراوەکاندا هەناسە هەڵدەکێشین و سنوورەکان بە پیرۆزییەوە دەپارێزین. لە دەرووندا سنوور پیرۆزە.

هێندێ کەس، چەند هەنگاوێکیان بەرزتر هاویشتووە و دەڕواننە هێڵی مێژووەوە. مەودا چاوشێوێنە. لە ئێمەڕا تەنیا تەم و مژێک دیارە. لەم تەمستانەدا کەسانێک دێن و دەڕۆن. خەونی ئەم کەسە هەنگاوبەرزانە، تێکاڵاوبوونە بە حەشیمەتی تەمستانەکەوە. بوونی ئێمە لە کەناری پەراوێزدا تەنانەت بۆ پەراوێزنشینەکان مسۆگەر نییە، هەرنا ئەوان ناخوازن بوونمان بسەلمێنن. هێڵستانییەکان ئێمەی مێژووبەدەر نابینن یاخود بشمان بینن بە چاوی نەبیندراو سەیرمان دەکەن. لەم دیوی ئێمەدا

←

## ■ لە یادی نیچە و مەرگە شێتانەکەیدا (٢٥ی ئاگۆستی ١٩٠٠)

رەنگە هێندێ پەراوێزنشین هەبن هیواکانیان پێگەیشتووتر بن. لەمدیو هێندێ پەراوێزنشین هەن کە بەشێکی هێلّستانییەکان بە حەسرەتەوە سەیریان دەکەن و بەرلەمێژووی خۆیان دێتەوە یاد. بەلاّم ئێمە نە حەسرەتێک دەخولقێنین و نە هیواکانمان پێگەیشتوون. ئێمە تەمستانێکمان لێ دیارە، بەلاّم تەنانەت زەوقی ئەوەمان نییە تەفسیری بکەین. تەنیا دەستمان کردۆتە سێبەری چاومان و چاوەڕوانین؛ چاوەڕوانین و بەس.

ئێمە لە دەرەوەی تەفسیرەکاندا، خۆمان بە تەفسیرکراو دەزانین. تەفسیرکار ناناسین و بەدوای کەسایەتیشی نەکەوتووین. چونکو لە زمانی ئێمەدا پیتەکانی تەفسیرکردن ونن؛ ئامرازی تەفسیر و تەئویل لە زمانماندا پێک نایەت، بۆیە هەموو تەفسیرێک دەکڕین. ئێمە قەومێکی بەختەوەرین؛ بەختەوەریمان لە بێ مەرجیمان دایە. لە دەرەوەی مەلبەندی خۆماندا مەرجمان نییە. لە ناوەوە هەڕەشەی ترس، شمشیری ترس ـ ترس لە خۆناسین یاخود دۆڕاندنی پێناسەیەکی مژاوی ـ یەک یاسای بۆ داناوین: هەر هەنگاوێ بیەوێ سنووری گوندەکانمان ببڕێ، دەیبڕین. ئێمە لە بێ ـ خودیی خۆماندا ئابلۆقەدراوی خۆمانین.

ئێمە هەرگیز زمانەوانێکی باش نەبووین. پێمان وانەبووە زمانزانی پەنجەرەیک بەرەو دەرەوە دەکاتەوە. ئێمە زمانی دەرەوەمان فێر نەبووین. ئێستا زمانی دنیا گۆڕاوە. ئێمە ئەم زمانە تەنیا کاتێ فێر دەبین کە زمانەکەی خۆمان بئاوسێنین. ئەم ئاوساندنەش دەبێ لە لایەن خۆمالّییەکەوە بکرێ بۆ ئەوەی منالّەکان بە بێژوو دەر نەچن. بەلاّم ئاوساندن لەلای ئێمەدا قەباحەتە. ئێمە دەبێ دەنگی پیتەکانمان بگۆڕین و رستەکانمان لە شوێنێکی دیکەوە دەست پێبکەین. دەبێ خوێندنەوەکانمان بەراوەژوو کەین و بە دەنگ و پشوویەکی دیکەوە بیانخوێنینەوە. بۆ ئەوەی زمان بگۆڕین دەبێ فێری خوێندنەوەی خوێندەوە بین. بەر لە هەموو شتێک خوێندنەوەی رابردووی خۆمان.

ـ ئێمە رابردوومان نییە. دەبێ لە شوێنێکی دیکەوە دەست پێبکەین!

راستە! کە وایە با یەکەم خوێندنەوەمان رابردووخوێن بێت. رابردووخوێنی ئافراندنی رابردوویە. لە کەلێنەکانی ئەم رابردووخوێنییەدا، ئێمرۆکەمان دەقەکەی بەدەر دەکەوێ.

بۆ ئێمە زەمان گرفت نییە. پێمانوایە گرفت نییە. دەبێ زەمان، زمانی زەمان و زەمانی زمان بگرفتێنین. لەم گرفتاندنەدا سیمای ئێمەش دەردەکەوێ. لە بێگرفتی زەماندا، شوێن خەون دایدەگرێ و ماسولکەکانی دەتەزێن. لەم شوێنەدا پێیەکانی ئێمەش لە بێهەنگاوی خۆیاندا دەڕزن و دواتر هیچ بوومەلەرزەیەک ناتوانێ رامانچلەکێنێ. چەقانی ئێمە لە شوێندا، هێمای زەمانونبوویی ئێمەیە.

رەنگە دژوارترین دۆزینەوە، دۆزینەوەی گرفتەکان بێ. چارەسەرکردن، بڕوایەکی بێ وێنەی دەوێ. دنیا و رەوتی هەناسەکێشانی ئەم دنیایە تاقیکردنەوەی چارەسەرەکانە. چارەسەرێک بوونی نییە، تەنیا چارەسەرەکان هەن و چارەسەری ئەنجامی چارەسەرەکان. کەوایە دۆزینەوەی گرفتەکان گرینگترن لە چارەسەر. هەر دۆزینەوەیەک چارەسەر دەخوازێ و هەموو چارەسەرێکیش شکستێکی بەدواوە هەیە. چارەسەری سەرکەوتوو، مەحفکەرەوەی گرفتە. بێ گرفت مرۆڤ جوولەی نامێنێ.

ئێمە گرفتارین. بەلاّم گرفتەکانمان دیار نین. ئێمە گرفتاری بێ گرفتین. گرفتاری پرسیارخولقێنە. پرسیار لای ئێمە خەونە. ئێمە هیچ گۆڕستانێکمان نییە کە تەرمی چەند پرسیارێکی تێدا ناشترابێ. چەند پرسیارێکی شەهیدمان هەیە، ئەمانیش بە شەهید ناناسرێن؛ وەک مەیتی جەردەکان سەیریان دەکرێت. رەنگە لەبەر شەهیدەکانمان شوێنی گورستانی دیکەمان نەبێ. یاخود لەمەیدانی شەڕی جەستەدا نەبێت ئێمە پالّەوانمان نییە.

هێندێکمان لە کەناری پەراوێزەکانەوە توڕدراوینەتە پەراوێزی هێلّستانییەکانەوە. لێرە، لە یەک بستیی ئەواندا، لە سەیرکردن ماندوو بووین و دەستەکانمان چیتر سێبەر بۆ چاومان ناکەن. لەم یەک بستەدا دیسانیش ئێمە هەر تەمبینین. شێوەی روانین نازانین. چۆن دەتوانین ئەم تەمە لابدەین. لەم نێوەدا هێندێ سەرنجیان داوە کە ئەم تەمە لە چاوماندا خۆی حاشار داوە. هەولێک بۆ سڕینەوەی ئەم تەمە دەدرێ. مخابن ئەوانیش لەم سڕینەوەیەدا مەوداکەش دەسڕنەوە کە بۆ ناسینی ئەویتر پێویستە. لەم حەرەکەتەدا مێژوویەکی چەند هەزار سالّە لەگەلّ تەمی چاوەکانمان ون دەبێ. لەناکاو ئێمەین و هێلّستانییەکان. لەم کەسانەدا هێندێ ئەوان بە کەسانێکی ماندوو، وەڕەس، حەسرەتمردوو، مێژوودۆڕاو، مێژووتوڕدراو و چارەڕەش دەبینن کە دوایین هەناسەکانی ژیانیان دەکێشن و خەریکی گیانەلاّن. کەسانێکیش هەن ئەم هێلّستانییانە وەک پێغەمبەرانی داهاتوو دەبینن: سەرکەوتوو، بەرزەفڕ، زانا، مێژووئەفرێنەر، حەسرەت خولقێن و بەختەوەر.

لایەک باسی مەرگی خواوەند دەکا و لایەک باسی شکۆداریی خواوەندی ئاوەز.

دەبێ مەوداکان بخولقێنینەوە. پازدان بەسەر هەزاران سالّدا کوێرەبیری دێنێ. مەوداسڕی هێزی یادوەری دەکوژێ. دەبێ لەسەرەخۆ ئەم سالاّنە پەڕ بە پەڕ بخوێنینەوە، پاشان دەزانین ئەم هێلّستانییانە کێن و دەلێن چی. مەرگی خواوەند بۆ ئێمە مەرگی خۆمانە. ئێمە هێشتا ساتێکیش لە بێ خوداییدا نەژیاوین. ئێمە هێشتا دنیاکەمان لەسەر پشتی گا و ماسی دانەبەزاندووە. ئێمە پێویستیمان بە خوایە و پەیوەستی خوداکانین. کردنی ئاوەزیش بە خوداوەند زەمانویستە. ئاوەزێک دەبی هەبێ تا بکرێتە خودا. ئێمە ناتوانین ئاوەزی دراوسێ/کەسانی دیکە وەرگرین/بدزین و پلەی خواوەندییان پێ ببەخشین. بەر لە هەموو شت دەبێ فێر بین گرفت بێژە بکەین. دەبێ فێر بین بزانین پیتەکانی گرفت لە کوێدا گیریان خواردووە و پاشان گرفتەکان هاوار بکەین تا پرسیارەکان لەدایک بن. ئینجا دەستمان پێکردووە.

پەراوێزی مێژوو لەم دەستپێکەدا جێ دەهێلّین و بەرەو کارەسات دەڕوێن. ئێمەش فێری بیرکردنەوە دەبین. ■





**دوو پارچە شێعر**

**پشکۆ نەجمەدین**

## بینین

هەڵدەچن نەمامی ڕۆژەکان،
دەبنە مانگ.
پیردەبن درەختی مانگەکان
دەبنە ساڵ.
ساڵەکان، دەبنە بەرد، دەکەونە ڕووباری
بەوژمی ژیان و
سەوز دەبن بە قەوزەی زەمەن و
جەستەیان دەبێتە پێشانگای کارەسات!
من ئەمشەو تەنیام و ڕووباریش چل وچوار بەردی سەوز،
لەبنیا کەوتوون و بوونەتە لەمپەری سەرابیی نێوانمان...
نەپردێک شک دەبەم بۆ گەیشتن،
نە هۆرەی شەپۆلێک دەبێتە گۆچان و بۆلای تۆ کێشمکات...
من ئەمشەو
{نە پەیڤێک شک دەبەم بۆ پەیڤین}
نە فرمێسک بۆگریان!
من ئەمشەو  ڕووتم و لەڕۆخی دەراوی ڕووباری تەمەندا
لەسەر پشت ڕادەکشێم...
برینی ڕۆحی خۆم:
بەپرچی ئەستێرە و
بەقاقای تریفە و
بەگەڵای گومان و
بەڕازی چاوی تۆ دەپێچم...
تۆش لەوبەر، لەوبەری ڕووباری تەمەندا ڕاکشێ و
کۆتەرەی سووتاوی درەختی مانگەکان بکەرە سەرین و
ڕۆحی خۆت بەپرچی وەریوی نەمامی ڕۆژەکان داپۆشە.
من ئەمشەو لەمبەرم، ناتگەمێ و تەنیا و ڕووت،
بێ خەندە، بێ هەنیسک
لەدەنگی بێدەنگیی شەوگاردا
لەڕەنگی کافووریی ڕووباردا
لەسۆمای سەرابی بینیندا
وەکو خۆت دەتبینم!

٩٧/ ٣/ ٣٠







## ڕامان

نەدەتوانم بیرێک لە تۆ بکەمەوە،
نە لەشیعر،
نە لەسبەینێی ئەم شەوە
خۆشم هەر هیچ..
لە ژاوەژاوی شەوگاردا:
گیانم لەبەر سامی جەستەی بیرکردنەوەدا دەلەرزێت
بیرم تەنیا لە قوڵایی بیرکردنەوە ڕادەمێنێت!
تۆش لە چاوی تێڕاماندا سەوز دەبیت

شەوان پرچی ئەستێرانت دەهۆنییەوە و
بەیانیانیش بەدەستێکی پڕ لەهەتاو لەملی ڕۆژت دەئاڵاند
گەر تۆ نەبای
ڕۆژەکانیش وەکو تەنیایی تاریک و
وەک نامۆیی بێ دڵ دەبوون.
سەرت: شەپۆلی بەکڵپەی خەونەکانت
ڕۆحت: ئارام وەک شەنەبا  و
ناخت: باخچەی ئەو گوڵانەی بە تارای تەم داپۆشرابوون
ئێستە لەکوێی؟!
ڕەنگبێ ئێستا
لەسێبەری دارەوەنێکی هەڵچوودا
لەشوێن لەلەی کۆچەڵەی ئەو یادوەرییانە ڕابمێنیت
کە تەرزەی مەرگ دایشۆریوون...
ڕەنگبێ ئێستا
سواری سەر کۆڵی ئەسپێ بیت
زینی: گوڵدۆزی بە گومان
یاڵی: هەڵژەنراو لە بۆنی پەلکەزێڕینەی خوێنی خۆت
چوارپەل: لە ڕەنگی ونبوون و
ناڵەکانی: زاخاودراو بە تەمتومان!
ئەی تۆ گەنگێ سەری ئەسپت
بەرەو شەوی شاری دڵم وەردەگێڕیت
تۆ کەی دێیت و کڵپەی سەرت
لە بووغدا جێدەهێڵیت
لەسەر مەرزی وڵاتێکی گڕگرتوودا چاوەڕێتم
تۆ کەی ڤیزەم بۆ دەهێنیت؟!

سێپتەمبەری ٩٧

## «چوارچێوەی ئاگرین»

لاڕۆ ڕواندزی

چەنەی کوردم لە باوەشی
گشت ئاسۆکان، لە خەیاڵی ئێوارەکان
لە دووریانی کێڵگەی گومان
شاردۆتەوە.

زامەکانم داوەتە دەست دەریا و ئەوین،
«با» و ڕەهێڵە
تا ڕۆژێ دێ بۆ منداڵانی چەرخێکی تر
یا بۆ شەهید، یا بۆ مێژووی بگێڕنەوە.

ئای، تەنیی تەمەن
بە بێداری، ئاڵۆزە ژیان...
برینمان بۆتە ڤایرۆسێک و
کەس ناتوانێ سارێژی کات.

یەک بووگمان... هەورێکی نەزۆکە و
جێماوی زریانێکی خامۆشە،
ڕەنگەکانیش درکە خامی شەهیدانە و
خاک لەت لەتە.

سەدەیەکە.. گوێچکەکانمان
داخراوی دەستی پێپەتی و
نوقمی تەمی جۆگەیەکی زۆر چڵکنە.

سەدەیەکە..
هەرچوار پەلمان، هەر بیست پەنجە وهەستەکانمان
نغرۆ بووە.

باشە! بۆ..؟ ڕیش دەدەینە دەست دوورگە و
بەردی ووتار سەر پێ دەکەین.

تا ئەم خاکە ڕەنگاوڕەنگ بێ!
تا ئەم دەستە لە سەر سنگ بێ!
تا ئەم ڕوانینە کورتبین بێ!
کوردستانم هەروا دەبێ،
خراپتر بێ.. باشتر نابێ.

بەڵام تاهەم لە ژێر باڵای بوون و نەمان
وڵات دەکەم بە مەشخەڵ و
یەکبوون دەکەم بە ڕێباز و
ئاڵاکەشی بە سەرینم...

جۆزەردانی ١٩٩٦

## دووپارچە شێعر:

هێدی

### بەرەو زریان

کوتم با لە ورشەی چاوەکانی
چکێ سۆمایی هەڵێنجم،
چاوەکانی لێکنان!

کوتم با دڵ لەو غەریبستانە
بە تان و پۆی پەیڤەکانی
بستێک هیوا بچنێ،
لە بێدەنگیی دا ئاوا بوو!

کوتم با لە قووڵایی شەواندا
ئەستێرە گوارەی بێ،
خەرمانە ملوانکەی،
ئامێزژوانگەی،
لە بووڵێڵدا داما!

کوتم با بەرەو شەماڵ هەڵفڕێ
هەور و هەڵا بەجێبێڵێ
ئەوین بکا بە هێلانە،
بەرەو زریان فڕی!

### ویرانە

گڕمی خەونم مەشڵەقێنە!
با لەو مەنداوە دا
شێن بۆ تاسە جوانەمەرگەکانم بگێڕم!

هەر بە داوێک ڕووناکییەوە بەندە
دوا دڵۆپی هیوام،
با بە لەرەی دەنگت نەتکێ!
بە بێدەنگیی بەرەو سەرچاوەم بەرەوە
با پشتی برستم نەشکێ!

بە گۆڕستاندا مەیە!
شەهیدەکان وەخەبەر مەهێنە!
با نەزانن خوێنیان بە فیرۆ چووە!
با هەر دە «چرکەیەک بێدەنگیی» دا بمێننەوە!

بە چیا دا مەیە!
با ڕێی چیا کوێر بێتەوە!
با کوندەکانی وێ
بەرەو ویرانەیەکی دیت نەبەن!

ڕێگایەکی نوێ بکێشە!
بەرەو سەرچاوەم بەرەوە!

هاوینی ١٩٩٧ / ئاڵمان



## بۆ ژیلا حوسێنی

شێعر: ژیان

به بۆنەی ساڵرۆژی کۆچی دوایی ژیلا حوسێنی شاعیری کورد

### بۆ ژیلا

که تۆ ڕۆیی فرمێسک هات
دەگەڵ خەم و شێعر و ئەوین
له سەر گڵکۆت
کۆڕێکیان بەست
شینیان گێڕا

چوار فریشتەی ئەویندارى
له ڕێگای دوور
له چوار سنوور
هاتنه شینگابۆ بەشداری
تارایەکی ڕەشیان هێنا
شینگایان پێ ڕازاندەوە
شینیان گێڕا و گەڕانەوە..

بەڵام خەم و شێعر و ئەوین
دۆستی لەمێژینەی ئەسرین
دڵیان نەدا بەجێت بێڵن
هەتاهەتایە مانەوە.

☘ ☘ ☘ ☘

### «ئاستەنگ»

سارا فەقێ خدر

غرورێکی کوشندە ڕۆحتی گرمۆلە کردووە
دڵۆپێک خۆشەویستی ناتکێنێتە سەر ڕۆحی شەقارشەقارم
هەست به گەرمایی جەستە و ساردی ڕۆحت دەکەم
پۆشاکی ڕێساکان دادەنێم و
به برنجۆکی خەون و خەیاڵەوە پاڵدەکەوم
به بنمیچی ژوورەکەمەوە، تابلۆیەکی ئاڵۆز دەبینم
له تەنیایی و بێکەسیدا زەرد دەچێەوە
ئەم هەموو قاوغانەش به تۆ ناشکێن
غرورێکی کوشندە به دەمارتا دەگەڕێ
ناتوانی تنۆکێک خۆشەویستیم پێ ببەخشی!
ئاستەنگە.. ئاستەنگ!
جەستە نەناسیاوەکان جووتن و
ڕۆحە وێکچووەکان پشت دەکەنە یەکتر
دە وەرە با گەمەکەی نێوانمان دەست پێبکەینەوە
پشت بکەینە جەنگەڵە ڕووناکەکان و



له بەهەشتە تاریکەکەی خۆماندا..
بکەوینە خەوێکی قووڵەوە
دە وەرە ئیتر
ناسنامەی ئەم (کیشوەرە بێ خۆشەویستییە) دەشارینەوە و
ناوی دایکان دەگۆڕین
ڕێگا له باوەش دەگرین و ناوڕ له هیچ نادەینەوە!
له هاوڕێ نامۆیەکان و خزمە بێگانەکان
له سەرداره بکوژەکانی خۆشەویستی
له دایکم زیاتر شتێکی پیرۆز نەماوە جێی بهێڵم!
که هێشتا بەرانەتی جارانی پێوەماوە
با ڕێگا له ئامێز بگرین و
له مەملەکەتێکی دوور.. دووردا
یارییەکەمان دووبارە بکەینەوە.

حوزەیرانی ۱۹۹٦ – قەڵادزێ

## «ناومان لە سەر گەڵاکان دەنووسین»

حەمە شوان شەریف




ناومان لە سەر گەڵان دەنووسین
تا تاڤگەکانی ڕووباری ڕق نەرم دەبن
ناخم بە گوێڕەی چاڵێک قووڵ بووە.
سەمای بەفرێکی وێرانە
ماڵی دەنگم کاول دەکات.
دەرگای دڵم بە کلیلی گریان نەبێ ناکرێتەوە.
شەوە زێڕینەکانی تافی لاویم
بە تەنافی سێبەرەوە هەڵدەواسرێ،
بێ ئەوەی خۆرێک لە مۆرانگی ئارەزووەکانی تۆوە
بە دیدنی چاوی هەورم گەیشتبێ.
لە ژێرباڵی ئاسمانێکی پەڵەپەڵەی شینایی دا
وەنەوشەی نیگارانم مات دەبێ و
گەڵای چاوەڕوانی... پلیکانەی باڵام دادەپۆشێ.
لە ناو باخێکی ئەستێرەدا!
ئاوات... ئارەزوو.. ماچ
گڕ لە درەختە زڕەکانی گومان بەردەدات،
تا پێکەنین دەست بخاتە ناو پانتۆڵە سپییەکانی هەوردوە.



ناخم بە گوێڕەی چاڵێک قووڵ بوە.
لە بەر ڕۆشنایی گڵۆپە ڕەنگاوڕەنگەکانی پەرینەوەم دا
گوڵاڵە.. نێرگز.. مۆردانە.. ئەرخەوان
بە سەر گۆی مەمکۆڵەکانی باران دەژیان.
هەنوکەش... بە پەنجەکانم گۆڕ بۆ خۆم لێدەدەم
بە پێوە خۆم دەبمە کێلی خۆم.
بۆیە ئەیوبی ئاوێنەم
وەک هاواری هەتاو هەوری بۆ ناکوژرێ.
ناومان لە سەر گەڵاکان دەنووسین
تا تاڤگەکانی ڕووباری ڕق نەرم دەبن.
بە پلوسکی دیوەخانی گریان دا
ڕومەتەکانی قوڕ چاڵ دەبێ
وەک هەناوی جۆگەلەکانی
خۆشەویستی و ناخۆشەویستی.
گوڵەکانی ژێر پەنجەکانی هەتاو
پاڵتۆیەکی زستانانە دەپۆشن و
بەدیار کیشوەرێکی ئاوەژووەوە دادەنیشن
تا دۆزەخی هەڵوەرین.



گاڵوکەکانی یاسای شەل
لە ژێر درەختە سەوزەکانی ئەستێرەدا
ئاونگ تەریان دەکات.
دەنا... یاسا.. یاسای دەکرۆژێ.
پایزە ئاوەختەکانی بیرکردنەوە
بۆ دەدرێتە دەست ڕەشەبا
کە بۆنی بێ بۆنە و ڕەنگی بێ ڕەنگە و



دەنگی دەنگدارە.
سەرخۆشەکان لە دۆزەخی سەرمێزەکان دا
تکا و گریان دەخەنە ناو بەفری نێو پەرداخەکانی سۆزەوە
تا بە سەر گوناهەکانی پیاوەتی دا بچەمێنەوە.
سێ جۆر بیرکرنەوەی ئافرەت هەیە
یەکەمیان کانیاوێکی ڕوونە،
چەمی سۆز و بەردی نەرم و گوڵ ئاسا بۆندارە.
دووهەمیان... لە پێناوی خۆشەویستی دا
تووشی گوناهە زەردەکانی توانج دەبن و
هۆشمەندی لایان تابلۆیەکی سەرەوخوارە
پێیان وایە مۆنالیزایەکی ترن و
پیاوان وێنەکانیان بە ملی درەختەکاندا هەڵدەواسن،
نازانن... چ پیاوێکە!
سێیەمیان ... ڕووبارێکی تەڵخ و کەژێکی ڕەقن
بە گڕی جێهێڵان گەنمە سەوزەکانی ژیان
لە هەناسەی ئادەمی دا دەسووتێنن.
ناومان لە سەر گەڵاکان دەنووسین
تا تاڤگەکانی ڕووباری ڕق نەرم دەبن.



گوڵەدارە چواڵەکانی لێو لە پێکەنین دەکەینەوە،
تا ئاوازی کانیلەکانی چاو وشک نەکات.
لە بەر بارانی بەهاردا
پەڕەکانی گوڵ دەدەینە دەستی مێردمنداڵەکان
تا ئەوانیش وەک ڕابردووی خۆمان
گوڵ لە نێوندی پەنجەکانیان دا بتەقێن.
ماڵ وێران خوێن
منداڵان ... لە دار تفەنگ دروست دەکەن!
تۆش لە ژێر درەختە بەساڵاچووەکانی ئەم غوربەتییەدا
بۆ خەم ماویت! یاخود...
تا ببیتە خۆڵەمێشی پێکەنینی ئەم سروشتە.
گوناه.. هەر گوناهی خۆمانە!
ئێمە مشتێ خۆڵی گوناهین، بۆیە ماڵی دڵمان چۆڵە و
لە سەر لەپی دەستمان دەنووین
بۆیە ناومان لە سەر گەڵاکان دەنووسین
تا «با» بیخوێنێتەوە
ئێمە چەند گوناهین
چەند گوناه... چەند
گ..
و..
ن..
ا..
ه..



گولانی ١٩٩٧ ،سوید

چیرۆک

# شەپۆلی جەستە

ح. ک. زمناکۆ

ئەستێرەگەل چریسکە چریسک وەکوو ئاگری هوردهورده ئاسمانی شینیان تەنیوەتەوە، لە نێو ئاوی دەریاچەکەدا جوان جوان مەلە دەکەن... سەیری ئەستێرە رووتەکان دەکەم. گۆرانی قەدیمی هاوئاهەنگی هاوزمان منگەمنگە دەچرپێنم... بووکی ئاو لەو شەوە هاوینەدا لە قەراخی دەریاچەکەدا ڕازاون، ڕووناکی ئەستێرەکان پۆشاکیانە، ئەفسانە کە قەت نامرن و هەمیشە تازە دەبنەوە، دەگێڕنەوە.

پەریانی ڕووهەڵماڵاوی شەو لەو شەوە بێپایانەدا لە گوێی ئاوەکە پاڵیان داوەتەوە، قژە ڕەشەکانیان پەرت وبڵاون، چاوە قووڵە خومارەکانیان سەرکردەیەک لە سەرکردەکانی بە قەدەر بە دێوجامەی باڵ وباسکیان دەخەنە داوی ئامێزیان و دەوجا خۆ دەهاوێتە باوەشە گەرم ونەرمەکانیان، هەر بۆ ئەوەی بەرەو بن نقوومی بکەن و تەنیا خۆیان بە لێوی خوێناوی و بەچاوی گڕگرتوو بە ئاگری بەفرین، دەرکەون.

بەڕاستیش سەرم سوڕماوە و پێم بە عەرزەوە وشک بووە، چۆن ڕێی تێدەچێ شەهلا و زێنەب پێوەندی بەو پەرییە لێو خوێناوییانە بکەن؟! یان ئایا گزینگی شەفەق، خێر بێت یان شەڕ، دەتوانێت پاشماوەی شەوێک ببەزێنێ کە سێبەرەکەی دەرد وئازاری جەستەی هەراسان بە شەهوەتە بێکۆتاییەکانی، جێ نایەڵێت؟!

هەمووی پرسیارە ودەکرێن.. وەڵامیشیان نەبێت قەیدی ناکا، خۆ زۆر پرسیار هەن کە وەڵامیان نییە یان با ئەم پرسیارانەش لەوانە بن کە هەر بە پرسیار وەڵام دەدرێنەوە.

بەهەرحاڵ، کاتێک شەهلا وزێنەب دەڕوانە من تابلێی نیگایان ڕوونە، کوڵمەکانیان لەبەر چاوی مندا پتر سوورایی دەدەنەوە، زیاتر بە ئاسمانی خەیاڵاویی خۆشەویستیدا دەمرفێنن بێنەوەی ڕۆخێک بەدیبکەم لەنگەری بۆ نهاوێژم وخۆمی پێبگرمەوە.. شەهلا شێن شێن شەوق دەداو زێنەبیش کەسک... و کاتێکیش چاو دەبڕنە من یان نیگایان لە یەکتر دەبڕن دەبریسکێنەوە... شەهلا ئامێز لە زێنەب وەردێنێ و بە هەناویەوەی دەقرسێنێ، قژە ڕەشەکەی بۆن دەکات، ئەویش دەموچاوی بە نێو سینگی شەهلادا ڕادەمووسێ وجار هەیە بە نیشانەی ڕازی بوون و خۆشحاڵی چاو لە من و دەوروبەری خۆی هەڵدەبڕێ.. هەردووکیان وا لێک حاڵی دەبن کە ئەمن قەت ناتوانم بەو ڕادەیە لە زێنەب حاڵی بم یان ئەو لێم حاڵی بێت تەنانەت لاواندنەوەشم کەڵکی بۆی نییە.

لەمێژە بەو قەناعەتە گەیشتووم کە پێویست ناکا دەسەڵاتم بە سەر زێنەب ڕا بگا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە زاهیریشدا بێت، تاڕادەیەکی دۆستی یەکدین، بەلانی کەمەوە کەس نازانێ کە ڕوانینی جارجار ترسم بۆ درسکێنێ یان کەروێشکەکەی لە خەوندا دەبێتە دڕندەیەک وبە کەڵپەکانی هرووژمم بۆ دێنێت، تەنانەت لە دەست ڕەسمەکانی لە سەر کاغەز زاڵەم لێ پەیدا بووە و گوریسم گەیوەتە هێچکان..

تۆبڵێی ئەوە تابلێی زەبوون کردنی پیاوان بێت؟! تۆڵە بێت لە هەموویان، لە باوکەکەی کە قەت نەمدەناسی و ناشمەوێ بزانم کێ بووە؟! ئەو باوکەی کە بە زەبری شمشیری بڕندەی خودایی شەهلایان خزاندبووە باخەڵی؟!

هەرچۆنێک بێت شەهلا هاوسەری خۆمە و دەبێ نێوانمان لە هی من وزێنەب جیاواز بێت. بەڵام ئەوەش وێدەچێ نەزانێت کە دەمێک سەیرم دەکات دروست وەکوو زێنەب بەختەکەم تەماوی دەکات، یان کاتێک بزە لە سەر لێوانی دەنیشێ یان شەکرێک دەشکێنێ، بێنەوەی بزانێت چ ئاوازێک بەو لێوانە دەژەنێ، دەیبینم تەیرێکە لە فڕین، دروست وەک وەختی عاشقبازیمان هەموو جەستەی دەڵێی نیگاکەیەتی لە نێو بەحری فرمێسک و ئارەقە و لیکاوی مندا شەپۆل دەدات.

لە خۆ خزاندنە نێو دنیای زێنەب خۆم دەپارێزم، وەلێ عیشقی شەهلا قەت ساکاری و ئاسانیی هەڵناگرێت، چونکە ئێمە جووتێکین تا دەمی مەرگ ، ژینێکین بێ ڕاز.

هەرچۆنێکیش بێت گەرەک لە پشت ئەو دوو چاوە کاڵەدا شتگەلی تر هەبن، لە پشت قسە و دەنگ وبێدەنگیدا فەزایەکی تر ترپەترپ لێبدا، شەهلایەکی دیکە هەناسە بدات.

وای شەهلاکەم! گوێم لە ڕازونیازە بانگت دەکەن، ئای کە زۆرم لە ڕوحی خۆمت بە سەر خەرج کرد، ئایا شتێکت دەست کەوت؟! بەڵام من تۆم پێ بڕاوە، بە تۆش چیدیم دەوێ؟! هیچ هیچ! ناوێرم شتێکی لێ بدرکێنم، چونکە دەیپەرستم و قەت نامەوێ سەرتوێژی ئەو خۆشیی وبەختەوەرییەی کە لەمێژە پێیان خەنی و شادم، تێکبدەم.

هەنگاوەکانی مۆسیقان، نێو قەدی زراف.. کراسە خاکییەکەی ڕەنگ و ڕیسی هەر ئەوعی نییە، یایابە.. واش بە سەر قەد وباڵا ڕند و شۆخەکەی هاتووە کە لەگەڵ قاچە گۆشتنەکانی دەلەرێتەوە.. قاچوقول ڕند هەڵکەوتوون، کامڵن، بێ خەوشن لە گلۆفەری و هەڵسووڕانیان، ئاهەنگی ڕەوتی ئەودەمە لە مەیدانی ڕوحم دەژەنێ، ئەو ڕوحەم کە جار هەیە مەزندە دەکەم چۆڵ وهۆڵە و جاریش هەیە دەبینم بە داروپەردووی یادگار و ساڵان باری گران بووە وئاپۆرەیە.

ڕەوشی خۆم هەیە بۆ تێگەیشتن و کەشفکردنی دنیای شەهلا... چاوم لێی دەبێ بێنەوەی جاسووسی بکەم، وەدووی دەکەوم بێنەوەی لێی دڵپیس بم. خۆشم دەوێت وەکوو چیرۆکێکی کە قەت بۆم تەواو ناکرێت، وەکوو پەیکەرێکی فانتازی ناتەواو، وەکوو مانگی تابان کە لە پەنجەرەوە سەرەتاتکێم بۆ دەکات.

ئەی مرواری ژنان! هێشتاش لە بیرم دای لە تینوویەتی مردبووی، پیاڵەی گوڵاویی خوێناوی لە نێو مێرگوزاری قاچەکانت دەگەڕا، لێوی پیاڵەکە بە تامی عارەقێکی کەسکینی سووراوسپی، تەڕبوو، مەستیی بەوە تەواو نەدەبوو.

سەمایەکەمان لە نێو هەرای ویسکی و شەوقە کزەکەی چرا وردیلەکان دەتگوت خۆ غەرقکردنە لە نێو جەرگەی دەریاکانی جەستە و شڵپاوی

ڕوحێکی شلەژاو... لەو کاتەی کە پیالەی مەرگم دەگەڕا پێکەنینەکەی هەڵێنجان بوو لە قوڕتێکی قووڵەوە.

ماوەیەک لەسەر ئەو باوەڕە بووم کە مۆسیقا ڕێگەی دروستە بۆ گەیشتن بە شەهلا.. کە بەیانیان لەگەڵ قاوە و ڕۆژنامە گوێ لە فەیرووز ڕادێرێت و وەختی دیکە بە قەوانەکانی باخ و بێتهوڤن و شوبەرت یان چایکۆڤسکی، سووک سووک خۆی وەدەکات و دەمگوازێتەوە بۆ دنیاگەلێکی تری فانتازی کە مردنم پێخۆشترە لەوەی لێیان دەربچم. مۆسیقا ڕووت ڕووتی دەکرد وبە پتر لە شەهلا دەینواند، ئیتر دەبوایە شەهلا ئەو ژنە نەبێت کە هەمیشە ڕێک دەنۆڕێتە من وشتم لێ ناشارێتەوە.

بەرەو شەهلا خۆی، دەئاژوام. لە دەرەوەی شەهلا پەیدۆزیی شەهلام کرد بە مەبەستی ئەوەی تا پێم کرابێت زیاتر شێت ودێوانەی بم. یەکەمجار لە ڕێگەی مۆسیقاوە هێشتی خەیاڵ بنوێنم کە شەهلایەکی دیکە هەیە، هەروەها ڕۆژێک دیتم لە بەر تابلۆیەکی ڤانگۆک ڕاوەستاوە، تابڵێی گۆڕابوو، هەر وەکوو گەلیەک پێش باران لە بەربەرۆژکە بێت و تەنیا جۆگەلەیەکی کزی تێدا ڕێبکات و پاش شەستەباران لە ناکاو لێواولێو پڕ بێت لە ئاو.

سەرنجم دا، تابلۆیەکە وای لە شەهلا کرد زۆر لە خۆی ڕا دەربکەوێ، ئەمنیش کە تاقە تەماشاکەرێک بووم، بینیم و هەستم کرد بە چاوتروکانی گۆڕینەکە کە خێرا ون بوودەوە... چاوتروکانی نواندنی وێنەی شەهلا لە شەهلادا.

واسیتەکان کە بە قەستی نەمخواستبوون وەکوو فەیرووز، بێتهۆڤن، شوبەرت و... باش کۆمەکیان پێکردم لێی نزیک ببمەوە.. لە هەر ئاوازێک یان لە هەر تابلۆیەک شەهلا خۆی زیاتر ڕووت دەکردەوە، پتر لەوەی بەخۆی بزانێت، بە باڵە فانتازییەکانی دەفڕی، بێ ئەوەی بزانێ تێکڕای خۆی بە گوێ ڕاهێشتن لە ئاوازێک و گواستنەوە بۆ یەکێکی تر، یان بە ڕادەربڕینێک یان هوسکوتییەک لە تابلۆیەکەوە بۆ ناو تابلۆیەکی تر دەچێت وهەر گوێیگرتنێکی نوێ و هەر تەماشاکردنێکی تازەی لەگەڵ کایەیەکی شەترەنج تێکەڵ دەبوو کە ئەمنی تەماشاکەری بێدەنگ و سەرنجدار کە شاو فیل و ئەسپ بە هەنگاوەکانی نووساون، هەمیشە دەبێت هەنگاوێک دوای شەهلا بێت.

ئەوە شەهلا، ئەدی لەگەڵ زێنەب چۆن؟ ئەگەر لە باغچەی زارۆکان یان لە کن مارگارێتا خانم نەبێت ئەوە خۆم خۆراکی بۆ ساز دەکەم و لێی دەگەڕێم لەگەڵ بووکەکانی بلەزێ و ڕەسمیش بکات. ئەمما چ ڕەسمێک؟! ماری ژەهراوی کوژندە، گورگی دڕندە.. زۆر جاران ئەگەر چاوم لێی دەبێت دنەی دەدەم گوڵ یان جووجکە بکێشێتەوە، کەچی گوڵەکانی، کوتر و بوونەوەرە نازدارەکانیشی هەر کەڵپ و چنگیان هەیە.

گورگەکەی چنگی بۆ هەناوم هاویشت و کەڵپەکانی زەق زەق بۆ گەرووم برد... پەلەقاژەمە و بە دەست مقاوەمەت دەکەم، هاوارەکانم هەر خۆم دەیان بیسم... شەهلا لە تەنیشتمەوە بە ئاگاهات، پەنام بۆ برد و باوەشی پێداکردم توند یەکترمان گوشی تاکوو ژێربوومەوە... خەو لە چاوی نەبان بوو، گوێم لێبوو لە زێنەب تووڕە ببوو دەیگوت کچەتیوی لەعنەتی! گورگەکەی لە هۆدەکەمان داناوە.. بە قاچ شەقێکی لێدا پەرتی دایە نێو هۆڵەکە.

لانیکەم دەتوانم شەهلا ڕەگەڵ خۆم بۆ سینەما یان گالێری ببەم وەکوو دوێنێ کە چووین بۆ موزەی تەکنیکی و سەیرمان کرد چۆن تەکنیک لە چەرخی بەردینەوە تاکوو چەرخی شۆڕشی ئینفۆرماسیۆن پەرەی سەندووە... هەر لەوێش سەیری شانۆی ئاوێنە وبووکەشووشەمان کرد.. بووکەشووشەکان هێندێکیان جلکی میللییان لەبەربوو.. هێندێکیشیان جینزی ڕەنگاوڕەنگ و بلوزی سوور.. لەوێوە بەرەو گالێری کەوتینەڕێ.. لەبەر دەرکێ قونچکە سیغارەکەی فت کرد.. لە تابلۆیەکەوە دوای سەرنج و ڕامانێکی خەست، بەرەو تابلۆیەکی دیکە دەبزووت، نیگاکانی لەو جەغزەی بۆیان دانابوو، قسەیان بۆ دادەڕشت، جاروباریش پێویست بایە ڕایەک دەربڕێت ڕووی لە من دەکرد. قەت بە خەیاڵیدا نەدەهات کە من بۆ خاتری تابلۆکان لە گەڵی نەکەوتووم... ڕاوەستانی من بۆ تەماشاکردن لە دوای ویدا یان لە تەنیشتیەوە قەت لە ڕاوەستانی وی نەدەچوو.

سەرنجی نەدەدا کە سووک سووک ونەرم نەرم گواستنەوەی لە تابلۆیەکەوە بۆ تابلۆیەکی تر وای دەگۆڕێ ودەیکاتە جۆرێکی تر کە ناچاری دەکردم چاوان بنووقێنم نەکا لە ناکاو و بێ ئاگا ئامێزی پێدا بکەم و شێتانە لە شەقام و کۆڵاناندا غارغارێن بکەین... بزاوتنی وی و کاوبینینی لە ڕوانین لە سەر هەوای ئاوازێکی زۆر جیاواز لە هی من بوو.

تاکوو هەنووکە هەستەکان بێ بڕیاربوون، شەهلای نێو مۆسیقا، شەهلای بەرانبەر ڤانگۆک، بەڵام ئێستاکە تاسەم دەستی پێکرد بەڕوتێکی ئاشکرا و دیار خۆی دەنوێنێ.

لە هەوڵ لەجزەوە شەهلا بە مەعسوومەییەتی سمۆرەئاسا خۆی لە تابلۆیەکاندا دەبینییەوە، خۆی پرش و بڵاوکردەوە بێئەوەی بزانێ تەماشاکەرێکی نهێنی چاوی لە وێنە و گۆڕین وشەخسییەتەکانیەتی وسەرنجی ئاگری بەبزاوتنی لێوەکانی، سەروسیمای و هەڵگەڕانەوەی بۆ شەهلاگەلێکی تر، دەدات.

شەهلای ئێستا و هەمیشەیە... لە تەکیەوە هێدی هێدی لە قەراخ دیواری هونەرەکان دەجووڵامەوە، دەمڕونیە ڕۆیشتنی لە بەردەم وێنەکان، نیگاکانمان سێگۆشەیەکی پڕشنگداریان نەخشەکێشا، لەوێوە بۆ تابلۆیەکە، لە تابلۆکەوە بەرەومن ودیسان بەرەو وی و چاویشم لە گۆڕینەکانی بوو.

هەر بە تەمابووم بە ڕووتی لە ئامێزم بیهێڵمەوە تاکوو هەموو شت ئاشکرا و عەیان بن.. تاکوو چیمان لە بەیندا هەیە ونەوتراوە بوترێ.



تاکوو شەوێکی بێ پایانی نیشق، تاکوو یەکەم کازیوەی ژیانمان لەدایک ببێت.

لەو لەحزەیەدا دوا بریسکانەوەی جێهێشت، پەڕییەوە بۆ نێو ئاوازێک ڕاستییەکەی ڕوون نواند، ڕاستی ڕووتبوونەوەکەی تابلۆی بەرچاوتر ڕووتکردەوە.

نازانم ئەم بریسکانەوەی چەندی خایاند تا هاتنمە پێشەوە چەند شەهلا خۆیان نواند، ئەوانەی هەردووکمانی شادکرد، تەنیا هەر خۆی ئاگای لێبوو نەکەسێکی تر.. سیگارێکی دیکەی داگیرساند و داوای کرد پێکەوە لە کازینۆکەدا دانیشین.. ئیتر زانیم کە پەیدۆزییە درێژخایەنەکەم کۆتایی هات.. ئیشقی من بینراوەی جێهێشت بەرەو نەبینراوە، ئەو ئیشقەی من کە لە دەرگاداخراوەکان یان ژووره قەدەخەکراوەکاندا دەیتوانی نیگایەکانی شەهلا ڕاستەوخۆ چاوپێکەوێت.. دەیبینم بێ جووڵە لە بەردەم بەلەمێکی تەریک ڕاوەستاوە و کەڤرە ڕەشهەڵگەڕاوەکانیش لە دوایدا خۆیان دەنوێنن.. بزاوتنێکی نادیاری دەستەکانی، خستییە مەلەوانیی لە فەزا بەرەو دەریای بێ پایان، بەرەو ئاسۆیەکی بزۆز داژوای.. باشم لەبیرە کە تابلۆی دوایی کە لە پاشەوەی پەرژینی دڕکین داندرابوو، لەمپەرێکی سەرڕێگا بوو بۆ گوڵستانەکە، ناچاری کرد هەنگاوێک بۆ دواوە هەڵهێنێ وەک بڵێی لە دووی گۆشەنیگایەکی لەبار دەگەڕێت، هەر لەوێدا بوو کە ڕەمزێک خۆی نواند ــ نا ــ یەکی بۆ ئەم کۆسپە ناڕەوایە.

تەیر وتوو، حەیوانی بەحریی ودرەختی کەونارا لەگەڵ بێدەنگی دەستەویەخەبوون وبیرۆکەی مەرگیان وەیاد دەهێنا... تابلۆی تازە کۆتایی شەهلایەک بوو، بریسکانەوە دوایی لە ناو دەبرد و فەزا و بزاڤ و ئازادی تابلۆی پێشینی لێ ئەستاندەوە و بەربەرەکانیی شێتانەی لەگەڵ شەو و بۆشایی دەکرد هەتاکوو بە سیمورغ هەڵگەڕا.

لە دوایەوە دەبووم چونکە توانای بەربەرەکانیی نیگاکانیم نەبوو.. ئەویش چۆن بەربەرەکانییەک١ کاتێک جەزبەی دڵنیایی سیمای وی هەر بۆخۆم بم.. پلانی جەزبە شەهلاکەم بوو.. ژین هەر شەهلا بوو.

گەیشتینە کۆتایی گالێرییەکە و بەرەو دەرگای دەروە وەڕێکەوتم، بەڵان هێشتا ڕووم وەرنەچەرخاندبوو بۆ دەرێ و بەتەما بووم هەوای تازە هەڵمژم و ڕۆشنایی شەقام ئەو گوزارشتەی شەهلا خووی پێگرتووە بۆم بگەڕێنێتەوە.. دیتم دەڕوانێتە بزاڤی تابلۆیەک.. منداڵێک و دەریاچە وئەستێرە و هیدیکە.. هەر لەوێدا گۆڕینێکی تری بۆ پەیکەرەیەکی هێور وهێدی هاتە دی، زۆر جیاواز لە هەموو بوونەوەرێک... بە نیگەرانی چوومە پێش.. منداڵەکە کتومەت هەر زێنەب بوو، شەپۆلی نیگاکانی هەر لە شەپۆلی نیگاکانی شەهلا دەچێت.. سێگۆشەکە تێکچوو، تۆقیبووم لەوەی شەهلا و زێنەب لە تابلۆیکەدا بگیرسێن کەچی هەردووکیان ببوون بە دووبووکی ئاو، زێنەب هەمیشە لە دوای شەهلاوەیە لە نێو گەلی بووکی ئاو، قژە ڕەشەکانیان پەرت و بڵاون و چاوە قووڵە خۆمارەکانیان سەرکردەیەک لە سەرکردەکانی قەدەر دەخەنە داوی دێوجامەی باسک وباڵ و نقوومی دەکەن و تەنیا خۆیان بە لێوی خوێناوی و بەچاوی گڕگرتووی بە ئاگری بەفرین دەردەکەون.. تەنیا خۆیان دەبینن و کەسێکی تر ناتوانێ بیانبینێ.. ئەمنیش دەبێ لە دوورڕا بڕوانم چونکە هەر نزیک ببمەوە ئەورەسەکان تەیرەئەبابیل وەکوو بەردی تیژ بە قەڵەماسنگ لە ئاسۆی دەریاچەکەوەبۆ سەروملی من دەهاوێژرێن، منیش بە دەست خۆیان لێ دەپارێزم... ■

# مەشکۆ..

ع. دیاکۆ

دەستی کە لە سەر برینەکەی لابردخوێنی لێ دەتکاوە. بە ئاسپایی خۆی خشاند تا گەیشتە بن گاشەبەردێک. گەرم داهاتبوو. سەری وەرسوڕاند، هاواڵەکانی دیت کە تەقە لە عەسکەری تورکان دەکەن، چاوێکی دیکەی لێکردن، پێی سەیر بوو، چەند ساڵە قەت ئاوا نەیدیتبوون، وەک چی دەچن؟ دەتگوت لە سەر هەرد نین ئەو تاقمە، وەسەما کردن دەچوو تا شەڕکردن! چاوێکی لە خوارێ کرد، هەزار تورک، هەزار عەسکەر وردەوردە خۆیان نیزیک دەکردەوە، هاوڕێکانی بژارد. یەک.. دوو.. سێ.. چوار.. پێنج.. شەش.. حەوت.. هەشت.. نۆ، د... سەری سوڕاند، کوان؟!

خۆت لەبیر کرد کاکە!

نێ باشە، ئەوە ئەمن، تازە دەبینە دە. سەری هەڵێنا بەشکەم هاوسەنگەرەکانی ببینێتەوە کەسی دیکەی نەدیت. گوللەیەک بە سەر سەریدا تێپەڕی. سەری دانواند، خۆی پێڕانەگیرا سەری هەڵێنا و چاوێکی دیکەی لە عەسکەرەکان کرد. دڵنیا بوو لە هەزار زیاترن. کلاشینکۆفەکەی لە سەر گاشەبەردەکە دانا، چاوێکی دیکەی لە هاوڕێکانی کردەوە. هات هاواربکا کە برینداره، پەشیمان بۆوە، زاری کە بۆ یارمەتی ویستن ئاواڵە کردبۆوە وێکینایەوە. دەتگوت نایەوێ لە خەویان هەستێنێ.

هەڵیان هەستێنە کاکە! خەونی ناخۆش دەبینن.


هەزار تورک گەمارۆی داون و پێیان پێدەکەنن و لێیان دەچنە پێش. نۆ کەس.. و هەزار... هەڵیان هەستێنە کاکە! هەڵیان هەستێنە هاواڵ.

دیسان ویستی هاوار بکا، پەشیمان بۆوە. هۆشیان لە لای من بێ یان لە لای ئەو هەزار دێوەزمەیە؟ هیچ هەق نییە.. خۆ هۆشیشیان نییە، دەڵێی لە جێژوانێ لە سەر حەزەکانیان ڕاوەستاون، عاشق بوون.. خۆ عاشق بوون شاخ و گوێی نییە. دڵی نەهات هەرایان بکا، جێژوانیان لێ تێکبدا، نەیتوانی هاوار بکا. وردەوردە سارد دەبۆوە، چاوی لە خوارێ کرد دوو عەسکەر بەلای ئەودا خۆیان لێ نزیک دەکردەوە. بۆیان لە سەر چۆک دانیشت، بە دوو گوللە بەراوەژووی کردن. دانیشتەوە، چاوێکی لە خۆی کرد خەریک بوو سوورهەڵدەگەڕا لە خوێندا، سەری دەگێژەوە دەهات.

بریندارم بۆیە.. بریندارم؟ بۆ؟

لە بیری نەدەهاتەوەلەوێ چ دەکا؟ ئەوانە کێن؟ چاوی لە هاوڕێکانی کرد. منداڵیی خۆی هاتەوە یاد. هیچکام لەوانی تێدا نەبوو، لێرە چ

←



دەکا، بۆچی شەڕیان پێ فرۆشتووە؟! بۆچی شەڕ دەکا؟ دەتگوت هەوەڵێن ڕۆژی مەدرەسەیەیەتی وهەموو پرسیارێکی بۆ تازەیە. لەوەپێش قەت پرسیاری وای لە خۆی نەکردبوو. چاوی لە پێش خۆی کرد، هەر عەسکەر بوون وەک مێروو بە هەرددا وەربوون. بە بێزارییەوە سەری لێ وەرسوڕاندن. چاوی لە دوای وان و لە ئاسمان بڕی.. لە دووڕڕا گوندێک دیاربوو. بۆن و بەرامەی ژیانێکی دوور لە قەتە و هەرا، هەستی ئەنگاوت. بزەیەکی هاتێ. باڵی گرت، فڕی.. چاوی لە خۆی دەکرد لە پشت گاشەبەردەکە. چاوێکی لە هاوڕێیانی کرد و چاوێکیش لە عەسکەرەکان.. دیسان چاوەکانی دە گوندەکە بڕییەوە، لە یەکێک دەگەڕا.. دیتیەوە، کوڕێکی چکۆڵەی شەش حەوت ساڵانە... گەڕاوە لای بریندارەکەی، چوار عەسکەر لە لای ڕاستی ئەو خەریک بوون لێی نیزیک دەبوونەوە. هەموو شتێکی لە بیر چۆوە. لە سەر چۆک دامەزرا بە ڕەگبارێک هەموویانی تخێل کردەوە. هاواڵێکی هاواری کرد لای ڕاستت ئاگا لێبێ، ئێمە لای چەپ و پێشەوەمان ئاگا لێیە. دڵی ئەهات پێی بڵێ بریندارە، لە بەر خۆیەوە گوتی نابێ کەم بینەوە...

نا، نا، کوو دەبێ؟ هەزار و دە؟

پێی وا ئەبوو دەبێ کەم ببنەوە. نا، ناکرێ.. لە سەر چۆک دانیشت، پشتێندەکەی کردەوە و لە برینەکەی بەست. چاوی لە خوارێ کرد، لەشکری تورکان ئەیان دەوێرا خۆ نیزیک کەنەوە. بزەیەکی هاتێ. هەڵێکی وەدگیر کەوتبوو دانیشێ، دانیشت. چاوی لە دوور کرد. ڕۆیی، زۆر دوور ڕۆیی، هەتا گەیشتەوە دێیەکەی خۆیان.

دایکی خەریکی مەشکە ژاندن بوو. دەگەڵ مەشکەکەی گۆرانی دەگوت. بەیانێکی زوو بوو، تاو بە ناقایلی وسەر لووتکەی چیاکان دەکەوت تاخۆی بگەیێنێتە هەرد. دەتگوت پێی خۆش نییە لە خەو هەستێ. خۆی لە دایکی نیزیک کردەوە بزانێ کام گۆرانی دەڵێ، ئاخر هەموو گۆرانییەکانی دەناسی، لێی نیزیک بۆوە. دایکی دەگەڵ مەشکەکەی ڕادەژا و سەمای دەکرد. سەمای دەکرد و گۆرانی دەگوت:

هەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
ژانم گەیوەتە پشتێ
پیربووم ناگەمە دەشتێ
کوڕم بێنە تەنیشتێ
هەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
ڕۆن و ماستم گەیشتێ
قاچ و دەستم ماندوونە
ڕۆڵەم بێنە تەنیشتێ
هەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
هەتاویشم گەیشتێ
کوا کوڕی جوان وجحێڵم
لۆ چما نەگەیشتێ
هەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
لەشکری تورکان بشکێ
ڕێیان لە کوڕی من گرتووە
هەر بۆیەش نەگەیشتێ
هەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
لەشکری تورکان بشکێ

بزەی لە سەر لێوی نەدەڕۆی. چاوی وا لە دایکی بڕیبوو لە بیری چۆبۆوە لە کوێیە. بەڵام بە بیستنی وشەی تورک، بەپەلە وەک با گەیشتەوە سەنگەرەکەی خۆی. کاتێ چاک بوو. یەک دەقیقەی دیکە نەهاتباوە، تورک گەیشتبوونەسەری. شەش تورک خۆیان دەخشاند بە هەردیدا و وردەوردە لەو نیزیک دەبوونەوە. لێیان هەستا سەر پێ، نەدەترسا، وای ڕق هەستا بوو ترسی لەبیر کردبوو، وەبەر گوللەی دان، نەیهێشت هیچیان جووڵەی بکەن. دانیشتەوە، نا نا کەوت.. شۆڕبۆوە. زەردەهەڵگەڕابوو، هاوڕێکەی هاواری کرد، هەتیو ئاگات لە خۆ بێ، خۆت بە کوشتن دەدەی، بۆ هەتا نەگەنە لات تەقەی ناکەی؟! بۆچی بە سەر پێوە تەقە دەکەی؟ چاوێکی لێکردن، چاوی پڕ بوو لە ئاو، زگی پێیان دەسووتا.


چ دەکەن ئەگەر من بڕۆم؟

کێ ئەو لا ڕاستەیان بۆ دەگرێ؟

خۆ بەش ناکەن. زۆر کەمن زۆر.. دەبێ بچمەوە بە دایکم بڵێم هێندە هاواری من نەکا. ناتوانم هاواڵەکانم بەتەنیا بەجێبێڵم. کوا دەبێ! سەرمەفرەزەکەیان هاواری کرد، ئاگات لە خۆ بێ داوای یارمەتییان کردووە، ئێستا نا ئێستا یارمەتییان بۆ دێ، نابێ بێڵی زۆر بێنە پێشێ. دەنا دەبێ پاشەکشەی بکەین، ئەگەر بۆت ڕاناگیرێ دەکشێینەوە. هات هاوار بکا بریندارە و باشترە بکشێنەوە و پاشەکشەی بکەن، نەیتوانی، هێزی نەمابوو، خۆی بە سەر سەنگەرەکەیدا شۆڕکردبۆوە تا چاوی لە سەر ڕێگاکە بێ. چاوی لێبوو، تورکەکانی دیت هەر خەریکی بێسیم و شتی وان. پێکەنی، بە ترسی وان پێکەنی، لە دووڕڕا دیتی ئەوە دە پانزدە زیلی دیکە دێن. کاتیتێ!

چاوی لە سەریەک دانا و هەڵاتەوە لای دایکی، دایکی لە مەشکەژاندن ببۆوە، خەریک بوو ڕۆنی سەر مەشکەکەی دەگرت، بەڵام گۆرانیشی هەر دەگوت. بە خۆی گوت کە گۆرانییەکەی تەواو بوو پێی دەڵێم، جارێ لێی گەڕێ با بیڵێ:

هەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ
لەشکری تورکان بشکێ
مێرم لە حەبسە مەشکێ
دوژمنم نەحسە مەشکێ
ڕۆنی کەردم گەیشتێ
ڕۆڵەم بێنە تەنیشتێ
هەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ



دایکی دەستی کرد بە گریانێ. سەری هەڵێنا. ڕوونەکەی گرتبووی لە لایەکی دانا. مەشکەکەی ڕاست کردەوە. چۆوە ژووریێ. لەبن سەماوەرەکەی دانیشت و ئەوجار بە دەنگ دەگریا.

دایەگیان بۆ دەگریێ؟

لۆ هێشتت بڕۆم؟

چما دەگری؟

دڵی نەهات پێی بڵێ تازە قەت ناگەڕێتەوە. بەوەی دەڵێن لێ قەومان، ئای لەو لێ قەومانە، نە دەیتوانی بە دایکی بڵێ تازە ناگەڕێتەوە، نە دڵی دەهات هاواڵەکانی بە جێبێڵێ. ئاخر دایەگیان چۆن دەکرێ، چۆنیان بەجێبێڵم؟ چۆن لای ڕاستیان بۆ بەردەم، ئەوانە نۆ کەسن، ئەوانیش هەزار.. مەگری دایەگیان مەگری.

گەڕایەوە بۆ لای هاوڕێکانی. لەشکری تورکان هەر خەریکی پلان دانان بوون. دیسان پرسیاری هاتنەوەبیر. ئەوە لێرە چ دەکا، بۆ لێرەیە؟ بێزاربوو لەم پرسیارە بەڵام هەر لە مێشکیدا بوو.. تەنیایی دایکی، نانی تازە و ڕۆنی کەرە، دێیە جوانەکەیان، زەماوەند و زاوابوون، هەرا وگرمە و هەڵپەڕکی، چاولە ڕێ بوون، چاوەڕێی بووک بوون، جێژوان و جوانیی، جوانیی دەزگیران، ڕاو، ڕاوی کێژۆڵان، هاواڵ، هاواڵی ڕاوچی، لارولەنجەی کچانی سەر کانی.. کوان؟

چاوی گێڕا، چاوی بە منداڵە چکۆڵەکە کەوتەوە، وەدووی کەوت. خۆ ئەوە تۆی کاکە! وەدووی کەوت. چوو لە لای دایکی دانیشت، دایکی مەشکەی دەژاند و دەگریا.

دایە بۆ دەگری؟

فامی نەدەکرد دایکی بۆ دەگری. ڕۆڵە بۆ باوکت دەگریم لە سجنە، بۆ برا ئاوارەکەت دەگریم، بۆ ماڵی ڕووخاوم دەگریم. فرمێسکی دایکی دیت کە بە زارکی مەشکەدا دەچووە خوارێ و تێکەڵی دۆیەکە دەبوو. گەورەتر بوو، کاسێکی لە دۆیەکە هەڵگرت و هەڵیقوڕاند.. بیخۆوە ڕۆڵە بیخۆوە! ڕەنگی سوورە ئەو دۆیە، سوێر و سوورە ئەو دۆیە، قەوەی دایکت بیخۆوە، لەبیری مەکە بیخۆوە.

فرمێسکم سوورە مەشکێ

چاوم بێ نوورە مەشکێ

ڕۆڵەم لێ دوورە مەشکێ

هەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ

کەس نییە ڕاتژێنێ مەشکێ

هەستا سەر پێ، بەقینەوە.. دیتییەوە، دەتگوت تازە زانیویە بۆ لەوێیە.. سەرمەفرەزەکەی هاواری کرد، دانیشە! شێت بووی؟ پاشەکشەی دەکەین.

پێی خۆش بوو. کەوتبوو، هەستا سەر چۆک. دانیشتەوە، نەیتوانی، هاواڵێکی هاواری کرد. دەکشێینەوە، خەریکن دێنە پێشێ، هەستە بۆ دانیشتووی. بەتەواوی زەردهەڵگەڕابوو. ئەوە دێم بڕۆن. هاواڵەکانی دەستیان بە تەقەکرد. لە هەردووک لاوە گوللە دەستی کرد بە بارینێ، هەستاوە سەرچۆک، چاوێکی لە لەشکری تورکان کرد، سەدان عەسکەر بە لای ئەو دا دەهاتنە پێش. دوو نارنجۆکی پێبوو. دەستی بە زامنەکانەوە بوو، بەڵام نەیتوانی لە کەمەربەندەکەیان بکاتەوە، بەسەر گاشەبەردێکدا خۆی شۆڕکردبۆوە. چاوێکی لە هاواڵەکانی کرد تەقەیان دەکرد و دەکشانەوە. هاواری ئەویان دەکرد. بە پێکەنینەوە گوتی دێم دێم ئێوە بڕۆن.

ڕووی وەرگەڕاندەوە.. چاوی بە دایکی کەوت سفرەی ڕازاندبۆوە، سفرەی شایی وزەماوەند.. دایکی هاواری کرد، دا بڕۆن پێی بڵێن با زاوازێڕینە بێ.. پێکەنی، سوورهەڵگەڕا لە شەرمێکی جحێڵانە.. سوورهەڵگەڕابوو لە خوێندا، چاوی بە عاستەم هەڵێنا، سەدان تورک بە تفەنگەوە لە سەر سەری ڕاوەستابوون، نەیان دەوێرا زۆر لێی نیزیک ببنەوە، تفەنگەکەی لە لایەک کەوتبوو، دەستی هەروا لە سەر خەشابەکانی بەر پشتێندی بوو. یەک دووگوللەیان پێوەنا، دیسانیش بەترسەوە لێی نیزیک دەبوونەوە.. دایکی گەیشتە سەری گوتی هەستە وەرە ڕۆڵە دەستت بدە دایکی خۆت سفرەم داناوە، ڕۆنی کەرەی تازەم گرتووە، دەستت بدە دایکی خۆت...

قامکەکانی هەروا لە سەر زامنی قۆمبەلەکاندا بوو. دایە ناتوانم، دەستم بۆ دەرنایا.. ڕۆڵە وەرە ئەو شیرەمت حەڵاڵ بێ، دڵم مەشکێنە.. لەشکری تورکان گەیشتێ، چاوی دیسان هەڵێنا، دایکی ڕاستی دەکرد، سەدان عەسکەری تورکی لە سەر سەری بوو. چاوێکی لە قۆمبەلەکان بڕی و چاوێکیش لە گوندەکەیان.. هاوڕێکانی دوور دەبوونەوە، دەستی بە زامنی قۆمبەلەکانەوە بوو.. دێم دایە گیان دێم.. کاتێک خۆی بۆ نێو کۆزیلکەی عەسکەرەکان خللۆرکردەوە دیسان دایکی خەریکی مەشکەژاندن بوو، دەگەڵ مەشکەکەی ڕادەژا و گۆرانی دەگوت:

هەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ

لەشکری تورکان بشکێ

ڕێیان لە کوڕی من گرتووە

بۆیە هەر نەگەیشتێ...

هەی مەشکێ مەشکێ مەشکێ...

***

# هەواڵی دوو کۆنفەرانس

له ۳۱مین کۆنفەرانسی ساڵانەی «ڕێکخراوی دراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» (Middle East Studies Association) که له ۲٤-۲۲نوامبری ۱۹۹۷ له سانفرانسیسکۆ پێکهات، ئەو وتارانه تەرخانی کوردستان کرابوون:

■ لارس شوماکر Schumacher (زانستگای UCLA)، "میهدی زانا و چەپی کورد له تورکیا".

■ تێلیدا فوکارو Fuccaro (زانستگایExter)، "ڕوانگەیێکی قەومی (ئێتنیک) سەبارەت به دەوڵەت ڕۆنان له عێراق: کوردە یەزیدییەکان له حکوومەتی کولونیاڵیدا".

■ نیکۆل واتس Watts (زانستگای واشینگتن)، "بەرەی ساڵەکانی ۱۹٦۰ له تورکیا و دانانەوەی هەویەتی سیاسی کورد".

■ ستێفنی گراهام (زانستگای واشینگتن)، "سیاسیبوونی گەنجه عەلەوییەکان له تورکیا".

■ رابرت ئولسن Olson (زانستگای کنتاکی)، "پێوەندی تورکیا- ئێران له شەڕی کەنداو و پرسی کورد".

■ مایکل گانتر (زانستگای تێکنۆلۆژی تێنێسی)، "فاکتۆری تورکیا- ئێران له شەڕی ناوخۆیی کوردی عێراق دا".

**زمانی کوردی له "کۆنفەرانسی مافی زمان"دا**

له ۱۹-۱٦ی مانگی ئۆکتۆبری ۱۹۹۷ کۆنفەرانسی "مافی بەشەری زمانیی" (Linguistic Human Rights) له شاری بوداپێست پێکهات. زۆربەی وتارەکانی ئەو کۆنفەرانسه سەبارەت به مافی زمان له وڵاتەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و دەوڵەتەکانی بالتیک بوو. بەشدارانی کۆنفەرانس باسی زۆر لایەنی سیاسی و حقووقی و نێونەتەوەیی مافی زمانیان کرد. لەو وتارانەدا به وردی باسی پێشێلکردنی مافی زمانیی کەمایەتییەکان له ئورووپای ڕۆژهەڵاتی پاش ۱۹۸۹کرا. دوو دەوڵەتی لاتڤیا و سلۆڤاک زیاتر له حەموو وڵاتەکانی تر مافی زمانیی کەمایەتییەکانیان پێشێل کردووه و تەنیا زمانی لاتڤی و سلۆڤاکی به ڕەسمیەت دەناسن.

له کۆنفەرانسەکەدا، چەند وتار لەلایەن خەڵکه ڕۆما(Roma)کانی («قەرەچی») ئوکراین و کۆماری چێک و مەجارستان خوێندراوه. یەکێک له ڕۆماکانی ئوکراین دەیگوت "ئێمه وڵاتمان نییه و کێشەی زمانی مه تایبەتێتی خۆی هەیه و له پێشدا مافی ئابووریمان دەوێ (مافی کارکردن و بەرێچوون و هەژارنەبوون) و ئەگەر ئەو مافه وەدیبێ، کێشەی زمانیشمان دەتوانین چارەسەر بکەین.» مافی ڕۆماکان له کۆماری چێک زۆر پێشێلکراوه.

له دوو وتاردا باسی زمانی کوردی کرا. یەکیان وتاری باسکین ئۆران (Baskin Oran) بوو لەمەڕ "مافی زمانیی کەمایەتییەکان له تورکیا و جیهانی بوون (globalization). کورتەی وتاری باسکین: پەیمانی لوزانی ۱۹۲۳ گرینگترین پەیمانی نێونەتەوەییه که دەوڵەتی تورکیا دەبەستێتەوه به ڕێزگرتنی مافی زمانیی کەمایەتییەکان. بەپێچەوانەی بۆچوونی باو که پێیوایه پەیمانی لوزان تەنیا مافی کەمایەتییه ناموسوڵمانەکان دەپارێزێ، خاڵی ۳۷ تا ٤٤ باسی مافی زمانیی کەمایەتییه موسوڵمانەکانیش دەکا. بۆ وێنه پاراگرافی ٤و٥ی خاڵی ۳۹ دەڵێ هیچ قەیدوبەندێک نابێ بخرێته سەر دەکارهێنانی هیچ زمانێک له ئاخاوتنی خۆیی، تیجارەت، ئایین، ڕۆژنامه وگۆڤار یان هەر بڵاوکراوەیێک یان له کۆبوونەوەی گشتیدا. هەروەها قسەکردن به هەر زمانێک له مەحکەمەدا دەبێ ئازادبێ. دەوڵەتی تورکیا به خۆلادان لەو پەیمانه مافی زمانی کوردی پێشێل کردووه. له بەشی پرسیار و وەڵامدا، باسکین گوتی که "کوردان خۆیان ئاگایان له خاڵی ۳۹ نییه و نازانن که مافی زمانییان لەوێدا پارێزراوه".

لێکدانەوەی باسکین له ڕوانگەی کەمالیی (ناسیۆنالیزمی تورک) و مافەوانیی(legalism) نووسراوه: نووسەر، کورد وەک کەمایەتی ـ نەک نەتەوه ـ چاولێدەکا و ماف وقانوون له سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی جیادەکاتەوه. له ڕەخنەی ئەو بۆچوونەدا دەکرێ بڵێین که سیاسەتی تورکیا لەمەڕ زمانی کوردی پێوەندی به نەبوونی قانوون یان کەموکورتی چوارچێوەی قانوونیی نییه. سەرچاوەی ئەم سیاسەته له دەسەڵاتدارێتی ناسیۆنالیزمی کەمالی دایه که وەک دەوڵەتێکی بورژوازی حەولی داوه نەتەوه-دەوڵەتێکی تورک له سەر بنچینەی زمان و کولتوور و هەویەتی نەتەوەیی تورک دابمەزرێنێ. بزووتنەوەی نەتەوەیی تورک (کەمالیزم) دەوڵەتی تورکیا و قانوونەکانی دامەزراندووه و سیاسەتی زمانکوژی و نەتەوەکوژیی کورد وهەرمەنی و گەلانی تری دابین کردووه.

ئەمیری حەسەنپوور وتارێکی سەبارەت به "زمانکوژی له نەزمی زمانی جیهانی دا: نموونەی زمانی کوردی له تورکیا" پێشکێشی کۆنفەرانس کرد. لەو وتارەدا باسی پەیدابوونی نەزمێکی (order) زمانی جیهانی، تێکنۆلۆژی زمان و بۆچوونی نوێ سەبارەت به مافی زمان و کێشەی ئورووپا و تورکیا له سەر تەلەڤیزیۆنی ماد-ت.و(Med-TV) کرا.

به پەیدابوونی نیزامی جیهانی سەرمایەداری، پێوەندی نێوان ←

زمانەکانی دنیایە، کە نزیکەی شەش هەزار دەبن، بەرینتر وئالۆزتر بووە. زمانەکانی دنیا نابەرانبەرن ـ هەم لە باری ژمارەی ئاخێوەران (چینیی زیاتر لە یەک بیلیۆن قسەی پێدەکەن، بەلام نزیکەی هەزار زمانی دنیا ژمارەی ئاخێوەرانیان هەر یەکەی کەمتر لە دەهەزار کەسە)، هەم لە بابەت هێز وتوانا ودەسەلاتی کولتووری (ئینگلیسی زمانی هەرە دەسەلاتداری دنیایە، بەلام زۆربەی زمانە چکۆلەکانی دنیا نە پێیان دەنووسرێ و نە لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی و خوێندندا دەکاردەهێندرێن). پێشبینی کراوە لە سەدەی داهاتوودا نزیکەی سێ هەزار وردەزمانی دنیایە دەمرن (٩٠٪ی ٢٥٠ زمانی ئوستەرالیا، ٤٥٪ی ٦٥ زمانی ڕووسیا، زیاتر لە یەک سێهەمی زمانەکانی ئەمریکای خواروو، زۆربەی زمانە بوومییەکانی کانادا و...). دوو هێزی سەرەکی لە کوشتن و مردنی ئەو زمانانەدا بەشدارن: یەکیان دەسەلاتی ئابووریی سەرمایەداری کە زمانە چکۆلەکان دەتوێنێتەوە (وەک لە کانادا، ئەمریکا، ئوستەرالیا و...) و ئەویتر دەسەلاتی دەولەتیی (وەک کوشتنی زمانی کوردی لە تورکیا).

تێکنۆلۆژی زمان ـــ وەک تەلەڤیزیۆن، رادیۆ، چاپ، فیلم وکامپیوتێر و... ـــ دەتوانێ یارمەتی دەولەت و بازاڕی سەرمایەداری بدا، هەم بۆ پەرەپێدانی زمان (وەک ئینگلیسی) و هەم بۆ تواندنەوەی زمان (وەک لە تورکیا و سووریا بۆ کوشتنی زمانی کوردی). هەروەها تێکنۆلۆژی دەتوانێ یارمەتی زمانی بێهێز و سەرکوتکراو بدا بۆ دەستکردنەوە و بووژانەوە و ژیانەوە (وەک تەلەڤیزیۆنی مانگۆلە کە ماد-ت.و دەکاری دێنێ). بەلام تێکنۆلۆژی، خۆی فاکتۆرێکی ئاسایی و سەربەخۆ نییە کە هەرکەس ویستی بتوانێ دەکاری بێنێ. تێکنۆلۆژی زمان وڕاگەیاندن خۆی لە کۆنەوە بووەتە شەڕگەی خەبات لە نێوان هێزی دەسەلاتدار و بێدەسەلاتدا. شەش هەزار ساڵ دوای پەیدابوونی نووسین، هێشتا زۆربەی زمانەکانی دنیا دەستیان نەگەیشتووەتە داوێنی نووسین، هێشتا زۆربەی ژنان نەخوێندەوارن و زۆربەی زمانانی دنیا لە فیلم و تەلەڤیزیۆن و رادیۆ دا دەکارناهێندرێن.

کە نەتەوەیێکی بێدەولەتی وەک کورد دەستی دەگاتە تەلەڤیزیۆنی مانگۆلە (ساتلایت)، هێزی نەتەوە-دەولەت و نەزمی نێونەتەوەیی جیهانی لە دژی وەخۆ دەکەوێ. دەولەتی تورکیا بۆ خامۆشکردنی ئەو تەلەڤیزیۆنە بە شێوەی قانوونی و غەیری قانوونی حەولی داوە مافی تەلەڤیزیۆنیی کوردزمانان لە کوردستان و لە ئوڕووپا پێشێل بکا(بە یارمەتی دەولەتە ئوڕووپاییەکان).

لەو وتارەدا باسکرا کە بۆ تێگەیشتنی کێشەی مافی زمان پێویستە چوارچێوەی نێونەتەوەیی زمان ـ نەزمی زمانی جیهان (world linguistic order) ـ مان لەبەرچاوبێ. سنوورە نەتەوەییەکان سست بوون بەلام هێزی نەتەوە-دەولەت و نەزمی نێونەتەوەیی جیهانی هێشتا کز نەبووە. پاراستنی زمانە سەرکوتکراوەکان چیدی لە سنووری چوارچێوەی نەتەوە-دەولەت دا سەرناکەوێ و پێویستی بە هاوخەباتی و تێکۆشان لە ڕادەی نێونەتەوەیی هەیە.

لەوکۆنفەرانسەدا، دوو پسپۆری مافی زمـــان ـــ تۆڤێ سکوتناب-کانگاس Tove Skutnabb-Kangas و رابرت فیلیپسن Robert Phillipson ـ بەشداربوون.

تۆڤێ وتاری سەرەکیی سەبارەت بە "مافی زمان وەک مافی بەشەر" پێشکێش کرد. تۆڤێ و رابرت هەردووکیان شارەزای باری زمانی کوردین و لێکۆلینەوەکانیان سەبارەت بە ماف و سیاسەتی زمان لە تورکیا و ئێران وعێراق و سووریا بە ئینگلیسی و زمانی تر بلاوبۆتەوە.

ئەمیری حەسەنپوور

***



حەسەنی قازی

■ **کرانەوەی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆلم**

لە ژمارەی ١٦ی گزینگ دا دەنگوباسی تێکۆشان بۆ دامەزراندنی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆلممان ڕاگەیاند. لەم ژمارەیەدا بە خۆشییەوە مزگێنی وەدیهاتنی ئەم ئاواتە و کرانەوەی ئەم کتێبخانەیە بە خوێنەرەوەکانمان دەدەین.

ڕۆژی جومعە ١٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٧، ئەم کتێبخانەیە لە ڕێوشوێنێکی تێکەلاوی ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاواییدا بە ئامادەبوونی پرۆفسۆر یای«جۆیس بلاو» و پرۆفسۆر «مارتین ڤان براونێسن» دوو دۆستی لەمێژینەی کوردان و دوو لە پشتیوانانی کتێبخانەکە لە دەرەوەی سوێدەوە بەم بۆنەیەوە هاتبوون، یای «ماریتا ئولفسکووگ» (Marita Ulvskog) وەزیری فەرهەنگی سوێد، هێندێک لە بەرپرسانی بەشی فەرهەنگی کۆمۆنی ستۆکهۆلم، ژمارەیەک لە نووسەرانی سوێدی و لەوانە سەرۆکی کۆمەلەی نووسەرانی سوێد و سەرۆکی ئەنجومەنی قەلەمی سوێد، سەرۆکی کتێبخانەی شاری ستۆکهۆلم «یان بوومان» و هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی کورد و لەوانە نوێنەرانی ئەنستیتووی کوردی لە ستۆکهۆلم کرایەوە.

ماریتا ئولفسکووگ لەم قسانەیدا کە بەم بۆنەیەوە کردی، گوتی:
"کتێب ژیانی ئێمە دەگۆڕێ، چونکوو کتێب زانیاری بلاودەکاتەوە، کتێب پارێزگاری لە فامین و زانین دەکا. کتێبخانە بۆ فەرهەنگە، بۆ ئاموزشت و بارهێنانە، تەنانەت جێی سەرهەلدان و ڕاپەڕینیش بووە". ئولفسکووگ لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: "ئێمە کە ئێستا لێرە کۆبووینەوە بۆ کردنەوەی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆلم، ئەوە ڕووداوێکی زۆر گەورەی فەرهەنگی یە، ئەوانەی کە تێکۆشاون بۆ دامەزراندنی ئەم کتێبخانەیە ژمارەیان زۆرە، بەلام گرانایی هەرە زۆری ئەم ئەرکە پیرۆزە لە سەر شانی تاقەپیاوێک بووە واتە «ئەدیم داغ دێوەرەن»، دیارە ئەوە کارێکی پڕ چەرمەسەریی و هەوراز و نشێو بووە ←



ماریتا ئولفسکووگ وەزیری فەرهەنگی سوێد، لە گەڵ نەدیم داغ دێوەرەن بەڕێوەبەری کتێبخانەی کوردی لە کاتی کرانەوەدا...

بۆ نەدیم و گشت ئەوانەی بە دەنگییەوە هاتوون و پشتیان گرتووە. بەڵام ئەو ئەرکە تەواو نەبووە و بە کرانەوەی کتێبخانە، ژیانی ڕاستەقینەی تازە دەست پێدەکا".

کاک نەدیم داغ دێوەرەن بەڕێوەبەریی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم لە قسەکانیدا ڕایگەیاند کە لە کانگای دڵەوە هەست بە شادی و سەرفرازی دەکا بۆ ئەوەی ئەو ئاواتەی کە هەمیشە خەونی پێوە دیتووە ئێستا وەدیهاتووە.

لە ڕێوڕەسمی کرانەوەی کتێبخانەکەدا، خۆشخوان و نووسەری کورد «ناسری ڕەزازی»یش بەشدار بوو و بە بەندێکی کورت ئەو بۆنەیەی خۆشتر کرد.

کتێبخانەی کوردی لە ناوچەیەکی نێوەندیی ستۆکهۆڵم لە شێپسهۆڵمن کە دەڕوانێتە سەر دەریاچەیەک، هەڵکەوتووە.

بە پێی قسەی کاک نەدیم تارۆژی کرانەوەی کتێبخانە، نزیک ۳۰۰۰ کتێب بە کوردی و بە زمانی دی لە سەر کوردان لە کتێبخانەکەدا هەیە. بەرپرسانی کتێبخانەی گشتیی ستۆکهۆڵم بەڵێنییان داوە یارمەتی ئەو کتێبخانە کوردییە بدەن بۆ ئەوەی خۆی بە سیستمی کتێبەوانیی سوێدەوە بلکێنێ. ئەگەر ئەو کارە سەر بگرێ دەستڕاگەیشتن بەو کتێب و سەرچاوانەی لە کتێبخانەی کوردیدا هەن، زۆر هاسانتر دەبێ. لە پێوەندی لەگەڵ کرانەوەی کتێبخانەدا ڕۆژی شەمۆ سیمینارێک بە بابەتی جۆربەجۆری پێوەندیدار بە کوردەوە لە ستۆکهۆڵم بە بەشداریی مامۆستا هۆمەر شێخمووس، یای جۆیس بلاو، کاک مارتین فان براوئێسن و بەرپرسی ئەنجومەنی قەڵەمی سوێد بە ئینگلیسی و سوێدی بەڕێوەچوو.

کتێبخانەی کوردی هەموو ڕۆژێ جگە لە ڕۆژا یەکشەمۆ ئاواڵەیە و نێونیشانی سەرلێدان و ژمارەی فاکس و تەلەفۆنی ئەمەیە:

Besöksadress: Kurdiska Biblioteket, Östra Brobänken, Skeppsholmen

Postadress: Box 1050, 10139 Stockholm

Tel: 08-6798803

Fax: 08-6798804

## وەنەوشە

**ولفگانگ گوتە**

وەنەوشەیەک سەر پڕ سەودا
دڵ کەیلی خەم، لە مێرگێکدا
سەرسامگرتوو،
دوور دەیڕوانی
چاو لە دوو بوو
بۆ دڵبەرێک دڵ وگیانی
لە دوور دەرکەوت کێژۆڵەیەک
نەرم و نیان، خوای جوانی
سۆزی دڵی وەک پەپوولە
هەڵدەفڕاندن بە گۆرانی
وەنەوشەکەی تاک وتەرە
لەگەڵ خۆیدا کەوتە سرتە:
بریا ببام ئا لەودەشتە بە گوڵە باخێک
یان گولیلکێک بۆ ئەو کیژە دەمەساتێک
دەستی بردبا هەڵمپسێنێ و بملاوێنێ
بە سینگییەوەم بنووسێنێ
ئاخ،
کوا وادەبوو بریا وابا
ئەو ئاواتەم وەدیهاتبا
هەیهات، هاوار
ئەو کێژۆڵە غەدری لێکرد
هات و ڕابرد دەستی نەبرد لێوەی نەکرد
وەنەوشەکە بوو بە پێخوست لە ژێر پێی دا
تەنیا دێڕێک، نەرم خزی بە گوێی بادا:
«کەسەر نییە کە من بمرم لەو دەشتەدا
ڕوحم دەرچێ لە ژێر پاژنەی نازدارێکدا».

***

وەرگێران لە ئالمانی: حەسەن ئەیوب زادە

**سەرچاوە:**

GESAMMELTE GEDICHTE,
**Johann Wolfgang van Goete**,
1994 printed in the European Union.

**به** هۆی بارودۆخی تایبەتیی ژیانی کوردەوە لە کوردستانی ئێران، ژن زۆر کەم توانیویە دە کاری هونەریدا بەشداری بکا. بەتایبەت دە بواری گۆرانی گوتندا یەکجار لاواز بووە و بە دەگمەن هەڵکەوتووە ئافرەتێک کۆتوبەندی عەیبوعار بپچڕێ و دەنگ بەرزکاتەوە و وەک پیاو گۆرانی بچڕێ. لە مهاباد دەڵێن ژنێک بە ناوی «مەنیج حەیران» هەبووە گۆرانی گوتووە وداوەتی گێڕاوە، بەداخەوە سەربووری هونەری ئەو ژنە ئێستا بۆتە توانج و هەر کچێکی دە بەرانبەر فەرهەنگی کوردیدا سەربزێوێ پێی دەڵێن «برۆ مەنیج حەیران». لەبارودۆخێکی وادا چۆن دەبێ چاوەڕوان بین ژنی کورد گۆرانی بێژێ و دە هونەری مۆسیقادا بەشداری بکا؟ هەر بەم هۆیەشەوە، لەو ڕۆژەوە کە ئێزگەی رادیۆی کوردی لە ئێران و کوردستاندا دامەزراوە، هەڵسووڕانی هونەریی ژن و ئافرەتی کورد دە

فەتتانەی وەلیدی ٨ گ. ئەو گۆرانیبێژە ئافرەتانە زۆربەیان کرماشانی بوون. ١٧ کەس لەم ئافرەتانە خەڵکی کرماشان، ٧ کەسیان خەڵکی سنە و ئەوانی دیکەش خەڵکی شارەکانی سەقز، مهاباد، ورمێ، کامیاران، شیراز و قەسری شیرین بوون.

سێ ئافرەتی گۆرانیبێژی غەیری کوردیش گۆرانی کوردییان گوتووە، ١) خانمی هایدە، گۆرانی (شیرین شیرینە)ی بە زاراوەی کرماشانی گوتووە ٢) خانمی فاتمەی زەرگەری کە گۆرانیبێژێکی تورکی تەورێزی بووە، گۆرانی (گولدر منی گولدر)ی لەگەڵ حەسەن زیرەک گوتووە ٣) خانمی سیما بینا کە گۆرانیبێژێکی فارس بووە و گۆرانی(ئەسمەر یارم جوانە)ی گوتووە.

ئەو گۆرانیبێژە ئافرەتانەی کە یەکدەنگ و بە تەنیایی گۆرانییان چڕیوە

# ئافرەتانی گۆرانیبێژی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

لە ساڵی١٩٦٢-١٩٧٧(١٣٤١-١٣٥٦)

**ئەحمەدی شەریفی**

هونەری مۆسیقا و گۆرانیدا یەکجار کەم بووە. ئەم کورتە باسە توێژەوانێکە لە سەر ئافرەتانی گۆرانیبێژی کورد لە ساڵانی ١٣٤١ هەتا ١٣٥٦ یانی ساڵانی پێش سەرکەوتنی «ئینقلابی ئیسلامی»، لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. لە ماوەی ئەو ١٥ساڵانەدا، پتر لە ٤٠٠ گۆرانیبێژ لە ئێزگەکانی کوردیی کرماشان و سنە و مهاباد و ورمێ دا گۆرانییان گوتووە ( ئامارێک سەبارەت بە گۆرانیبێژانی بەشی کوردی رادیۆ مەشهەد ناوەندی خۆراسان لە دەستدا نییە). پیاوی وا بووە هەر تەنیا گۆرانییەکی لێ زەبت کراوە. وەک: ئەکبەری خۆشکار، عومەری مەجیدی، عەلی جوانڕۆیی، پۆلای جامازی، فەرامەرزی نەزاکەتی، مرادی خەلیلوەند، مەحمودی حیشمەتی، ڕەحیمی قەڵەندەری، ڕەزا ڕۆستەمی، شوکرعەلی ڕەزایی، تاهیری خزری، ئەحمەدی میرزایی، ڕەزا شامی، محەممەدی بابایی و نەبی مەحمودی. بەڵام هێندێک گۆرانیبێژی پیاو هەبوون کە زیاتر لە ٥٠ گۆرانییان گوتووە وەک: عەلائەددینی باباشەهابی ١٠٥گۆرانی، تەهماسبی ١٢٩گ، سەید عەلی سەردەشتی ٦٢گ، برایانی زیزی(حوسێن و عەلی شۆخ کەمان) ٧٠گ، عەزیز شاهرۆخ ٧٤گ، محەممەدی ماملێ ٨٤گ، حەسەن زیرەک ١٤٧گ و مەزهەری خالەقی ١٧٥گ. ئەگەر بڵێین سەرجەم ئەو ٤٠٠ پیاوە گۆرانیبێژانە هەرکام تەنیا ١٠ گۆرانییان گوتبێ دەکاتە ٤٠٠٠ گۆرانی.
بەڵام دە ماوەی ئەو پازدە ساڵانەدا تەنیا ٣١ ئافرەتی کورد گۆرانییان چڕیوە و ٢٢ گۆرانییشیان لەگەڵ گۆرانیبێژە پیاوەکان گوتووە. هێندێک لەو ژنانەش هەر تەنیا یەک گۆرانییان گوتووە وەک: خانمی ڕوویا، ماهروخی بابان، فروزانفەڕ، نەسرین، کیمیا و بەتوولی مرادی. هێندێکیان ٥ گۆرانییان پتر گوتووە وەک: ئێرانی موجەڕەد ٥ گۆرانی، گیتی بەهەشتی ٨گ، پەری زەنگەنە ٥گ، ئیتیحادی ٧گ، ئەردەڵان ١٣گ، مەلەک ڕەزوان ٧گ، زوهرە ٨گ، نەرگس محەممەدی ٨ گ،

بریتی بوون لەوان کەسانە:

١- ئێرانی موجەڕەد، خەڵکی ورمێ ٥ گۆرانی کە دوویان ناوونیشانیان هەیە: دۆڵابێ و گلیی باشقەڵا (بووکی باشقەڵا).

٢- گیتی بەهەشتی، خەڵکی سەقز و دانیشتووی تاران ٨ گۆرانی گوتووە. بە داخەوە هەر ناوی سێ گۆرانی: (خەنەبەندان)، (شەمامەوخاڵخاڵ) و(گوڵی سولەیمان بەگی بانە)م گیرکەوت.

٣- پەری زەنگەنە، یەکێک لە گۆرانیبێژە هەرە بەناوبانگەکانی ئێرانی، خەڵکی شیراز و لە خێڵی زەنگەنە بووە، ٥ گۆرانی گوتووە کە ناوی گۆرانییەکانیم دەست نەکەوت.

٤) خانمی ئیتیحادی، خەڵکی کرماشان ٦ گۆرانی گوتووە: نازارنازاران، نازارێ نازار، شیرینە وشیرین( ئەوەی بە دووشێوە خوێندووە)، کوا خەڵاتم کوا بەراتم، تازەعەرووس.

٥- قەمەری بنی ئەردەڵان، خەڵکی کرماشان ١٣ گۆرانی خوێندووە: ئەی کچە، ئەی شل، سەڵتەنە، دەم کول، نزارێ نازار، کولنجە کولنجە، نەرگس، جیران، پەیامی دڵدار، ئامان لەیلێ، خاکی کرماشان، کەتانە، سۆیبەی بالابەرز، هەروەها دوو گۆرانی فارسی و ئازەری: دهقان، عروس دهکدە (دێهقان، عەرووسی دێهکەدە)شی گوتووە.

٦- مەلەک ڕەزوان (کرماشانی) ٧ گۆرانی: لەیلی، کۆهساران، بە یادی کرماشان، لەنجە هەی لەنجە، لەیلی باوانم، هەی لاوە لاوە، ئەسمەر یارم جوانە و گۆرانییەکی فارسییشی بە ناوی آزادی دهقان (ئازادی دێهقان)گوتووە.

٧- زوهرە(کرماشانی) ٩ گۆرانی: پەپوولەی دڵ، خان ومان، حەریرە و ئامان، چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ، تاقەدار، خەزان، شیرین، سەوزە، شەوی پاییز. هەروەها ٤ گۆرانی فارسیشی گوتووە: پرندە بی غم خوار (پەڕەندەی بێ غەمخۆر)، عاشق دل سوختە (عاشقی دڵسووتاو)،

عروس سیاەچادر (بووکی ڕەشماڵ) و آشتی (ئاشتی).

٨- ڕووناک (ماهرۆخی بابان، کچی بەڕێز شوکروڵڵا خانی بابان ــ سنەیی)، یەک گۆرانی: عیشقی پاک.

٩- قەشەنگ (سنەیی)، دوو گۆرانی: کیژی کورد، دەوری.

١٠- رووبا (کرماشانی)، یەک گۆرانی: لەیلی باوانم.

١١- پەریوەش (کرماشانی)، دوو گۆرانی: سەوزەسەوزە، لەیلی لەیلی.

١٢- فروزانفەر (کرماشانی)، یەک گۆرانی: هەڵسە ئێرانی.

١٣- بێهنووشی فەلسەفی (کرماشانی)، دوو گۆرانی: سەفای کرماشان، ئەسیری عیشق.

١٤- ڕوحەنگیزی جەیدولئیسلام (کرماشانی)، دوو گۆرانی: ڕۆژی ئاشنایی، چەو ئینتیزار(چاو ئینتیزار).

١٥- سووسەن (قەسری شیرین)، یەک گۆرانی: مەستووری ئامان.

١٦- نەدا (شەهینی تاڵەبانی، سنەیی)، یەک گۆرانی: خەوی تۆ.

١٧- مەستوورەی ئەسەدی (کامیارانی)، یەک گۆرانی: شلە خەجێ.

١٨- مەنیژەی متەقی (سنەیی)، سێ گۆرانی: هەروایە، گوڵ و گوڵدان، وەنەوشە.

١٩- نەسرین (کرماشانی)، یەک گۆرانی: گوڵ بەو تەماشا.

٢٠- نووشین (سنەیی)، یەک گۆرانی: بەهارە بێرەوە ئەی گوڵ.

٢١- نەرگسی محەمەدی نەژاد (سنەیی)، ٧ گۆرانی: ئاسمان، بولبولی بێ قەرار، پەیمان، خەنەبەندان، گوڵ نیشان، دەمەگری مەگری، وەسیەت.

٢٢- کیمیا (کرماشانی)، یەک گۆرانی (ناوەکەیم دەست نەکەوت).

٢٣- بەتوولی مرادی (کرماشانی)، یەک گۆرانی: ئەی لاوە لاوە.

٢٤- ئامین پینەچی (خەڵکی کولتەپەی بۆکان)، یەک گۆرانی: لای لایە.

٢٥- نەوا (کرماشانی) سێ گۆرانی: سەوزەڵێ، ئەی لاوە لاوە، شووخی دیدەمەس.

٢٦- فەتانەی وەلیدی( سنەیی)، ٨ گۆرانی: پەروانەی شەیدا، یاری چاوجوان، عەتری گوڵان، دڵی بێ ئارام، دڵم بۆت نەماوە، لای لای، بەهارە، هاتەوە یارم.

٢٧- دڵناز (کرماشانی)، یەک گۆرانی: شیرین شیرین.

٢٨- سوعدا دیاری ( مهابادی)، سێ گۆرانی: یارەکەی شۆخ وشەنگم، من بریندارم، لەمێژە هەی لەمێژە.

٢٩- سارا (کرماشانی)، یەک گۆرانی: بەهاری تاقی بوستان.

ئەو گۆرانیبێژە ئافرەتانەی کە دووەنگیی لەگەڵ پیاوان گۆرانییان چڕیوە، بریتی بوون لە:

١- خانمی ئیتیحادی لەگەڵ نەورۆزی، یەک گۆرانی: چەم و خەم.

٢- قەمەری ئەردەڵان لەگەڵ مەزهەری خالەقی، یەک گۆرانی: ئامان هەی ئامان، هەروەها لەگەڵ نەورۆزی یش یەک گۆرانی:عیشقی وەتەن.

٣- شکووفە لەگەڵ توندرەو، دوو گۆرانی: شیرین وفەرهاد، ئاهووی وەحشی.

٤- نەغمە لەگەڵ خالەقی، یەک گۆرانی: بەردە بەردە، لەگەڵ حەسەن زیرەک یش هەر ئەو گۆرانییەی گوتووە.

٥- هووما لەگەڵ خالەقی، یەک گۆرانی: ئامان هەی ئامان.

٦- زوهرە لەگەڵ ڕۆمی، ٥ گۆرانی: هەنار هەنارە، حەریر و ئامان، بە یادی کوردستان، کولنجە کولنجە، خانمێ خانمێ. هەروەها لەگەڵ تەهماسبی یش دوو گۆرانی گوتووە: تاقەدار و لە ڕێگای کانی.

٧- ڕوحەنگیزی جەدیدولئیسلام لەگەڵ سەعیدی قەندی، یەک گۆرانی: عیشقی پاک و لەگەڵ حیشمەتوڵڵای لورنەژاد یش یەک گۆرانی: پەیمان.

٩- نەدا(شەهینی تاڵەبانی) لەگەڵ عەباس کەمەندی، یەک گۆرانی: سەبری گوڵفرۆش.

١٠- فەتانەی وەلیدی لەگەڵ کامران، دوو گۆرانی: سووسەن، عیشوە وناز.

١١- ڕووناک لەگەڵ عەلائەددینی باباشەهابی، دوو گۆرانی: دڵی بێ نەسیب، یادی مناڵی.

لە گۆرانیبێژە ژنەکان ١٦کەسیان، یان ناوی موستەعار(نازناو)یان هەبووە، یان تەنیا ناوی ئەوەڵی خۆیان وتووە و ناوی فامیلی و شۆرەتی خۆیان ئاشکرا نەکردووە.

جگە لەوانە هێندێ گۆرانیبێژی ئافرەتی تر هەبوون وەک «پەریسا» کە بە ڕەچەڵەک کوردبوون بەڵام گۆرانی کوردییان نەگوتووە.

با ئەوەش بڵێم کە نیزگەی کوردیی تاران و پاشان کرماشان کۆرسی ژنانەی هەبووە کە لەگەڵ حەسەن زیرەک و مەزهەری خالەقی و هێندێ گۆرانیبێژی تر هاودەنگییان کردووە، بە داخەوە هەرچی سەری ئەملاوئەولام دا، نەمتوانی ناوی ئەوان ئافرەتان پەیدا بکەم. ■

## ئاپۆلۆی ماچ

**مامۆستا هێمن**

بە حیجابی ئیسلامی یەوە دیم جوانێ
ماڵەبابم ئای لەو خەڵە و خەرمانە!
نەمدیبوو مانگی چارەدە وا ڕووناک بێ
بە ساوی پاک لە نێو جەغزی خەرمانە

گوناح نەبوو، تێم هەڵڕوانی، نەترسام
لە چەمۆڵە و جنێو و بۆڵە بۆڵی
ئەوی جوان بوو لە ڕووی ئەودا بەدیم کرد
هەنیە، کوڵمە، دیدە، برۆ، مژۆڵی

کە دین نەبێ، دینی دەگۆڕێ بۆ تۆ
ئەو تەرسایەی بێ ترس ڕایمووسی خاچ
کچی شەرمێن بە ڕووسووری دەنیشێ
لە سەر ڕووی تۆ شەوێکی ئاپۆلۆی ماچ

ورمێ ــ ٤ / ٢٧١٣٦٤

### حوکمە گشتییەکان

- سەید دوعای گیرایە.
- خوێنی سەید شوومە، ئەگەر هاتوو کەسێک سەیدێک بکوژێ، ئەوە خوڵا غەزەبی لێ دەگرێ و گەڕ وگولی دەکا.
- سەید عەولادی پێغەمبەرە.
- تفی سەید تەبەڕوکە و بکرێتەسەربرین سارێژی دەکات. هەروەها لە نێوچاوانیش بدرێ ژانەکەی هێور دەکا.
- نان بەرەکەتی خودایە و نابێ بکەوێتە سەر عەرز. ئەگەر لە شوێنێک وردکەنان بکەوێ دەبێ لە کون وقوژبناندا بشاردرێتەوە.
- لە چۆڵ و بیاباناندا کە نان دەخورێ دەبێ وردکەکەی فڕێ بدرێ و بکوترێ: ئەوەش بەشی مارومێروو.

## له کۆمه‌ڵی کورده‌واریدا

س. گ. ماکوان (٢)

- هەر چاکەیەک کە مرۆڤ ئەنجامی بدا، مەلایکەی سەر شانی ڕاست دەینووسێ و مەلایکەی سەرشانی چەپیش کار وکردەوە خراپ ودزێوەکان تۆمار دەکات.[١]
- ژمارەی سێزدە نەعسە.[٢]
- چەکی بەتاڵ نابێ بەرەورووی کەسێک ڕادێردرێ. چونکە ڕەنگە شەیتان بە نهێنی گوللەی لەبەرهاویشتبێ.[٣]
- بە گوتنی بیسمیلا، جن ودێو شەیتان هەڵدێن.
- هەرکەسێک لێواری نان بگرێتەوە، لە ڕۆژی قیامەتدا لێوارە نانەکان دەبن بە مار و لە ئەستۆی دەئاڵێن.[٤]
- پردی سیرات لە موو باریکترە ولە شمشێر تیژترە.[٥]
- دایک و باوک تا شەش ساڵان، ئەگەر شەشەکان (شەش ڕۆژ ڕۆژووی دوای مانگی ڕەمەزان) بگرن، ئەوە دوعایان لە سەر منداڵەکانیان گیرا دەبێ.
- جوولەکە ئەم دنیایەی هەیە و ئەو دنیای نییە.
- لە ڕۆژی قیامەتدا ئەگەر بتوانی دەستت لە شاقەڵی شێخ و مەشایخان گیر بکەی، ئەوە بە سلامەت بە سەر پردی سیراتدا دەپەڕییەوە.
- خاکی بن پێی مرۆڤی سوودخۆر بۆ لابردنی باڵۆکە باشە.
- خاکی سەر قەبری شێخ و مەشایخان تەبەڕوکە.
- خواردنی ماست وماسی پێکەوە باش نییە.[٦]
- سیاسارکەکەچەڵە بخۆی دەنگت خۆش دەبێ.
- خواردنی هەنار بۆ خوێن باشە.[٧]
- خۆڵەمێش برین خوێن بەست دەکا.
- بنێشتەتاڵ، زامی گەدە(مێعدە) سارێژ دەکا.
- خوێ لەلای خەڵکی ئاسایی ڕێزی هەیە وزۆرجار سوێندی پێدەخورێ.
- مووروی شین بۆ چاووزار باشە.[٨]

### پەراوێزەکان:

١) صادق هدایت، نیرنگستان، ل٦٦.

٢) لە هێندێک ناوچەی کوردستاندا بۆ ئەوەی نەعس لە سێزدە دەربکەن، لە باتی سێزدە دەڵێن: زیادە. بەتایبەت فەلا وجووتیارە هەژارەکان لە کاتی خەرمان هەڵگرتندا ژمارەی سێزدە بەکار نابەن، چونکە بڕوایان وایە گوتنی ژمارەی نەعس لە بەروبوومەکەیان کەمدەکاتەوە.

٣و٤و٥و٦) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ٦٧، ٦٨، ٨٠و ٩٠.

٧) ڕەنگە خەڵکی ئاسایی هەر لەبەر سووریی ڕەنگی هەنار وابڵێن، بەڵام هەروەک زانراوە، هەنار سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ڤیتامینەکانە بەتایبەتی ڤیتامینC. مەولەوی تاوەگۆزی شاعیریش لە شێعرێکدا هەنار وەک دەرمانی هەلامەت بۆ یارەکەی دەست نیشان دەکات:

شنەفتم دوور با لەیل زوکامشەن
دیشوار باڵای نەونەمامشەن
هەنارەکەی دڵ پەڕ جە دانەی ئێش
پێشیای کوورەی نار عیشق وێش
بە مەودای موژگان سۆراخش کەرۆ
وەگەرمی نیشان دەماخش دەرۆ

٨) عەلی ئەشرەف دەرویشیان، لە فەرهەنگی کوردیی کرماشانی دا دەڵێ: لە ناوچەکانی کرماشاندا مووروی شین بە سەر شان و ملی منداڵان دا قایم دەکەن، بۆ ئەوەی لە چاووزاریان بپارێزن.

سەرنج: لە موکریان کووژەکەی پێدەڵێن.

### لە سەر خشۆک و باڵندە و...

- تێرتێرە(سەرمازەڵە) لاسای نوێژخوێنەر دەکاتەوە، بۆیە دەبێ سەری پان بکرێتەوە.
- بەیانیان زوو، دیتنی پەپووسڵەمانی باشە.[١]
- کوندەبوو لە سەر ڕێگای هەر کەسێک هەڵفڕێ، خراپەی دێتەرێ.
- لەگ لەگ(لەق لەق) هەر ساڵەی جارێ دەچێتە مەکە ومەدینە و دەگەڕێتەوە، بۆیە پێی دەچێن حاجی لەگ لەگ.
- کوندەبوولە سەربانی هەر ماڵێک هەڵنیشێ، ئەوە ئەو ماڵە تووشی وێرانە دەبێ.
- کەڵەباب(کەڵەشێر) کە بە ناوەخت بخوێنێ یان دەبێ ببەخشرێ یان بکوژرێتەوە، دەنا خاوەنەکەی دەمرێ.[٢]
- بەیانیان ڕێوی ببینی، ئەوڕۆژە بەختت باش دەبێ.[٣]
- مار بە سەیدەوە نادا ولەبەری هەڵدێ.
- ژاری مار لە مرۆڤی سووربەڵەک کار ناکات.
- قرژاڵ هەرکەسێک بگەزێ، تا کەری دەجاڵ نەزەڕێنێ بەری نادا.
- خشتی کاڵ لە شوێنی شێدار دووپشک هەڵدێنێ.

- بستێک له کلک و لای سەری مار ببردرێ و نێوەڕاستەکەی بخورێ، ژاری مار کاری تێناکا.[٤]

- ماری عاشقە وماشقە زۆر پرمەترسین و نابێ مرۆڤ خۆیان لە قەرەبدات. ئەگەر بە مەجبووری تووشی ئینسان هاتن دەبێ هەردووکیان پێکەوە بکوژرێن، دەنا ئەگەر یەکیان بمێنێتەوە، تۆڵەی خۆی دەکاتەوە.

- ماری سپی لە ماڵێدا فریشتەیە و نابێ ئازاری پێبگەیێندرێ.

- کوشتنی تانجی پێغەمبەرە (شێرەکولە) گوناحە.

- شەمشەمەکوێرە خەزرەتی مووسا دروستی کردووە.

- کوشتنی سەگ وپشیلە شوومە.[٥]

- سەگ حەوت گیانی هەیە.

- سەگ بە شەو بلوورێنێ خراپە و نیشانەی ئەوەیە کەسێک دەمرێ. هەربۆیە ئەوانی گوێیان لە لوورەی سەگ دەبێ، یاسینی خۆیان بخوێنن باشترە تا لە دەردو بەڵایان ڕزگاریان بێ.[٦]

- پشیلە لە قون دەرگاوە دەموچاوبشوا، نیشانەی ئەوەیە میوان دێ.[٧]

- پشیلەی ڕەش جندۆکەیە.[٨]

- هەر کەسێک بە ئانقەست ئاو بە سەر پشیلەدا بڕێژێ، دەستی بالۆکەی لێدێ.[٩]

- ئەگەر تاو بێ و باران ببارێ دەڵێن گورگ دەزێ.

- گورگ لە پیاوی ڕووت (بێ جلوبەرگ) دەترسێ.[١٠]

- بیانی زوو، نەچیرەوان کەروێشک ببینێ، ئەوڕۆژە دەستکەوتی نابێ.[١١]

- وشتر لە بەر ماڵی هەر کەسێکدا بخەوێ (یخ بخوات)، خاوەنی ماڵەکە دەمرێ.

- کوشتنی مێروولەسوورە (مێرووعەجەمانە) باشە، چونکە کافر و خوانەناسە.[١٢]

- شاخەمار بە مەشکەدا هەڵواسرێ، بەرەکەتی تێدەخا.

- پەپووسەڵەمانە بکوژێ وئێسکەکانی بە لەشی کچاندا بماڵێ، ئەوە دڵیان بۆ لای خۆت ڕادەکێشێ.

- هۆی مانگ گیران ئەوەیە نەهەنگێک دەیەوێ قووتی بدا.[١٣]

- مێشهەنگوین مەڕی پێغەمبەرە.

- مریشک کە ئاودەخواتەوە سەیری خودا دەکات.[١٤]

- ورچ مرۆڤ دەدزێ و ئەوەندە ژێرپێی دەڵێسێتەوە، تاکوو ناسک بێ ونەتوانێ هەڵێ.

### پەراوێزەکان:

١و٢) صادق هدایت، نیرنگستان، ل ٩٣.

٢) لە کوردەواریدا کەسێک وەخت وبێ وەخت نەزانێ و لە هووشوێنێک قسە بکا، دەڵێن: «کابرا دەڵێی کەڵەبابی نا وەختە».

٣و٤و٥) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ٩٣ تا ٩٩.

٦) لە هێندێک ناوچەی کوردستاندا، بۆ ئەوەی کارکردی لوورەی سەگ پووچەڵ بکەنەوە، لینگەپێڵاوێک ئاوەژوودەکەنەوە.

٧و٨و٩و١٠و١١) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی ٩٩، ١٠٠و١٠١.

١٢) لە ناوچەی موکریاندا منداڵان مێروولە سوورەکان کە مێروولە عەجەمانەیان پێدەڵێن دەکوژن و دەڵێن ئەوانە لە سەر عەجەمانن.

١٣و١٤) ژیانی کوردەواری، تۆما بوا، وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمەکەریم.

### جۆراوجۆر

- نێوچاوانی پان نیشانەی دەوڵەمەندی یە.

- ڕیشی درێژ نیشانەی نەفامی یە.[١]

- نێوچاوانی کورت، نیشانەی دەستکورتی وهەژاری یە.

- ڕیشی کۆسە و چاوی زەق، نیشانەی بەدفەڕی یە.

- بەژنی درێژ نیشانەی کەم عەقڵی یە.

- بەژنی کورت نیشانەی زیرەکی یە.[٢]

- پێی گەورە نیشانەی حۆلی وگێژی یە.

- سەری گەورە نیشانەی دەوڵەتە.[٣]

- چاوی شین ژیانبەخشە و جێگای مەترسی یە.[٤]

- چاوشین چاوپیسە.[٥]

- کاکێشان لە عاسمانێ ڕێگای مەکە و مەدینەمان پێ نیشان دەدات.[٦]

- کەری دەجاڵ کورتانێکی هەیە هەموو شوێ دەیدوڕێتەوە و بۆ بەیانی دەدڕێتەوە. ئەو ڕۆژەی دنیا ئاخردەبێ،لە ئەشکەوتێکەوە دێتەدەرێ و لە هەر تاڵە موویەکییەوە جۆرە ئاهەنگێک لێدەدرێ و لەباتی تەرسەقول، خورمای دەکا.[٧]




- دووکەڵی ئەسپەناخ بۆ چاووزار باشە.

- کایەکردن بە مقەست لەژیانی مرۆڤ کەم دەبێتەوە.

- پەرۆ و ڕەنگی سەوز پیرۆزن.

- هەرکەس بەتەنێ نانی خوا، جندۆکەش دەگەڵی دەخوات.

- کەڵەباب (کەڵەشێر) پیرۆزە، مژدەی بەختیاری بۆ بووک و زاوا دێنێ.[٨]

- تف ڕۆکردن لە عەرزی گوناحە.[٩]

- ئاسمان حەوت تەبەقی هەیە.

- فریشتەکان لە سەر کانیاو و کانی سەرچیاکان دەبن.[١٠]

### پەراوێزەکان:

١) صادق هدایت، نیرنگستان، ل٥٣. لە کوردەواریدا بە شێوەیەکی دیکەش دەگوترێ: ڕیشی درێژ نیشانەی کەرێتی یە.

٢) بە پێچەوانە ئەمەش هەیە ولە هێندێک شوێن دەڵێن: قوڵەبنە فیتنەیە.


٣) صادق هدایت، نیرنگستان، ل ٥٤.

٤و٥) ژیانی کوردەواری، تۆما بوا، وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمەکەریم.

٦) صادق هدایت، نیرنگستان، ل١٢١.

٧) لە ناوچەی موکریاندا خەڵکی بڕوایان وایە کە کەری دەجال لە ئەشکەوتی «خوراسانە» (یەکێک لە گوندەکانی ناوچەی بۆکان) دێتە دەرێ.

٨و٩و١٠) ژیانی کوردەواری، تۆما بوا، وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمەکەریم.




## گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت


بەکوردی کراوی بەرهەمە کۆکراوەکەی "**ژێرارد چالیاند**" ـە کە سالّی ۱۹۷٦ کێشەی نەتەوەی کوردی بەپێنووسی چەند نووسەری کوردی شارەزا و لەو گێژاوەدا ژیاوی وەک بەڕێزان(**کەندالّ، عەبدولڕەحمان قاسملوو، عیسمەت شەریف وانلی و موستەفا نازدار**)ی بەزمانی فرەنسی بلاّوکردەوە. هەروەها ڕاپۆرتێکی " ئارچی ڕۆزفیلت"ی لەکاتی خۆیدا سەردانی کۆمارە کوردییەکەی مەهابادی کردبوو، تێدایە. میسیۆ چالیاند خۆی ئامۆژەیەکی چاکی بە باسەکە بەخشیوە و لە دووبارە چاپکردنەوی وەرگێڕدراوە ئینگلیزییەکەی(سالّی ۱۹۹۳)دا ئەم باسانەی خراوەتە سەر؛ "کوردانی ئێران لەژێر دەسەلاّتی خومێنی" بەخامەی خۆی، و "باری کورد لەکاتی ڕوداوەکانی دوو جەنگی کەنداو"دا، بەخامەی بەڕێز **کامەران قەرەداغی**، و"پێچوپەنا و بەلێنە دورۆینەکانی بەکورددراو" بە خامەی بەڕێز **پێڵ فریلیک**، و دوابەش کەباسی " کوردانی تورکیا لەپاش جەنگی کەنداو" کە بەشێکە لەو ڕاپۆرتەی **ئەلیزا مارکوس** لەژێر ناونیشانی "ڕاپۆرتێک لە ڕۆژهەلاّتی باشووردوە".

لەکاتی خۆیدا زۆر پۆلیتیکزان و گۆڤار و ڕۆژنامەی جیهانی ئەم بەرهەمەیان هەلّسەنگاندووە، کە(ئەوەی من بزانم) تائێستا لە زمانی فرەنسییەوە وەرگێڕدراوە بۆ ئینگلیزی، ئەلّمانی، فارسی و " ڕێکخراوی فەلەستینی ـ الفتح" لەشێوەی بلاّوکراوەی ناوخۆییدا بۆ کادیرەکانی خۆی کردووە بە عەرەبی.


ئومێدەوارم منیش( لەگەلّ سپاسمدا بۆ گشت ئەو برایانەی هەرچکەس و لەبوارێکدا هاوکاری کردووم) توانیبێتم درزەکەلێنێکی پەرتووکخانەی کوردیم پێ پڕکردبێتەوە. پڕئاواتیشم بەوەی ئەو بەرهەمە لەگەلّ بەهاری سالّی ۲٦۹۸ی کوردیدا بکەوێتە بەردەست خوێنەری هێژا، زۆر سپاس.

وەرگێڕ: **محەمەد گۆمەیی**

سوێد: بەفرانباری۲٦۹۷




**Pêşmerge,** Rehîmê Qazî, Kurmanciya wê:
Ziya Avci, Weşanên Nûdem
Adress: Nûdem, Termov. 52
176 77 Järfälla-Sweden




**نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆلّینەوەی کوردی بلاّویدەکاتەوە**
ناونیشان:

Rahand, Box 280
12725 Skärholmen
Stockholm-Sweden

// GZING

*Journal of Kurdish Politics and Culture.*

**Editor**:
Solaiman Chireh

**Editorial Board**:
Hashem Ahmadzadeh (Sweden)
Nazand Bagikhani (France)
Hassan Ghazi (Sweden)
Amir Hassanpour (Canada)
Abbas Vali (U.K.)

**Associate:**
Ali Karimi (U.K.)

**Address:**
GZING
Box: 327
824 41 Hudiksvall - Sweden

**Fax**: +46-650-94029
**Postgiro**: 443 5022-1

**E-mail**: chireh.solaiman@hudiksvall.mail.telia.com
**Web Address**: http://w1.650.telia.com/~u65002195

No. 18 Winter 1997 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

*Journal of Kurdish Politics and Culture.*

**No18, January 1998**



**ساڵی تازەی مەسیحی لە هەمووتان پیرۆز بێ**

**«کتێبی ئەرزان»**



هەژار

**چێشتی مجێور**

پێداچوونەوەی
بزوتنەوەی نیشتمانی کورد
لە کوردستانی ئێران
١٩٤٧-١٩٧٨

بەرگی٢
٣٥٠ لاپەڕە
کتێبی ئەرزان

کورد، تورک و عەرەب

سیسیل ج. ئیدمۆندس

وەرگێر: حامید گەوهەری

٥٥٤ لاپەڕە
کتێبی ئەرزان

دەستنووسی شەرەفنامەی
بەتلیسی

ئەنوەری سوڵتانی

کتێبی ئەرزان

■ زارا ئەوینی شەوان، نووسینی: محەمەدی قازی، وەرگێڕاوی: حەمە رەئووف موورادی، ١٣٥ لاپەڕە.

■ کورد ومەسەلەی کورد، دوکتۆر شاکر خەسباک، ١٠٨ لاپەڕە

■ گەڕانەوەی ئەستێرەکان، خەبات عارف، شیعر وەرگێڕاو لە سوێدی، ١١٠ لاپەڕە

■ لالە شین، دیوانا شێخ مەمدوح بریفکانی، بەشا یەکەم سۆرانی ـ کرمانجی، ٢٠٠ لاپەڕە

■ بۆنی تاریکی، فەرهاد شاکەلی، کورتەچیرۆک، ١٣٤ لاپەڕە

■ خاچ ومار و ڕۆژژمێری شاعیرێ، ڕۆمانە شیعر، شیرکۆ بێکەس، ٣٧٤ لاپەڕە

■ دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامە ودۆکومێنت، مەحمود مەلا عززەت، برگی سێیەم، ٤٠٠ لاپەڕە

■ چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگیز، هێمن، ١٧٢ لاپەڕە، زێرکفت

■ دستور زبان کردی کرمانشاهی کلهر، کریم کریمپور، ٥٤ لاپەڕە

■ ضرب المثلهای کردی کلهری، پرویز بنفشی، ١١٢ لاپەڕە

■ ترپوسکە، دیوان اشعار صابر گیلانی بە کلهری

■ کتێبی وێنە سەبارەت بە کوردستان، لەگەڵ ژێرنووسی کرمانجی، ئیگلیسی وفەرانسەیی.

■ القران الکریم بە زمانی کوردی، ٦٧٠ لاپەڕە، زێرکفت

■ دیوانی بێسارانی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە: حەکیم مەلاصالح، قطع وەزیری، ٤٩٠ لاپەڕە ـ زێرکفت

■ لە پەرۆشەکانی ژیان، مەسعود محەمەد، ٢٠٦ لاپەڕە

■ ٢١دەسنووسی کوردی و (فارسی سەبارەت بە کورد)، لە کتێبخانەی بریتانیا، ئەنوەری سوڵتانی، ١٨٨ لاپەڕە

■ ڕێگوزەری بیری سیاسی، سڤێن ئێرک لیدمان، وەرگێر: ئاسۆس کەمال، ٣٩٦ لاپەڕە

■ فەرهەنگی پزیشکی، سوێدی ـ کوردی، دانانی: مژدە خەلیل ڕەشید، ٢٥٤ لاپەڕە

■ زەرتەشت، عەبدوڵا قەرەداغی، ١٥٢ لاپەڕە

■ ڕۆڵی سیستێمی بنەماڵە لە بزافی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستاندا، حوسێن محەمەد عەزیز ١٥٤ لاپەڕە

■ کردان گوران و مساله کرد در ترکیه (فارسی) گ.ب. اکیف، م.ا. حصارف، ترجمه بە فارسی: سیروس ایزدی، ١٦٤ ص، زرکوب.

Kitab-i Arzan, BarnarPs g 31, 55316 Jönköping, Sweden

Tel: 046-036-148031, Tel/Fax: 046-036-710999, Mobil: 046-070- 4926924